# سۆزی لیریکا

## له ئەزموونی شیعری کوردیدا

**کۆمەڵە وتار:**

**ڕەخنەڤانی و ڕاڤەی ئەدەبی**

نووسین و لێتۆژینەوە:

**عادڵ محەمەدپوور**

بڵاوکار: نەشری ئیحسان

چاپخانە: مەهارەت

چاپ: یەکەم، ١٣٨٨

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

قیمەت: ٤٠٠٠ تمەن

ژمارەی نێونەتەوایەتی: ٩٧٨-٩٦٤-٣٥٦-٧٢٤-٨

کتێبخانەی میللی: ١١٧٧٥٩٠

شابك

ISBN:٩٧٨-٩٦٤-٣٦٥-٧٢٤-٨

١٣٨٨ ٢٤٣ م ٧٤٣ س /٣٢٥٦ PIR ٢١٠٩ /فـا٨

پێوەندی و بۆچوون:

نووسەر: ٠٩١٨٨٧٤٩٩٢٩

E: adel.mohammadpur@gmail.com

## پێڕست:


بۆ پێشەکی........................................ ٣
پرۆسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی.......................... ٦
شەبەنگی «کرکە» لە گاساکان تا ........................ ٢٨
مانیفێستی هونەری لیریکای گەورەی بێسارانی ................. ٥١
یەك صەیدی لە یەك دیواندا ............................ ٦٥
صەیدی و چەپکێ وردەکاری ئەدەبی ........................ ٩٢
مەستوورە و بادانەوە بۆ لیریکای ئەریستۆکراتیانەی فارسی .........١١٧
هەرێمی ئەفراندن و خەیاڵ ............................١٤١
ئیماژکاری لیریکای مەولەوی ............................ ١٦٥
خوێندنەوەی هونەری دەقێکی مەولەوی ...................... ١٧٢
سەرپەنجەی دەسبازی دوو لیریکای گەورە .....................١٨٠
تێ بینییێك لە سەر پارچە لیریکایەکی بڵاونەکراوەی مەولەوی......... ١٩٨
شێعری هاوچەرخی هۆرامی یان چەواشەکاری؟ .................. ٢٠٣
پێسە ناڵەو شێعرێ ..................................٢٠٩
ناری، عەرووز و لیریکای سۆفیانە ........................ ٢٢٧
خوێندنەوەی دار و کۆڵی شێعر ........................... ٢٣٦

## بۆ پێشەکی

فۆڕماسیۆنی شێعری کوردی لە ناوەڕۆکدا وەك شێعری گەلانیتر بە پێی باری دەروونی و سایکۆلۆژی ناخوئاگای کۆمایی و ئیتنیکی ئەو گەلە رسکاوە و لە ویژدانی ئەو ناخوئاگایەدا، ماوەتەوە. ئەمە کاری شاعێر و شیکاریی ئەدەبیە کە بە توێکاری و رۆچوون بەناو ئەم هەناوەدا و بڕشتی توێکان دەگاتە قوولایی و ناوەڕۆکی و ئەو ناوەندە و راستییەکان پێناسە دەکات و موتیڤەکان و چەشنەکانی ئەو هەستە شاراوانە لەو پێکهاتە زوانیەدا، دێنێتە پۆلێناندن و رۆگەی خانەبەندییەوە. بنەماخوازەکان دەڵێن: ئەمە پێکهاتەی زوانە کە راستییێك بۆ نەتەوەیەك دەخولقێنێ و چەکەرەو کورەی هەر دەقێك پێشتر لە زەینی کۆی جەماوەردا و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و زوانیدا هەیە و شاعێر تەنیا هۆکاری درکاندنی ئەو دەقەیەو بەس. ئەمە خوێنەری ئەکتیڤی دەقە کە بە دەسەڵاتی خوێندنەوە، رەمز و رازە نهێنیەکانی دەقەکە کەشف و پەڕەناو و هەڵاوێرد دەکات. لەم کتێبەدا، ئەمەوێ ئەم راستیە بدرکێنم کە بە خوێندنەوەی شێعری کوردی بە تەواو دیالێکتەکانیەوە، هەر لە شێعری «گاساکان و هورمزگان(دەهەکانی هەوەڵی کۆچی مانگی) و ئورامن و یارسان و حەریری و خانی و بێسارانی و مەولەوی و نالی و حاجی قادر و پیرەمێرد و گۆران و شێرکۆ و ...» یەك مەژگە و جەوهەر ئەمانە پێکەوە گرێ ئەدا، ئەویش شەقڵێکی ئێرۆسئامێزی رەسەنە بە ناو «لیریك» کە

ڕەنگاڵەیی و هەوێنی جوانی و جوان پەرستی لە رووکردی هونەری و ئیستەتیکای مرۆڤی کورددا، لە لایەن ڕەگەزێك کە من بۆ هەوەڵین جار بە ناو «کرکە» بە مانای «نەغمە» پێشنیارم کردووە و ئەم ڕەگەزە مۆسیقایی/زوانییە، وەك هۆکارێکی پرۆسە ئامێز لە چێرخان و جەوهەری زوان و شێعر، هونەر و ئاوازی کوردیدا(بە گشتی لە پلات فۆڕمی زوانی کوردی و بە تایبەت لە زوان و شیعری هۆرامیدا) خەست کراوەتەوە و لە سەرخانی هەموویاندا بێ یەك و دو هاتۆتە ڤەشان.

زەنگی «کرکە» یان نەغمە ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشوە دەنگانەتە کە لە پێکهاتەی مورفێم و هێجادا، چڕی دەنگ و مۆسیقا، درووست دەکات و پێکەوە نەگونجانی بڕگە کورت و درێژەکان ئەشارێتەوە و خۆی لەگەڵ کێش ناسی عەرووزدا ، جیا دەکاتەوە و دەبێتە «کومپۆزیسیۆن» یان «ریتم» لە شیعردا و زەمینە بۆ ڕەخساندنی هەستیاری و بزاوتویی لیریکا ئامادە دەکات. لێرەدا لە مۆسیقارە ئاوازدانەرەکان دەخوازم، وەك پێشنیاز، ئەم توخمە بکەنە بەردی بنەڕەت و هەوێن بۆ دانانی دەزگاکانی مۆسیقای کوردی، وەك «گاە» لە هونەر و مۆسیقای فارسی، یەکەی پڕۆسەکە ببێتە «کرکە» و نوتەکان، لەم پرۆسەدا گڵاڵەرێژ هونەری بکەن.

خوشبەختانە، زوانی کوردی بە تێکڕا و کوردی هۆرامی بە تایبەت، پێکهاتەکەی زادەی دەستی دەسەڵاتچیانی سیاسی نەبووە، لە هیچ قۆناغێکی مێژوودا باوەکوو میلەتێکی بندەست بووە،کەچی نەبوّتە پێخوستی(ژێر پێی) مامەڵەی دەسەڵاتی ئوتوریتەی زوانی زاڵی داگیرکەران. هەر بەم بۆنەوە لە رسکاندن و داهێنانی شێعردا، شاعێرەکانمان دەس و باڵیان ئاوەڵا و ڕەها بووە، توانیویانە بەرخوردی نامۆ و ناموتەعارف بکەن

لە گەڵ زواندا و لە هەندێ ڕێسای چوارچێوەدار و توتالیتەی بازنەدار لابدەن، بەڵکوو کەڵك وەرگرن لە واژەگەل و توخمگەلێك کە نین لە ناو بازنەی ئەدەبی پاوانکراودا، ئیزنی هەبووە و هەیە، ڕۆ بچێتە نێو دڵی فەزای ئێرۆس ئامێزی پاوانکراو. هەر بەم بۆنەوە شاعێری کورد بە تایبەت شاعێری هۆرامی دەسەڵاتی ویراژدانی زوانیی زۆرتر بووە -ئێستایش هەیەتی- ئەم توخمە دەگمەنە لە سەرتاسەری ئەدەبی زاڵی فارسی و عەرەبیدا، بەڵگەی توکمە، چامە لیریکا ئیرۆتیکییەکانی بێسارانی و مەولەوی و سەیدی و ... یە کە لەم کتێبەدا شیعرەکانیان دەخرێتە بەر تۆژینەوەی ئەدەبی.

دالی «لیریکا» تەنیا یەك مەدلول ناگرێتە خۆی، بەو مانا بەرفراوان و فرەچەشنیەوە کە هەیەتی: «لیریکای سروشت، لیریکای هەستی تاکی و عاشقانە، عارفانە و تیۆکراتیانە،کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی، تەغەزول-پاڵەوانی» یان تێهەڵکیشی ئەمانە، لە تێکستەکاندا ئەم خسڵەتە جەوهەرییە بە باشی خەست کراوەتەوە.

تان و پۆ و چنراوی ئەم کتێبە، وتارگەلێکە کە لە لەم بەکگراوندە ئەدەبیەدا نووسراون و توخمی «لیریکا و کرکە» لەم تێکستانەدا بە خەستی دەبینرێ و لە سەر ئەم پڕەنسیپە کۆیی-جەماوەریی- زوانییە، راڤە و شیکاری کراون، تەنانەت ئەم توخمە زوانیە لە شێعری هاوچەرخی کوردیشدا بە شێوەی دەق ئاوێزان و تەوارۆد و ناکاو، پارێزراوە. چاوەڕێی ڕەخنە و پەیلواو و بیر و بۆچوونی خوێنەران و خاوەن رایانم لەم بەستێنەدا.

**بە سپاسەوە**

**عادڵ محەمەدپوور**
هاوینی ساڵی ١٣٨٨ ی روجیاری

# پرۆسەی بزاوتویی لیریکای کوردی هۆرامی

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی لە هەوڵەکانی شیتەڵکاری جوانی ناسی شێعری کوردی دا، بە شوێن ئەم پرۆژەدا وەك پرسی سەرەکی وێڵ بووم، ئاخۆ رەمزی واننەوە و بزاوتوویی و دینامیکێتی شێعری کوردی هۆرامی چییە کە ئاوا پتر لە پازدە سەدە بە زیندوویی ماوەتەوە ؟ شێعری فارسی بەو هەموو دەسەڵاتە چ پێش ئیسلام و چ پاش ئیسلام، بۆ تووشی قەیران و چەن دەستەکی و پاشاگەردانی بووە و جەوهەری رەسەنی مۆسیقای زمانە هێند و ئێرانیەکانیان لە پانتایی شێعری فارسی دا بۆ راست نەبوٙتەوە و بەو شێوە وان لە دۆخێکی دژبەری و ئالۆسکاوی و پارادۆکسیکاڵدا؟ بۆ شێعری کوردی سۆرانی لە ژێر دەسەڵاتی عەرووزدا، پشتی راست نەکردەوە ؟ هەمیشە پرسگەلێکی ئاوا مێشکی منیان ئازار دەدا. بۆ وەرگرتنی وڵامی ئەم پرسانە، سەرچاوەگەلێکی زۆرم لەم بەستێنەدا، پشکنی. سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبییەکانی پێش ئیسلام :
دەقە کۆنە ئێرانییەکان ( ئەوێستا ، سەنسکریت و ... ) ، ناڤینە ئێرانییەکان ( پارتی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی –قەواڵەکانی هەورامان، درەختی

ئاسووریك و ... – ، بەراوردكاری ئەو سەرچـاوانە و دۆزینـەوەی توخمـە زمانییەكانی هەورامی، هەڵسـەنگاندنیان لەگـەڵ ماریفـەتوو پیرشـالیاری، هەڵبەسـتی هورمزگـان ( دەهـەكانی هـەوەڵی كۆچـی )، ئورامەنـەكان (فەهلەویاتی بابا تایەر، سەدەی چوارەمی كۆچی و پاراستنی ئـەم دابـە لـە لایـەن سـەیدی هـەورامی ( سـەدەی ١٨ یـان ١٩ ی زایـینی ) و دەقـە ئایینیەكانی یارسان و قوتابخانەی بێسارانی پارێزەری مۆسیقای رەسەن، و تـا شێعری هاوچەرخ (١) . بەو ئاكامە گەیشتم كە لەم پرۆسە زەمەنیـە (١٥ سەدە)دا، دیاردەیەكی زمانی و جەوهەری هەیە كە توانیوییەتی ئـەم هێڵـە ببزوێنێ ویەردە (رابردوو) و ئەكنوون(ئیسـە)ی ئێمـە پێكـەوە گـرێ بـدا، ئەویش توخمێكی مۆسیقای زمانیە كە من توخمی«كركە» بە مانای نەغمـەی بۆی پێشنیار دەكەم،كە لە گەڵ لیریكای كوردیدا كۆك و هاوتەریبـە و بـە باشی مشت ومالْ و مومارەسەی هونەری لە گەڵدا دەكرێ.

كركە یان نەغمـە لـە واتـای قاموسـیدا یـانێ سـروود و گـۆرانی و وتنەوەی هەڵبەست، ئاواز و هتد ( ترنم و تغنی ). بە رەچەڵەك رەگـەزێكی مۆسیقاییە. هاوسەنگی ئەم وشە ( غنا ) لە عەرەبی و (Lyr) لـە یۆنانیـدا ، شێعری لیریك (غنایی) شـێعرێك كـە بـە ئـامێری (لـیر) دەخوێنرایـەوە و (مەلحوون) دەكرا. كە ئێستا بە پانتایی شێعرێك دەوتـرێ كـە تـەعبیر لـە هەستی تاكی و خولگـەی رۆحـی شـاعیر وەك ژیاندۆسـتی، دەرد و ژان و خۆشەویستی نیشتمان، ئەوینی تاك و ... دەكـات. لـە ئـەدەبی یۆنانـدا ، «ترپسیكۆر» خواوەندی سـەما و«ئێـرۆس،Eros» خـوای یۆنـانی–رۆمـی عەشق و لیریك بووە ، كە دەبێ لـەم خولگـە مۆسـیقاییەدا سـەماكەر بـە پێوەندی لەگەڵ «لیر» بـە خوێندنـەوەی شـێعری عاشـقانە، بـە جووڵـە و حەرەكەتی ریتم ئـامێر ، چوارچـێوەی پـێش فـەرزە نەریتیـەكان ببـزێنێ و بچێتە ناو ئاسۆگە پاش وەختییەكانی ئەوین و عەشقەوە (٢)

بەر لە ئیسلام بایەخی مۆسیقا و گۆرانی پتر بوو لە شێعر. شێعر تەنیا بۆ سامانی ئامرازی مۆسیقا و گۆرانی بووە ، هونەرێکی سەربەخۆ نەدەژمێردرا. بۆیە لە چاخی پارتییەکان «گوسان» ەکان کە بە ئامێری مۆسیقا، ئاهەنگیان دەهەژاند و شێعریان بە سروود و گۆرانی دەوتەوە . لە سەردەمی ساسانییەکان باربد و نەکیسا و بامشاد و رامتین و ... (خونیاگەرەکان) سروودی خەسرەوانیان لە دەربارەکاندا بۆ شاکان و مووبەدەکان و ئاورگەکان و خواوەنەکان، دە هۆنییەوە . لە سەردەمانی دوایشدا، «عاشیق، عاشوق»ەکان (ستڕانچڕان) ئەم کاریانە دەکرد .

لە ئەدەبی کوردی فۆلکلۆری پاش ئیسلامیشدا، لە لایەن بێژەرانی کوردەوە، وتنەوەی بەیتەکان و شێعری شاعێرەکان، بەحەیران و لاوك و هۆرە و سیاوچەمانە، تەعبیر لە پراکتیزە کردنی ئەم چەشنە هونەرە دەکات. ئێستاش لە گۆرانی فۆلکلۆر یان رەسمی دا، شێعرە عاشقانەکانی بێسارانی و مەولەوی و نالی و وەفایی و هێمن و هەژار بە هۆی لە تێهەڵکێشی چەمکی (ئێرۆس ) هەستی ئەوین و سرووشتی کوردستان بە سانایی دەکرێنە گۆرانی و پانتایی لیریکای کوردی پێی دەوڵەمەند دەکرێت. شێعری کوردی بە گشتی و شێعری هەورامی بە تایبەت، دەبێ بە لحن بخوێنرێتەوە(مەلحوون) تا لە پێکهاتە چڕی هاماوە دەنگەکانیدا، توانستە بزۆز و پەنهانەکانی لە هێڵی دەنگ و مۆرفیم و وشە و لێکدراوە و رستەدا، وێنا بکرێن. چوونکای زمانی نویسار، تەنیا رێژەیەکی زۆر کەم لەو قابلیەت و توانستانە، جێبەجێ دەکات. هەر ئەم خالیشە لە واقێعدا، لیریکای هورامی لە گەڵ لیریکای یۆنانیدا پێکەوە گرێ دەدا.

ئەم چەشنە لیریکا (شێعری عاشقانە، Love liric) فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە لە ئەدەبی یۆناندا، دەگەرێتەوە بۆ چاخێك کە ژنان دەسەڵاتیان هەبووە و پیاوان بە چۆکدان لە ژێر سەیتەرەی ئەواندا بوون

(چاخی کشت و کاڵی ، ژن سالاری و ...) لەم چاخەدا ژن خواوەندی دەسەڵات بووە و پیاوان بە شێعر پیاهەڵدان و تەوسیفی جوانی و ئاکاری ئەوانیان کردووە . ئەم چەشنە شێعرە ئێستا زۆرتر لە شێعری کلاسیکی هورامی دا دەبینرێ . دەتوانم بڵێم هەفتا لە سەدی شێعری کلاسیکی هورامی ئەم چەشنە شێعرەتە. ئەگەرچی لە شێعری کوردی سۆرانیدا شێعری عاشقانە زۆرە، بەڵام بە هۆی ئەوە کە لە ژێر رکێفی پێشوەختی مۆسیقای عەرووزی عەرەبی و فارسیدا بووە، لە ئاستی جوانی ناسییەوە نەیتوانیوە کە سنووری (ئێرۆس) و پانتای مۆسیقای باوی نەتەوەکانی تر (عەرەب و فارس) ببەزێنێ و هەڵگری ئەو دابە مۆسیقاییە بێت .

**چەمکی ریتم** «Rhythm» **(هارمونیا ، کمپۆزسیۆن)**

**یەکەی جیاکەرەوە لە گەڵ کێش ناسی عەرووز :**

عەرووز لەسەر پێکەوە گونجانی ژمارە و یەکسانی برگە کورت و درێژەکانە لە دوو دێڕدا . ( کێشی چەندی ، کەمی ) و یەکسانی و وستاوی دەنگدار و بێ دەنگەکان.

نموونە بۆ دەرکەوتنی مۆسیقای پێوەر و تەقلیدی و پێشوەختی عەرووز :

به ناڵەی دڵ شیفام نایێ درێغ بۆ مەرهەمی جەرگم
لە زەنگی کارەوان چ بکەم دەلیلی کارەوان رۆیی

(وەفایی )

کێشی ئەم بەیتە لەسەر چوار پات بوونەوەی (مفاعیلن )ە لە هەر دێڕێکدا. بەڵام ئەم نموونە بۆ ریتمی مۆسیقای رەسەنی شێعری کوردی سۆرانی لە مامۆستا گۆران:

لـه گەرووی شمشاڵ ، لـه تەلی کەمان
گەلـێ هەڵـساوە ئاوازەی جوان جوان

ئاکامی پێکەوە نەگونجانی پرەنسـیپە جەوهەرییـەکانی زمـانی کـوردی لەگەڵ عەرووزی تەقلیدی عەرەب لـەم خاڵانەی خوارەوەدایە:

١-فرە چەشنی و فـرە دەنگـی توخمـە زمانییـەکانی کـوردی : بـزوێنی کورت و درێژ و لـێکـدراو (دیفتـونگ Diphthong) بـە نسـبەتی زمـانی عەرەبی و فارسی. بە پێچەوانەی زمانی فارسی کە تەنیا سێ بزوێنی کـورت و درێژی هەیە، لـە زمانی کوردی هورامیـدا، بزوێنەکورتـەکان چـوارن و بزوێنەدرێژەکان پەنج، و بزوێنە دیفتۆنگەکانیش حەوت. بەم چەشنە:

وێ ← کوێر ئاو ← پڵاو ەی ← مەی وێ ← لالۆێ
ەو ← شەو ێ و ← دێو ای ← ئای

بـێ دەنگـەکانیش جگـە لـە بزوێنـەکان، پاشمـاوەی واچـەکان دەبنـە بێدەنگ. خاڵی بەرچاو: پاژێك لـە بێدەنگەکان خۆیان بەپێی خوێندنەوە بـە دوو چەشن دابەش دەکرێن: ( ل ، ڵ – ر ، ڕ – ف ، ڤ – ڎ – و..) کە واچەی «ڎ» تەنانەت لـە کـوردی سۆرانیشـدا نیـە، هـەر وەهـا کـە لـە فارسیدا. وەك: ئەڎا: دایك گەڎێ : گەدە و ...

٢-پێکەوە نەگونجانی بڕگەی زمانی کوردی و فارسی و عـەرەبی. لـە فارسی و عەرەبیدا سێ جۆرە : کورت ( U دوو پیت ) درێژ(–سێ پیت) ، کێشراو (– U ٤ یا ٥ پیت). بەڵام کـوردی هـورامی بـە هـۆی چـەمکی نەغمە(کرکە)ەوە یان (هێشوە دەنگ ) –کە چەشنێکی تایبەتی خوێندنـەوە (مـەلحون)ی ئـەوێ بـۆ دەرکـەوتنی پرۆسـەی بزاوتـوویی ئـەم زمانـە و رەگەزێکی رەسەنی مۆسیقاییە بۆ جەوهەری مۆسیقای شیعری کوردی، بـە داخـەوە لـە شـێعری کـوردی دیـالێکتی سـۆرانی دا، لـە مەودایـەکی زەمەنیدا(لە لایەن قوتابخانەی سـێ کوچـکەی بابـان بـە هـۆی دژبـەری و

ململانێ لە گەڵ قوتابخانەی ئەردەڵاندا) بەلارێدا چووە. بە هۆی توانەوە لە ناو زمانی عەرەبیدا لە مەكتەبخانەكان و مزگەوتەكاندا ئەم ئوسلووبە وەلاوە نرا ئەویش بە داسەپاندنی مۆسیقایەكی چەپێنراوی بیانی بۆ شێعری كوردی كە هیچ وەخت رازاوەی قامەت و هەیكەلی زمانی كوردی نەبوە و نیە. بۆیە بۆ ئەم هەیكەلە، هەمیشە بەرگێكی زۆر تەسك و تروسكی نواندوە... بۆ وێنە واژەی (باوانم، باوانم) هیچ كات ناچێتە ناو هیچ قاب و قاڵبێكی تەفعیلەی عەرەبیەوە.

لەو شێعرەی مامۆستا گۆران دا، وشەی«جوان» (٦) واچە- بە بەرچاوگرتنی بزوێنی درێژی (A) بە دوو پیتی عەرووزی- ەی هەیە كە بە پێی قاوغی تەنگیبەرانەی عەرووز ئەبێ دو برِگەیی بێ ، بە ڵام دەبینین ساف و بێ گرێ لە جێی یەك برِگە دانراوە ، بێ ئەوەی هەست بە ئاڵۆزی كێشەكە بكرێ. یان لەم دێرِەی مامۆستا هەژاردا :

خورِە و چاوەندازی هەڵدێر
بازی «ئاسك» ئاوازی بلوێر

«ئاسك» بە پێی فۆنێمە كوردیەكان، ٦ واچە، كە یەك برِگە بە ئەژمار دێ.

لە مەودایەكی هەستیاردا، خۆشبەختانە مامۆستا گۆران گەیی بە هانای شێعری كوردی سۆرانیدا ، لە سەر ئەو بنەما مۆسیقاییە شیعری كوردی سۆرانی لەداوی عەرووز رزگاری كرد و گەرِایەوە بۆ جەوهەری نەغمەی هیجایی(كركە).

با باسێك لەسەر ریتم بكەین و دوایی بێینەوە سەر هارمونیای دەنگەكان لە شێعری هەورامیدا .

ریتم وشەیەكی بە رەچەڵەك لاتینی و نزیكایەتی لەگەڵ زمانی كوردیدا هەیە. (نزیكە بە وشەی رەزم، كە لە كوردیدا دەڵێن: بەزم

و ڕەزم، تێبینی: مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی لــە مــەڕ وشــەی ریــتم) بــە عــەرەبی دەڵــێن (ئیقــا ع)، فارســی (وەزن) . واتــای قامووســی: یــانیٚ هەڵقوڵین و ڕەوتی ئاو، بە دوای یەکدا هاتنی دوبارە بونــەوەی نێــوان دۆخــە هاودژەکــان وەك : دەنــگ و بێــدەنگی ، درێــژی و کــورتی ، خێرایی و هێواشی ، هەڵچوون و هێور بوونەوە و ...

(ئاینده ژمارە ٥٣ ل ١٦)

«ریتم خەسڵەتی بنەڕەتی و دانەبڕاوی هەموو ژانرەئەدەبیەکانی ئەدەب و هونــەرە و بــە تێکــڕا و دیاردەیــەکی زینــدوویی جیهــانی سرووشــتی و گەردوونییە: ریتمی شانۆ، ریتمی تابلۆ، ریتمی سەما، ریتمی پەیکەر، ریتمی تەلار سازی، ریتمی ڕەنگ، ریتمی کەیهان، ریتمی عەشق و دادپەروەری و ... . ئیفلاتوون دەڵیٚ :کەسێك بە شــێوازێکی ڕێــك و پێــك و هــارموونی ئامێز، پەروەردە بکریٚ، مەحاڵە زۆرکار بێت».

سەرچاوەی تیۆری ریتم دەگەڕێتەوە بۆ «فیساغورس» کە دەیگــوت : هەڵسووڕانی تەنە ئاسمانییەکان و مەودای زەمەنی ئەوان لە یەکتر، لەســەر بنەمای ڕێساگەل و پێوەندی گەلێکی ڕێك و پێك و هارمونیایی دانراوە کە پێی دەڵێن مۆسیقای کەیهانی .

ئەم ڕوانگە و تیۆرەمۆسقاییە لە فەلسەفە و شێعری ئیسلامیدا کاردانــەوەی هــەبوە. لەســەر ڕوانگــەی زانایــانی (اخــوان الصــفا) کــە دەیــانگوت : هەڵسووڕانی تەنە ئاسمانییــەکان و جووڵــەی ئەســتێرەکان نەغمەیەکــە لــە مۆسیقای کەیهانی. هەر بۆیەکانیٚ ئەم دیاردە کاربەخشیەکی لەسەر دۆخی مەولانای ڕۆمی دانا و دەیگوت :

بانگ گردش های چرخ است این که خلق
می سرایندش به تنبور و به حلق

**لە واقیع دا ، دیوانی غەزەلّیاتی مەولەوی ، گوریێکە لە هەموو نیزام و عادەتی و نەریتی رەچاو کراو و گەڕانەوە بۆ ئەو سیستەمە مۆسیقاییە. لە راستیدا، هێمای «مەنزوومەی شەمسی و کەیهانی» ، رازاوەی ئەو شاکارە نەمرە و زیندووەتە:**

پس غذای عاشقان آمد «سماع»
که درو باشد خیال اجتماع

**ریتم لە شێعردا «بە چەمکە مۆدێڕنەکەی گریمانەیەك لە تیۆریزە کردن و پراکتیزە کردندا، بریتیە لەو فەزایە کە پەیوەندییە پێکەوە گونجاوەکان لە دەقی شێعردا، لە خۆدەگریٚ. جا ئیتر سەر بە پێکهاتەی دەرەکی بێت یان ناوەکی، بیستراو بێت یان بینراو، هەست پێکرا بێت یان زەینی . ریتم لە شێعر و موزیکدا، پێوەندی دیالێکتیکیان هەیە، گرێدەری ئەم دوانە ریتمی سرووشت و ریتمی ویژدانی و هەستیاری مرۆڤە ...»**

**(ئاینده ژماره ٥٣)**

**بەشەکانی ریتم : ١-دەرەکی ( عەرووزی ) ٢-ناوەکی : خۆی بە دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکریٚ: الف: بیستراو: ئەمیش چەند پاژە: ریتمی فۆنۆلوژی، سەروابەندی، ریٚزمانی ب: زەینی : کات و شوێنی روداو رەنگەکان بەرجەستە دەکات.**

**لێرەدا، باسی من لەسەر ریتمی نەغمەی شێعری هیجاییە : یانیٚ ریتمی ناوەکی بیستراو : لەم ئوسلووبەدا پێکەوە گونجانی دەنگدار و بێدەنگەکان ( تەقلیدی و پێشوەختی نییە) لەم ریتمەدا، شێعر پێویستی بە قاوغی عەرووز نیە بەڵکوو ئەمە شەپۆلە مۆسیقای دەنگە کە جیاوازی بڕگەی کورت و درێژ دەشارێتەوە و تەنگیبەری و بەرتەسکی بۆ ئەفڕاندنی شیعر**

درووست ناکات . ئەم خسڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ زەخیرەی مۆسیقایی زمـانی کوردی هورامی کە لـە جەوری هەناوی خۆیدا بـە شـێوەی پتانسـێل ئـەوە شك دەبات کە لـەو پرنسیپە فرە و زەبەنانە کەڵك وەربگرێـت و پێویسـتی بە پێشفەرزی عەرووزی عەرەبی نەبێت .

ئاماژە بە شێعری بێسارانی و شایەکەی مەولـەوی : دوو فاکتی هەست پێکراوە بۆ نەغمە و تەقینەوەی هاماوە دەنگ و ریتمی ناوەکی بیستراو:

چراغم بە چین، چراغم بە چین
ئەر چینی زوڵفت، بدەو بە ماچین
ئەر یەکتای چینت، بدەوە بە گردچین
کافر بوو ، ئازیز، بەر بشۆ جەدین
ئەر قەوسی ئەبرۆت بدەو بە حجاز
ئەر مژەی دیدەت، بدەو بە شیراز
ئەربەینت بدەو بە خەتا و خوتەن
ئەر ریزەی رازت، بدەو بە ئەرمەن
ئەر لـەبی لاڵـت، بدەو بە کشمیر
ئەر بدەون بە هێند سلسلـەی زەنجیر
ئەر سیب زەنەخ گوڵ خونچەی دەهان
بدەوش بە یەکسەر تەمامی جەهان
ئەر پاو پووزت بدەو بە گەنجە
ئەر بدەو بە میسر ئەو دەست و پەنجە
ئەر بەژنی باڵـات بدەو بە ئێران
سەد هەزار کەڕەت یانەم بۆ وێران
سەراسەر عومرم گردشۆ بە تاڵـان
جاگەم جە بەڕ بۆ نەپای ئەودالان

پەی چێش، جەلای من، باڵا زەڕ ستوون
تەنیا تۆ هەنی نەڕووی دنیای دوون

(دیوانی بێسارانی، ل ١٤٣ ـ ١٤٢ )

فەکتی تر تەختە نیگارەکەی مەولەویە (شایێکی نەبینراو) . ئەحمەد بەگی کۆماسی شاعێری هاوچەرخی مەولەوی، قەسیدەیەك بۆ مەولەوی دەنووسیێ، باسی شایی تیا کردووە، ئاخی هەڵکێشاوە کە گوایێ مەولەوی لەو شاییەدا بەشدار نییە. ئەمیش لەم قەسیدەدا وڵامی دەداتەوە. وێڕای خولقاندنی ئۆرکێسترێکی مۆسیقایی وێنا کردنی دەنگ و رەنگ پێکەوە و بەزاندنی ئەدەبی پاوانکراو و دەست بردن بۆ هەندێ ئێرۆتکێتی وێنە، ئاوڕیشی لە دەروون و هەستی سۆبژێکتی خۆی داوەتەوە کە شاکارێکی فورماڵیستی شیعری کلاسیکی کوردییە. دەنگ و نەغمەی توخمەکان و ئامێرە مۆسیقاییەکان بێ ئەوەی مەولەوی ئەو شاییەی دیتیێ پێکەوە تێکاڵاون .

تابلۆی ئورکێستری مۆسیقا و تەقینەوە هاماوە دەنگەکان لەم دەقەدا :

نامەی نەفتینت یەك رۆ باد ئاوەرد
کڵپەی بڵێسەی کوورەم زیاد کەرد
دەڵاڵەت جۆشۆ چوون روی ئازادی
گرمەی گەرم نەزم، بەزم پڕ شادی
سەدای (لاو هەی لاو)، زڕەی زەڕ زەنجیر
سلّسلّە و بانی سەر، بەند زرێ و لاگیر
زیلەی گوارە و زرنگەی زەنگڵەی زەڕ
لەرزەی نەو نەمام لەرەی لیمۆی تەڕ
(چەمکی ئیرۆس و شکاندنی بازنەی زمانی پاوانکراو)
شەوق زەوق و بەرق فەرق زەڕ کڵاو

ورشە و پرشەی خووی کولـّم بۆگلّاو
شەقە و تەقەی گەرم، چەپڵەو چیلەی نەرم
چریکەی وەناز، تریکەی وە شەرم
سەمای دەسماڵان، ڕەمای نەوهاڵان
نەمای مەلالان، نومای وەش حاڵان
چفەی گەردەن کەچ، مەرگ من چێش واچ
خاین وەخەفەت، نەزان، جگەر پاچ
لارەی قەتارەی لاوشەدە لاران
ئیشارەی کەم کەم پەنجە وشاران
شاخەی شریخەی خشڵ نیمە ڕەنگ
فڕەی فۆتەی شۆڕ پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ
خشە و خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش
عیشوە و نەزاکەت، کرێشمەی بێ خەوش
وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ
قرچە و چۆقەی جەرگ، دڵ وەخەمان تەنگ
خەمیا و چەمیای ناز نیمچە کناچان
دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان
شاباش شادیی شەیدای شاباشان
خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان
یاران، یاوەران، های دەردەداران
بەیدێ بکەردێ من وە سەنگ واران
جە نەحسی تاڵە و جە بەدێ ئیقباڵیم
هەر کۆ فرسەتەن من یاگە هاڵیم
روو ئەو شیوەنان دەی ئەجەل بۆرێ

نەو بەزم شیرین مایەی هەر شۆریٚ
تاوەی رەنگ زەرد چوون خەزانەوە
سیم ساف هەرس کەس نەزانەوە
هەر لایێ بادەی شەوقێوەم وەردا
یەکسەر، سەر چوون گیان شاباشم کەردا
خالۆ گیان نامان پەی نەو نەمامان
گیان دان وە مۆبەت، پەی مەعدووم ئامان

دیوانی مەولەوی: ل، ٤٣٦-٤٣١

دەبینین لەم دوو چامە لیریکا ئێرۆس ئامێزەدا، وێڕای پاراستنی ریتمی ئاسۆیی و شەپۆلی هێشوە دەنگ و داپۆشین مۆسیقای دێرەکان، شاعێری هەورامی بە پێچەوانەی غەزەلی سۆرانی و تەنانەت فارسی کە بەیت سەر بە خۆیە، واتە لە تەوەرەی ئەستوونی (بونیاتی ریتمی ئەستوونی) دا، یەکیەتی بابەت و گرێدانی بەشەکان، لەدەنگسازییەوە تا وشە سازی و تا پێکهاتەی شێعرەکە دەبینرێ. لەم پێکهاتە شێعرییەدا، یەك قەسیدەیەك بۆ یەك بابەت، تەرخان دەکرێت. ئەم خاڵە وەك پرەنسیپی سەرەکی لە شێعری شاعێرانی زاراوەی سۆران و فارسی زمانەکاندا نابینرێ.

## هۆکاری لاوازی یەکیەتی بابەت و نەبوونی ریتمی ئەستوونی(هاونشینی) لە شێعری کلاسیکی فارسی و کوردی سۆرانی :

١-ئەم میراتە بە جێماو لە نەریتی شێعری عەرەبە، کاربەخشی لەسەر شێعری فارسی لە پانتایی جوگرافیای ئیسلامدا داناوە.

٢-هۆکاری کۆمەڵایەتی، لەوەی کە شێعر بۆ جەماوەر و خزمەت بە خەڵکی شەقام نەبووە، بەڵکوو لەخزمەتی دەربار و دەسەڵاتدارێتیدا بووە،

پێیان خوش بووە تەوسیف و پیاهەڵدانیان بۆ بکەن. بەم هۆیـەوە شـاعێران نەیانتوانیوە یەکیەتی و یەکبوونی بابەت و دەق بپارێزن .

٣- «شێعری سـۆرانیش ، لـە سـەر پێـڕەوی ئـەم دابـە بیانیـە، تـەنیا خـەریکی ریزکردنـی پاشـبەند و عـەرووزی عـەرەبی و فارسـی بـوون ویستوویانە ، لەسەر شێوەی سەعدی و حـافز و سـائب و کـەلیم و ... ، شێعر دووپات بکەنەوە». «ئاینده ژماره ١٥ ، عەبدولڕەزاق بیمار )

بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، شاعێرانی سۆران و فارس تا توانیویانە لـە هێڵی ئاسۆیی(جێنشینی) شێعردا، بە گەمەزمانیەکان و وێنەخەیاڵبەندیەکان، هونـەرنومایی یـان کـردووە، مـەحوی و نـالی و نـاری و کـوردی و مەنوچیهری و فەڕۆخی و ناسرخەسرەو و ...

٤-قاڵبیش، وەك هۆکارێکی سـەرەکی بـۆ لاوازی ریتمـی ئەسـتوونی شێعری شاعێرانی سۆران، رۆڵی بەرچاو ئەبینێ: :

قاوغی شێعری سۆران، بەستراوە بە قاڵب و قاوغی تەقلیدی فارسـی و عەرەب ( قەسیدە و غەزەڵ ) کـە وزەی هونـەریان، تـەنیا لـە پاشـبەند و ریزکردن بە پیرەوی لـە فورمی ئەو دوو نەتەوە، هێناوەتە گەڕ.

بەڵام شاعێرانی هورامی تەنیا فۆرمی مەسنەویان بە کار بـردووە ، کـە پێش فەرز و چوارچێوەدار نییە، زێهنی شاعێر نابەسـێتەوە بـە چـەند دێـڕی دیاریکراو، بەڵکوو کە لـە ناخـدا هـەڵگری جووڵـە و دینـامیزمی تایبـەتی خۆیەتی.

## پرۆسەی بزاوتوویی(دینامیكێت)شێعری هورامی

سەرەتا چەن فاكت بۆ دینامیزمی شێعری هورامی :

١- نزیكایەتی بە سروشتی هورامان و ڕەنگدانەوەی وەرزەكان و ئەفراندنی تەجرووبەی تاكی.

٢- ئیماژی وێچواندن، وەك ئاسایی ترین وێنەی هەست پێكراو بۆ ڕاگەیاندنی دەلالـەتی هێڵی پەیام نێوان نێرەر و وەرگر.

٣-هاوردنی كردار(هـەرمان)، وەك تـوخمێكی میكـانیكی بـۆ ئـەكتیو كردنی ڕەوتی پەیامەكە.

٤-پارادۆكس و دژبەری دیاردەكان و خولقانـدنی وێنـەی ئـەكتیو و پڕجووڵە.

٥- هـارموونی ڕەنگـەكان، هاوتـەبا لـە گـەڵ تەجروبـە تـاكی هونەرییەكانی ئەفراندن:

غونچەی گوڵ سۆسەن لە هەوەڵی بەهاردا، تـازە دەپشـكوێ و بـۆنی خۆشی بە هەموو لایەك بڵاو دەبێتەوە و سەرخۆش لەم دیمەنە، لاف لێدەدا خۆی بە زوڵفی یار دەشوبهێنێ، بەڵام دەڵێ زوڵفی یار چین چینە . نەسیمی بەهاریش كە لە چینی زوڵفی یاردا، خۆی حەشار داوە، ئەم لافە دەبیسێ و لەو شوبهاندنە، زویر و توورە دەبێ . بە قارەوە دەكێشێ بەدەم غونچـەدا و دەمی خوێناوی دەبێ. ( بە شێوەی مەجاز یانێ: گوڵ دەپشكوێ ) .

نموونە :

سۆسەن گوڵێ دیم بۆش چوون عەنبەر بێ
دەهەن شكستەی بادی سەحەر بێ
یەقین خۆ نەوخێز ، خونچە ساوا بێ
جە وەش بۆش ماواش خوتەن ئاوا بێ

واتش : منیچ بۆم ، وێنەی بۆی زوڵفەن
وەلێ ئەو چین چین سەرتاپا کوڵفەن
ئەمەز بای شەماڵ ، جەو زوڵف دەستە
چەنەش مەژنەوۆ ، چن لاف بەی جەستە
بێ حساب قارێ ، نەدڵ مەبەرۆ
بێ جا ، دەهانش شکست مدەرۆ
جە پێکای ئەو لاف بێ مەوزوونەوە
هێمای دەهانش ها بە خوونەوە

نموونە بۆ پارادۆکس : دژ بەری لە ناتەبایی چییەتی وێنەکان :
چراغ رەزان بۆ، چراغ رەزان بۆ
خاس ئێدەن گڵکۆم نە پای رەزان بۆ
نزیك وە پرشنگ پای قەڵوەزان بۆ
ئامێتەی خاکم ، وەڵگی خەزان بۆ
با خاکی گڵکۆم خاکی نەو نە بۆ
با یەکجار کۆنەی سەدساڵ کۆنە بۆ
بەڵکە قیبلەی وێم جە ناگا جارێ
بەیۆ وە سەیران عەزمی شکارێ
نابەڵەد بنیۆ پا وە گڵکۆم دا
وەقەبری تازەی تەنیایی نۆم دا
تا جە چێر سەنگ ، ساکن بۆ دەردم
نەوا سەنگ سۆچۆ بە ئاهی سەردم (دیوانی بێسارانی)

سۆتەی(سووتاندن) لێرەدا هێمای عەشق و ئەوینە و ئاهی سارد رەمزی مردن و رەمەق چوونە. کە ئەم دوو وێنە دژبەری یەکن و لە

هەمان کاتدا، بۆتە سێنتێزێك بۆ وێنەیەتر: «چراغ، تۆ لە پای رەزان (باخە مێو) کە گڵکۆکەم لەوێدایە، نابەڵەد پێ بنێی بە سەر ئەو قەبرەی کە گڵەکەی تازە نییە و بەڵکوو گڵی کۆنەی سەد ساڵەیە، بەشکە ئازاری ئەوینم سارێژ بیێ، ئەگینا ئاهی سەردم، بەردی گۆڕەکەم ئەسووتێنێ. یانێ لە مردنیشدا وام لە بەندی عەشقی تۆدا».

یان :

ئافتاو پێوار بی، ئافتاو پێوار بی
وەختێ جە مەغریب ئافتاو پێوار بی
جەمینش نە بورج تەشاو دیار بی
پەیوەست گەرمی وەخت سوب و ئێوار بی
بە نووری جەمین شەوق ئارای تەمام
یاونا وە هەم ، وەختی سوب و شام
پرشنگی نوورش پەی پەی مەشانا
من دەرسات نەڕووش لافەتام وانا (ل ١٠١ سرود خزان)

«لە عالەمی ئوبژێکدا ئاوا بوون و هەڵهاتن، لە یەك کاتدا گونجاو نیە. کاتێك هەتاو ئاوا دەبێ ، هاوکات لە گەڵ ئاوابوونی خۆر، وێنای جەمینی یار لە پەنای بورجی تەشاو هەڵدێ. بەرووناکی شەوق ئارای یار، سوب و شام دەگەن بە یەك».

**هارموونی دیاردەی رەنگ لە رێژەی رووکردی هونەری بێسارانی وەك شاعێری خاوەن «ئەدگار و رێباز» لە شێعری هورامیدا :**

شێعری کوردی، بە تێکڕا لە حەوزەی وێنەکاری رەنگدا زۆر دەوڵەمەند نیە. ئەڵبەت لە بەراوردی نێوان شێعری فارسی و کوردیدا، لە بواری رەنگدا بە گشتی شیعری کوردی قەڵەوترە . شێعری بێسارانی وەك

هەوێنی جەوهەری ئەدەبی نەتەوەیی ، وەشبەختانە خاوەنی ئەم پرنسیپەتە .
ئەڵێم شێعری کوردی هورامی قەڵەوترە لە فارسی، هۆکاری ئەوەتە :

زۆرتر رەنگەکان لە زاری شەقامەوە دێنەگڵاڵەرێژی هونەری وسازبوون. بەڵام ئەم دیاردە لە پێکهاتەی شێعری فارسیدا وەك خاڵێکی ئەرێنی(پۆزەتیڤ) وێنا نەکراوە. ئێمەیش وەك دیاردەیەکی نەرێنی بۆی دەنوارین. شاعێرانی کلاسیکی فارس بۆ ئەوەی لە خزمەتی ئەدەبی دەرباردا بوون، کەمتر خۆیان داوە بە قەرەی زاری شەقام و فەرهەنگی جەماوەریی ئاساییدا. واتە لە رووکردە جەماوەرییەکان کەمتر کەڵك وەرگیراوە. بەڵام هەر ئەم شاعێرانە بە تێکرا هەوڵیان داوە لە رێگای مومارەسەی هونەرییەوە، وەك: پرۆسەی خوازە، کینایە (درکە) و لێکدراوەی تایبەتەوە- کە رووکردێکی رۆمانتیکیانەیە- بۆشاییە واتاییە هەستیاریەکان، پڕ بکەنەوە .

بەڵام هۆکاری لاوازی رەنگەکان لە داهێنانی شاعێرانەدا، لە رابردوودا ، یەکەم هۆکاری باری کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی زانستی وپیشەیی بووە ، چوون گۆڕانکاری کەمتر هەبووە کە واتە رەنگەکانیش وەستاو و یەکجۆر ماونەتەوە . بۆیە بازنەی داهێنانی رەنگەکان لە ئەدەبی فارسی و کوردیدا بەربڵاو نەبووە .

زوانی هەر نەتەوەیەك لە رێژەی ژینگە و بەستێنەی جوغرافیایی و رووکردی سروشتیدا، رەنگە کانیان جیاواز بوون.کەسانێك کە لە رۆخی دەریا و لاپاڵی کێو و دیمەنی کەسك و گوڵی رەنگاورەنگدا دەژیێن لە گەڵ ئەو کەسانەی کە لە بیابانی بەرەهووت و هەتاوی گەرم و ... دا بەسەر دەبەن، یەك رووکردیان لەبارەی رەنگەوە نیە . بۆ نموونە ، هۆزی «دنکا» کە لە باکووری چۆمی نیلدا دەژیێن ، رێژەی زوانەکەیان لە بارەی رەنگەوە زۆر دەوڵەمەندە «سمۆئیدەکان» لە باکووری رووسیە -

بۆ ڕەنگی سوور ١٢ جۆر ڕەنگی تریان هەیە و بۆ هەر کام وشەیەکی تایبەتییش بەکار دەبەن.

لە عەرەبدا ، ڕەنگە سەرەکییەکان: ڕەش، سپی، زەرد و سوورن . هەروەها بۆ نەتەوەی کورد ڕەنگگەلی تایبەتی هەیە. بۆ هەر نەتەوەیەك هەر ڕەنگێکی تایبەتی ، بیرەوەرییەکی تایبەتی و بابەتی هەبووە .

بۆ وێنە سەوز بۆعەرەبی جاهیلی، یادەوەری بەهار و لەوەڕگەی ئاژەڵ بووە. بەڵام خۆشیان لە ڕەنگی سوور نەدەهات و بە وشکسالی تەعبیریان دەکرد. دەیان وت: (السنه الحمرا) سالی سوور. یان مەرگی سوور (مەیته الحمرا) یان بای سوور (ریح الحمرا). بەڵام ئەم ڕووکردە دوایی گۆڕراوە و ڕەنگی سوور بوو بە هێمای جوانی.

ڕەنگ بە گشتی، ئامێرێکی داهێنانە بووە بۆ شاعێران. تا توانیویانە تابلۆ و تەختەنیگاری جوان بئافرێنن، ئەویش بە ڕووکردی ئیستاتیکی: پرۆسەی مەجاز(مێتافۆر)، خوازە(استعارە)، کنایە(درکە)، (هەستئامێزی)حس آمیزی و...

بێسارانی لە دیوانەکەیدا، لە هەر چوار ڕەنگی سەرەکی (سپی، ڕەش، زەرد و سوور) بە هەستی دیتن و لێکئاوێزی هەستەکان، جوانترین تابلۆی شێعری خولقاندووە.

بەڵام بە هۆی باری ڕەوانی و پسیکۆلۆژیای کەسایەتییەوە، کە زاڵە بە سەر دیوانەکەیدا (٤) لە دوو ڕەنگی ڕەش و زەرد زۆرتر ڕێژەی هونەرەکەی بەرزکردوەتەوە .

بۆ ڕەنگی ڕەش کە هێمای دەرد و خەمۆکی و خەفەت بووە، لە لێکدراوەی خوازە، کنایە، مەجاز، یان هەستئامێزی، کەڵکی وەرگرتووە :

سیامار ، قەترانی شەورەنگ ، زوخاڵ ، سیای دوودی تەم ، سیاتەم ، دەروون سفتە ، دەروون زوخاڵ ، سیاپۆش ، بڵێسەی پڕ دوود ، زوڵف

دێز ، زوڵف مشکین ، مشکین خاڵ ، کلاڵفەی مشکین ، مشکین سایە ، زوڵف حەبەش و ...

ئیمشەو جە خاودا، زوڵف دیزێ دیم
چوون سیاماران، سەراوێزێ دیم
قەترانی شەورەنگ وەردەی سەر کوڵف
ستەم زەدەی دەست ناخوون کەندەی توڵف
باوەرش پەرێم چوون تەیری تیژ باڵ
هێمای دڵ یەکسەر بیەن وە زوخاڵ
تەبەق تەبەق هەور سیای دودی تەم
نم دا سەرزەمین وە سێلاوی چەم
تا کەی هەناسەم، چوون سیاتەم بۆ
تا کەی کونجی دڵ ، خەزێنەی خەم بۆ
چراغ قنیاتم بە خیاڵتەن
بە خیاڵی لاڵ مشکین خاڵتەن
زەردیم نە هیجران ئاڵا و واڵاتەن
کلاڵفەی مشکین ، بەژنی باڵاتەن
بە نیم نیگای ناز ناگادیاری تۆ
بە زوڵفی حەبەش پەشێویای تۆ

بۆ رەنگی سوور: هوون و لێکدراوی هوون، لاڵ ، یاقوت، هووناو، هوونان، هوونین، هوونین جەرگ، هوونی چەم، موژەی هـوون رێـژ و ...

(ل ٨٣ سرود خەزان )

بۆ رەنگی زەرد: خەزانی زەردە ، زەعفەران رەنگ ، و ...

بۆ سپی :

ئیمشەو دڵ جە دەرد ، ئیمشەو دڵ جە دەرد
ئا سوب سپی بی ، دڵ ناڵا جە دەرد
هەست ئامێزی:
فیدای باڵات بام زوڵف بۆ عەنبەرین
لـەیلای سایەدار زوڵف ( خاڵ شیرین )

ژێدەر:

١-لەم بارەوە وتارێکم بە ناو نیشانی «زمان ، فەرهەنگ ، دەسەڵات» نووسیوە، لەوێدا بە هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری, زمانی ئێستای هورامیم لە رەوتی مێژوودا ، پێش ئیسلام لە سەنسکریت و ئەوێستا و پارتی و پەهلەوی و پاش ئیسلام ، ماریفەت و هورموزگان و ئورامەن و یارسان و تا بێسارانی و .... تا و توێ کردووە ، لێرەدا ئەو باسانە دوو پات ناکەمەوە . بڕوانن، زریێباری ژمارە ٥٣

٢-«ئێرۆس»وشەیەکی یۆنانییە، ناوی خوای یۆنانی - رۆمی عەشقە. ئەوەڵین هێزێك بوو، کە کەیهان لەوەوە، خولقێنرا. ئێرۆس، ئەعساب و ئازای لەش وێران دەکات و زاڵ دەبێ بە سەر هزر و پەندە ئاکاری و ئەخلاقی و ئاوەزییەکانی مرۆڤدا. لە ئوستورەکانی دواییدا، ئێرۆس دەبێتە زارۆی ئاڤرۆدێت/ ڤنووس... ئێرۆس، خاوەنی باڵ بووە و لە سەری بووك و زاوادا دەفڕی ...« »ئەم چەمکە، مەرجی سەرەکییە بۆ هونەری سەما و لیریك . واتای ئەم وشە یانێ: بەزاندنی سنووری حەرامەکان و ئاوێتە بوون لەگەڵ رۆح. ( بڕوانە: کتێبی، فرهنگ نگارەای نمادها در هنر شرق و غرب ، نوشته: جیمز هاڵ ترجمە: رقیه بهزادی، تهران ١٣٨٠) و (گۆڤاری ئاینده ژمارە ٥٣ ل ١٥٤)

٣-اخوان الصفا (خلان الوفا) دەستەیەك لە زانایانی ئێرانی سەدەی چوارمی کۆچی، کە دۆزی هزریان گرێدانی حیکمەتی یۆنانی و دینی ئیسلام بووە . ئەیانەویست بۆ خاوێنێتی دەروون و بەرز بوونەوەی پلەی کەماڵ، روانگەی ئاوەز و عەقڵی بیریارانی یۆنانی لە ئیسلام و حیکمەتی ئیسلام نزیك بکەنەوە ، نامیلکەی بێ ناو و نیشانیان دەنووسی و لە هیرمێس و فیساغورێس و سوقرات و ئیفلاتوون و ... ناویان دەبرد، لەوانە : ابوسلیمان محمد بن معشر البستی ( مقدسی )، ابو احمد المهرجانی و ...

بڕوانە تاریخ ادبیات صفا جلد ١

٤- بەهۆی رووکردی ئێش و دەرد و ئازارەوە، کە وەك شێوازێکی تاکی زاڵە بەسەر دیوانەکەیدا، نووسەری ئەم وتارە کتێبی شیتەڵکاری رەخنەگرانەی دیوانی

بێسارانی، ناوی «سروودی خەزان»ی بۆ هەڵبژاردووە. خەزان خـوازە بـۆ کەسـایەتی درامای دیوانەکە.

سەرچاوە :

١-گۆڤاری ئاینده ژماره ١٥ و ٥٣
٢-تاریخ ادبیات دکتر زبیح الله صفا جلد ١
٣-صور خیال در شعر فارسی – دکتر شفیعی کدکنی
٤-دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی ـ مەلا عەبدولکەریم مودەڕێس
٥-دیوانی بێسارانی ـ کەیومەرس نیك رەفتار
٦-پێشەکی رۆمی و تەفسیری مەسنەوی مەعنەوی، رێناڵد نیکلسوٚن
٧-فرهنگ نگارەای نمادهـا در هنـر شـرق و غـرب، جیمـز هـال، ترجمـه: رقیـه بهزادی، تهران ١٣٨٠

# شەبەنگی «كركە» لە گاساكان تا سۆزی لیریكای سیاوچەمانە

پێناسەی مۆسیقای رەسەنی كوردی گرێبەندە بە ناسینی شێعر و مۆسیقای ئێرانی كۆنەوە، كە ئەمە لە نەفسدا، خۆبەخۆ دەبێتە باسێكی دیرۆكی كە پێویستی بە توێژكاری بنەما سەرەكییەكان و هۆكارگەلێكەوە هەیە كە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی پێكهاتەی مۆسیقای كوردی. رەنگە لە دەقە كۆنەكاندا، ئەوەی لەبەر دەستدایە هیچكام ئاماژەی راستەوخۆیان بە چەمكی جوغرافیای سەرهەڵدانی بابەتە جۆراوجۆرەكانی مۆسیقای كوردییان نەكردبێ، جگە لەم دواییەدا كە هەوڵگەلێكی تاكی دراوە و تا رادەیەك شێوەكانی مۆسیقای كوردی بە تایبەتمەندییە جوغرافیایی ناوچەییەكانییەوە، پۆلێن بەندی كراوە كە لە ئاستی خۆیاندا پڕبایەخن. وەك كارەكەی كاك محەمەدی حەمە باقی كە جێگای رێز و سوپاسە. ئەوەی پێشتر رۆژهەڵاتناسان لەمەڕ كەلتووری كوردی بە تێكڕا و بە تایبەت شێعر و مۆسیقا كردوویانە ، ئەگەرچی كردنەوەی باسەكان لە لایەن ئەوانەوە وەك دەسپێك شیاوی رێزە، بەڵام لە شێوەی كارەكان و بەستێنەی باسەكان جێگای سەرنج و رەخنەیە. چوونكای ئەوكارەی ئەوان كردوویانە، كۆی هەرێمی كوردستان بە هەموو ئوسلووبە جۆراوجۆرەكانیەوە ناگرێتەوە. بەڵكوو رەنگە باسیان لە سەر هەندێ شێوە

مۆسیقا یان شێوازی شێعر کردبێ، بەڵام ناوچەکانیترخراونەتە بۆتەی فەرامۆشییەوە. هۆکارەکان لە چییدا بووە، ئەمە باسێکی تری تایبەتی ئەویێ. بەڵام بەڕای من رەنگە یەکەی هۆکاری سەرەکی ئەمە بێ: بە داخەوە زۆربەی ئەو کەسانەی لە مەسەلەکە دواون، لە دەرەوەی گۆڕەپانی زمانەوانی وەستاون. ئەو کەسانەی نووسەر، شاعێر، پیاوی سیاسی، مێژوونووس و رۆژنامەگەرن، بەڵام زمانەوان نین. هەر بۆیەش بۆچوونەکانیان لەگەڵ یەکدا ناتەبا وجیاوازن. لەکاتێکدا هەندێ ئورووپی وەك میجەرسۆن و ئۆسکارمان و مەکەنزی و هەندێکی تر بە لێبڕاوەییەوە، شێوەی گۆرانی بە زاراوەیەکی فارسی دا دەنێن، کەسانێکی دیکە هەمان روانگە بە هەندێ گومان و دوو دڵییەوە دەردەبڕن وەك: مێنورسکی، ئەدمۆندز، ڤاسیلی نیکیتین و ژاك دومۆرگان. ئێرانییەکانیش شێوەی تایبەت بە خۆیان گرتۆتە بەر: بەشێکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەرە ئێرانییەکانیش شێوە باشوورییەکانی زمانی کوردی بە زاراوەیەکی زمانی فارسی دەدەنە قەڵەم و... بەشێکی دیکەیان،گۆران بە کوردییەوە دەبەستن، ئەنجا هەردووکیان پێکەوە بە زاراوەیەکی فارسی دا دەنێن (پێشەکی بورهانی قاتێع) .

«زانا و ئەدیب و تەنانەت زمانەوانی کوردیش لەو بازاڕەئاڵۆزەدا چەواشە بوون و هەرکام سازی خۆیان لێدەدەن . لێرەشدا، وەك زۆرلایەنی دیکەی ژیانی فەرهەنگی و سیاسی، کورد تووشی شەوارە هاتووە و سەرلێشێواوە: بەرێز ئەوڕەحمانی حاجی مارف، دوو کتێبی لە سەر زمان و رێزمانی کوردی نووسیوە و لە هیچکامیاندا، تەنانەت ناوێکی لە زمانی گۆرانی و بە گشتی شێوەباشوورییەکان نەهێناوە. یان نووسەرانی فەرهەنگی کوردی سۆرانی- رووسی بە هەمان شێوە، زمانی کوردیان تەنیا

کـردووه بـه دوو بەشـی کرمـانجی ژووروو و خـواروو و باسـێکیان لـه شێوەکانی باشوور نەکردووه.» (١)

کتێبی مێژووی مۆسیقای کوردی نووسینی بەرێز محەمەدی حەمه بـاقی، وتمـان تـا رادەیـەك مەبەسـتەکەی پێکـاوه و توانیویـەتی، باسـەکان و ئوسلووبەکان لـه کوردستانی بەربڵاودا بـه شـێوەی دیرۆکـی پۆلـێنبەنـدی بکات، بەڵام لـەمەڕ «سیاوچەمانه» و شیکاری پێکهاتەی ئەم دەستەواژەوه، تووشی هەمان دووپاتکردنـەوەی دیـتران هـاتووه و نـەیتوانیوه جەوهـەری چییەتی ئاواز و مۆسیقای ئەم چەمکه کـه گرێـدراوه بـه هـەمان رواڵـەتی قامووسی ئوسلووبەکەوه، پێناسه بکات. باسـی جەوهـەری و واتـایی ئـەم وتاریشه رەنگه هەر شیتەڵکاری ئەم پەیلوای و بۆچوونه بێ. لـه درێـژایی وتارەکەدا به پەیلواکەی کاك حەمه ئامـاژه دەکرێـت و پـەیلوای خۆمـان روون دەکەینەوه. وتمان بۆ پێناسەی شێعر و مۆسـیقای کـوردی بـه هـۆی هاوخێزانی دیرۆکی، ئەبێ سەرەتا ئاوڕێك لـه سـەرەتای دەسـپێکی ژیـار و کەلتوور و دۆخی سیاسی و پێکهاتەی ئێرانی کۆن بدەینەوه.

«وڵاتی ماد ، پێکهاتبوو لـه چەند وڵاتی سـەربەخۆیتر ، کـه سـەرۆکی هـەموویان شـاهەك گـەلێك بـوون کـه بـه بـاوەڕی دیـاکۆنۆ، ئەمانـه حوکمدارێکی سەرەڕۆ و پاوەنخواز نەبوون، بەڵکوو به وتـەی هێـرۆدۆت: مادەکان خاوەنی گلێرگه و جڤێنگەیەکی خەڵکی بوون و بێگومان شۆرای (شیوخ، پیاوماقووڵان) پێکهاتبوو لـه باشترین تـاك. لـه ئەوێستایشـدا بـاس لـەسەر ئەم چەشنه شۆرا و دانیشتنه خەڵکیانه، به ناو (هەنجومەن) کراوه».

ئەمانه بەڵگەگەلێکن که دەرخەری واقعییەتێکی دیرۆکییه بـۆ کـورد، که پتر لـه سێ هەزار ساڵ لـەمەوپێش خاوەنی دەزگای ژیارێکی دیمۆکراتیك بوون و رێزیان بۆ روانگەی «ئەویدی» داناوه و زۆریش لـەسەر فەرهەنگی مەعنەوی و کەلتووری خۆیان، توکمه بوون.» لـه هەزارەی هەوەڵی پـێش

زاییندا، خەت و نووسراوە لە هەرێمی فەرمانڕەوایێتی مادەکاندا، ڕەواجی هەبووە و بۆگەلانی دیکەش تەشەنەی کردووە ... لە سەدەی ٧ ی پێش زاییندا مادەکان، خاوەنی خەتی تایبەت بوون، ئەم ڕێنووس و «خەت»ەش لە ئەمرۆژدا ناسراوە بە «خەتی کۆنی پارسی» یان خەتی هەخامەنشی پلە ئەوەڵ، بەڵام لە واقێعدا، هەمان «خەتی مادییە.» (٣)

ئاڤێستا کتێبی ئایینی زەردەشت کە سەرەتای دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە هەزار ساڵ پێش لە زایین، کە لە پێنج بەش پێکهاتووە :

١-یەشتەکان ٢-یەسنا ٣-وردە ئاڤێستا ٤ -وایسپەرد ٥-وەندیوداد

یەسنا : لە قامووسدا بە مانای سروودی ستایش و ئاهەنگی جەژن و شادی هاتووە و لە دێر زەماندا، گاسەکان بەشێك بوون لە یەسنای ئەوێستا و لە هەوراميدا «یەسە یەسە، یەزن یەزن» گۆرانییەکە کە دەوترێتەوە و بیرهێنانەوەی هەمان درووود و ستایشە. ئەگەرچی بە چەشنێکی شاد و چەپڵەڕێزان ئەم نەزمە لە لایەن گۆرانیبێژانەوە دەوترێتەوە، بەڵام لە بنەمادا گرێدراوە بە هەمان دەربڕینی سۆز و شادی و راز و نیازی ئایینی زەردەشتەوە و وەك تۆرە، میرات و کەلەپوور لەم کەلتوورەدا ماوەتەوە و پارێزراوە .

سروودی گاسەکان (گازە) سروودگەلێکی ئاهەنگدارن، لە سەر فۆرماسیۆن و پێکهاتەی شێعری هێجایی، کە لە واقیعدا دەبنە کۆنترین و رەسەنترین پاژی ئەوێستا، بەر لە نووسینەوەیان و گلاڵەبوونیان لە ئەوێستادا، لە لایەن گۆرانیبێژان و سترانچڕانەوە گوسانەکان وتراونەتەوە و دەماودەم و سینگ بە سینگ گەیشتوونەتە نەوەی دوارۆژ تا دەگاتە ئەم نەوەیە کە ئیستایش لەسەر زاران گۆدەکرێن، بەڵام ناوونیشان و شمەکێکی تریان بۆ دیاری کراوە و بە «هۆرە» و «سیاوچەمانە» و «لاوژە» و

«لاوك» و ... نێوزەدکراون و ئێستایش لە قامووسدا پارێزەری هەمان واتا و هەمان پەیامی کۆنن کە دەکرێ لەسەریان زۆرتر باس و خواس بکرێ .

یەسنا بریتیە لە ٧٢ بەش(فەسڵ) کە بە هەر فەسڵێکیش پێدەوترێ»هات«. ١٧ هات لەم کۆمەڵە، گاسەکان پێکدێنن لەم پێنج بەشەدا:

الف)هاتی ٢٨ تا ٣٤ ب)هاتی ٤٣ تا ٤٦ ج)هاتی ٤٧ تا ٥٠ د)هاتی ٥١ ه)هاتی ٥٢

کە ئەم هاتگەلە بە شێوەی خوارەوە ریزبەند دەکرێن :

١-اهونودگات ٢-اشتودگات ٣-سپنتمدگات ٤-هوخشترگات ٥-وهیشتوایشت گات

«سروودگەلی پەنجگانەی گاسە بە شێوەیەکی رەوشمەند، گڵاڵە کراون کە لە دەقە وەرگێڕاوەکاندا، وێڕای گڵاڵە بوونی لەسەر یەك رەوش، باس لە فرە چەشنی واتایی و هەڵسووکەوتی زەردەشت دەکات. جار هەیە زەردەشت لە حاڵی بانگهێشت و مۆچیاری خەڵکدا، دەنوێندرێ. جاریش هەیە لە حاڵی نزا و پاڕانەوە و نوێژ کردندا. یان بەتوانج و لۆمە, بۆ نەیاران. لەحنی سروودەکان، جار هەیە، مۆچیاریکەرانە و فێرکارانەیە و جاریش هەیە حەماسی و پەلاماردەر. بەڵام لەهەر حاڵدا، خاوەنی ریتمێکی موچیارکەر و وشیارکەرەوەیە.»

زەردەشت لەم سرووتانەدا، زۆرتر مەبەستی ئاوەدانکردنەوەی زەوی و چاودێری و رەعایەتی حاڵی ئاژەڵ بووە. هەر بەم بۆنەوە رەگەیەك لە ژیانی شوانکاری لە گاسەکاندا دەبیندرێ کە ئەمە خۆی شێوەیەك بووە لە خۆشەویستی تایبەتی بۆ سرووشت و شادمانی ژیانی مەعنەوی. ئەندێشەیەك دەتوانین بە ناو «مەعنەوییەتی گوندی» ناودێری بکەین . لە دووتۆی ئەم

ئەندێشەدا، چەشنێك پیرۆزێتی كـار و كاربەسـتی ژیـانێكی مـادی و ئـەم جیهانی و چێژەكانی وەك موهبەتێكی یەزدانی، سەر هەڵدەدات.» (٤)

لەم باسەدا لـە هەمبەر رانانكاری سروودەكانی گاسە و سیاوچـەمانەی ئەكنووندا ئەم چەمكانەی خوارەوە دێنـە هەڵێنجانـدن و پێویسـتە لەسـەر هەریەك لەوانە شرۆڤە و شیتەڵكاری بكرێت:

یەكـەم : پرەنسـیپی سـەرەكی هاوبـەش نێـوان ئـەم دوو دەقـەدا، كركە(سروود، نەغمە) وەك رەگەزێكی مۆسیقایی برگەیی لـە فرەچەشـنی دەنگـەكان و لەحنـەكان و كێشـاندنیان و پشـت بەسـتن بـە گـەرِوو و بینخواردنەوە و چـرِی شـەپۆلەدەنگەكان لـە سیاوچـەمانەدا. ئـەم دۆخـە دەگەرِێتەوە بۆ هەمان توخمی مۆسیقایی كە لە ناواخنی خودی زمانەكەدایە. وەك توخمێكی زاڵی مۆسیقایی لە شێعر و مۆسیقای گۆرانـدا، واتـە دەنـگ تەوەری، كە باسی لەسەر دەكەین .

دووەم : پرەنسیپی ستایشی سرووشـت لـەم سـروودانەدا، كـە ئەمـە رەنگە رەوتێكی گشتگیر بێ بۆشێوازی شێعر و مۆسیقای كوردی.

سێهەم : چەمكی لیریكا و ئێرۆس، هـەوێنی جـوانی و خۆشەویسـتی و شـەنگی و دەلالـی و شـادمانی ژیـانی مـادی. كـە گرێـدەری سـۆزی سیاوچەمانەیە (بە تێكرِا شـێعر و مۆسـیقای كـوردی) لەگـەڵ سـروودی گاسەكان (پاژێك لەیەسنا)

**كركە(سروود, نەغمە ) رەگەزی مۆسیقای رەسەن:**

پێشتر بە كورتی باسم لە سەر (كركە یان نەغمە) كردووە لێرەیشـدا بە پێویستی ئەزانم بە تەسەل باسی لە سەر بكـەم. كركـە، هاوسـەنگەكەی (سرود, نەغمە، گۆرانی)، وتنەوەی هەڵبەست ، ئاواز و غنا (تغنی و ترنم ) لیر (Lyr)ە لە كوردی و فارسی و عەرەبی و یۆنانیدا. یـان بـە ئینگلیـزی (Lied,Song ).

«لە شانامەدا ، پارچە شێعرێك كە بە ژەندنی ئامێر و ئاوازەوە دەوترێتەوە. وەك ئەم سروودە كە ستڕانبێژ ( گوسان ) لە وەسفی مازەندەراندا, دەیڵێ و دڵی كەیكاووس دەڕفێنێ:

بە (بربط) چو بایست بر ساخت رود
برآورد مازندرانی سرود

**یان ئەم كركە (نەغمە) :**

سخن های رستم بە نای و بە رود
بگفتند بر پهلوانی سرود

سروود ( نەغمە ) لە شێوەكانی شێعری غنایيە( Lyrik )، ئەگەر سروود ناوەرۆكێكی ستایشی پاڵەوانی و لێهاتوویی هەبێ ئەوا پێی دەڵێن: (چامە)، بەڵام لێرەدا مەبەست لە سروود, گێڕانەوەیەكی گچكە كە توخمی گێڕانەوە رۆڵی سەرەكی هەیە، بەڵام وەك وتمان هێشتا گچكە و ناگەیەتە رادەی چیرۆك. ئاخێزگەی زۆربەی حەماسە مەزنەكانی جیهانیش لەسەر ئەم فۆرماسێونە دانراون یانێ كۆی چەن سروود كە دەبنە بەشێكی مەزنتر و ئەنجا لە زنجیرەی ئەمانە لە تێكهەڵكێشدا، حەماسەیەكی مەزنی نەتەوەیی درووست دەبێ بە ناو: (Epos). هەروەها كە شانامە و ئیلیاد و ... لەسەر ئەم پەیوەستەتێكاڵاویە درووست بوونە.» (٥)

لە ئێرانی پێش لە ئیسلامدا، شێعر وەك ئەمرازێك لە خزمەت سروود و مۆسیقادا بووە. مۆسیقا دەورێكی سەرەكی بینیوە لە دەربارەكان و دیوەخانەكاندا. زەردەشتییەكان، بۆ ئەوەی خاوەنی دەزگایەكی بڵندی ژیاری و مرۆڤانی بوون، پتر بایەخیان بە مۆسیقا داوە. لە دەربارەكاندا، گرووپێك بوون بە ناو »گوسان« كە بە ئەمرازی مۆسیقا ( بەربەت، روود، چەنگ و تەموورە ) سروودیان وتوەتەوە. وەك: باربەد، نەكیسا, بامشاد و رامتین و ... لە چاخی ساسانییەكان كە بەمانە دەوترا: گوسان

(خونیاگــەر). پێشــەیان ئەمــە بــووە: گــۆرانی بــۆ ستایشــی خواکــان و مووبەدەکان و ئاورگەکان. پاشان پێیان دەگوترا «عاشوق، عاشیق» (٦)

خۆشبەختانە« ئەم دابە لـە کەلتوری کوردیدا پارێزراوە، گۆرانیبێژان و سترانچــڕان و هۆرەکــەران و سیاوچــەمانەبێژان، بــە ئــامێری مۆســیقا ـ بەتایبەت لـە ئەهلـە هەقییەکاندا بە تەمووره شـێعری شـاعیران دەچـڕنەوە. دەفتەری یارسان هەر بە ناوەوە ناسراوە بەسروودی یارسان .

## «گوسان»ەکان و پارێزەرانی ئاڵقەی ونبووی گۆرانی کوردی

«گەزنفۆن لـە ساڵەکانی (٤٥٥ – ٣٥٥ ) پ.ز باس لــەم ســروودانە دەکــات کــە تــا ســاڵەکانی پــاش کــورۆش دەچــڕانەوە. تەنانــەت لــەم سرووتانەدا کە لـە لایەن «گوسان»ەکانەوە دەوترانەوە باسیان لـە ڕەوش و ئاکــاری بــەرز و جــوانی کــورۆش دەکــرد. ئــەم ســروودانە نیشــاندەری تایبەتمەندیەکی بەرزن کە تا ئێستا کــەمتر باســیان لەســەر کــراوە، ئــەویش چەمکی ئەدەبی جەماوەر و ڕەهەندی فۆلکلۆر بوونی ئەم دیاردەتە، کە لـە لایەن گێڕەرەو و گوسان و سترانچڕانەوە وتراونەتەوە و سینگ بە ســینگ و نەوە بە نەوە بۆ نەوەی سەردەم پارێزراون و گێڕراونەتەوە. هەبوونی جێ پێی ئەم گوسانانە لـە چاخی مادەکــان و هەخامەنشــییەکان و پارتییــەکان و ساسانییەکاندا، دیارە. بەڵام چــەندایەتی و چــۆنییەتی کارەکانیــان بــەهۆی نــەبوونی بەڵگــەی متمانــەپێکراوەوە، نادیــارە. بــەڵام دەزانــین کەئــەم گۆرانیبێژانە، بە سروود و ئاواز بۆ ئاکار و ڕەفتــاری خوایــان و پاڵــەوانان پیاهەڵدانیان و وەسفیان، کــردووە. سەرچــاوە یۆنانییــەکان، بــاس لەســەر گۆرانیبێژێکی مەزن لـە سەردەمی «ماد» دەکەن بە ناو «ئانگــارێس». کــە لـە یەکێك لـە سروودەکانیدا لـە بەزمێکی شاهانە لــە ئاســانەی ئاســتیاگدا، مەترسییەك دەخاتە ڕوو کە ڕەنگە بۆ شا ڕووبدات و باس لــە دڕندەیــەکی زۆر قەوی و قۆڵ و بەهەیبەت دەکات کە ئازاتر لـە بەرازی وەحشییە و لـە

ناکاوێکدا پەیدا دەبێ و ئەگەر مۆڵەتی بدەنێ، زاڵ دەبێ بە سەر خەڵکدا و شایش لەناو دەبات. ئاستیاگ لێی دەپرسێ ئەم بوونەوەرە دڕندەیە کێیە و چییە ؟ و گۆرانیبێژ دەڵێ : کوروٚشی پارسی».(٧)

لەوەی کە ئەم گۆرانیبێژانە، خۆیان بۆ خۆیان، شێعر و ئاوازیان دانابێ هێشتا روون نەکراوەتەوە. بەڵام پێدەچێ بڕێجار، شێعرەکە هی خۆیان بووبێ. دەزانین کە زۆرینەی ئەم سترانچڕانە، لە ئێرانی کۆندا، ناکاو (فی البداهە) شێعریان گوتووە. ناوەرۆکی شێعرەکانیشیان، چیرۆك و ئەفسانەی دەڤەرەکە و گوێی ئاگردان بووە. دینۆن Dinon لەسەدەی چواری پ.ز لە مەڕ مادەکانەوە دەنووسێ : کە لە نیوەی ئەوەڵی سەدەی ٦ ی پێش زایین، لە دەرباری مادەکاندا، شاعێرانێك هەبوون کە بابەت و ناوەرۆکی شێعرەکانیان لە هەندێ گێڕانەوە نەتەوەییەوە وەردەگرت. دیاردەیەك کە ئێمە لەگەڵ جیهانێك لە ئەدەبی شاهانە لەم دەربارەدا ئاشنا دەکات. بەتێکڕا لە سیمای هەر دەڤەر و ئاقارێك نیشانەیەك لە ئەدەبی جەماوەر و فۆلکلۆریك دەبینرێ، یانێ ئاسەوارێك کە دەستی موغەکان بەوان نەگەیشتێ. دەبێ گرینگی رۆڵی گوسانەکان و گۆرانیبێژانی جەماوەری و شەقامی, تەنانەت فەرمی و دەرباری، لە چۆنایەتی رسکان و فراژووبوونی ئەم رەوتەدا بدۆزینەوە، کە لە هەڵگرتن و دەس بەسەراگرتنی ئەم گەنجینەداە، پاسەوانی و پارێزگاریان کردووە. خۆشبەختانە، ئەم دابە لە پاش پتر لە سێ هەزار ساڵ، بە هەندێ گۆڕانکاری رووکاریەوە، لە فۆڕم و لە ناوەرۆکدا، لەلایەن بەرەکانی ئەوسای کوردەوە پارێزراوە و بەرەی ئێستایش بە چاوی گەشبینیەوە لێی دەڕوانن و بۆ دوارۆژیش دەبێ لێیان پارێزگاری بکرێ .

شێوەی کاری گۆرانیبێژان (گوسان) یان شاعێرانی گەڕۆك، وابوو کە لە دەڤەرێکەوە بۆ دەڤەرێکی تر گەڕاون. ئەو شێعر و ئاوازانەی کە

دڵخوازی جەماوەر و شەقام بوون، چڕاونەتەوە و لەگەڵ ئامێری (چەنگ ، بەربەت و رووود و تەمووورە)دا هاودەنگ کراوە. لە دنیای دەرەوەی ئێرانی کۆنیشدا, ئەم دابە، رەچاو کراوە و بۆ ئەم سترانبێژانە لە هەر وڵاتێکدا ناوێکی تایبەتی و ناوچەیی هەبووە . بۆ نموونە، لە یۆنانی کۆندا، بەم گۆرانیبێژانە گەڕاڵانە، دەوترا: «راپسوودە Rhapsode» کە کاریشیان زۆرتر چڕاندنی شێعرەکانی هۆمەر و هێسیود بووە. کە لە ئەدەبی یۆنانیدا، ناسراون بە پاسەوانانی شێعری حەماسی و نەتەوەیی یۆنانی کۆن . لە ئورووپایشدا بەم کەسانە لە نێو هۆزی ژەرمەندا ، «ئیشپیلْمان،spielman » و لە فەرانسەدا «ژووگلۆر, Gongleur» یان «ترۆبادۆر» دەوترا. تەنانەت تا سەدەی چوارەمی زایینی ئەم گرووپە لە پاراستنی و راگواستنەوەی ئەم دابە هونەرییە میللییەدا، بە گوڕ و چالاك بوون . هەروەها ئەم دەستە لە ئەدەبی رووسییەدا، بە «ئێسکۆمرۆخی, Skomrochi » ناسراون . «گوروغلی خوێنی» ناوێکە بۆ بێژەرانی وڵاتانی تاجیکستان و تورکیە و ئەرمەنستان و ئەفغانستان و کوردەکانی رووسییە و ... کە کاریان گێڕانەوە و شانامە خوێندنەوە و چەمەری وتنەوە و ... بووە.» (٨)

گوسان Gosanژ، ناوێکە لە ئێرانی کۆن و ناویندا، بۆ ئەم دەستە گۆرانیبێژانە گەڕۆکانە، دەست نیشانکراوە . کە لەم بارەوە «کریستین سن، نۆلدکە، خاتوو بویس، ئەحمەدی تەفەزولی و جەمشیدی سروشیار و دوکتۆر خالقی موتلەق» ، توێژکاری باشیان کردووە . بڕواننە کتێبی (گل رنج های کهن) لە دوکتۆر جەلال خالەقی موتلەق.

ئەوەی لەبارەی ئەم دەستەواژە لێکدراوەوە دەیخەمە روو، لە بارەی رەگناسی وشەکەوە، پەیلوا و بۆچوونی تاکی خۆمە، تا چەندە درووست بێ :

گوسان (Gosan) یان به تۆزیٚ دەستکاری و ئاسانکارییەوە(تسامح)، بلێین گۆسان Gosan که لـه توخمی گۆ + سان پێکهاتووه (گەو: گەور ، گبر) یان گاور(مەجووس) و گەو (پاڵەوان) ناموسـوڵمان و لادەری دیـن. زاراوەیەکه بۆ زەردەشتیان و مەجووسیان بەکاردەهات. به عەرەبیش بـووه به کفر و کافر. «سان»یش به دوو واتا به کـار بـراوه. یەکـەم بـه مانـای سوڵتان که واته مانای ئەوەڵ، گەورسان به پێی یاسای فرێدانی فۆنۆلـۆژی «ر» قرتاوه، بوەته گۆسان، یانیٚ کەسـیٚ یـان کەسـانێك-کـه هونەرمەنـد بـوون،(خونیاگەریشـیان پێـوتراوه، خونیاگـەر لــه پەهلەویـدا: هونیـواك کـار،hunivakkar ، لـه رەگـی وانـای هـۆرامی و هوٚینـەوەی کـوردی سۆرانی و پاشگری کارای کـار، یـانیٚ هۆزانڤـان و سترانچـرِ و...)- کـه هونەری گۆرانییان بۆ(سانەکان)سوڵتانەکان و شالیارەکان چـرِیوەتوە وەك: باربـەد و نەکیسـا و بامشـاد و رامـتین و ... یـان لـه چـاخی مادەکـان «ئانگارێس» یان : ئورامن بێژان لـه پێش و پـاش ئیسـلام ( فەهلـەویاتی باباتایـەر ) یـان پـاش ئیسـلام لــه سـەدەی چـوارەمدا روودەکـی، یـان سرووتەکانی یارسـان (یـاری سـوڵتان) ، لـه سـەدەی چـوارەمی کۆچـی، ١١٠٠ ز ـ وتنەوەیان به ئـامێری تـەمووره . هـۆره و بـه تێکـرِا گـۆرانی کوردی ، هورامی، سۆرانی و ... مەولـەوی تاوەگۆزی بۆ ئەم گۆرانیبێژانه زاراوەگەلی: نەیچی, مۆتریٚب و (مغنی) دێنیٚ که زێـدهات(بسـامد)ی ئـەم تاکواچانه فاکتێکه بۆشێواز و ئەدگاری تاکی مەولـەوی:

– نەیچی! درەنگەن سا مەکەر درەنگ
فیدای پەنجەت بام, نەی باوەر وە دەنگ (دیوان ل: ٤٢٥)
– مغنی! کۆکەر سازانت وە هەم
سەمتووریٚ, تاریٚ, وە هەم کەرە جەم (ل: ٤٠)
– تا مۆتریٚب وە ساز حەنجەرەی بێگەرد

هۆردۆ مەقامیٚ دەوا کەرۆ دەرد (ل: ٣٠)

واتای دووەم : گورسان: گوسان = گەور(گـاور) + پاشـگری شـوێن (سان) جێگای گاورەکان و نیسبەت بە گاورەکان – وەك دەڵێن کورسـان لـە هەر دوو واتادا، گوسان – لـەگەڵ گـۆرانی (گـور + ان + ی )دا کـە هەموو چەشنەکانی مۆسیقای کوردی ـ یە ، یەکدەگرێتەوە .

کە لـەسەر ئەم پەیوەستە هەردوو توخمەکـە (گۆسـان و گـۆرانی)، لـە رەگی «گور» ەوە وەرگیراون، کە دوو شەقڵی زمانەوانین بۆ گرێدانیان بە «گۆران»ەکانەوە .

«گـۆرانی مەبەسـتمان لـەسـەرتاپای کۆڵەکـەکانی گۆرانییـە کـە گرنگترینیان مۆسیقایە، ئەو مۆسیقایە لـەگـەڵ لـە دایکبـوونی ئاوازەکـەدا، ئاوێتە دەبیٚ و ئەبێتە سۆز و هەوێن بۆی.» (٩) »ئەمە باشترین بەڵگەیە، لە سەر ئەوەی کە واژەی «گۆرانی» لەوکردەوە دێرینـەی خێڵـی «گـۆران» ەوە وەرگیرابیٚ ، چـوونکە تـا ئێسـتاش هـەر لـە ناوچـە نزیکـەکانی ئـەم خێڵـەوە، ئـەم واژەیـە بـەکار ئـەهێنریٚ، ئـەگینا هێشـتا لـە سەرتاسـەری کوردستانی بـاکووردا، لـە بـڕیٚ واژەی گـۆرانی، ئـەڵێن«سـتران»، یـان «لاوژە». تەنانەت پەیڕەوانی ئەهلی هەق ، خۆشیان ، بەم کـارەی خۆیـان ناڵێن : گۆرانی . بەڵکوو وتمان ، پێی دەڵێن سروود.» (١٠)

بەڵام »گۆسان« جێناوی ئاوەڵنـاوی بکـەری کـاری گـۆرانی وتـن و سترانچڕین و سیاوچەمانە وتنەوەیە، کەسێك یان کەسـانێك کـە هونـەری گۆرانی، سیاوچەمانە بۆ شـاریاران و شـاکانی دەربـار–لەکوردستانیشـدا، لـەرابردووی نەچەندان دووردا لـە دیوەخانەکاندا– بۆ سانەکان و خانەکان دەچڕیەوە . یان بە شێوەی نافـەرمی و گـەڕۆکی لـەم دەڤـەرەوە بـۆ ئـەو دەڤەر، ئەم کاریانە دەکرد.

لەم پرۆسە زەمەنییەدا ، وەك باسمان کرد ، رەوتی «کرکە» سروود ، گۆرانی ، هۆرە و سیاوچەمانە کە دوایی لە سەر واتای دەستەواژەکە باس ئەکەین، هەر لە دێر زەمانەوە، لە چاخی مادەکان و دەسپێکی ئەم دابە لە لایەن «ئانگاریس» تا هەخامنشی و پارتەکان بە ناو «گۆسان» و تا ساسانییەکان بەناو «خونیاگەر» و پاشان «عاشوق ، عاشیق» و ئورامەن و یارسان و نەیچی و مۆتریب و (مغنی) و ... تا بە ئەمڕۆ بە گۆرانی ئێمەوە گرێدراوە.

کوردەکان بە تایبەت هورامییەکان بۆ بەرز راگرتن و مانەوەی ئەم کەلەپوورە، لە هیچ چاخێکدا، نەسرەوتون و لە بەختکردنی گیان و مال و خوێن، درێخیان نەکردووە، و تا ئەم گەنجینە کە ئێستا بووەتە، چییەتی ناسنامەی فەرهەنگی و نەتەوەیی، بپارێزرێ و هەتا هەتایە شانازی پێوە بکرێ .

«وەك مێژوو بۆمان ئەگێڕێتەوە، ئەم شەڕ و پێکدادان و راپەڕین و یاخی بوونەی کوردان، لە سەرەتای ئیسلام، تا کۆتایی سەدەی چوارەم و لە هەندێ جێگەی تری وەك ناوچەکانی هورامانیشدا، تا درەنگتریش خایاندووە کە مەبەست لەم کورتە پێشەکییە ئەوەیە بڵێین ئایینی پێش ئیسلام، کە ئایینی زەردەشت بووە و ئەویش چوونکە رێز و گرنگی زۆری بۆ مۆسیقا داناوە، بۆیە رەگ و ریشەی مۆسیقا، لە هەندێ لەم ناوچانەدا و بە تایبەتی لە ناوچەکانی هوراماندا و ئازەربایجان و لوڕستاندا، شوێنی پێ لەق نەکردووە و دواتریش هەر ئەم مۆسیقایە ـ واتە ئەو مۆسیقایەی لە دێر زەمانەوە، لەو ناوچەدا رێزلێکراو بووە ـ بە جۆرێکی تر کە ئایینی ئیسلام پەسەندی بکات گەیشتە ناو ئیسلامیش ، یان بە واتایەکی تر ، مۆسیقای کۆنی ئێران، زەبر و جێپەنجەی خۆی، لە ناو ئیسلامیشدا رەنگی دایەوە بەڵام نە بەو جۆرەی کە لای پەیڕەوانی ئایینی زەردەشت و

دواتریش لای ئـەهلی هـەق هـەبوو ، کـە لـەئاتەشـکەدە و جەمخانەکانـدا بەکاریان هێناوە ... « (١١)

**کرکە توخمی«سیاوچەمانە» رەمزی لیریکا و**
**ئێرۆس(١٢) و سۆزی ئەوین و هەوێنی جوانی و ...**

لەدەقە کۆنەکانی «یەسنا و گاسـا»کانـدا، بـە راشـکاوی ناوێـك لـە دەستەواژەی »سیاوچەمانە« نـەبراوە، ئـەم نـاوە رەنگـە دواتـر، بـە هـۆی هەوێنی ئەوین و خۆشەویستی و زاتی جـوانی ئافرەتـەوە بـۆی داتاشـرابێ . واتە وەسفی جوانی ئافرەت و سرووشـت، بـە هـۆی سرووشـتی رازاوە و خەملّراوی هورامان. لە راستیدا نـاوەرۆکی ئـەم چـەمکە هـەمان شـێوەی ساکارەکەی مامۆستا گۆرانە :

سیاوچەمانە، سیاوچەمانە
هەورامان جێگای سیاوچەمانە

بە پێچەوانەی باوەڕی هەندێ توێژکار کـە دەڵـێن ... «سیاوچـەمانە، وشەیەکی ناساکارە و پێکهاتووە لە ریشەی وشـەی سـەرە، سـیاو چـەمان یش لە جامانەوە هاتووە، کە ئەمیش خـۆی لـە خۆیـدا، جامەیـە، لەگـەڵ پاشبەندی + انی کۆدا، کـە پێکـەوە و هـەردووکیان وشـەی جامـان یـان پێکهیناوە کە بـە واتـای کراسـی دەردامـانی رەش ( پۆشـانرەش، کراسـی تاودامان رەش ) هاتووە . ئەو +ە ی بزوێنی کۆتایش ئەنووسرێ بە وشـەی ناساکارە و بۆ ئەوەی رواڵەتی ناو ، یا خود هی ئاوەڵنـاوی بـداتێ.» (١٣)
مێژووی مۆسیقای کوردی .... لە زاری محەمەد ئەمین هەورامانییەوە ل ٧٥

بە پـەیلوای مـن ئـەم بۆچـوونە، بێگومـان ناڕاسـتە و هیچـی لەگـەڵ دەروونشـیکاری رەنگـەکان و رووکـردی هەڵوێسـتکارانەی مرۆڤـی هورامانەوە، کە لـە نەفسـدا مرۆڤێکـی جوانپەرەسـتە لـە داوێـنی دایکـی سرووشتدا گۆچ کـراوە و تەبعـەن خۆشـی لـە رەنگـی رەش و تاریـك و

خەمئامێز نەهاتووە بەڵکوو هەمیشە خوازیاری ڕەنگی شاد و ڕوون و سەرنجراکێش وەك سوور و باقی ڕەنگە دڵڕفێنەکانیتر هاتووە ، ئەمە لە ناو کوردستانی خۆیشماندا ئەم دیاردە نەستیە وەك دیاردەیەکی کەسێتی بەخش، ڕەنگی داوەتەوە و بووە بە درکەیەك (کنایە). کاتێك باس لە دۆزیکی شاد و سوور و ... دەکرێ ، دەڵێن »من هەورامی نیم کە حەزم لە سوور بێ!»

لێکدانەوەی ئەو دەستەواژەیە بەو واتاوە، کە ساڵهای ساڵە، دەجوێتەوە بەو ڕووکردە دەروونشیکارییەوە کە بۆ مرۆڤی هورامی هاتووە و هیچ بەڵگەیەکیش نییە کە لە پێش ئیسلامدا ئاوا جل و بەرگێك کرابێتە بەر، بەڵکوو، توخمی «ڕەش پۆشان» دیاردەیەکی پاش ئیسلامە و بە ئۆگرانی ئەبووموسلێمی خۆراسانی دەوترا کە بۆ ئەوە لەگەڵ بنەماڵەی ئومەویدا دژبەری بکەن و دابەکانیان بسڕنەوە: «ئەبووموسلیم ئەمر ئەکات کە چوونکای «بەنی ئومەییە» خۆشیان لە ڕەنگی سەوز دێ، دەیەوێ ئەم ڕووکردە نەمێنێ, دەخوازێ سوڵتان عەبای ڕەشی سەر تادامێن بپۆشێ کە گوایێ هەیبەتی زۆرترە ...» (١٤)

ئەم دابە، ڕووکردی بەرادەرانی ئەهلی تەشەیوع- ئۆگرانی ئەبووموسلیم- بووە . هیچی لەگەڵ مرۆڤی هووەرامان و ئایینی هووەرامان و ژیاری هووەرامانەدا ناگونجێ . چوونکای دەبێ هۆیەك بووبێ کە ئەم کارەیانە کردبێ یان ئاوەڵناوی ڕەشپۆشیان پێوە لکابێ لە حاڵێکدا لە تاریخی کەلتووری هووەرامانەدا، هیچ بەڵگە یان هۆیەك بۆ ئەمە نەدۆزراوەتەوە، جگ لە حەز لە جوانبوون و شەنگبوون و شادبوون و دلۆڤانی... نەبێ.

بەڕای من دەبێ واتا یان واتاکان تەنیا لە دووتۆی دەنگ ئاماژە (دال)ی سیاوچەمانەدا، بدۆزرێتەوە . پێشتر ئاماژەمان کرد کە ئاخێزگەی

مۆسیقای کوردی بە گشتی، بە تایبەت سیاوچەمانەی هورامی، دەگەڕێتەوە بۆ «گاسە» کان و «یەسنا»ی ئەوێستا، کە خۆیان بە مانای سروودن. یان سروودی جەژن و شادی. سروودیش خۆی لە خۆیدا خاوەنی رەگەزێکی مۆسیقایی بە ناو «کرکە، نەغمە»یە کە هاوسەنگی «غنا» لە عەرەبی و (Lyr) لە یۆناندا و بەقەولی مەولەوی«حەنجەرەی بێگەرد». شێعری غەنایی و لیریکیش بە پانتایی شێعرێك دەوترێ کە تەعبیر لە هەستی تاکی و خۆلگەی رۆحی شاعێر وەك : ژیاندۆستی و جوانی، دەرد ، ژان ، خۆشەویستی نیشتمان و ئەوینی تاك و ... دەکات . وەك وتمان لە ئەدەبی یۆناندا «ترپسیکۆر» خواوەندی سەما ، و «ئێرۆس, Eros» خواژنی یۆنانی ـ رۆمی عەشق و لیریکا بووە کە لەم خولگە مۆسیقاییەدا ، سەماکەر بە پێوەندی لەگەڵ ئامێری «لیر» ـ تەمموورەی یارسان ـ بە خوێندنەوەی شێعری عەشق ئامێز، بە جووڵە و حەرەکەتی سەما ئامێز، چوارچێوەی پێش فەرزە نەریتەکان دەبەزێنێ و دەچێتە ناو ئاسۆگە پاشوەختییەکانی ئەوین و عەشقەوە.» (١٥) ئەم چەشنە لیریکا و شێعری عاشقانە، Love liric ، فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە لە ئەدەبی یۆناندا، دەگەڕێتەوە بۆ چاخێك کە ئافرەتان خاوەن دەسەڵات هەبوون و پیاویش لەم سەیتەرەدا، شێعر و پیاهەڵدانیان بۆ ئافرەتان وتوە، تەوسیفی جوانی و ستایشی ئاکاری ئەوانیان کردووە.» نموونەی ئەم چەشنە شێعرانە لە ئەدەبی کوردیدا، بە تێکڕا و لە هورامیدا، بە تایبەت زۆرن. دەتوانم بڵێم تەنانەت کرکەی سیاوچەمانە بە تەواو جۆرەکانییەوە(خاو و کرژ) تەعبیر لەم چەشنە رووکردە جوانی پەرەستانە دەکات و ستایشی سۆز و عەشق و جوانی و سرووشتە، هەر ئەم توخمەمۆسیقاییە دەبێتە خاڵی گرێبەندی مۆسیقای رەسەنی کوردی و یۆنانی. وەك وتمان پاش ئیسلام بۆ ئەوەی ئایینی ئیسلام هەندێ هێڵی سووری داناوە، گۆرانیبێژان رووکارانە هەندێ رووکردیان

گۆڕا و بە شێوەی هێمائامێز و سەمبولیك ڕەنگ و ڕواڵـەتێکی عیرفانییـان پێـدا و تەنانـەت جۆرێـك سیاوچـەمانە نـاوی نـرا: «شـێخانە» کـە لـەم رووکردەدا، واچە(لەفز) هەمان واچەی حەقیقی بـوو بـەڵام مـەدلوولێکی مێتافۆری و خوازیاری بۆ دیاریکرا، ئەنجا مەعشووقی دەرەکـی و ئوبـژێکتی بوو بە مەعشووقێکی ناوەکی و سوبژێکتی و یۆتۆپیایی و ئەودیوی پەردەیی کە واتائاماژەکانی(مەدلوول) لە «شـێخ و مـوراد و مـەولا و ... »دا وێنـا دەکرا.

«کرکە, نەغمە» وەك پرەنسیپێکی تایبەتی لـە دەقی شـێعر و مۆسـیقای هۆرامی و توخمێکی جیاکەرەوە لـە شێعری کوردی سۆرانی و فارسیدا، کـە مەبەستم «ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشووە دەنگانەتە کە لــە پێکهاتــەی شێعری هێجاییدا، بەهۆی چڕی فۆنێمەکان و شەپۆلـەدەنگەکان، مۆسـیقای تایبەتی درووست دەکەن(دەنگ تەوەری) ... کـە ئـەم دیـاردە نـەگونجانی بڕگەکۆرت و درێژەکان دەشارێتەوە و خۆی لەکێشناسی عەرووزی ـ لــە شێعری کلاسیکی کـوردی سـۆرانی و فارسـیدا ـ جیادەکاتـەوە و دەبێتـە کۆمپۆزسیۆن و ریتم بۆ شێعرەکە و ئاوازەکە ... » (١٦)

ئاوا خسڵەتێکی مۆسیقایی لەزمانی هورامیدا( لـەسـەر بنـەمای دەنـگ تەوەری)، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گۆرانی بێژ بۆ پڕکردنەوەی ئەم دەنگانـە و چڕاندنی سیاوچـەمانەو کێشـاندنی شـەپۆلـەدەنگەکان پشـت بەگـەڕوو بەسێ و بینی بۆ بخواتەوە. ئەمە خۆی فەلسەفەی ژیـانی پڕئاسـتەنگ و بـە کۆمەڵ و بەهەرەوەزی تاکەکان لـە هەرێمی شاخاوی هەورامان دەگەیەنێ.

مەولـەوی بۆ ئەو توخمەمۆسیقاییە, دەستەواژەی «حەنجـەرەی بێگـەرد» – گرێدەری نەغمەی هێجایی ئەوسـا و کرکـەی سیاوچـەمانەی ئێسـتا – یانێ گەڕوویەك پاراو کە توانستی بینخواردنەوەی هەبێ – دێنێ, لەراستیدا

ئـەم زاراوەمۆسـیقاییە، فـاکتێکی حاشـا هەڵنـەگرە بـۆ چەسـپاندنی ئـەو لێکۆڵینەوە کە لەمەڕ پرۆسەی دیرۆکی سیاوچەمانەوە, هاتە ڤەشاندن:

تا مۆتریب وەساز »حەنجەرەی بێگەرد«
هۆردۆ مەقامیٚ دەوا کەرۆ دەرد ... (ل: ٣٠ دیوان)

به پێچەوانەی رای نووسەری مێژووی مۆسیقای کوردی کـه دەڵـێ : «ناوچه سەختەکان، پلەی دەنگ و ریتمـی مۆسـیقا و گۆرانیـان، تونـد و گورجه و تا بەرەو ئاران و پێدەشت و هەردوهەڵەتی باشـووریش، شـۆڕتر دەبینـــەوە ریتمـــی مۆســـیقا و گۆرانییـــەکان، هـــێمن تـــر و خـــاوتر و ئارامتردەبنـەوە.» بـەڵام دەبیـنین بەشـێکی زۆر لـەکرکـەی سیاوچـەمانه ئەگەرچی هـی ناوچـەی سـەخت و شـاخاوی هورامانـە، ئاوازەکـەی بـه پێچەوانەی ئەو وته زۆر خاوه نه گورج. به رای مـن ئـەم خاوییـه وێـڕای هەبوونی خسڵەتی شەپۆله دەنگی کرکه (نەغمە) له شێعره بڕگەییەکاندا، که پێویستی به وزەی زۆرتـر هەیـه بـۆ دەربـڕینی ئـەم تۆخمـه بـه گوڕانـە، نیشانەی باری سەختی ژیان و جۆری هەڵویسـت و مەقاوەمـه و پێداگرییـه لەسـەر هیـوا بـه درێـژەی ژیـان و بەکـەمگرتنی دژواری و ئاسـتەنگی دیاردەکانی ژیان.

یان نووسەری ناو براو هەر لەو کتێبەدا پێی وایه که «تێکڕای مۆسـیقا و گۆرانی کوردی، شەقڵێکی تایبەتمەندی خەمناکی هەیـە.» دووبـارە ئـەو رووکردە، ئوسلووبی سیاوچـەمانه و گـۆرانی هـورامی، بـەتێکڕا ناگرێتـه خۆی. سیاوچەمانه تـەعبیرێکی فەلسـەفی و جەوهـەری و ناوەرۆکییـە بـۆ هەوێنی گۆرانی هورامی به شێوەی گشـتگیر و هەمـەکی، ئـەگینا گـۆرانی چەپڵەیش سەر به هـەمان تـەوەری سیاوچـەمانەیە، کـه هـەموویان چ لـه زەماوەند و بووك هێناندا چ لـه گێلای و سەحەری و دەرەیی و گەلـەبێریٚ و شێخانەدا، شەقڵی سۆز و هومێد و خۆشی و عەشـق و لـیریکایـان پێـوە

دیارە، نــە رووکــردی خــەمۆکی و دەس بەئــەژنۆیی. ئەگــەر دوایــی ئــاوا شەقڵێکی لـە رووکردی شێخانەدا بە خۆوە گرتــووە ، تــەنیا کاردانــەوەی هێڵە بڤە سوورە ســەمبۆلیکەکانی ئــایینی و عیرفــانی بــووە، بــەڵام تــوخمی جەوهەرە ئیرۆسیتەکە هەر لـە ئێستایشدا، پارێزراوە و بەردەوامە.

**ئورامن هەڵقەی ناڤینی ئەوسا و ئێستای شێعر و**
**مۆسیقای رەوتی ئەدەبی گۆران:**

ئەگــەر ســەرەتای ســەرهەڵدانی پرۆســەی «سیاوچــەمانە» و بــاقی شــێوە رەسەنەکانی تــری شــێعر و مۆســیقای کــوردی بــە گاســەکان و یەســنای ئەویستای بزانین، ئەوا «ئورامن» یان فەهلــەویات (مــەحونات پەهلــەوی) دەبێتە کۆڵەکەی ناڤینی ئەم بزاڤە لـە چەن سەدە پێش و پاش ئیســلامدا بــۆ ئەم بزاڤە مۆسیقاییە کە لــەم ســەردەمەدا بــەو چەشــنە ئوســلووبانەوە لــە باکوور و باشوور و رۆژهەڵاتدا، کە پێشــتر باســمــان لێــوە کــردن، وێنایــان دەکەین. «ئورامن چەشنێك وتنەوە و گۆرانییەك بووە تایبەت بە پارسەکان کە شێعرەکانیش لەسەر ئوسلووبی بڕگەیی پەهلەوی بووە. ئورامن کــۆنتر لـە زانستی کێشناسی عەرووز بوون کە پاش ئیسلام زانا عەرووزییەکان بــۆ ئەوەی پاساوی شێعری عەرووزی بۆ بدەنەوە کێشی تەفعیلەی «مفاعیلین» (بەحری هەزەج)یان بۆ پێوانە کــرد. چــوون ئــەم چەشــنە شــێعرە لەســەر پێکهاتــەی فۆلکلــۆر و فەرهــەنگی دەمگــۆی(شــەفاهی)ی جــەماوەر وتراوەتــەوە، لەگــەڵ ئــەو دیــاردەدا نــەگونجاوە، بۆیــە وتوویانــە «مەحوون»(١٧) زۆرتر مەرجی پێویست بۆ خوێندنــەوەی ئــەم ئوســلووبە «تەکیە و خێرایی نەغمەکان و کرکەی بڕگەکانە»–حەنجــەرەی بێگــەرد– کــە تایبەتمەندییــەکی شــێعری رەســەنی هورامیشــە. هــەر ئــەم پرنســیپە، دەرخــەری ئــەم دۆزەتــە کــە بایــەخی شــێعری هــورامی لەوەدایــە تــا

نەخوێندرێتەوە، توخمە پەنهان و بزاوتوەکانی وەك زەخیرەی زمانی کە لە دووتۆی زمانەکەدایە پێناسە ناکرێن. رەنگە یەکێك لە هۆکارەسەرەکیەکانی نەبوونی دەقی نویسار بەگشتی لە شێعری ئێران (و بەتایبەت لەشێعری هورامیدا) ئەم خاڵە بووبێ، کە ئەم شێوەگەلە وتمان بەهۆی دیاردەی «دەنگ تەوەری تەکیە و خێرایی کرکەوە» لەم زمانەدا، دەبێ جەخت لەسەر لەحن و ئاوازی دەمگۆ بکرێ تا توانستی توخمەزمانیەکان وێنا بکرێ. ئاخێوەران و پێشینیانیش ئەو ئەمرازەی کەدەبوا کرکەکانیان تۆمار بکردبایێ نەیانبووە.(وەك نۆت لە ئامێرەمۆسیقاییەکاندا). هەر هەوڵێکیش بۆ تۆمارکردن و کۆکردنەوەی دەقی نویسار بکردرابا ئەوا دەبوو بە چەواشەکاری و ئاڵۆزکاری ئەو هاماوە دەنگانە. چوونکای دەقی نویسار تەنیا توانستی دەرخستنی پاژێك لەو پتانسیەلەدەرنەکەوتوەی هەیە و ئەوانیتر خۆبەخۆ فرێ دەدرێن، بێ ئەوەی بیسەر هەستیان پێبکات. «خاتوو پرۆفیسۆر ماری بۆیس، پێوایە شێعری ئێران لە چاخی ساسانیەکان و ئەشکەکان و پێشتریش، سەرزاری(دەمگۆ، شەفاهی) بووە. ئەم دابە(شێعرە خونیایە زارەکیە) دوای هەرەسهێنانی ئێران و پاش ئیسلام نەسڕایەوە و رووەکی پەرەی پێدا.» (١٨) حافز ئەم چەشنە شێعرانە بە «گلبانگ رود، گلبانگ پهلوی و خسروانی سرود» ناو دەبات:

بلبل زشاخ به گلبانگ پهلوی
می خواند دوش درس مقامات معنوی
مغنی کجایی به گلبانگ رود
به یادآر آن خسروانی سرود (دیوان حافظ)

«لە ئینسکلۆپێدیای ئیسلامی چاپی ئینگلیزی دا هاتووە : بابا تاهێری هەمەدانیش شێعری بە دیالێکتی گۆران، بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕی ئەهلی هەق، لەناو گۆرانە نەخوێندەوارەکاندا نووسیوە کە بە

دڵنیاییەوە، پێموایە ئەم هەواڵە, جێی متمانە بێت، چوونکە ناوی بابا تایەریش وەك ناوی زۆربەی رابەرانی ئەهلی هەق بە پێشگری بابا دەست پێدەکات. کە وەك ئەزانین رابەرانیتر وەك «بابا یادگار و بابا ناوس و بابا سەرهەنگ»یش هەر لە رابەرانی ئەهلی هەق و نموونەی تری ئەم جۆرە کارانەی بابا تایەر کردوویەتی، کارە بە ناوبانگەکەی مەولەوی تاوەگۆزی لە عەقیدەی مەرزییەدا، کە بە زمانێکی سادەی تێکەڵ لە تێکڕای دیالێکت و بن دیالێکتەکانی هورامان و سنە و شارەزوور و جوانڕۆ دارشتووە و پەیامەکەی برییتیە لە گەیاندنی باوەڕی ئیسلامی بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچانە. لەکاتێکدا ئەو دیالێکتەی مەولەوی شێعری پێ نووسیوە و پێی ناسراوە، ئەو دیالێکتە سادە و تێکەڵە، نەبووە کە ئەم باوەڕنامە ئیسلامەی پێ نووسیوە.» (١٩)

جگە لە فەهلەویاتی باباتایەر، درێژەدەری ئەم دابە سەیدی هورامییە شاعیری گەورەی سەدەی سێزدەی کۆچی هورامانە کە بەشێك لە دیوانەکەی بەم شێوە شێعرانەوە تەرخانکراوە کە دواتر لەم بارەوە باسێك چڕ و پڕ دەورووژێنین.

ژێدەر :

١-گۆڤاری روانگە ژمارە ٨، رەشەمەی ٨٠ ـ ئالقەی ونبوو ، ئەنوەر سولتانی
٢-راوەندی مورتەزا ، تاریخ اجتماعی ایران ج ١ ص ١٤٥
٣-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٥٦
٤-مۆئەزن جامی محمد مهدی ـ ادب پهلوانی ـ ص ٥٩
٥-خالەقی موتلەق جەلال ـ گل رنج های کهن ص ٣٦
٦-گۆڤاری زرێبار ـ ژمارە ٥٤ ـ پرۆسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی
٧-مۆئەزن جامی محمد مهدی ـ ادب پـهلوانی ـ ص ٩٠
٨-خالەقی موتلەق جەلال ـ گل رنج های کهن
٩-حەمەباقی محەمەد ـ مێژووی مۆسیقای کوردی ـ ل ٣٢
١٠-هەمان سەرچاوەی پێشوو
١١-هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٢١
١٢- ژێدەری گۆڤاری زرێبار، ژ. ٥٤
١٣-حەمەباقی محەمەد ـ مێژووی مۆسیقای کوردی ـ ل ٧٥
١٤-سەفا زەبیحولا... ، تاریخ ادبیات ایران ج ١ ص ٢١ و ٢٢
١٥-گۆڤاری زرێبار ـ ژمارە ٥٤ پرۆسەی بزاوتوویی لیریکای کوردی
١٦-هەمان سەرچاوەی پێشوو
١٧-گۆڤاری زرێبار ـ ژمارە ٥٣ ـ زمان ، فەرهەنگ ، دەسەلات
١٨- کەدکەنی شەفیعی، مۆسیقی شێعر, ل: ٤٨٢
١٩-حەمەباقی محەمەد ـ مێژووی مۆسیقای کوردی ـ ل ٣٣

سەرچاوەکان :

١-مورتەزا راوەندی ـ تاریخ اجتماعی ایران جلد ١
٢-خالەقی موتلەق- دوکتور جەلال- گل رنج های کهن
٣-کدکنی شفیعی، موسیقی شعر
٤-مۆئەزن جامی ـ محمد مهدی ـ ادب پـهلوانی
٥-حەمەباقی محەمەد ـ مێژووی مۆسیقای کوردی
٦-سەفا زەبیحولا ... ـ تاریخ ادبیات ایران جلد ١

٧-گۆڤاری روانگه ژماره ٨٨
٨-گۆڤاری زرێبار ژماره **٥٣ و ٥٤**
٩-فرهنگ نگاره‌ای نمادها در هنر شرق و غرب ، نوشته: جیمز هالْ ترجمه: رقیه بهزادی، تهران ١٣٨٠)
١٠-گۆڤاری ئاینده, ژماره: **٥٣**
١١- تاوه‌گۆزی مه‌وله‌وی, دیوانی شێعر, مه‌لا عه‌بدولکه‌ریمی مۆده‌ڕێس
١٢- قه‌زوێنی محه‌مه‌د، دیوانی حافز
١٣- زرین کوب عبدالحسین، شعر بی دروغ، شعربی نقاب، چاپ سوم ٢٥٣٦ انتشارات جاویدان

# مانیفێستی هونەری لیریکای گەورەی بێسارانی

(١٦٤٠-١٧٠٢ ز)

بێسارانی شاعێری مەزن و ناسراوی سەدەی هەڤدەی زایینی، میراتبەری «کرکەی هورمزگان» و پەرەپێدەری مۆسیقای رەسەن و مامۆستا و «بەستەی فەرد»ی مەولەوی، وەك ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە نێو ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا دەدرۆشێتەوە. زوان و ئەدگاری شێعرییەکەی نەرم و پاراو و فولکلۆریکە، ئەندێشە هونەرییەکەی سادە و پڕواتا، مەدلوولە شیعریەکانی پڕشۆر و هەستامێز. ئەوەی بۆتە هۆی مەزنی و مانەوە و دەگمەنیی و جیلوەبەخشی ئەم شاعێرە لە حەوزەی لیریکای کوردیدا، هەندێ ئەدگاری ئەدەبی و چەپکێ شێوازی هونەرییە، کە ئەم شاعێرە لە رەوتی ئەدەبی باو و ژاواندنەوەی فورم و ناوەڕۆکی ئەدەبی زاڵی وەخت بە سەر شێعر و ئەدەبی بندەستی کلاسیکی کوردیدا جیادەکاتەوە. لەم وتارەدا بە شێوەی دێرئامێز و بابەتیانە ئاماژە ئەدەمە ئەم مێتۆدە ئەدەبی و شێوازیانە وەك مانیفێستی هونەری - ئەدەبی بێسارانی:

١- پەرەپێدانی بزاڤێکی هەمەلایەنەی ئەدەبی لە سەر ساکاری زوان و واتای فۆڕمی «کرکە» -خێرایی دەنگ و هێشوە دەنگ( intensite )توخمی

تەکیە( accent ) لە سیستەمی مۆسیقایی برِگە- کە پێشتر لە «هورمزگان» و «ئورامنەکانی بابا تاهێر» و دەقە «یارسەکان»دا سەریهەڵدابوو.

٢- کاردانەوە و کاربەخشی لە شێوەی دەربرِینی شاعێرانی پاش خۆی، وەك رێچکە و مەنهەجی فیکری ئەدەبی. مەولەوی هونەرەکەی بێسارانی وەك «بەستەی فەرد» ناو دەبات:

«بێسارانی»یەن نە تۆی فەرد من
خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساکن
نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا
چەنی «بەستەی فەرد» بێساران ماوا (دیوانی مەولەوی)

٣- دەستپێشخەری لە رسکان و فراژوێ کردنی هونەرێکی ئەبستراکتی(زەینی) لە سەر مێتافیزیکای زوان و هەستامێز لە هەندێ موتیڤ و وێنەدا بە دەست بردن بە چەشنێ وەسف و گیانبەخشی شتەکان.

٤- خورپە و قۆستنەوەی دیاردە سروشتییەکانی هۆرامان و بەشتکردنیان لە رێگای پرِۆسەی داهێنان لە مێکانیزمی خەلاقدا.

٥- وەلاوەنانی چەمکە فۆرِم و ناوەرِۆکییەکانی ئەدەبی باو و زاڵی سەردەم و وەرگرتنی جەوهەرە ئەدەبییەکانی خۆماڵی.

٦- «خەزانییە» وەك دیاردەیەکی تاکی و شێوازی هونەری و بە گەرِخستنی چەپکێ وێنەی پاییزی، ئاوێتە لە گەڵ نۆستالۆژی و لاواندنەوەی پیری و پەککەوتەیی دەروونیاتی خۆی کە رووبەری ئەم کارە جارِدەرە بۆ چەشنێك رووکردی رۆمانتیکی.

٧- خولقاندن و کەشفی هەندێ واژە و دەستەواژە و لێکدراوە و مۆتیڤـە شێعر لـە چنراو و تان و پۆ و بەکگراوندی دەقەکەیدا کە ڕێگا خۆشکەرن بۆ شێوازێکی تاکی بە ناو «شێوازی بێسارانی.»

٨- بەزاندنی بازنەی قۆرخکراوی بڤەکان بە دەس و بـاڵی ئاوەڵـا و ڕەهـا لـە ڕسکاندن و داهێنانی زمانێکی جیاواز و بەرخوردی نامۆ و ناموتـەعارف لـە گـەڵ توخمـەکان لــە وێنــە لیریکییــەکان و لادان لــە هەنــدێ ڕێســای چوارچێوەدار و توتالیتەی بازنەداری زوانی زاڵ، واتە کەڵك وەرگرتن لــە واژەگەل و توخمگەلێك کە نین لـە ناو بازنەی ئەدەبی پاوانکراودا" کـە بـە جەسارەتەوە ڕۆ چوەتە نێو دڵی فەزای ئێرۆس ئـامێزی پـاوانکراو. کەچـی ئەم گوربزی و جەسارەتە دوای بۆتە ئـەدگارێك بـۆ شـاعێرانی کـورد بـە تایبەت شاعێرانی هۆرامی بە چەشنێك کە دەسـەڵاتی ویراژدانـی زوانییـان زۆرتر هەبێ. با ئەوە بزانین ئەم ڕووکردە دەگمەنە لـە سەرتاسەری ئـەدەبی زاڵی فارسی و عەرەبیدا. بەڵگەی توکمە" چامە لیریکا ئێرۆس ئامێزەکـانی بێسارانی و مەولـەوی و سەیدی و هەردی و هتد... لـە ئەدەبی کوردیدا.

چراغ جەی دنیا، چراغ جەی دنیا
ئەوەند ئاواتم، مەندەن جەی دنیا
وەرتەر جە مەردەیم، بە دیدەم بدیا
لـەب وە بانی لـەب لاڵی تۆم بنیا
هەردوو بنیامان سەر وە یەك سەرین
کەردامان ڕازی ویەردەی وەرین
بۆ بنیام نە بۆی زوڵف مشکینت
بکەردام تەواف، کەعبەی جەمینت

بدیام دەستی تۆم شیەن نە گەردەن
دەرسات مەواستم، ئاوات وە مەردەن
باڵای ویم پەخشان باڵات بکەردام
حەسرەت نمەبێ ئەگەر بمەردام (ل:١٤٨ ، دیوانی بێسارانی)

٩- ئاشنایەتی لە گەڵ دنیای ئەدەبی فارسی سەردەمی «سەفەوی» وکاردانەوەی بنەمافیکری و ئەدەبییەکانی شێوازی «هێندی» لە سەر ئەم شاعێرە و قۆستنەوەی چرپە هەستئامێزەکان و وێنە کەسێتیبەخشەکانی ئەم شێوازە نەك خاڵە سست و بێ مایەکانی ئەم رەوتە کە لێوانلێون لە عەوام ئەندێشی و رووکردی ناواقێعی هەندێ لەو شاعێرانە.

١٠- پێشاهەنگی و دەسپێشخەری و پراکتیزەکردنی تیۆری خۆماڵی «رۆمانتیزم» لە رەوتی شێعری کلاسیکی کوردیدا. لێرەدا مەبەست ئەو فاکتە ئەدەبی - هونەرییەتە کە لە دەقەکەیی بێسارانیدا بەدی دەکرێ و دێنە هەڵێنجاندن، پێشتر لە ئەدەبی کلاسیکماندا بەو خەسیەتە بەرچاو ناکەوێ، نەك رەوتە فیکری و ئەدەبی و هونەرییەکەی ئورووپا، کە پەیوەستە بە هەندێ پێش زەمینەی فیکری و فەلسەفی و پەیلواکانی بیرمەندانی رۆژاوا کە وەك قوتابخانەی رۆمانتیزم باسی لێو ە دەکرێ.

١١- پێداگری لەسەر فۆرمی «مەسنەوی»-کە فۆرمێکی رەسەنی کوردییە- و جەخت لە سەر مێتۆدی(هێڵی ئەستوونی) کە شاعێر لەم قاوغە شێعرییەدا و لە ژێر تیشکی ئەم تەکنیکەدا، باشتر دەتوانێ ویراژی هونەری بدات و وێنەیێکی گشتی و هارمۆنیایی بکێشێت. ئەمە نەریتێکی بەجێماوە لە ئەدەبی خۆماڵی و تەسلیم نەبوونە لە بەرامبەر مەنهەجە شێعری فارسی و عەرەبی کە زۆرتر «قەسیدە و غەزەڵ»یان-لە مانا

روالّەتیەکەیدا– بەکار هێناوە و کایە زمانیەکان زۆرتر لە هێلّـی ئاسـۆییدا سەریگرتووە کە ئەمە قۆرخێکە بۆ بەستنەوەی مانۆڕ و خۆنوانـدنی شـاعێر کە نەتوانێ لە بازنەی وێنـە و خـەیالّی پێشـوەخت دەربـاز بـێ و بڤـەکان ببەزێنێ. پێشتر باسم لـە سەر ئەکتیوی و دینامیزمی ریتمی شێعری گۆران و «تەکنیکی هێلّی ئاسۆ و ئەستوون» کـردوە و لێـرەدا باسـەکان دووپـات ناکەمەوە.

لەم نموونەدا، شاعێر لە رێچکەی بەختی نالەباری خۆی باس دەکات، کـە چۆن گڕەتاوێك نیشتۆتە هەناوی و پڕوزەی لێ نیشتوە، بۆ کوژاندنەوەی گڕەکە، داوای ئاو دەکات بەلّام لە جێی گۆزەی ئاو نـەوتی ئـەدەنێ و تـا بەیان دەسوتێ و جەستەی ئەبێ بە سفتە کۆ و با وەك تۆز دەیبـا و مـەحفی دەکاتەوە. ئەم وێنە هەر لـە ئەوەڵ بەیتەوە تا دوایی شێعرەکە لـە ئەسـتوونی دێڕەکاندا (ریتم)ی زوان و (تێم)ی بەیان دەبینرێ. واتـە شـاعێر تـەنیا لـە یەك مەبەست و وێنەی سەرەکی کە لە توخمی گێڕانەوە و چیرۆك کـەلّکی وەرگرتوە، باسدەکات، نە ئەم لق و ئەو لق کردن.

ئیمشەو ئایرێ گڕبەست نە دەروون
بلّێسەش یاوا وە سەقف گەردوون
جە گڕەی ئایر، جە بلّێسەی نار
ستێزام چوون بەرق، ئاو کەردم هاوار
جە هاوار هاوار، شفا و لالّەی من
جە هەی ئاو هەی ئاو، شین و زالّەی من
تمەز مەژنەوێ یەك خودا تەرسێ
موسلّمان سفەت رای خودا پەرسێ

مەشۆ ماوەرۆ گۆزەی بیت المالْ
مەشانۆش وە ڕووی گرِبەستەی شەماڵ
پێسە مەزانۆ یە گۆزەی ئاوەن
تمەز خۆ یە نەفت گۆی تەوەن تاوەن
گۆزەی نەفتش کەرد وە بلێسەمدا
قرچەی گۆزەی نەفت وە ستێزەمدا
هەرتا سەحەر بی، هەر سۆزام بە سۆز
سەحەر سفتە کۆم، با بەردش چوون تۆز
هەر کەس وێنەی من ئیقبالش چەفتەن
نەواچۆ هەی ئاو، نەسیبش نەفتەن

١٢- تەوژمی خەیاڵ لە شێعرستانی بێسارانیدا:

بێسارانی لە داهێنانی شێعردا گەلێك لێهاتوانە و زانیارانە لە گەڵ «خەیاڵ»دا دانووستاندنی هونەری کردوە. لە سەر لۆژیکی هونەری زانیویەتی چۆن خەیاڵ لە میکانیزمی خەلاقدا، بوروژێنێ و لە هەمبەر واقێعیەتە دەرەکیەکان، ببێتە خالقی بزیوترین شاعێری وێنەکار لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا. یەکێك لەو هۆکارانە کە من بێسارانیم بە «قوتابخانە» و خاوەن شێواز داناوە ئەم ڕێچکە هونەری-ئەدەبیەتە. بێسارانی لە سای ئەم رووکردەدا دوو دنیای «ئەنفوس و ئافاق» یان «خەیاڵ و واقێع»ی پێکەوە گرێداوە و بۆتە خاوەنی ئەدگار و شێوازی ئەدەبی ئەویش لە پانتایی ئەدەبی بزاوتووی گۆراندا. چما پرۆسەی داهێنان هەر لە پێوەندی لە گەڵ دنیای دەرەك و ئۆبژێکت تا هەڵسووڕاندن لە نێو میکانیزمی خەلاق تا ژانی شاعێرانە و ئەنجا لە دایکبوونی کۆرپەی شێعر و بە ئەنجام

گەیاندنی دەرەوەستی(تعهد)ی شاعیرانە و سەربەخۆیی دەق و ... لەم چامە شیعرییەدا دێتە هەست پێکرن:

خەیاڵ بە مانای بیرکردنەوە و رامـان، imajinairy ، واتـە: (خەیاڵبەنـدی ، نەخشی زەینی) لەم پرۆسە زەینییەدا و داهێنانی دەقێکی «فۆرماڵیستی»:

ئەم دێرە شیعرییە بە لایەنەوە، دەبێتە «مانیفێستی» وزەی داهێنانی بێسـارانی لە پرۆسەی لیریکای کوردیدا:

سەرم داخ کەردەن یە کام «خەیاڵ»ەن

سپی سەنگێ دیم واتم یە لاڵەن

دەڵێ: نـازانم ئەمـە کـام (خـەیاڵ)ە کـە هـۆش و فـامی لـێ ئەسـتاندوم و کەوتوومەتـە نێـو دنیـای لاشـعوور و ناوشـیارییەوە" تەنانـەت توانـای هەڵاواردنی بەردی سپی و لەعل و (گەوهەر)ی سوورم لێ زەوتکراوە.

یان:

ئێمشەو خاری یاو، زەمانەی وێساڵ

بەردش بە دڵما جە دەستی خەیاڵ

وەختێ جە تەخت دڵ گێرتش قەرار

شکۆفتنا نەڕووم، گۆڵ هەزار هەزار

جە پەی زامی خار دەست نیشانی دڵ

خەم بی وەگۆڵزار من بیم وە بڵبڵ

ناڵەی بڵبڵیم بوڵندپایە بی

جە پەی شووم بەختیم ئایر مایەبی

جەستەم هەر گرِیا تا سوب بەیان دا

سوب باڵام نیشان، سفتە دڵان دا        دیوان، ل: ٢٢

لەم چامەدا، «خەیاڵ» پاڵنەر و بزوێنەر و خورپەبەخشی هەستی شاعیرانەی بووە، شاعیر پرۆسەی زەینی لە ناخۆئاگادا، دەخاتە بەرچاو دەڵێ: ئەمشەو لە دۆخی ناوشیاریدا، خورپەی شاعیرانە بەرۆکمی گرت، خەیاڵ چما چقڵێك چەقیە هەناوم، ئازاری ئەم ژانە روومەتمی وەك سوورەگوڵ وەرگەڕاند و لە نەخشی زەینمدا رەنگی دایەوە و دەروونم وەك بلبل هاتە چریکی«کرکە»ی لیریکایەك، جەستەم لەو گڕەتاوە تا بەیان هاتە سووتان، بەیانی جەستەی پرووز لێنیشتەم نیشان دڵسووتاوانی تر(شاعیرانیتر)دا. بە واتایەکی سادە لەم دانووساندنە رۆحیە و لەم مکاشفە شهوودیەدا، یانێ:
ئاوەها دۆخێك کورپەی شێعرم لە دایك بوو.

یان لەم تابلۆ شێعرییەدا، (خەیاڵ)ی هیجرانی ماشووق وەك تیر نیشتۆتە دڵی و ئەنگاوتراوە و وەك سەرسامی و سەرگەشتە و هەڵەتە لە ژیان، وێڵ وێڵ و دەردمەند و ئازارکێشان لە حاڵێکدا نووزەیەکی تیا نەماوە، مل ئەنێ بە پێڵەوە، جگ لە مردن چی بۆ نەماوەتەوە:

وێنەی سەرسامان، نەزان هەواڵان
زەدەی زامی سەخت، (تیری خەیاڵان)
وێڵ وێڵ مەگێلۆ، بێزار جە ژیان
خەمی فەراوان، کەم مەندەن جە گیان
یانێ های دووریت نەکەردەن کارێ
وەرنە مەر گڵکۆم بوینان جارێ

یان ئەم دێڕە:

(خەیاڵ) چوون نەشتەر(چقڵ) نیشتۆتە هەناوی و دڵیی لەت لەت کردوە و لە هەناوییەوە بۆ نێو چاوانی لافاوی زۆخ دەقوڵێ.

(خەیاڵ) چوون نەشتەر دڵ مەکاونۆ
دڵ جە دیدەم، سەیل زۆخ مەتاونۆ
یان لـەم دوو بەیتەدا:
ئەمە خەیاڵـە کە دەبێتە مایەی جەوهەری هەر دوو جەمسەری ژیـان" هـەم قنیاتی مادی و هەمیش رۆحانی و سۆسکەی شاعێرانە:
چراخ قنیاتم بە (خەیاڵ)تەن
بە (خەیاڵ)ی لاڵ مشکین خاڵتەن
دایم جە تەندا (خەیاڵ) گیانمەن
هەر بەو زیندەنان، بەو ژیانمەن
بە هێنانەوەی ئەم ئەم نموونانە، بۆمان دەرکـەوت کـە هۆکـاری چـێکردنی وێنە لـە پرۆسەی داهێناندا لـە تەنیا خەیاڵــە کـە دەوری سـەرەکی دەبـینێ. خەیاڵ بە مانای نەخشی زەینی و ئیماژ Image کە تـوخمی سـەرەکی کـاری (فۆرماڵیستە رووسی)یـەکان و (رۆژاواییـەکان)ە کـە داکـۆکی ئـەوتۆیان دەکـردە سـەر ئەدەبییـەتی زمـان. بایـەخی بێسـارانیش لــەم گرێبەسـتە هونەرییەدایە کە دەبێتە خاوەن رێچکە و شێوازی هونەری-ئەدەبی لــە بـە دنیا ئانینی دەقێکی ساکار و رەوان لـە دوو توخمی »خەیاڵ و واقیع«.
١٣- ئەفسوونی واژە(واچە):
رووکردی شاعێری رۆمانتیك بۆ واژە رووکردێکی هونەری و بایەخـدارە. واژە و وتـە تـا رادەی تەقـدیس و کورنـوش، پیرۆزکـراوە. هونەرمەنـدی رۆمانسی پێیوایە" واژە تەنیا بۆ دەربڕینێکی ساکار و مەبەستێکی سادە نییە: بــەڵکوو واژە لــە فۆرماسـیۆن و تــان و پـۆی شـێعردا تێزێکــە بـۆ ئیــدیالیزەکردنی واتایــەکی خــەیاڵاوی و ئیماژیــك بــۆ نەخشــاندنی،

تەختەنیگارێکی هونەری و موهەندێسی زوان. «ڤیکتۆرهۆگۆ» تا رادەی پیرۆزیێتی و سەردانەواندن بۆ وتە و واژە دەیگوت: «واژە بریتییە لە وتەێك و وتەیش هەمان خودایە». (حسێنی سید رەزا، مکتب های ادبی: ل٧٧)
زەوقی هونەری و رێبازی داهێنانی بێسارانی لەم مێتودە قوتار نییە، دەرکی بە ئەرزشی واژە کردوە. دەستی بردوە بۆ هەندێ واژە و دەستەواژە و وتەی ئیستەتیکی، ناتوانین بڵێین رێکەوت بووە، بەڵکوو بە زانیاری و توانای هونەرییەوە لە هەمبەر ئەم دیاردەدا دانووستاندنی کردووە" شتوومەك و کەرەسە زوانییەکانی لە دنیای دەرەك و کەونیدا وەك «خوداگا» وەریگرتووە لە پرۆسە زێهنییەکەیدا، لە «ناخوداگا» و میکانیزمی خەلاقدا، بە پێودانگی وێنەکاری هەلیخولاندون، ئەنجا وەك دەقی شێعری هاتۆتە رێچکەی هەبوون، بەم شێوە بووگەتە خالقی تەشکێکی رۆمانتیکی و مانیفێستی شێعری بۆ ئەدەبی کلاسیکی کوردی.
ئەم بەستە فەردانە کە پیرەمێردی نەمری هێنابووە سۆسکە و لەژێر کاردانەوەێکی ئەوتۆدا وەریگێڕاون بە کوردی سۆرانی:

چراغ دا جارێ بۆ وە خاومدا
پا بنیە وەبان هەر دوو چاومدا
مەواچە موژەت تیژتەرەن جە خار
پای گوڵ ئەندامم مدەرۆ ئازار
من موژەی خار یە خەیلێ وەختەن
بە جارووکاری نەڕای تۆم جەختەن
شەو و رۆ نەڕات، پەرێ ئی سەودا
یەك یەك بیێنێ شکستەی مەودا

بۆ وه بیٚ ئەندێش، پا بنیە لێشان
بدیه بینایی، هیچ مەندەن تێشان؟
ئەگەر تێشان بۆ، غەیر جه هوون نێشتەر
هیجرانت فیشتەر، لێش مەدۆ نێشتەر
سەحەر مەزانی باڵا زەڕستوون
پات وێنەی حەنا رژیا بۆ به هوون

ئەم پارچە هەڵبەستە لە لایەن مامۆستا پیرەمێردەوە وەرگێڕاوەتەوە سەر شێوەی سۆرانی بەڵام تەنیا ئەم چوار بەیتە لە دیوانەکەی لە لایەن کەیۆمەرس نیکرەفتارەوە ئاماژەیان پێکرابوو.

ئەمە ئەو چوار بەیتە:

گیان لە پرخەی خەوی خاوما
پێت بنیٚ وە بان هەردوو چاوما
مەڵیٚ برژانگت تیژە وەك چقڵ
ئەچەقێتە پێی ناسكتر لە گوڵ
بە برژانگی تیژ بۆیە خۆشحاڵم
کە بەر دەرگاکەی تۆی پیٚ ئەماڵم
هەر چەند تیژیش بیٚ بۆ پێی تۆ نەرمە
بۆ تی هەڵویسنی جەستەت دڵ گەرمە (دیوان، ل: ٨٣)

١٤- رەمزی چراغ:

لە هەرێمی ئەندێشەی هونەری بێسارانیدا، چراغ دەورێکی بەرچاو دەبینیٚ، تا رادەیەك ئەو تو‌خمە بۆتە بەرجەستەیی بۆ شێوازی ئەم شاعێرە. ئەم دیاردە شێوازییە، بە داهێنانی وێنەگەلێکی جۆراوجۆر و خولقاندنی فەزاگەلێکی

فره ڕەهەند و چەن لایەنە –پتر لە هەفتاد جار دووپات كراوەتەوە– تا رادەیەك بۆتە بوونەوەرەی سەرەكی بۆ خورپەبەخشی و داهێنان لە پرۆسەی شێعردا بۆ بێسارانی. وەك ماشوقەیەكی ئوستوورەیی و خەیاڵی" نەمادێك بۆ یۆتۆپیا و مەدینەیەكی فازڵە. چما(شاخ نەبات و حەبیبە) ماشوقە ئایدیالی و ئوستوورییەكەی (حافز) و(نالی شارەزووری) كە سەرچاوەی بارگەدەلالی و هونەرییەكانی ئەم دوو شاعیرە بوون. ماشوقەیەك كە نزم و زەمینی وناسووتی نییە بەڵكو خاوەن تەشكێكی پلە باڵا و ئاسمانی و لاهووتییە، بێ ئەوەی حزوورێكی فیزیكی هەبێ، بۆتە هێمایەكی بەرزەفڕ بۆ دەقە سەرچڵەكانی ئەم شاعێرە.

– چراغ قوربانەن، چراغ قوربانەن
غەیری تۆ پەی كەس قوربان نیەنان
– چراغم بە چین، چراغم بە چین
ئەرچینی زوڵفت بدەو بە ماچین
– چراغم شەندی، چراغم شەندی
تو توخمی هیجران وە بەختم شەندی
– چراغم بێ تۆ گوڵانی وەهار
مەیان وە دیدەم چون نەشتە هەزار
– چراغ یانێ چێش، چراغ یانێ چێش
ئی چەم ئێشایتە پەی تۆ یانێ چێش
– چراغم شەهید، چراغم شەهید
وەختێ وەنیگات مەكەریم شەهید
و ...

١٥- خەزانیە: هەروەها کە خاقانی شروانی شاعیری بە ناوبانگی سەدەی شەشەمی کۆچی مانگی لە ئەدەبی فارسیدا بە خولقاندنی وێنەگەلی جۆراوجۆری هونەری ناسراوە بە «شاعێری بەرەبەیان» و لێرمۆنتۆف شاعیری مەزنی رووسی ناسراوە بە شاعێری نەخشاندنی «ئاسۆی رۆژ» و توانیویانە هەلاتنی رۆژ لە ولاتی قەفقاز و ئاقاری شروان و ئەران بە باشترین دیمەنی هونەری نومایش بکەن" بێسارانیش بە توانستی هونەرییەوە دیاردەی «خەزانییە»ی کردوە بە مۆتیڤە شێعرێکی تاکی دەگمەنی خۆی. ئەم رووکردە زادەی رەفتاری زەینی و پەژواکی دەروونی ئێش و ئازای خۆیەتی:

لەم چامە هونەرییەدا، بێسارانی لەگەڵ وەڵگی خەزان (گەڵاخەزان) لەسەر شێوەی کەسێتی بەخشی وخوازە و مێتافۆر دێتە دواندن و دیالوگ" لە دیتنی سیمای زەرد و لاوازی وەڵگ زویر دەبێ، دۆخی دەرونی و جسمی و پیری خۆی دێتەوە یادی. هۆکاری ئەم زویرییە لە گەڵا دەپرسێ و وڵامی دراوەتەوە: من لە خەومدا لە چڵی دارە مێو جیا بوومەتەوە و ئاوا کەوتومەتە دیاری غوربەت، زەردیم لە هیجرانی یارە و بڕان لە وەتەن و ماوای سەرەکی(کاردانەوەی مەولەوی رۆمی لە سەر بێسارانی لە نەی نامەدا: بشنو از نی چون شکایت می کند/ از جداییها حکایت می کند. بڕوانە مەسنەوی مەعنەوی مەولەوی). بێسارانی وڵام دەداتەوە کە هەردوو زەدەی دەستی هێجرانین تو لە تەرزێك بڕاوی و من لەسەروی باڵایەك" بەم جیاوازییە تۆ لە خەودا ئازاری هیجرانت چەشتوە و من بە کردە سەرمدا هاتوە.

- ئارۆ شیان دیم، رەنگی خەزانان

حاڵی شان نیەن، ئێمە نەزانان
– دیم بە تەرزەوە خەزانێ بێ تەرز
تەمام حاڵی وێش پەرێم کەردش عەرز
– پەرسام یە چێشەن ئی زەردی خەزان
وات: مەیۆم نە خاو تەناکی تەرزان
– واتم: ئێمە و تۆ هەر دوو جەستەمان
ئیش مەکەران زام ماران گەستەمان
– تو جیا جە تەرز، من جە باڵایێ
تەڕتەر جە نەرگس سەوڵی ئاڵایێ
– داخی جیایی نەو تووڵ نەمامان
تـۆ جـە خـاوت دی، مـن پەنـەم ئامـان (ل: ٣٤، دیـوانی بێسارانی)

سەرچاوە:
١– نیکرەفتار کەیۆمەرس، دیوانی بێسارانی
٢– حسێنی سەید رەزا، مکتب های ئەدەبی

# یەك صەیدی لە یەك دیواندا

بۆ خوێندنەوەی ئارۆیانەی دەق لە مێتۆدگەلێکی زوان شناختی کەڵك وەردەگیرێ ، کە ئیتر چەندان پێویستی بە رووەونیای ژیاننامە و بە سەرهات و ڕیز کردنی ساڵ و مانگی لە دایك بوونی شاعیر نابێ . لەم پەیلوایەدا راڤەکار لە دەست چنگاوەشی هەندێ زەینیەتی پێشوەختی مێژوویی خەڵاس دەبێ و بە دڵنیاییەوە ، تەنیا لە سەر پێکهاتەی دەقەکە و توخمە زوانیەکان تەرکیز دەکات. ئاخر دەق کارەساتێکی فرەزوانیە کە سەرومڕ لە ئاڵ وگۆڕدایە و دەبێتە بەستێنەیەك بۆ ئەفڕاندنی فرە مانایی و پلۆرالیزمی زوانی. دەق نە تەنیا وێنەیەکی بەستەڵۆکی زادەی زەینی دانەر نییە، بەڵکوو بە پێچەوانە رووبارێکی خاوێن و نائارامە و هەر دەم خولقێنەری وێنەیەکی تازەیە لە خود و لە جیهانی ئۆبژە و دەورووبەر. خوێنەر لەم پرۆسە زەنییەدا تەنیا سەرقاڵی بارگەی دەلالی و کارکردی دینامیزمی ئەم سیستەمە دەبێ نەك رووکاری فۆڕماڵی بەرهەمەکە. خوێنەری ئەکتیو وەك رێڕەوێك سەفەرێك ئەکات بۆ هەناوی بازنەیەکی

نامۆ کە دەقەکەیە، لەم سەفەرە پڕتەنگ و چەڵەمەدایە کە گوتارگەلێك بە ناو شێواز و شێوازناسی، بنەماخوازی و بنەماماری لەدایك دەبن.
لەم کێشمەکێشە خوێندنەوەییەدایە کە ڕاڤەکار بە هەندێ(هێما و ڕەمز)ی زوانی ئاشنا دەبێ و دەچێتە نێو دەریای سێحراوی نیشانە زوانیەکان و ڕۆ دەچیتە ناو تۆڕی پێوەندییە ناخەکیەکانی زەینی و زوانی دانەر. ڕاڤەکار بە چەکی ڕاڤە و دەرخستنی نیشانەکان ، دەستی خوێنەر دەگرێ و دەیباتە ناوەندی گرانیگای ئانتالۆژی هونەری شاعێر. سەفەرێك کە لە توێکڵەوە دەست پێدەکات و بەرەو ناوەند و گرانیگای هەناوی شاعێر دەڕوات، پاش هەڵوێستە و تێڕامان ، دووبارە بەرەو ئاستی دەرەکی و دونیای ئوبژێکتی دەقەکە دەگەڕێتەوە .
ئەز وەك خوێنەرێك ئەمەوێ سەیدی و چەشنی پەیلوای هونەری-ئەدەبی لیریکای ئەم شاعێرە لە دووتۆی دەقەکەی و زوانەکەیدا کەشف و پێناسە بکەم. وەك ئاماژەم کرد لێرەدا پێویست بە فتوادان لە بارەی ژیاننامە و بەسەرهات ناکات. وەك (اظهر من الشمس) ڕێزدار، ڕەحمەتی محمدامین کاردۆخی و مامۆستا ئوسمان محەمەد هەورامی هەوڵدەرانی ئەمەکدار و ماندوونەناسانی ئەدەب ئاماژەیان کردوە بە تاقانەبوونی سەیدی و کات و ساتی لە دایکبوونی (١٢٦٥-١١٩٩ ك.م) و هەر وەها زێدی شاعێر و تەنانەت خانووەکەی کە ئێستایش ئاسەواری لێ بە جێماوە .(١)
ئیترچە پێویستە کە لەم پێناوەدا کات و ساتی و دەرفەتی وزەی خۆمان زایە بکەین لە جیاتی شۆڕبوونەوە و ڕامانکاری و خوێندنەوەی دەقە نەمرەکەی و دەرخستنی ڕاستیەکان لە فورم و ناوەرۆکدا و تەنانەت دەرخستنی هەندێ بابەتی ژیانی تاکی و بنەماڵەکی ئەم شاعێرە. دەیشزانم

بە راستی کارێکی سەخت و دژوار و وەختگر دێتە ئەنجام .
هەر ئەم رووکردە، لـە پانتـایی گوتـاری خوێندنـەوەی دەقـدا، دۆخێکـی لـەرزۆك و ئالۆسکاو و پچڕپچڕی بۆ ئێمە نوانـدوە، سـیمای سـەرهەڵدانی راسـتەکی هورمزگـان دەشـەمزێنن، ئـەڵێن دەقێکـی دەسـکردە و زادەی دەستی دوژمنان، کەسێتی زەردەشت و پیرشالیار و سـەیدی و... لـەتوپار ئەکەن و دەیانکەن بە دوان و سیان . ئەمە نە رووکردێکـی توێژکارانەیـەو نە رەوتێکی بنەماشکێنانە و ئاوانگاردانە و نـە پڕکردنـەوەی کـەلێنێك لـە کەلێنەکانی مێژووی ئەدەب و زوانەکەمان.
لێرەدا مەبەستم ڕێگرتن بە هەوڵدان و گەشکەی دینامیزمی رەوتی تۆکاری و توێژینەوە و راژەی زانستی هەرمانەکە نیە ، بەڵکوو مەبەسـتم ونکردنـی رێگا راستەکیەکانە، کە دۆزینەوەی دۆزەکە کارێکی دژوار و پڕ ئاستەنگ هاتە بەرچاو و پێویستی بە خۆمانـدوکردن بـوو، ئـەنجا لـە پاسـاودا و بـۆ وڵامدانەوەی ئاستەنگەکە، خۆمانی لێ گێل دەکـەین و دەس دەکـەین بـە داتاشینی تیۆری جۆراوجۆر و پینەو پەڕۆی مێژوویی. کەچی تاقانە لۆژیکی ئەمڕۆژیانەی لێکۆڵینـەوە، پـەنا بردنـە بـە دنیـای دەق و چـۆن مامەڵـە و دانوسـتانکردنە لـە هەمبـەر ئـەم دنیایـەدا. هەنـدێ بـەناو لێکۆڵـەر بـە چەواشەکاری و ڕێنەبردن بە راستیە زوانیەکان لە دەقەکەی سەیدیدا، تاقە سـەیدی نـاو دیوانەکـەیان کـەرت کـردوە بـە سـەیدی یەکـەم و دوەم ، تەنانەت برێکیش، وتوویانە لـە سیانیشـا شـکیان نییـە. لێکۆلـەرێك لـەم بارەوە دەڵێ: «لە دیوانەکەی سەیدیدا بۆم دەرکەوت چی واژەی کۆنە لە شێوە عەروزییەکانیدا و ئەوانەش کە نوێترن لە هەڵبەستە هیجاییەکاندایـە، بەو جۆرە پێوانەیەکم وەدەست هێنا کە بێجگە من تا ئێسـتا کـەس بەمـەی

نــەزانیوە . یــان ئەگــەریش زانــی بێتیــان بــە ســادەگی چــاو پۆشــیان لێکردوە».(٢) پاشـان هـەر ئـەو نووسـەرە ڕەخنـە دەگـرێ کـە گـوایێ ڕەحمەتی کاردۆخی دیوانەکەی ڕێك و پێك کردوە و بە سەردێڕ غەزەلەکە ناوی بۆ دیاری کردوە. دەڵێ: «مـن تـەواوی غەزەڵـەکانم کـرد بـە دوو بەشەوە واتە چی شیعری هیجایی باوی کوردەداری بوو ( هەر میسـراعێك ١٠ هیجا ) کە ڕێکە لـە گەڵ (مستفعلاتن، مستفعلاتن) یا (فع لن فعـولن ، فع لن فعولن ) کە دیوانەکەی مەولەوی مەعدوومی سەر پاکی لە سـەر ئەو کێشەیە( بڕواننە ئەم حوکمە یەك لایەنـە!) جـوێم کـردەوە و ئەوانـە شیعری عەرووزی بوون لـە چەند بەحرێکا هۆنرابوونـەوە بـەجیا سـەیریانم کرد، بۆم دەرکەوت یەکێ لەم دوو سەیدیانە بەس شیعری عەرووزی نەبێ نەیوتوە، ئەوی تریشیان فارسیەکانی لێ بەدەرکـە تاکـە بـەیتی عـەرووزی نەوتوە هەر کێشە خۆماڵیەکەی باوی کوردەوارییە».(٣)

نووسەر بەمەوە ناوەستێ تەنانەت هەندێ لە غەزەڵەکانی حافز. وەك :

(گر تیغ بار در کوی آن ماه / گردن نهادیم الحکم لله)

بەم کێشە واتە ( برگەیی و خۆماڵی!!؟ ) دەزانێ. (٤)

کەچی هەر لەم وتارەدا بۆمان دەر ئەکەوێ ئەگـەر شـێعری هـۆرامی وەك نورم و لـەحنی سروشتی خۆی بخوێنرێتەوە، ئەوەندە سـرگ و سـلۆکە کـە خۆی ناهاوێتە ئامێزی داوی قاڵب و قاوغ و بازنەی هـیچ راوچـییێك، چـە بگا بەوەی تەنیا قاوغی تەفعیلەی عەرەبی ( مستفعلاتن ) بۆ پێوانـەکرێ !

هەر ئەم چەواشەکارییانەتە کـە بوەتـە هـۆی چـەپاندنی زەنییـەتی سـەیدی یەکەم و دووەم و ...

ڕەنگە سەرچاوەی سەرەکی ئـەم بووچـونانە کتێبـە مێژووییـە ئەدەبیـەکان

بووبێ که بڕێکیان، کەسێتی تاقانەی سەیدییان دابەش کردوه بە دوو کەس سەیدی یەکەم و دووەم .(٥)

منیش رام لـە سـەر ئەوەتـە کـە دوو هەناسـەی جیـاواز لـە چـێکردن و ئەفڕاندنی ئەم دەقەدا دەبینرێ بەڵام جاری دوو کەسایەتی جیاواز نـادەن و هەمیش شێعرە کۆنەکانی بەیازێك نەبووە، کە دەستی سـەیدی کـەوتبێتن و لـە گەڵیانـدا مامەڵـەی کردبـێ و ئـەنجام هـیچ نـەبێ بووبێتـە سـەبەبی مانەوەیان. (٦)

ئەگەرچی مامۆستای رەحمەتی کاردۆخی سوورە لە سەر ئەوەی کە سەیدی یەکێکە و توانیویە بـە هـەر دو شـێوە، هـۆنراوەی جـوان و رێـك و پێـك دانێت(٧)، بەڵام بـە جەوهـەری زوانـەوانی و رۆچـوون لـە دەقەکەیـدا، جەختی نەکردوەتـە سـەر فـاکتیزە کـردن و بەلگانـدنی کەسـێتی تاقانـەی سەیدی، بۆیە نووسەری ئەم دێڕانە وێڕای پێداگری بوێرانە لـە سـەر ئـەو پەیلوایە و کەسێتی تـاکی سـەیدی، باسـەکەم بـە پشـت بەسـتن بـە تـەنیا سەرچاوەی خۆم، دەقەکەی سەیدی، و هەندێ باسی جەوهـەری و تـوخمی زوانەوانی بۆ ئیهتمام بە باسەکە دێنمە ورووژاندن، بە قەولی حافز:

(تا که قبول افتد که در نظر آید )

**هەڵوێستەیەکی زوانەوانی و رانانکارییێك :**

سەیدی لە بە دنیا ئانینی لیریکاکەی لە گەڵ سێ زوانی جۆراوجۆر، بەسـێ پرەنسیپی ساختاری و جەوهەری جۆراوجۆرەوە رووبەڕوو بۆتەوە:

یەکەم: زوانی هۆرامی: وەك زوانێکـی زگمـاگی ، خورِسـك ، سروشـتی، فولکلۆریك و جەوهەری.

دووەم: زوانی فارسی: وەك زوانێکی زاڵی–فەرمی– ئەدەبی وەخت
سێیەم: زوانی عەرەبی: وەك زوانێکی زاڵی–نافەرمی– ئەدەبی–ئایینی
بۆ ئەوەی نزیك ببینەوە بە ناسینی چلۆنایەتی مامەڵەی سەیدی لە هەمبەر ئەم سێ زەوانەوە و بزانین چۆن توخمەکانی ئەم سێ زوانە لە میکانیزمی خەلاق و ناخوداگای زەینی ئەم شاعێرەدا پەنگی خواردۆتەوە ، پاشان هاتوونەتە هەڵسوڕان و بزاڤێتی و لە دایك بوون وەك کۆرپەی شیعر. رولی ئەم مەوادە خاوانە لە داهێناندا وەك دەقی جۆراوجۆر ، چەن کاردانەوەی هەبووە و سەرەنجام بگەینە هەناسە لیریکییەکانی سەیدی بەو دانوستاندنە هونەرییەوە کە لە گەڵ زماندا کردوویەتی. باسێکی مێژوویی–زوانەوانی دەخەینە ڕوو و لە سەر چەن توخمێك و جیاوازییە جەوهەرییەکانی ئەم سێ زوانە لە سەر ئەو پرەنسیپانە باس و لێکۆڵینەوە ئەکەین:

زوانی فارسی و هۆرامی لە یەك بنەماڵەوە(ئارییەکان) سەرچاوە دەگرن و نزیکایەتی خێزانی و رەچەڵەکی لە گەڵ هێندو ئوروپاییەکان پەیا ئەکەن. عەرەبی ئەگەرچی لە گەڵ ئەم کۆما زوانیانەدا پێوەندییەکی رەچەڵەکی و تبارناسانەی نییە" بەڵام پاش هاتنی ئیسلام ، زوانی فارسی لە ژێر کاریگەری توخمەکانی ئەم زوانەدا توایەوە و هەندێ خسڵەتی جەوهەری و رووکاری هەم لە فۆڕم و هەم لە ناوەڕۆکدا، لە دەست دا.

لە گوتارەخوێندنەوەییەکاندا بۆ ناسینی رەچەڵەکناسی ئەم کۆمەڵە زوانانە، دوو چەشنە پەیلوا و روانگە دێتە ڤەشان:

پەیلوای یەکەم: لە خوێندنەوەی دەقە بە جێماوەکانی ئەم کۆما زوانانەدا ( پارسی باستان، فارسی، هۆرامی، سنسکریت، ودا، یۆنانی کۆن، لاتینی و

... ) دەرکەوتوە، کـە ئـەم زوانانـە خـاوەنی سـێ تـوخمی زوانـین: یـەك: ئاهەنگ(Ton) دوو: کێشاندن (امتداد، Duree) سێ: تەکیە( Accent) یا خێرایی دەنگ(شدت صوت، Intensite)

لەم پرۆسە زوانیەدا، هەر واژەیەك کە خاوەنی توخمی برگەیە ( هیجا)، لـە کاتی خوێندنەوە زێلّ (زیر) تر دێتە خوێندن. شوێنی ئەم ئاهەنگە لـە واژەدا جێگر (ثـا بـت) بووە . هەر لـە رووی ئەم خەسلّەتەوە زۆربەی توخمـەکان لە یەکتر دەهاتنە جیاکرن و تەنانەت مانـای توخمەکـە هـەر لـە سـەر ئـەم رووکردە دەست نیشان دەکرا . بزوێنەکان(مصوتها، Voyells)یـش لـەم کۆما زوانیانەدا دەنگی یەکسانیان بووە، یانێ بزوێنـەکان دابـەش ئـەکران بە دوو چەشن (کورت و درێژ) و لـە سەر ئەم کێشانە (امتداد، Duree )، برگەی کورت و درێژیش دەهاتنە رۆگەی هەبوون. یانێ بە بـزوێنی درێـژ، برگەی درێژ و بە بزوێنی کورت، برگەی کورت سازدەکرا.

بەم چەشنە زوانانە و بەم تایبەتمەندیانەوە کە کێشانەی شـێعریان پێـدەکرا ، دەوتـرا (زوانەچـەندییەکان، زبـان هـای کمـی). پاشـتریش عـەرەبیش شیعرەکانی لـە سەر ئەم رووکردە مۆسیقاییە چێ دەکرد و هاتە ریزی زوانە چەندییەکانەوە.(٨)

پەیلوای دوەم: (ئانتوان مییە) زوانەوانی مەزنی فەرانسەوی بۆ یەکەم جـار پەی بە توخمێکی زوانی بە نـاو «تەکیـە، Accent» بـرد. بـەم شـێوە بـوو بەخاوەن پەیلوایەکی زانستی لـە پێکهاتەی زوانە هێنـد ئورووپاییەکانـدا کـە زوانی فارسی و کوردی هۆرامی پـاژێکن لـەو کۆمەلّـە زوانـە، هـەر ئـەم پرەنسیپە بوو بە هۆی ئەوە زوانی فارسی و کـوردی بـە تایبـەت کـوردی هۆرامی لـە رێچکەی زوانە چەندییە قاوغیەکان بە تایبـەت عـەرەبی جـوێ

بکرێتەوە و ببنە خاوەنی کیانی مۆسیقایی خۆیان. هەر ئەم باسەی (ئانتوان مییە) ئێمە هەڵدەنێ کە زوانی کوردی هۆرامی کە خاوەنی هەندێ مۆرك و مۆرالی زوانەوانی تایبەت بە خۆیەتی و لە زوانی فارسی جیابکەینەوە. لە درێژەی باسەکەدا ئاماژە دەکەینە خاڵە جیاوازییە زوانییەکانی ئەم دوو زوانە.

(ئانتوان مییە) لە پاڵ باسکردنی توخمی تەکیە(Accent) باس لە خەسڵەتێکی تریش بە ناو (شدت صوت ،خێرایی دەنگ، Intensite)–کە من لەم کتێبەدا بە ناو «کرکە» پێشنیازم کردوە– لە پێکهاتەی ئەم کۆمەڵە زوانانە دەکات . پێی وایە (تەکیە) هەمان خێرایی دەنگە و ئەم توخمیشە (تەکیە) پتر جیاوازە لە گەڵ ئاهەنگ کە بریتییە لە بەرزی دەنگ(ارتفاع صوت). لەم روانگەوە زوانی ئەوێستا لە گەڵ زوانەکانی سنسکریت و یۆنانی کۆن جۆی دەکرێتەوە و دەبێتە خاوەنی پرەنسیپی جەوهەری خۆی. لە کێشانی شیعریشدا، لە جێی کێشی چەندی (وزن کمی) ئەم زوانە دەبێتە کێشی (زەربی) یان بە چەشنێکی تر (برِگەیی) لە سەر لێدانی تەکیە.(٩)

**جیاوازی زوانی فارسی، هۆرامی و عەرەبی لە**
**سەر پرەنسیپی تەکیە** (Accent) **و خێرایی دەنگ** (Intensite)

جیاوازی زوانی عەرەبی، لە گەڵ فارسی و کوردی هۆرامیدا بە تایبەت لە کێشانەی شێعردا، دەگەرِێتەوە بۆ جیاوازی چەشنی کێشاندنی بزوێنەکان لەم دوو زوانەدا. جیاکەرەوەی ئەم دۆخە، توخمێکە بە ناو (زەنگ) لە پێکهاتەی دەنگەکاندا. بۆ وێنە لە دوو واچە(واژە)ی (ضَـــربَ ، ضا رَبَ) بزوێنی (a) لە سەر (ض) هاتووە و لە واچەی (ضـــا رَبَ)، (?)

دانراوه. لـه واژەی (ضَربَ)، (a) لـه چۆنیەتی (Ton) دا (بە قەدەر یەك پلـە لـه زەمەن) كێشراوه. بەڵام هەر ئەو بزوێنە لـه واچەی (ضـا رَبَ) ەدا بـە هەمان ئەندازەی كات (دووپلـە) سەرتر كێشراوه. ئەم كێشـاندنە لــە یـەك چركەدا بووەتە هۆی جیاوازی واتـایی دوو واژەكـە. ئـەم تایبەتمەندیـە لــە هەمووو زوانە چەندییەكاندا( سنسكریت، یۆنانی كـۆن، لاتـینی، تەنانـەت عەرەبیش) دا دەبینرێ. بەڵام لـە زمانی كـوردی هۆرامیـدا ئـەم ڕا زوانـە، جیـاوازە. جیـاوازی نایەكسـانی دەنـگ تـەنیا یەكێكـە لــە پرەنسـیپەكانی پێكهاتەی ئەم دوو زمانە، لـە هۆرامیدا، دەركەوتی جیاوازی هەر بزوێنێـك بە نیسبەتی بزوێنێكی تر(كـورت و درێـژ) لــە كێشـانەی دەنگـدا، نایێتـە هەست پێكرن. خاڵی سەرەكی بۆ پێوانەی جیاوازی نێوان ئەم سێ زوانـە، هەسـتكردن بــە (چــۆنیەتی لێــدانی زەنــگ)ە كــە دەبێتــە پێــوەری جیاكەرەوەیان.(١٠)

لـە كوردیدا، بۆ نموونە لـەم واچانەدا (دەر، دار)، (خەو و خـاو)، (مـەس وماس) كە بیسەر لـە سەر جیـاوازی دەنـگ هەسـت بـە جیـاوازی نێـوان واتاكەشیان دەكات، تەنیا بۆ نایەكچوونی كێشاندنی دەنگی ناڤین(مصـوت میانین) لـەم دوو واژە (a/?) ناگەڕێتەوە. ئەگەریش بزوێنی درێژی (?) لـە ناڤینی ئەم واژانـەدا(دار، خـاو، مـاس) بـە قـەدەر بـزوێنی كـورتی(a) لــە واژەگەلی(دەر، خـەو، مـەس) كـورت بكەینـەوە و خێـرا بیانخوێنینـەوە ، دووبارە هەمان جیاوازی واتاكی هەست پێدەكرێ. بەڵام ئەگەر ئـەم ڕێسـا لـە كێشانەی شێعری كلاسیكی فارسی و سۆرانیدا، ڕەچاو نـەكرێ " یـانی (یەك پلــە بـۆ بـزوێنی كـورت a و دوو پلــە بـۆ بـزوێنی درێـژی ?) لــە ڕێچكەی شێعردا قایل نەبین و بە خێرایی دەنگ (شدت صوت،intensite)

لـه سەر جەوهەری لـەحنی شێعری هۆرامی، نەخوێنرێتەوە ، خێرا جیـاوازی نێوان کێشی دو بڕگەکە دێتە هەست پێکرن بۆ خوێنەر و بیسەر. لێرەدایـە کە ریتمی زوانی هوّرامی لـە شـێعردا لــە فارسـیش تەنانـەت لــە کـوردی سۆرانی جیـا دەبێتــەوە و بەناچـار لــەم دوو زوانـەدا (فارسـی و کـوردی سۆرانی، کە پایبەندی دیاردەی عەرووزن) بۆ پڕ کردنـەوەی ئـەم بۆشـاییە (هەرۆڵیە) پەنا دەبەنە (ئەختیاری شاعیرانە) کە جۆرێکی حیلـەی شـەرعی و ئاڵۆزی مۆسـیقاییە لــە کێشـانەی شـێعردا و هیچـی لــە گـەڵ واقیـع و نورمەکانی زماندا تەبا نییە.

زوانی هۆرامی خـاوەنی کیـانێکی مۆسـیقایی و تـوخمێکی زوانیـە، کـە لــە خوێندنەوە و (لـەحن)دا دەبێتە (هێشوە دەنگ)، چڕی شـەپۆلە دەنگـەکان جیاوازی (بزوێنە کورت و درێژ)ەکـان لــە پێکهاتـەی بڕگـە و مـۆرفێم و واژەدا دا ئەشارێ و گوێمان هەسـت بـە ئـاڵۆزی مۆسـیقا ناکـات و ئـیتر پێویست بە دیاردەی عەرووز یان هەر چەشـنە قـاوغ و قـاڵبێکی دەرەکـی ناکات. من ئەم توخمە زوانیەم لە پێکهاتەی موسیقای شـێعردا بـە ( نەغمـە یان کرکە) نێودێر کردوە. پاش چەند هەزار ساڵ هێشتا ئەم رەوتـە خـاوەن موّسیقایەکی نەگۆڕە، و بزاوتەی جەوهەری خۆیەتی و پێویستی بە قاوغ و قاڵبی تەفعیلـەی عەرەبی نەبووە و نییـە و هـەر هـەمان کێشـی سروشـتی و خۆماڵی کوردەوارییە و گـۆرانیش بـە ناچـار پـەنا دەباتـەوە بـەم ئوّخژنـە مۆسیقایە خوڕسکە کە لـە گەڵ زمان و ژیان و ژیار و سروشتی کوردستاندا تـەبا و گونجـاوە . شـێعری هـۆرامی تـا نەخوێنرێتــەوە ، پتانسـیەلـەکانی دەرناکەون بۆیە هەمیشە وتویانە شێعری مەحوون کە هەڵێنجراوی شێعری فۆلکلۆریکە و لـە هەناو جەماوەر و سروشتدا لـە دایك بووە و رسکاوە و

ماوەتەوە و دەمێنێتـەوە. بـە رای مـن ئـەم ئـەلف و عەرەبییـە کـە ئێسـتا نویساری پێدەکرێ بەو دەنگانەوە ناتوانێ، توانستەکانی زوانی هۆرامی لـە خۆیدا پیشان بـدات بـەڵکوو هەنـدێکی زۆر لـەم قابلییەتـە زوانیانـە لـە بنووسدا زەوت دەکرێ، دەنگە بزۆزەکان تەنیا لـە خوێندنـەوەدا هەسـت دەکرێن.

کە وابوو ئەگەر (دەر و دار، خەو و خاو، مەس و ماس و... ) لە زنجیرەی دێڕدا بکەونە بەرامبەر یەك لـە سەر ئەم شەپۆلـە دەنگانە و پرەنسیپی چـڕی دەنگ و لێدانی پێوەری شەپۆلی(زەنـگ)ی یەکسـان بـۆ هـەردوو بـزوێن (a-? ) لـە یەك کاتدا، هەست بە جیاوازی دەنگ و مۆسـیقا و کێشـاندنێ لـە شێعری بڕگەییدا ناکرێت . ئەم حاڵـەتە بۆ بزوێنەکانی تری ( e ، î) و ( O ، û) دەبینرێ . تەنانەت لـە بزوێنـە دولانەکانیشـدا ( مصـوت هـای مرکب ، Diphtong ) ئەم چڕە دەنگییە و ئەم گووشراوەییە دەبیسـترێ، ئەگەرچی بە رواڵـەت دوو بزوێنەن، لـە یاسای داسەپاوی عەرووزدا، دەبێ بن بە دوو (بڕگەی درێـژ و کـورت) لـە کێشـانەی شـێعردا، بـەڵام لـە سیسـتەمی بڕگـەیی شـێعری هۆرامیـدا ( یـان لـە لـەحنی گـۆرانی و سیاوچـەمانەدا ) دەبـن بـە هێشـوەدەنگ، خـاوەنی پرەنسـیپی کرکە(Intensite) .

**سەرهەڵدانی پێناسەی ئەم رەوتە زوانییە**

سەرەتای سـەر هەڵـدانی ئـەم رەوتـە زوانەوانیـە دەگەرێتـەوە بـۆ نیـوەی دووەمی سەدەی نۆزدە . لەم بارەوە ئەم نووسەرانە پێش ئاهەنگن .

ئێلێکساندرخۆدزکۆ: A . chodz ko

چارل زالێمەن: carl salemann

ژۆکۆفسکی: V. shukovski

(ئانتوان میه) که باسمان لێوه کرد .

(رۆبێرتۆ گوتیۆ)، ژێردەستی ئانتوان مییه بوو به پەرە پێدەری بۆچوونەکانی ئەو زوانەوانە. (١١)

دوا بەدوای ئەو گۆرانکارییانە کە لە ژێر کاردانەوەی زوانی یۆنانیدا ، زمانە کۆنە هێندوئوروپاییەکان رووبەڕوو بوونەوە ، پێشتر کە باسمان لێوە کرد و ناسرا بوون بە(زوانە چەندییەکان) و ئاهەنگ و کێشانەی دەنگ لە بزوێنی کورت و درێژ و هاتنە دی برگەی کورت و درێژ، بە شێوەی یەکسان لە دو دێردا ، لە بەستێنی مۆسیقایی ئەم زوانگەلەدا گۆڕانکاری هاتە دی . پاش شاڵاوگەرییەکەی ئەسکەندەر بۆ سەر وڵاتان بە تایبەت ئێران ، بڵاو بوونەوە و تەشنەی فەرهەنگ و زوانی یۆنانی لەم وڵاتانەدا ، دامەزراندنی ناوەندییە فەرهەنگییەکان ، باری ئەکتیوی زوانەوانی کێشرایە نێو فازێکی ترەوە . لەم تۆکارە زوانەوانیەدا کە(بێنوێنیست، Benveniste)زوانەوانی فەرانسەوەی رولێکی بەرچاوی گێڕا لە پێکهاتە زوانە ئێرانییەکان ( پەهلەوی ئەشکانی و ساسانی ) بەتایبەت روانگەی خێرایی دەنگ (کرکە) لە زاراوە کوردییەکاندا . بە شێوەی تایبەتی تریش لە بارەی زوانی هۆرامیەوە ئەم پەیلەوایە بوو بە هۆی ئالقەیەکی توند و تۆڵ نێوان ئەم دوو زوانەدا ئەویش پێوەندییەکی ئەندامی و توخمی بە ناو (تەکیە) دۆزییەوە کە دان نانێك بوو بە پەیلواکانی زمانەوانەکانی تر کە باسمان لێوە کردن بە تایبەت (ئانتوان مییە).

سەرچاوەی ئەم تۆکارییە ، کە لە لایەن (بێنوێنیست، Benveniste)ەوە هاتە ئەنجام ، وتارێك بوو لە بارەی (درەختی ئاسووریك)ی پەهلەوی

ئەشکانی کە پێیوابوو لەزەمان ساسانیەکاندا لە لایەن بنووسـان(کاتبـان)ی ئـەم دەقـەوە، ئـاڵ و گۆڕێـك بـەدیهاتووە، کـە پـاش سـاغکردنەوەی تو‌خمەرەسەنەکان و پەی بـە ڕێسـای هـۆنراوە بـوونی(منقـوم) ئـەم دەقـە" هەڵیکوتایە سەر توخمی چڕی و خێرایی دەنگەکان ( کرکە ، شدت صـوت ) و پێناسە و کەشفی ئەم ڕێسـا زوانییـە، ئاکـامی توێژینەوەکـەی بـوو بـە وتارێکی زوانەوانی و لـە ڕۆژنامەی (ئاسیایی)دا بە چاپی گەیاند. هـەروەها لـە بارەی شرۆڤەی(ئەیاتکاری زەریران) دەقێکی پالـەوی ئەشکانی، پێیوابوو پێوەندییەکی ئەندامی و ڕەچەڵەکی نێوان ئـەم دودەقـە پالـەوییـە و شـێعرە فۆلکلۆریەکانی زاراوە کوردییەکان بە تایبەت دیـالێکتی گۆرانـدا هەیـە .
لـەم بارەوە دەڵێ :

«سەرجەمی ئـەو نموونـە شـیعرییە فولکلۆریانـەی کـە یاسـای داسـەپاوی عەروزی عەرەبی نەیتوانی کاریگەربێ بە سەریاندا، لە لایەن توێژەوانان لـە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا کۆکراونەتەوە ، هـەموویان لـە ئـەدگاری بڕگە پێڕەوی دەکەن و زۆربەیان تەکیەدارن. لە پێکهاتـەی دەقـە شـێعری زاراوە کوردیەکان : (گۆرانی ، هۆرامانی ، خوراسانی کە هەموویان سەر بە زاراوەکانی باکوورن )، چەندی بڕگە (کمیـت هجـا) -یەکسـانی بڕگـە کورت و درێژەکان لە دوو دێڕی بەرامبەردا– هیچ ڕۆڵێك نـابینێ ... لـە واقیعدا هەموو ئەو کێشانەی کە تا ئیستا لـە زوانی پالـەویدا دۆزراونەتـەوە ، هەر لـە سەر ئـەم ئوسـلووبە مۆسـیقاییەتە و هـەروەها سـەرجەمی ئـەو زاراوە باکووریانـە ( بـاکووری ڕۆژهـەڵات و بـاکووری ڕۆژئـاوا ) هـەر پێڕەوی ئەم یاسـاگەلەتە . ئـەۆ توخمـەی کـە دەبێتـە پێوەنـدی ئەنـدامی و گرێبەسـتی نێـوان یادگـاری زەریـران و شـێعری هێجـایی ئـەمڕۆژی

ئێران».(١٢)

لێمان روونه لـه ئەدەبی ئەمڕۆی ئێران – جگه لـه گۆران و بن زاراوەکانی ئەم شێوه زمانه به تایبەت لــه هۆرامیـدا – بـه ئوسـلووبی بڕگـەیی شـێعر ناوتریێتەوه . ئەڵبەت شێعره فولکلوریەکانی دەڤەرەکانی ئێرانی لـی قوتـار کە. به پێـی ئـەم بەڵگـه زانسـتییه زوانەوانییـه، دەقـه شـێعری هـۆرامی: هورمزگان و بێسارانی و مەولــەوی و سـەیدی و یارسـانەکان و تەنانـەت ئورامنەکانی بابەتاهێرو... دەبەستریێتەوه بـه تەمـەنی چـەن هـەزار سـاڵەی سەرهەڵدانی گاساکانی ئاوێستاوه .

بۆ نموونه کێشـانی ئـەم دێـڕە لــه چـامەی«ئـەز ئۆرۆمـۆن» بـه هـەر دوو ئوسلووبی لـەحنی بڕگـە( تەکیـه ) و ڕێسـای عـەرووزی دەخوێنینـەوه تـا جیاوازییه توخمییەکان به سانایی دەرکەون:

بڕێك پێیان وایه کە فەهلـەوییەکانی بابا تاهێر یان هەر ئورامن بێژێکیتر وەك شیخ سەفی ئەردەبیلی یان هەر ئەم (لـەحن)ە کە سەیدی چەن چـامەی لــه سەرداناوه ، عەروزین و لـه سەر: (U– – – -U/ – – -U/- -) ، کێشـانه دەکرێن و ناوی دەنێن (دەریای هەزەجی شەشی قرتاو). بەڵام به بڕوای من ئەمانه هۆنراوەگەلێکی کـۆنن ، کـه لــه سـەر لــەحنی کرکـه دانـراون و دەگەرێنەوه بۆ پێش ئیسلام که پێیان دەگوترا «فەهلەوی ، فەهلــەویات» یان به قەوڵی بورهانی قاتع و موعین و تەقی بەهار (ئورامن) (١٣)

ئەز ئورۆمۆن مەکانم بیَ وڵا تم

سەروپیری خوای گێرەن خەڵاتم (١٤)

**خوێندنەوەی یەکەم لە سەر ڕێسای عەرووزی :**

**( مفاعیلن/مفاعیلن/مفاعی(فعولن)**

ئە/ زوو/ رۆ/ مۆن/ مە/ کا/ نم/ بێ/ و/ ڵا/ تم
- - U / - - - U / - U - U

سە/ روو/پی/ ری/ خ / وا ی/ گێ/ ڕەن/خە/ ڵا/ تم
- - U/ - - - U / - - - U

١- برِگەی (ئەز) کە تەکیەی وا لـە سەر، کەرت دەکرێ بە( ئە - زوو، U- -) بۆ ئەوەی پایەی مفاعیلن
(U- - -)دروست بێ، بەم شێوە داسەپاو پێوەنـدی نێـوان نـورمی زوان و دەلالـەتی مۆسیقایی و پەیام دەپچڕێ .

٢- برِگەی ( رۆ ، U) بە پێی خوێندنەوەی عەرووز ، کە لــە هۆرامیــدا ، (دوولانە، دیفتۆنگ، مرکب)ە-دەبێتە دو واك و برِگەی کورت ( U ) کـە ناچار ئیختیاری شاعێرانە وەردەگرێ و دەبێ بـێ بـە برِگـەی درێـژ ( — ) تا بێ بە (U- - -) . هەر وەهایش برِگەی سێهەم لـە پێی ( مە —کا —نم — بێ ) .

٣- (خوای گێ رەن ) : لـە سەر ئەژماری پیتە عەروزییەکان : خُ وا ی گێ رەن (xo wây gĕ ren)
دوانزە پیتە(بزوێنی درێژ دوو پیت حساب کراوە) . دەبن بە ٥ برِگـە(U - U — — )کە کاتێکدا پێی (U- — —) چوار برِگەیە .

٤- زمان لێرەدا بەو دینامیزمەوە کــە لــە بەکگراوندیــدا هەیــە عەمەلــەن ئیزولـە دەکرێ و وزە و برِسی لێدەچنرێ. بۆچی؟ بۆ ئەوە تەنیا لـە قـاوغی تەسکی بازنەی تەفعیلـەی عەرووزدا جێی بێتەوە.

**چەشـنی دووەم خوێندنـەوە لـە سـەر کێشـانەی تەکیـە و خێرایـی دەنگ ( کرکە) :**

**ئەز/ ئوو/ رۆ/ مۆن/ مە/ کا/ نم/ بیٚ/ و/ ڵا/ تم**

_ / _ / _ / U / _ / _ / _ / U / _ / _ / _ / _

**سە/ روو/ پی/ ری/ خو/ وای/ گیٚ/رەن/خە/ڵا /تم**

U / - / - / - / U / - / - / - / U / - / -    **(١٥)**

**لێـرە دایـە لەسـەر پرەنسـیپی خوێندنـەوەی لـەحن و پێـداگری تەکیـە و شاردنەوەی بڕگەی درێژ و کورت" دەلالـەتی مۆسیقا و نورمی زمان و مانا و پەیام، نابن بە قوربانی شپرزکاری و حیلـەی شاعیرانە بـۆ چـەپاندنە نـاو قاڵبێکی دەرەکی، ئـەم خوێندنـەوە کۆکـە لـە گـەڵ سـایکۆلۆژی زمـانی دەقەکەی سەیدی. تەکیەکانیش لە سەر بڕگەکان دیاریکراون.**

**لـە شێعرە عەروزییەکاندا کـە هـۆرامی رووتـن یـان هـۆرامی و فارسـین و بووەتە بەڵگە بۆ جاڕدەرانی سەیدی دووەم" ئەم ئاڵۆزکارییە و ئەم قەڵسـە مۆسیقاییە، زۆرتر بەرچاوە. لێرەدایە ئەگەر لـە سـەر زمانەکـەی سـەیدی راژەی ئـەدەبی و شـیکاری زوانـەوانی نـەکرابیٚ" سـەیدی دەبـیٚ بـە دوو کەسێتی.**

**ئەم نموونە:**

**نەك تۆ پەریش دیڤۆنە بی ، هەکلێت برە  بێگا نە بیٚ**

**تەپەی (شە مەی) پەرڤۆنە بی ، پەی تە نە داسۆتارە بە  (١٦ )**

**١- لـە سەر چوار کـەڕەت ( - - U - ) رەجـەزی هەشـتی تـەواو ،**

كێشراوه.

٢– لــەم كێشــانەدا زۆربــەی برِگــەكان ئــەبێ حیلــەی شــاعێرانەیان بــۆ بدۆزرێتــەوه تــا كــۆك بــێ لــە ســەر چــوار كــەرەت ( – – U – ). وەك برِگەی: (تۆ) دەبێ درێژ كرێت. رێش(rêş) كه چــوار پیتــه(بــزوێنی درێــژ دوو پیتــه) و هاوســـەنگی برِگـــەی لێكـــدراوه(مركـــب، - U) كەچـــی بەرامبەرەكەی برِگەی درێژه. یان (ته) برِگەی ئەوەڵی دێـرِی دووەم، یـان (ڤۆ) هەر لەو دێرەدا.

٣– درێژ بوونی دێر لە كێشاندنی پایەكان، ناتەبایه لە گەڵ نـورمی زوانـی هۆرامی و پرەنسیپی رێسای چرِی توخمی مۆسیقای كركه.

٤– با چەشنی خوێندنەوه(لەحن)ی ئەم شێعره به هــەمان پێــوەری(-- -) Uبەراورد كریَ لە گەڵ شێعرێكی فارسی یان عەرەبی ، تەنانەت سۆرانیدا، بزانین چەنده رۆحــی مۆســیقای جەوهــەری ئــەم دێــرِه هۆرامیــه لــه گــەڵ چــەپاندنی ( – – U – ) نــدا دووره و ناتەبایــه و تەنانــەت دژبــەره. لێرەدایه بۆمــان دەرئەكــەوێ ســەیدی هــەمان تاكــه ســەیدیێك بــووه كــه سەراسەر ئەم دیوانەیه داناوه. ئەمه پارادۆكسێكی زمانیــه لــه گــەڵ زمــانی زگماكی كه هەندێ به هەڵه دەیكەن به سەیدی دووەم. ناخوداگای شاعیر كه لیپان لیپه لــه گــەڵ خوداگــای سروشــتی زوانەكەیــدا لــه میكــانیزمی خەلاقــدا، گورەپــانی بــۆ نەرەخســاوه كــه بیخاتــه نێــو بازنــەی قــاوغی دستكردەوه . هەر چی شێعری هۆرامی به قــاوغی عــەرووز هۆنیوەتــەوه ، ئەم شپرزكاری و بێ دەسەڵاتی و لاوازی تەكنیكی– زوانییه دەبینرێ.

فارسی :

ای رستخیز ناگهان وی رحمت بی منتها

ای آتشی افروخته در بیشه ی اندیشه ها (١٧)

**سۆرانی :**

**لەم لاوە ناڵەی نای و نەی ، لەو لاوە خەندەی جامی مەی**

**ئاورِ لە عالەم بەربدەی ، (هذا الطريق العاشقين؟) (١٨)**

چوارکەرِەت (مستفعلن) تێهەڵکێشی ئەم دێرِانە(فارسی و سۆرانی) بکەن و بیانخوێننەوە، بزانن چەندە ئەم دوو زمانە لە چاو هۆرامیەکەدا نورمەکانی لە گەڵ بازنەدا راهاتووتر و کۆکترە هەر بەو نێسبەتە لەگەڵ چامەکەی سەیدیدا ناکۆکترە. ئەمە هەرئەو سەیدیەتە لە خولقاندنی چامە برِگەییەکانیدا، کە زمان : ساکار ، رەوان ، سەمیمی، ریتمیك و خاوەن بارگەی دەلالی فۆرِم و ناوەرِۆك.

**وەك بە خێرایی ئامارژەم پێکرد دەقەکەی سەیدی لە سەر سێ کێشی جۆراوجۆر، بە سێ زوانی جۆراوجۆر چێکراوە :**

یەکەم : برِگەیی(پەنجە) خۆماڵی، سروشتی ، بنەمادار، ژمارەی چامە برِگەییەکانی ( ٤٨ )ە .

**نموونە:**

سەنگی هەواران، سەنگی هەواران
سەنگی سیارەنگ، کۆنە هەواران
جای بەزمی رەندان، نیشانگەی یاران
تەختی خالْ خالْان، نازك نازاران
جەزەڵ مەزانوو سوفیدسەنگەنی
ئیسە سەبەب چێش، سیا رەنگەنی؟
کۆن عەیش و نیشات، نەو وەهارانت؟
کۆن ئاهووی رەندان، پۆل نازارانت؟
سەرخار چون تو کوی عەنبەر پۆشان بێ
دایم ئامەشۆ، وەلای تۆشان بێ
ئیسە جای ئەوان، چۆڵەن وێرانی
ئەحواڵی ئەوان، تو چێش مەزانی؟ ... (١٩)

**تایبەتمەندییەکان :**

١- ساکاری روخسار و واتا

٢- پێداگری و میراتبەری و پاراستنی پڕەنسیپی ( کرکە، نەغمە ) لە سیستەمی تەکیە و خێرایی دەنگ(ریتم، نە رێسای داسەپاو) لە ئوسلوویی برِگەیی و وەفاداری بە مەنهەجە ئەدەبیەکانی هورمزگان، باباتاهێر، یارسان، بێسارانی و مەولەوی .

٣- جەخت لە سەر فۆڕمی مەسنەوی کە فۆرمێك رەها و ئازادە بۆ شاعێران .

٤- کۆك بوون لە گەڵ نۆرمەکانی زوانی هۆرامی کە زمانی زگماگی و

دایکی سەیدییە.

٥- قووڵ بوونەوە لە سەر دیاردەی سروشت و خولقاندنی وێنەگەلی خۆماڵی و بە شتکردنیان.

٦- ریتۆریك(رەوان بێژی)ی زوانی ساکار و پاراو بە شێوەی دیالۆگ .

٧- بەرجەستە کردنی سەروا بۆ بەیانی بارگەری دەلالی پەیام و دووپاتکردنەی دوو نێودێڕی یەکسان لە دێڕی ئەوڵی چامەکە بۆ بایەخدان بەو وێنەو بیرئانینی پەیام. (٢٠)

**دووهەم فەهلەوی ( ئورامن) : ژمارە یان، چوار چامەیە:**

**نموونە:**

**ئەز وخەم پێوە گرتەنما برایی**

**نە خەم چێمە، نە من چادیم جیایی**

**گەداو شا چوون یەکا پەی باسوو ئەشکی**

**(بەڕ و بەحرش) یۆڤۆ لەنگیر و لایی ... (٢١)**

١- ئورامن ، پێشتر ئاماژەمان کرد کە چەشنێك مۆسیقای شیعری پێش ئیسلام کە تایبەت بووە بە پارتەکان(هۆرامی پاژێکە لەم زوانە) کە لە سەر جەوهەری هێشوە دەنگ و خێرای دەنگ دانراوە و دەبێتە بەکگراوند بۆ سەرهەڵدانی شێعری هۆرامی .

٢- ئەم رەوتە زۆر کۆنترە لە زانستی کێش ناسی عەرووز. پاش ئیسلام زانا عەروزییەکان بە دەست تێوەردان، ویستوویانە عەروزاندنی بکەن( بڕوانە پەراوێزی ژمارە: (٢٣)ی ئەم وتارە)، تەفعیلەی (مفاعیلن) یان بۆ پێوانە کرد و ناویان نا هەزەجی شەشی قرتاو .

٣- ئەم فۆڕمە (مەلحون)یشان پێوتـوە ، چـوونکای لـە سـەر جەوهـەرەی فولکلور و فەرهەنگی دەمگۆ (شەفاهی) جەماوەر وتراوەتەوە . دەبـێ دور بێ لە یاسای چەپاندنی ئـەختیاری شـاعێرانە ، دەبـێ بخوێنێتـەوە تـا چـڕی شەپۆلە مۆسیقاکەی دەرکەوێ .

٤- بابا تایەر پاش ئیسلام بە دیالێکتیکی گۆران، هەر لە سەر ئەو ئەدگارە ئەدەبیە دوو بەیتیەکانی داناوە و پاشان شـیخ سـەفی و پاشـتریش کەسـانێ وەك سەیدی درێژەدەری ئەم ئوسلوبە بوون .

**سێهەم : عەرووزی:**

جگە لە فارسی و فارسی – عەرەبیەکان کە جێگای باسی ئەم وتارە نین ، ژمارەی تێهەڵکێشی هۆرامی –فارسـیەکان و هـۆرامی رووت ، سـەرجەم ١٨ چامەیە کە پێشتر باسمان لە سەر تایبەتمەندییەکانی کرد:

**هۆرامی – فارسیەکان:** ١١ چامە بە زمانی کۆن کە:

نۆیان : دەریای هەزەجی شەشی قرتـاوە ( U - - -/U - - - U/- - - U – – )

یەکیان : دەریای رەمەلی شەشـی قرتـاوە ( – U - - -/U - - -/U - - - U – )

یەکیان : بەحری رەجەزی هەشتی تەواوە - - U - **چوار جار**

**نموونە:**

**ئاڤوردەنم زۆمێو نیۆن مێشەم دەروون کزێم گیۆن**

یاران کجا مرهم کنم زخم نهان المستغاث

**هۆرامیەکان** : بە زمانی کۆن وتراون . شەش چامەیە :

پەنجیان : بەحری رەجەزی هەشتی تەواوە ( – – U - چوارکەڕەت )

**یەکیان : دەریای هەزەجی هەشتی تەواوە (U – – – چوار جار )**

**نموونە :**

**ئاشکبەرێ، شێوە وەشۆ، شەرتێو زەریفت یارەبە**

**تە ئا بەینە بینی چەنیش، یەك شەرت و یەك ئێقرارە بە ... (٢٢)**

**هۆرامی– عەرەبی** : چامەیەکی دو بەیتیە : کە زمانی هۆرامیەکان کۆنە .

لە سەر کێشی : رەمەڵی شەشی قرتاوە

( – U -/-- U -/- - U – )

**ئەر سەراسەر زێڵوو من گێڵیش پۆنە**

غیرحبك في فوادي ليس شي

**شیخ و پیر، مەلا و میر، گرد عاشقۆ**

ما عليهم لومه الا عليَ

**پوختەی باسەکە:**

١- ئەم میراتە(دیاردەی عەرووز) لە هەمبەر ڕەوتی کرکە و بزاڤی خێرایی دەنگ، بە جێماو لە نەریتی شێعری عەرەبییە و کاربەخشی لە سەر پانتایی جوگرافی ئیسلامیدا داناوە و شیعری کوردیش بە تەواو لقەکانیەوە لەم کاربەخشیە بێ بەش نەبووە . کەچی لە گەڵ پرۆسەی ریتمی جەوهەری مۆسیقایی زوانەکەمان نا تەبایە و لە ئەفراندندا دیمان شاعێر، ناچار تووشی ئالۆسکاوی و تەتە پەتەی زوانی دەبێ و تەنانەت دەبێتە مایەی سەر لێشێواوی بۆ خوێنەر و هەڵێنجاندنی دەرکی ئاوەژوو لە کەسێتی و هەناسەکانی شاعێر .

٢- سەیدی لە وتنەوەی هەندێ لە شێعرەکانیدا لە ژێر کاردانەوەی باباتاهێردا بووە، بۆیە لە هەندێ چامەدا، لە هەندێ واژە و دەستەواژە و توخمی ئارکائیك(زمان بە کۆنکردن) کەڵکی وەرگرتووە. بابایش لە سەدەی چواری کۆچیدا، خۆی یەکێکە لە کۆڵەکەکانی قوتابخانەی ئەدەبی یارسان و پەرە پێدەری ئەدگاری ئەدەبی هورمزگان و مۆسیقای ڕەوتی تەکیە و خێرایی دەنگ، کە لە گاتاکان و درەختی ئاسووریك دەستی پێکردبوو" ئەڵبەت ئەو شێعرانەی ئێستا لە دیوانەکەی بابادا هەن لە گەڵ دەقە ڕەسەنەکانیدا جیاوازییێکی ئەوتۆیان هەیە کە زادەی دەستێوەردانی بە فارسیکردنی ئەم دەقانەتە(٢٣). لە ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران بە تایبەت لە کوردستان، ئێستایش لە فۆڕماسیۆنی(تان و پۆ) شێعرە فۆلکلۆرییەکاندا ئەم شێوە مۆسیقاییە دەبینرێ.

٣- شیعری فارسی و عەرەبی شیعری پیاهەڵدان و مەنقەبە و مەحمە بووە ، کە واتە بۆ زێدەڕۆیی وەسف و پیاهەڵدان، دەلالەتی مۆسیقایی

شێعرەکەشیان بە چەشنی درێژ چێ دەکرد ، بۆیە چامە شێعریەکان هەم لەم کێشدا درێژن و هەم لە فۆڕمدا. واتە بە پێی وەسف و رادەی ملکەچی و خزمەتگوزاری، درێژدادڕی بۆ مەمدووح بە دوویدا دەهات. بەڵام سیستەمی ریتمی دە بڕگە شێعرێکی نۆرماڵ و مام ناوەندییە بۆ بڕینەوەی چرکەساتەکانی ژیانی جەماوەر و سروشت و بەیانی هەستە ناخەکیەکانی پانتای لیریکای هۆرامی و بەشتکردنیان بە کار دەبرێ .

٤- سەیدی شاعێرێکی سەربەخۆ و سروشتییە لە سەر رێئالیزەکردنی وێنەکان، گونجاو لە گەڵ واقیعی زمانەکەی، لە خزمەتی جوگرافیای دیارکراوی سەردەمی خۆیدا بووە، یەکیەتی ریتم و یەکبوونی بابەتی لە پێکهاتەی زوانەکەی لە چامە بڕگەییەکانیدا پاراستوە، بەڵام لە هەر شوێنێکدا ویستبێتی لە سەر زاڵی مۆسیقای عەرووزی شیعردانێ ، ئاوا زوانەکەی ئالۆسکاو و ناکۆك هاتۆتە هەبوون.

٥- وێڕای جیاوازی نێوان زوانی کوردی(بە تەواو لقەکانییەوە) لە گەڵ زوانی فارسی و عەرەبی(کە لە زۆر بابەتدا وتمان کە زوانی فارسی و عەرەبیش ناتەبان) لە جەوهەردا، هۆرامی و سۆرانیش بە نێسبەتی یەك لە هەندی سیستەمی فۆنۆلۆژیدا، ناتەبان و لەیەك ناچن. هۆکاری ئەم کێشە دەگەڕێتەوە بۆ تازە سەرهەڵدانی نڤیساری ئەم دیالێکتە و نەبوونی دەقی نووسراوە تەنانەت لە رابردووی نەچەندان دووردا، و کاردانەوەی زوانی زاڵی عەرەبی و فارسی لە سەر ئەم رەوتە شیعرییە. »دەقی نووسراو لە قوتابخانەی سێ کوچکەی بابان(نالی، سالم، وکوردی)بەم لاوە لە سەر پێڕەوی ئەدگاری عەرووزی عەرەبی، دەستی پێکرد و تەنیا هۆنراوەیان ریزکردوە، وێڕای ئاوڕدانەوە لەقوتابخانەی عەرەبی، ویستوویانە وەك:

مەولەوی رۆمی، حافز، سائیب، کەلیم و ... شێعر بلێنەوە».(٢٤) لەم دیالێکتەدا تەنیا گۆران هەستی بەم ئالۆزییە کرد بە ناچار پەنای بردە قوتابخانەی »هورمزگان« و شۆڕشێکی مۆسیقایی لەم رەوتە شێعرییەدا بەرپاکرد.

**ژێدەر و سەرچاوە:**

١- کاردۆخی محمدامین، پێشەکی دیوانەکەی سەیدی و گۆڤاری رامان ژمارە ١٠٣

وتــاری کــاك ئوسمــان محەمــەد هــورامی، کــە نــاوبراو دەڵــێ: لــە بــرواری ١٩٧٤/١١/١٢ رویشتمە هورامان، لـە گەڵ بنەماڵەی بە جێماوی سەیدی قسەو باسم کرد هەموویان رایان لـە سەر ئەوەبوو سەیدی یەکێکەو ئەویش هەمان (بابـا سەید محەمەد سلێمان)ە.

٢- مەنسووری خالید، گۆڤاری ئاوێنە، ژ:٣٢/٣٣، ساڵی ١٣٧٦
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو
٥- رۆحانی بابامەردۆخ، تاریخ مەشاهیر کورد، ل:١٤٧ و ...
٦- مەحموودپوور رەوف، سروە، ژ:٢٤٧/٢٤٨، اسفند و بهمن ١٣٨٥
٧- کاردۆخی محمدامین، پێشەکی دیوانەکەی سەیدی
٨- ناتل خانلری .د.پ، وزن شعر فارسی، انتشارات بنیادفرهنگ ایران،١٣٥٤
٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو
١٠- ناتل خانلری د. پ، تاریخ زبان فارسی، ج ١،
١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو
١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو
١٣- بڕواننە فەرهەنگ گەلی بورهانی قاتێع ، موعین، و سبك شناسی تەقی بەهار
١٤- سەیدی، دیوان، ل: ١٣
١٥- هەمان سەرچاوە
١٦- هەمان سەرچاوە
١٧- کدکنی شفیعی، گزیدە غزلیات شمس
١٨- وەفایی، دیوان
١٩- سەیدی، دیوان، ل: ١٢٢
٢٠- محمدپوور عادڵ سروە ژ: خانەبەندییێك بۆ شێعری هۆرامی
٢١- سەیدی، دیوان، ل: ٢٠
٢٢- هەمان سەرچاوە، ل: ٢٣
٢٣- بۆ ئەوەی جەخت بکرێتە سەر رەسەنایەتی و ناعەرووزی بوونی ئـەم رەوتـە

شێعرییە و دەست تێوەردانی شێعری مەحوونی فەهلەوی(ئورامن) لە لایەن عەرووزوانانەوە، ئاماژە دەکەین بە بەڵگەیەکی زانستی لە لایەن د. مێهرادادی بەهار، زمانەوان و ئوستوورەناسی توکمەی ئێرانی لە کتێبی: جستاری چند در فرهنگ ایران، ل: ٢٧٩-٢٦٧

دەڵێ: » رەحمەتی مجتبی مینوی لە ژمارەی دووەمی ساڵی چوارەمی گۆڤاری ئەدەبیاتی زانکۆ تاراندا ٢٥ بەیت لە شێعرەکانی بابە تاهێر چاپکرابوو کە بریتی بوون لە دوو پارچە سێ بەیتی و شەش بەیتی و هەشت دووبەیتی. لە ئەم چەند شێعرەدا، جگ لە دوو دووبەیتی ئەویش بە جیاوازییێکی ئەوتۆوە، لە ناو دیوانەکەی باباتاهێردا نین. بەڵام ئەم شێعرانە بە ژمارەی ٢٥٤٦ لە مۆزەخانەی قونیەدا بە بەرواری ٨٤٨ تۆمارکراون. بەراوردکاری ئەم شێعرانەو ئەوانەی لە دیوانەکەی بابادا هەن، دەردەکەوێ جیاوازی زەمین تا عاسمانە. هەر چەن لەم دەقە رەسەنانە نموونەیان نییە لە هەوێڵدا، بەڵام بە توێژینەویەکی تەنانەت مامناوەندی زوانەوانی دەردەکەوێ کە سەرجەمی دیوانەکەی باباتاهێر کە گوایێ هی ئەوە، ئاڵۆزەو گوماناوییە. بەدەسەوە بوونی ئەم نموونە شێعرییە رەسەنانە، ئێمەی توێژەوان یاری دەدات کە دیوانەکەی بابا لە سەر پێوەرە زوانیە ئێرانیەکانی رۆژاوای ئێران(کوردی)، بە تایبەت زوانی پاڵەوانی و یاسای گۆڕانکاری لەم زوانانەدا و بە چاوکردن لە دەقە نووسراوەکانی دەورەی ئیسلامی رۆژاوا-باکووری رۆژاوای ئێران یانێ کوردی، بەراوردکاری بکەین، تا ئەم دیوانە لە بەندی دەست تێوەردانی بە ئەنقەست و ئاشکرای هەندێ کە تەنیا مەبەستیان بە فارسی کردنی ئەم دیوانە بووە، رزگاری بکرێ، کە ئەم گۆڕەپانەیش سوارەی چاکی ئەوێ.

٢٤- بیمار عبدالرزاق، گۆڤاری ئایندە، ژ: ١٥

٢٥- بەهار د. مێهرداد، جستاری چند درتاریخ ایران، ل: ٢٦٧/٢٧٩

# صەیدی و
# چەپکێ وردەکاری ئەدەبی

گەرەکما چێگەنە، دویۆ باسێ تەوەریێ جە حەوزەو شیعرەو هۆرامییەنە، وزوو وەروو خوانەو صەیدی شناسی، یۆ: درم شناسی ماناو شێعرەو هۆرامی یۆیچ چەپکێ وردەکاری هونەری جە حەوزەو بەهرەشناسی شێعرییێنە. ئی دوە باسە، بە گردی رەوتەو شێعرەو هۆرامی، گێرۆوە. وردەکارییەکێ کە بە دەقەکەو صەیدی فاکتیزە کریا، ئینێ جە تەشکو(شکڵ، فۆرم، قاڵب) دەقەکەینە، بێ گومان جە پانتای شێعرەو کوردیەنە، دەگمەنێنێ. خەسارشناسی شێعرەو هۆرامی کە دیاردێوە سەرەکین ئینا جە مەژگەو(محتوی) دەقەکەینە، ئی دیاردە ریژەیین، جە بڕێ یاگێنە گردوو حەوزەو شێعرەو کوردی بە بڕێ جیاوازیێوە، گێرۆنە وێش. ئی دوە، هەرکام پەی وێشا بابەت گەلێوە سەربەوێنێ، کە کریۆ پەی هەرکامی کتێبێ بنووسیۆ. بەڵام چێگەنە ئەز کەرووشا تەوەنی بنەڕەتوو باسەکەی، چەنی ئانەی کە ئاماژەێوە کوڵ مدەو بە خەسارەکەی، بە درێژی سەروو بەهرەکا شێعرەو سەیدی کە ئامانجو وتارەکەین، منووسوو و ئەویتەر کاتی، منیەو لاوە پەی وەختی گونجیای.

## خەسارشناسی مانایی دەقەکەو صەیدی:

زانمیٚ هەر دەقیٚ جە دویٚ تەوەریٚ وەشکریان: یـۆ، تەشـك(فـۆرِم، قالّـب) ئەویتەر، مەژگە(موحتەوا، مانا، کاکلّە ...) یەکەم خەسار، پێوەندیش هەن بە پرۆسەو دلەکی و موحتەوایی شێعرەو هۆرامی کە صەیدیچ چی رێسـایە قوتـار نەبییـەن. ئـا دەقـە شـێعرێی کـە ئـینیٚ وەروو دەسـییەنە(بێسـارانی، صەیدی، مەولـەوی، خالّوی کۆماسی و... (جیا جە مەوردی تایبـەتی جـە دەقەکانە و بڕیٚ شاعێریٚ پێسـە خانـای قوبـادی و... کـە بـە ورگێلّنـایۆ دەقیتەر مانا گەراییش کەردەن) گەرەکما بۆ جە حـەوزەو (مانـا)شناسیشـا وزمێشـا وەروو تیشـکەو باسـی تـەحقیقی، پـی ئەنجامـە یـاومیٚ، کـە سیمانتیك(مانا شناسی)شێعرەوهۆرامی، لانیکـەم جـە وەرانـوەروو شـێعرەو فارسییەنە، کەم مارۆ. پەی ئی دیاردەیچـە، رەنگـە هۆکـاری حازریچـش، پەی ساز کریـۆ و جـواو دریـۆوە کـە چـا جوغرافیـا وەرتەسـکەنە و چـا گلێرگە دماکەوتەنە بـا دەسـەلاّتە سیاسـی-مێـدیایی-پەیوەندیدارەنـە کـە نەبیەنش، هەر ئاندە هورمێزۆ. ئی جواوە درووسا بەلاّم مـەکریۆ هـەر ئینـە وەسیٚ بۆ و نەملێوە بە ئەدەبەکەیمارە و دووبارە نەوانمێشۆ و بە چیویٚ پـیرۆز و دەس پەنـــە نـــەیاواش زانمـــیٚ، ئەشـــیۆ بـــە شـــێوەو رەخنـــەو ئارۆیانەی،دەروونشیکاری، لایەنە تاریکەکاش کەشف کریا و لایەنـە لاواز و بە هێزەکاش وزیا بەر، راکارو ئەدەبوو سەردەمی ئینەیە موازۆ.

جە حەوزەو شێعرەو لـیریکاو(غنایی، عاشقانە)هۆرامیەنە، شاعێرەکا کەمتەر ئەندیشەوەرز و(مانـا)پـەردازیٚ بێـینیٚ، بـە شـێوەێی رێـژەیی، جـە دایـرەو (مەزموون)پەردازیەنە، قەتیس مەنێنێوە. ئی خەسارە جـە نەفسـەنە، کەسـر

شەئن، نیا پەی شاعێرەکاما و مەحکوومی نییەنیٚ پەی ئی رووکەردییە، بەڵکوو، ورگێڵۆوە پەی ئا دۆخە دماکەوتەیە و و نەبیەی ئا فاکتۆرا کە ئیشارەم پەنەکەردیٚ و هەر پاسە بابەتوو زاڵوو ئەدەبی ئێمە ئی رەوتە بییەن، رەنگە یۆ چا هۆکارایچە کە شێعرەو هۆرامی پێسنە یەك دەس و یەك دیمەن مەنەنوە و جەوهەرە مۆسیقاییەکاش جە تەشکەنە(فۆڕم)پارێزیان، هەر ئینە بۆ، بەڵام بە پیمانەو فاکتە سەردەمییەکا و بەراورد چەنی شێعرەو میللەتەکاتەری، خەسار، هەر خەسارا، مشیۆم خەسارشناسی کریۆ و شاعێرەکا ئیسەیما پی هەرۆڵییە، ئاشنیٚ با. وەختیٚ هەر جە بنەوە، شێعرە قەڵاو رۆشنبیری کوردی بیێنە، ئینتیزار بیٚ کە شاعێرەکاما، هەر چا ژانرە ئەدەبیەنە، بە زوانی هێما و مێتافۆڕ، پەرسەکا گلێرگەی وزا وەروو خوانەو دەسەڵاتچییاوە. ئینە نەکریان، پاساوی لۆژیکیچش پەی دریۆوە، ئەرکوو پەڕ کەردەیۆ ئی هەرۆڵیە گنۆ سەروو شانەو شاعێرا ئیسەی. هەر پا یاگە هەرۆڵی یەوە، مافوو شێعرەو کلاسیکی کوردی هۆرامی، جە حەنناو(مەزموون)گەرایی یەنە پارێزیان، هیچ کە بێنیٚ مایەو شانازی. جا ئیسە ئی دوە توخمە(مەزموون و مانا) چەنی جیاکریاوە. شاعێری (مەزموون)پەرداز، بە ئەمرازی شێعری و میکانیزمی خەلاق و موناسباتی شێعری، تەشکیٚ هونەری خولقنۆ، کە جە حەوزەو (ئیستەتیك) یان توخمی هونەرییەوە، یاگیٚ سەرنجیەنیٚ و بە واتا شێعرش پەی شێعریٚ واتەن، نە پەی فیکرو فەرهەنگیٚ و مەبەستیٚ تایبەتی و ئیدئۆلۆژیکی. بەڵام شاعێری (ماناواز) ئەندێشەییٚ، فیکریٚ، فەرهەنگیٚ کە جە راستیەنە شاعێرانە نیا بەڵام بە زوانیٚ شاعێرانەو هونەری باسش سەر کەرۆ و بۆ بە شاعێری دەربەسی(متعهد) گلێرگەی، بە سوژەی شێعری، ئوبژەکا(زامەکا،

ئازەرەکا، کۆسپەکا، و سەختی و ناهەمواری و...) کۆمەڵگەکەیش بە زوانو تەنزو تارۆز، هونەری و ئیماژیك، بەیان کەرۆ. ئی حاڵەتە ماچاش پەنە شاعێری ئەندێشەوەرز و(مانا)پەرداز. شاعێری ماناواز تاوۆ ماناوازیچ بۆ. جە ئەدەبوو فارسییەنە، (فێردەوسی) رازەو ئازایەتی(حەماسە،) ئێرانیش(مانا) بە زوانی هۆنراوە و ئەمرازی شێعری(مەزموون) بەیان کەردەن. (سەنایی) پێسە قەڵەندەرێ رەخنەگێری، تەنگەژەکا گلێرگەیش، بەرجەستە کەردێنێ. مەولەوی رۆمی، جە هونەرەکەشەنە، بە دیاردەو عەشقی، بەینوو خواو ئینسانییەنە پردیش بینێنە و رولوو کەرامەتی (ئینسان)یش بەر وستەن کە جە دنیاو ئارۆینە، ئینتماش پەنە کریۆ و هونەرەکەش جیهانی بییەن و جە رۆنیشتەنە دەسبەدەس گێڵیۆ. (حافز) گەورەن، نەمری وێش بە ئەفکاری (خەیامی) کامڵ کەردەن، وەروو چێشی؟ وەروو ئانەی ئی دویێ بە چامەی هونەری و رەگی تەنزئاسا و زوانی ئیهامی(مەزموون وازی) و فرەدەنگە و فرەماناییشا(ئیرادە ی معگوف بە ئازادی)[1]، خولقنان. نەریتە باوەکا گلێرگەکەیشا وستەن وەروو پەرسیۆە. شێعرەو ئادێشا شێعرەو ئێعتێرازی بێنێ. هەندێ وشکە موقەدەساتی باوشا کە پەی خەڵکی هێڵەی سوورە بێنێ، مارِان، و برِێ پەرسیشا پە وانەری وەش کەردێنێ کە ئارۆ ئینە یۆ جە ئەرکەکا رۆشنفکرین. پێسە سەربەسەرێ چەنی کارگاو خێلقەتی، و موحتەسێب، و زاهێدی ریاکاری و دەلق و مێنبەر و ... با تا ویرم نەشیەنۆ واچوونە: ئینە بەڵگە نیا پەی لادینی و سکۆلار بییەی ئادێشا، بەڵکوو بە پێچەوانە بەڵگەێن پەی دەربەسی(تقید) و هەستی ئیمانی و ئایینی ئادێشا. ئی هەرمانێ

---

[1] – موسیقی شعر، د.م.رەزا شفیعی کدکنی، انتشارات اگا، چاپ دوم ١٣٦٨ل: ٤٦١

**تەنیا گورزیٚ بییەن پەی خەبات چەنی ریای و سالوسکاری دینی ئا زەمانەیە کە شەپۆلەش دیٚنە. چرۆ ئەندیٚشەو حافزی و خەیامی پیٚسنە گولٚ کەرۆ:**

-حافظا می خور و رندی کن و خوش باش ولی
دامِ تزویر مکن چو دیگران قرآن را[2] ...

- گر بر فَلَکَم دَست بُدی چون یزدان
برداشتمی من این فلک را از میان
از نو فلکی دگر چنان ساختمی
کآزاده به کام دل رسیدی آسان[3] ...

**بە پاو ئا هۆکارا کە وەلٚتەر ئیشارەم پەنەکەردیٚ پیٚسە نەبییەی دەسەلاٚتی پیٚوەندی و قەتیس مەنەیۆ جە جوغرافیای وەرتەسکی دماکەوتەنە، کە فەرهەنگی دماکەوتەش ئاردەن، شاعیٚروو ئیٚمە نەتاوانشا، بە عالی بلا دلیٚ مانای دەلالی تەنزوو و تارۆزییەوە(ئەلٚبەت ئەگەر بە درووسی مانـاو تارۆزی چەنی هەزل و هەجوی جیا کەرمیٚوە)، پەی موخاتەبی(وەردەنگ)، پەرسیشا وەش نەکەردیٚنە و ناسۆرەکا کۆمەلٚگەیشا حافزوار بەرنەوستەن. ئەلٚبەت ئینە بە ماناو ئانەیە نیا کە هیچ مانایٚی نیا دلیٚ دیمەنە شیٚعرییەکا ئادیٚشانە. من رەها قسیٚ مەکەروو، ئی پەیلوایە ریٚژەیین، بەسامەد و ئاماری**

---

[2] - دیوان حافز، بە کۆششو د.خ.رەهبەر، انتشارات صفی علیشاه، ١٣٧٠، ل:١٤

[3] - رباعیات خیام بە پەنج زوانیٚ، انتشارات شرکت تعاونی کارافرینان، ١٣٨٦، ل: ١٣٤

**شێواز ناسی ئینەیە ماچۆ. هیچ چیوێ ڕەها باسش سەر مەکریۆ، بەڵکوو مەبەستتو من ڕێژەی سەبکێن کە ئی رووکردە نەکریان ڕێسا و قانوون پەی شێعرەو ئێمە. پێسە تەنز و ئیهام و خولقنای دیمەنی فرەدەنگە پەی ئازادی ورچنییەی مانای، پا جۆرە کە حافز ماچۆ:**

- آن همه(ناز و تنعم) که (خزان) می فرمود
عاقبت در قدم (باد بهار) آخر شد[۴]...

- شاه شمشادقدان، خسرو شیرین دهنان
که به (مژگان) شکند قلب همه صف شکنان[۵]...

**یان مەولەوی ڕۆمی چی دوە بەیتەنە:**

- ما نه مرغانِ هوا نه خانگی
دانه ی ما (دانه ی بی دانَگی)
هر کبوتر می پَرَد زی جانبی
وین کبوتر (جانب بی جانبی)[۶] ...

**بەیتەو ئەوەڵی حافز، باس جە امیر پیر حسێن حاکم و زاڵموو شیرازی( ئیستێعارەو خەزانی) کەرۆ کە لاو ئادێوە کەسێتێی نزمش بییەن، وەعدەو**

[۴] - دیوان حافز، بە کۆششو د.خ.رەهبەر، انتشارات صفی علیشاه، ١٣٧٠، ل: ٢٢٣
[۵] - هەمان سەرچەمەی وەڵێن، ل: ٥٢٦
[۶] - مەسنەوی مەولەوی، بە نەقڵ جە موسیقی شعر، شفیعی کدکنی، ل: ٣٧

وەعیدیٚ درۆییـنش( ئێستیٚعارەو ناز تنعم) دان بـه خـەڵکی بـه ئامـای روەوکاری شاە ئەبوو ئێسحاقی(باد بهار) کە لاو حافزی کەسیەتێی بەرزش بییەن، فەوتیۆ. چیویٚ کە یاگیٚ سەرنجیەنە، و چی تەنزنە فـرە تەسـویری و فرەمانایی وەشکەرۆ،دژکاری(پارادۆکس)–خزان و ناز و تنعم و بادبهار–. یان بەیتەی دووەم هەم تەنزا هەم پارادۆکس، هەم شاە (شـوجاع) سـتایش کریـان و هـەم بـە ئـاوردەی ئێسـتعارەو (مـژگان، تـیر) رادەو بێرەحمـی و قەساوەتوو ئادٚیش بەیان کەردەن. مەولـەوی بە ئاوردەی پارادۆکسوو(دانـە ی بی دانگی) و (جانب بی جایی) باسش سەروو ئینسانی نزمی (ناسووتی) و ئینسانی بەرزی (لاهووتی)کـە تەسـویریٚ بـەرزە فـرا، کـەردەن. ئینـەن بەڵگە پەی تاریفوو تارۆز و پارادۆکسی.
فرە هەوڵم دان جە دەقە شیٚعرییەکانە بە گردی شیٚعرەو کوردیەنە، توخمو ئەندیٚشەی(خەیام) و (حافز) ئاسای ئیٚزووە و یاوو ریٚـژیٚوە سـەبکی، بـەڵام ئاجۆرە تەبعوو من رازی کەرۆ، سەر نەکەوتا. جە تەنزوو پاردۆکسەنە ئینە کەی تینەو تەژنەیی ئیسەو من مارۆ:

کاتیٚت زانا گیٚرەم قارە، پیٚسە مووسای عەسام شارە
ژیوارەم کەرد زریٚبارە، نیشات ئەر بیٚ تۆم پەی نارە[7]

...ئەر ژیرنی شیٚتە، بگنە نەرای عەشق
با بەیۆ ناڵەو دەنگ و سەدٚای عەشق...[8]

[7] – دیوانو صەیدی، م.ا. کاردۆخی، ل: ١٧٠
[8] – هەمان سەرچەمەی وەڵێن، ل: ١٠٢

ئەڵبەت ئینە ئاسایی یا، پێوەندیش هەن چەنی بارگـە رۆحـی و دەلالییـەکا شاعێرەکاما کە پێسە شاعێرا نەتەوەکاتەری ئی هەلـشـا پـەی نەڕەخسـیان. ئینەنە کـە شـاعێروو ئێمـە تـەکوو تـووکش چـەنە بەرکـەرە، تـەنیا پـەی ئەنەسرەوای رۆحی مانیای وێشـا، پەناشـا بەردێنـە وەسـفوو سروشـتی بـە توخموو خەیاڵی و شاعێرانە، تەجرەبـەی تاکیشـا خولقنـان و شێعرشـا جـە خزمەتوو شێعرێنە قەرار دان، ئینەیچ فاکتێ گەورەن کە زوانی شێعرىما پەتی مەنەنۆ و نەبییەن چێرپاو مامەڵەچیا توتالیتەو زوانـو دەسـەڵاتوازی. بـەڵام سەرە ڕاو ئینەی جە روانگەو پـاراو زوانـی و رەوان واتـەی( فەسـاحەتوو بەلاغەت)ییەوە، جـە تەشـکوو دەقەکانـە، هونـەر نومایيشـا کـەردەن– و مەزموونگەل و دیمەن گەلێ هونەریشا جـە حـەوزەو ئـەدەبی کلاسـیکیەنە خولقنان کە یاگێ بەڵگە و ئینتیما و سـەنەدیەنێ، نـە تـەنیا پـەی رەوتـەو شێعرەو هۆرامی بەڵکوو گردوو شێعرەو کوردی. دەستی باڵاشـا ئینـا چـی پەیلوانە، کە جە ئیدامەو باسەکەینە، جە تەشکەو شێعریەنە، وردەکارییەکا سەیدی بە نموونەوە باسکەروو.

## بەهرەشناسی هونەری

## دیوانوو صەیدی:

وەڵتەر ئامـاژەم دا بـە خەسـاری مانـایی جـە شـێعرەو هۆرامییەنـە، بـەڵام تەشکەو(فۆرم) شێعرەو هۆرامی، لیپان لیپا چەنی بڕی وردەکاری زوانـی و جوانخاسی هونـەری، کـە جـە سەرتاسـەروو ئـەدەبو کلاسـیکو فارسـی و شێعرەو کوردی سۆرانی یەنە، دەگمەنا و نموونەش نیا و یا ئەگـەر بـۆ فـرە کەم رەنگا. ئی کۆمەڵە وردەکارییە، تەنیا ئینێ ئاستوو تەشکوو دەقەکەی و قووڵـایی ناخوداگـاو زوانەکەینـە کـە هـەر جـە هورمزگـانۆ ئـی پرۆسـە جەوهەرییە پارێزیان. پێسە ئی توخما: کرکە دەنگەکا(نەغمە، Intensite) ، تەکیەکێ(accent) جە(ریتم) و شێعرەی بڕگـەیی، قـاڵبی مەسـنەوی و جۆراوجۆری و سونەت مارای پەی بەکار بـەردەی دیمەنـە لیریکییـەکا بـە پێچەوانەو رێسایێ کە جە ئەدەبوو فارسییەنە باوا، کورتی دێڕەکا کە کۆکا چەنی نزیکایـەتی چـرکە سـاتەکا سروشـتی و ژیـانو خـەڵکوو هۆرامـانی، رەنگدانەوەو هەرمانێ(فعل) جـە قافییەنـە بـە فرەکانسـێ باڵـا. بـە بـەهرە گێرتەی ئی بابەتا، دەقەکەو صەیدی جە یەرێ حەننێوە وزمێ وەروو باسـی شیکاری:

الف:حەننای ئەدەبی، ب: حەننای فیکری، ج: حەننای زوانی

## حەنناو ئەدەبی:

الف: بێ پەردە واتەنموو ماچـوو، دیوانـوو صـەیدی، «شـاکاری ئـەدەبی» وێمانە، پەی ئی پەیلوایە بەڵگەم هەن. وەڵێنە با بزانمێ «شاکاری ئـەدەبی»

جه دویٚ قەڵەمڕەویٚ: جـەهانی، میللـی و مەنتەقـەیی یـەوە باسـش سـەر کریـۆ. جـە پانتـای جیهانیشـەنە کریـۆ ئامـاژەی دەی بـە هـۆمێرۆس خالقوو"ئیلیاد و ئۆدیسە"ی، شـاهنامە و فێردەوسـی، دیوانـوو شـەمس و مەسنەوی مەولـەوی، دیوانو حافزی، شکسپێر، گوتـە، هێدایـەت، و ... [9] با ویرم نەشۆوە واچوو بڕیٚ چی کەسایەتیا جە زەمانوو وێشانە تـا مـاوەێی درێژ جە لاو خەڵکییەوە یان نە ئەژناسیٚنیٚ یان برەوشا نەبییـەن. بـەڵام جـە دلێنـە چـوون داراو جەوهـەرو جـەماڵ شـناختی ئینسـانی بـیٚنیٚ، دماتـەر مەقبووڵییەتی عامشا هۆرگێرتەن و نەمر مەنێنێوە. هەر نەتـەوەێچ پـە وێـش ساحێبوو شاکاری ئەدەبین، کە جەماوەر پەنەش فەخر کەرۆ، بـیٚنیٚ پـەناگاو سەیایۆ رۆحی ئا خەڵکییە. هەر پاسە کە جە تاریخوو ئـەدەبوو کوردییەنـە: دەقوو نالی، دیوانوو مەولـەوی، مـەم و زینـوو ئەحمـەدی خـانی، لیریکـاو بێسـارانی و صـەیدی، گـۆران و شـێرکۆ و ... یـاگیٚ ئینتێمـاو رۆحـی و نەفسانی ئێمەنیٚ.

## تایبەتمەندییە ئەدەبیەکا شاکاروو صەیدی:

- نـەمری و مەنـەیۆ جـە رەوتـەو زەمـانی و جـە جوغرافیـایی وەرتەسکەنە.

---

[9] - جام جهان بین، د. محمد علی اسلامی ندوشن، چاپ گلشن، ١٣٧٤

- مەقبوولییەتی هەمەکی جەماوەری، دماو سەدەو نیمیٚ، کە سەنەدییەت و ریٚفیٚریٚنسا پەی ئەدەبوو غنایی کلاسیکوو کوردی.
- شیٚعرش پەی شیٚعریٚ واتەن.
- بنەماو مۆسیقی و جەماڵ شناسی شیٚعریش تایبەت بە ویٚشا کە تیٚکەڵیٚن جە ریتموو ئاوایی(کرکە دەنگەکا) و ریتموو دلەکی، بە شیٚوازو فۆڕمی جۆراوجۆر.
- نەخشی زەینی صەیدی پیٚچیاوە نیا بەڵکوو خەیاڵ و واقیٚع(ریٚئالیزم)ش تیٚکەڵ کەردەن یاوان بە شیٚوازیٚ کە بە زوانی فۆلکلۆری و وتاری نزیکا تا زوانی نویساری و دەسەبژاری و ئینتیٚزاعی. ساکاری، سەمیمییەت، چەنی تیٚکەڵی خەیاڵی و ریٚئالیزمی زوانی و جە عەینوو حاڵیەنە، جەوهەرەی شیٚعری(سهل و ممتنع)، راکاریٚن کە سەیدی یاوانش پەنە، پۆکەی بە قەول"جە دڵۆ بەرامان و نیشتەن دلیٚ دڵا".

– بینایی دیدەم شای سۆسەن خاڵان
ئی دەستە بەستەی مەستی گوڵاڵان
بگیٚرە جە دەس ئی (کەم تاڵەوە!)
بنیەش گۆنای موشکین خاڵەوە
گوڵ پەی گوڵ خاسەن جەمین جامەنی
گوڵ بۆ، گوڵ قامەت، گوڵ ئەندامەنی
شاباشو تۆ بان گوڵاڵانی مەست

(صەیدی) خار خاسەن بگێرۆ وەدەست[١٠]

## حەناو فیێکری و هزری:

صەیدی جە پەیلوای منۆ (رێند) و هۆرامانیا. ئەڵبەت ئەگەر بە درووستی ماناو (رێند)ی شی کەرمێوە. جە سەدەکا چوار و پەنجی کۆچی مانگینە، جە ئەدەبوو فارسینە، (رێند) بە ماناو «بنیادەمی بیَ سەرۆ پا، سپڵە، لات و ئۆباش و دزێو ...» ئامان.[١١] جە سەدەو ششوو کۆچی پیلاوە جە لاو (سنایی غزنوی، عەتار و حافز و ...) یەوە، ئەرزش پەیا کەرۆ و میَ دڵیَ ئەدەبیاتی عێرفانییەوە و بۆ بە «ئینسانی کامڵ و حەقیقی» بەڵام دماتەر جە فەرهەنگ و حافزیەنە مانای مەنشووری(چندَ رەهەندە) پەیا کەرۆ، بۆ بە «قەلەندەری یەك لاقوبا، ئازادە، مەلامەتگەر(مونتەقێد)، ئەهلوو زەرافەتی و جوانی ژیانی، ئیهام واچ، دژ بە ریا و ریاکاری، ئانتی تێزیَ پەی زاهیدی ریاکاری، ئاسانکار و موسامێحەگەر و... جە نتیجەو کۆ ئینیشانە یانیَ: ئەهلوو ئەعشقی».[١٢]

زاهد ار راه به رندی نَبَرَد معذور است
عشق کاری است که موقوف هدایت باشد [١٣] ...

---

[١٠] – دیوانو صەیدی، م.ا. کاردۆخی، ل: ٣٢

[١١] – حافز نامه، بهاالدین خرمشاهی، بخش اول ل: ٤٠٣ تا ٤١٣

[١٢] – هە مان سەرچەمەی وەڵین

[١٣] – هەمان سەرچەمەی وەڵین، ل: ٦١٥

صەیدی حافز نەبیەن، بەڵام گرێبەستیٚ شاعێرانەشا هەن کە چێگەنە یۆ گێراوە. ئادیچ موتێڤوو (عەشق)ییا. صەیدی پێسە حافزی وەرفراوان رێند نەبییەن، بەڵام باوەکوو مامۆستای ئایینی و ئەهل و خانەقاو تەکییەی بییەن، جە فرە لاوە، بە خاتروو ئا سفەتییە، برێ جە هێڵە سوورەکاش بەزنێنیٚ و لوان دلیٚ دیمەنە ئێرۆس ئامێزە هەستیارە مەجازییەکا عەشقی:

-دوو لیمۆی وەش بۆش، تەرحی شەمامە
جمە جمشانە نە یەخەی جامە... [١٤]
-عەرزەداشت، بەندەی دڵمەندۆ مەهجوور
(صەیدی) دامی عەشق بە (صەیدی) مەشهوور
-جە ژەهراوی عەشق، شەربەت چەشیدە
هەرگیز شادی و زەوق بە چەم نەدیدە
-من (صەیدی) سەردار سوپای (دیوانان)
کوشتەی دەردی عەشق، زەدەی هیجرانان
-تاوانم کتاب دەرسی عەشقم وەند
مۆری دڵ بە سەجع، نامەی عەشقم کەند
-جە مەکتەب خانان تا کە مەشقم کەرد
عالەم مەزانان، مەشقی عەشقم کەرد
-تا کە جوان بیم، نە سەودای یار بێم
هەوای عەشقم بێ پەوچی ساڵار بێم

[١۴] - دیوان صەیدی، ل: ٢٠١

-با ساڵاری عەشق، یاوام بە پیری
ئەسڵا رام نەکەوت من وەلای ژیری...
-ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەلا و شێخ
فتوا بان (صەیدی) سەر بڕان وەتێخ...[١٥]

مەزموونوو ئی شێعرا چەنی ئی بەیتێ (حافز)ییە یۆ گێراوە:

فاش می گویم و از گفته ی خود دلشادم
بنده ی عشقم و از هر دو جهان آزادم... [١٦]

## دوێ رووکەردێ شێعریی:

صەیدی جە دەقەکەشەنە دوێ جۆرێ شێعرێش نێنێرە:

١- چامە غنایی(لیریکا) و قەلەندەرانەکا
٢- چامە ئەخلاقی و زاهێدانەکا(ئێت

**چامە غناییەکا:**

**قوتبوو رۆشنوو دیوانوو صەیدی**

[١٥] - دیوان صەیدی ل:
[١٦] - دیوان حافز، بە کۆششوو د خەتیب رەهبەر، ل ٤٢٧

ئـی جـۆره شـێعریٚ قوتبـوو رۆشـنوو رووکـەردو شێوازشناسـی صـەیدی هۆرامین، بە تەمامـوو جۆرەکاشۆ: لیریکای عاشـقانە، لیریکـای سروشـتی، لیریکای شەخسی و بۆنەو موناسەبە...

بـــادی عـــەتر ئـــامێز (٣٣)، چـــراغی ســـەروەخت(٦٥)، هیجـــری نەزانان(٢٠٥)، هارە سەختەنی(١٩٩) و ...

## قەلەندەرانە(رندانە):

## قوتبوو تاریکوو وجوودوو صەیدی

وەڵتەر باسم چۆوە کەردەن، نموونەیچش جە دەقەکەنە کـەما، تـەنیا تـاوو ئیشارە کەروو بە شێعریٚ فارسیش، بە نامیٚ (واعێز خەمووش):

-واعظ خَموش از گفتگو، من عاشق و دیوانه ام
ناید به گوشم پندِ تو، من عاشق و دیوانه ام
دیوانه ام مستم خراب، کی بشنوم وعظِ کتاب
از من مجو راه صواب، من عاشق و دیوانه ام
در گوشه ی ویرانه ها، روکرده چون دیوانه ها
خوانم زعشق افسانه ها، من عاشق و دیوانه ام
با آن رخِ چون بوستان، بربود آن ،آن دلسِتان
مجنون شدم ای دوستان، من عاشق و دیوانه ام
آن نازنینِ مَهوَشَم، در جان دهد صد آتشم
در عشقِ او هم سَرخوشَم، من عاشق و دیوانه ام

از یادِ آن رخسارِ گُل، مانده من و دل پا به گِل
حَیران و سرگشته دل، من عاشق و دیوانه ام
المُستغاث ای دوستان، زان دلبرِ شکرْ دهان
رسوا شدم اندر جهان من عاشق و دیوانه ام
(صیدی) زعشقِ آن صَنَم، شیدا شدم دیوانه هم
از سرزنش کردن چه غم، من عاشق و دیوانه ام [١٧]

## چامه ئەخلاقی و زاهێدانەکا صەیدی:

**یاران دێوانە، یاران دێوانە**
**ئەبلـە کەسێوەن، شێت و دێوانە**
**چی دونیای فانی، بسازۆ یانە**
**بە ئاوایش وانۆ، ماوای وێرانە...[١٨]**
**یا حەی بیَ چوون، یا حەی بیَ چوون**
**یا حەی بیَ مێسل بیَ هەمتای بیَ چوون**
**یا فەرمان فەرمای، ئەمری (کاف و نوون)**
**کەریمی کارساز، بە (کن فیکون)[١٩]**
...

[١٧] – دیوان صەیدی، م.ا. کاردۆخی، ل: ١٩٦
[١٨] – هەمان سەرچەمەی وەڵین، ل: ٢١٢
[١٩] – دیوانوو صەیدی، م.ا. کاردۆخی، ل: ٢١٧

## حەنناو زوانی:
## صەیدی تاقانەو تاقیکارییە جۆراوجۆرییە زوانییەکاش:

ساکاری، پاراو زوانی، جۆراوجۆری و ئەزموونکاری و مارِای برِێ رێسای ئەدەبی جە تەشکوو شیعرێنە، جە تایبەتمەندییەکا شێوازوو صەیدین.
صەیدی ئاگاهانە، گەرەکش بییەن زوانو شاعێرانەو وێش تاقیکەرۆوە، هەر پی دەلیلە بە یەرێ زوانێ جۆراوجۆر و یەرێ مۆسیقا شیعریش بەو وجوود ئاردێنێ: هۆرامی، فارسی، عەرەبی یان تێکەڵێ چینیشا: هۆرامی، هۆرامی–فارسی، هۆرامی–عەرەبی. چی پرِۆسە شیعرییەنە، جیاوازی ئەرزشی، زوانی ئەدَایی چەنی زوانە ئەدەبی، رەسمی، ئایینیە زاڵەکاتەری، بەرکەوتەن. ئی تەجرۆبە ئەشیۆ یاگێ ئینتیمای بۆ پەی (یۆنسکۆ)ی کە بێ (رۆ زوانی ئەدَایی)نە پەی سەڵەمنای ئەرزشوو زوانی ئەدَایی، جە صەیدی رێز گێرۆ.

## یەرێ چامێ بە
## یەرێ مۆسیقای جۆراوجۆرۆ:

یۆ: چامە برِگەییەکا(٤٨ چامێنێ)، تێکەڵێ جە خەیاڵ و ریتمی ئاوایی(هاماوە دەنگەکا) و چرکە ساتەکا سروشت و ژیان و ژیارو هۆرامانی: زوان ئەدایی، ساکار، رەوان، شەپۆدار و حەرەکەتبەخش، شاعێر سەرکەوتە.

دویٚ: فەهلەوییات(ئوورامەن) چوار چامێنیٚ، تایبەتمەندییەکاش نزیکێنیٚ بە چامە بڕگەییەکا.
یەریٚ: عەرووزییەکا(١٨ چامێنیٚ)، زوان قاڵیی و تەقلیدی، مۆسیقا قەڵس، خەفە کریا و نا تەبا چەنی زوانی ئەدّایی صەیدی، مانا وزیارە، شاعێر سەرنەکەوتە و کەرت بییەی بە دوە کەسیەتی.[٢٠]
پێڕەو نەکەردەی چند نۆرمیٚ زوانی و ئەدەبی و
لا دای جە تەشکەو باوو فارسی:

## کوڵی دێڕی و هامدەنگی چەنی مۆسیقاو سروشتی:

تەشکەو شێعرەو کلاسیکەو عەرەبی و فارسی جە ویەردەنە، شێعرەو مەدحییە و مەنقەبە و مەحەمەی بییەن پەی یاونای رادەو ملکەچی و ستایشکاری، وەرانوەروو ئەمیری، هەر پی هۆکارە هەم دێڕەکیٚ(پایە عەرووزییەکا) و هەم شمارەو بەیتوو شێعرەکاشا فرەتەر(قەسیدە)، درێژ هۆنیەنۆ، زوان جە خزمەتوو دەسەڵاتچیانە بییەن نە جە خزمەتوو خەڵکییەنە. بەڵام ئی دیاردە جە تاریخوو شێعرەو هۆرامانی یان نەبییەن یان دەگمەنا. زوان، زوانی خەڵکی بییەن، شێعرەو صەیدیش چی رێسایە قوتار نەبییەن. مۆسیقاو شێعرەکێش تێکەڵێن جە چرکە ساتەکا(خەیاڵ) و هامدەنگی (ئۆبژە)کا دەورو وەروو سروشتوو هۆرامانی و ژیانی ساکارو پەڕ جە تەقالا و جموو جووڵ و حەرەکەتوو خەڵکەکەی، هەر پی بۆنەوە جەوهەروو مۆسیقاو شێعرە بڕگەییەکاش زادەو ئی بۆن و بەرامەینیٚ.

[٢٠] – پە زانیاری فرەتەری چی بارەوە بڎیەیدیٚ: وتاروو ئەز لە دەقەکەیدا صەیدی...گۆڤارو رامان شمارە ١٢٨ و یەك سەیدی لە یەك دیواندا، سروە شمارە: ٢٥٩/٢٥٨ عادڵ محمدپوور

صەیدی ئی ئەدگارەشە جە شێعرە هێجاییەکاشەنە، جە شـێوازوو بێسـارانی یـەوە، هۆرگێرتـەن ئـادێچ جـە هوزموزگـانۆ هـورش گێرتـەن و دماتـەر بەلووتکە یاونای چریکەو شێعرەو کـوردی جـە لاو مەولـەوییـەوە. چـامە برِگەییـــەکا صـــەیدی، (بـــەیت) جـــە ســـەقفوو(٥+٥) پێکئامـــان و دلێڕاسەو(میانگین) و ژمارەو بەیتەکا جە (چـامە)ێنـە، ٨ تـا ١٤ بـەیتێن- ئەڵبەت تاکو تـوکش چـەنە بەرکـەردێ- تـەنیا (چـامە)ێـی چـی رێسـایە ترازیان، ئادێچ چامەو پاییزییەو (چراخی سەروەخت) کە ٥٩ بەیتێن، کـە کاشـکای نـەواتێبیاش، ئـی چـامە درێـژێ، هونـەرو تەقلیـدی صـەیدیش روەکەردەن، بەڵام سەرەڕاو ئینـەی بەڵگـەێن پـەی ئـی ئیـدێعاو منـە کـە صەیدێی گەرەکش بۆ جە نۆرمەکا زوانەکەو وێش لا بدۆ، بۆ بە صـەیدێی تەر، واتەی کۆن و تازەیش دریۆ پاڵ.

## ماڕای هەیبەتوو بەیتیٚ:

بەیت جە غەزەڵەو فارسی و تەنانەت شـاعێرا «یـەرە کوچـکەو بابـان»ی قودسییەتیٚ تایبەتیش بیەن. بەیت سەربەخۆیی مانایش بیەن، جۆریٚ پڕچیایی و ئی لق و ئەو لق جـە حـەوزەو دیمەنسـازی و ماناپەردازییـەوە، هەسـت پەنەکریۆ. ئارۆیانە واچوو «یۆ بیەی بابـەتی، وحـدت مـەزووع، و ریتمـی ئەستوونی، هام نشـینی یـا هارمونیا،کۆمپۆزێسـیۆن» جـە تـۆرِەو سـەرتارە واری(عمودی) شێعرێنە، پرچیۆ. درووسا ئینە رێسـای ئـەدەبی بییـەن جـە رەوتەو شێعرەو فارسی یەنە کە شاعێرا کلاسیکی سۆرانی، بیٚ یـەك و دوو پێسە یاساو عەرووزی، ژاوانۆ. بەڵام گـرنگ ئانـەن کـە رەوتـەو شـێعرەو

هۆرامی دماو ئیسلامی، هەر جە هۆرموزگان و —کە ئادێچ جە جەوهـەرەو مۆسیقاو «گاتاکا و درەخـتی ئاسـوریك» وریـش گیرتـەن–رێسـاو ریتمـی ئەستوونی و هارمونیا، یۆبییـەی بابـەت(وحـدەت مـەوزووع) جـە بەیتـەو ئەوەڵێوە تا کۆتایی جە ساختارو بە ئێستێلاح غەزەلـێنـە، پارێزیـان. دماتـەر یارسان و بابا تایەر و بێسارانی و صەیدی(تەنیا پەی تاقیکەردەیۆ زوانـی) و مەولـەوی، مەگنا چێروو چـەپۆکەو زاڵیـی عـەرووزو عـەرەبی. نموونـەکا فرێنێ پێسە:

هارەسەختەنی، شیرین پەیوەندەن، ئەرێ رەندەکەم، و ... لانوو فرەو چامە برِگەییکاش:

شیرین پەیوەندەن، شیرین پەیوەندەن
دوو ئەبرۆی سیات، بە هەم پەیوەندەن
دوو شیرازەی قەوس، ئوسای غەیب ژەندەن
هەر یەك سەد پەیکان، وە جەرگم شەندەن
جەو دەستەی زوڵفان، حەیران مەنڎەنان
(دام)ەن یا شامار، یا خۆ کەمەنڎەن

...

عومرم شی وەباڎ، تاقێق نەزانام
بێ مەیلیت تاکەین؟ جەفات تا چەنڎەن
خواجەی ساحێب شەرت چی رەنجیانی
مەیلت، مۆبەتت، هیچ کام نەمەنڎەن
کەی جە بەندەگیت، سەرکێشان صەیدی

هەر خولّامی تۆن، هەتاکوو زیندەن
حەڵقەی خولّامیت، مەکەرۆ نەگۆش
بەندەن، پێش واچە (یە کەمتەر بەندەن) [٢١]

## لادای جە قاڵبوو باوو فارسی:

تەشکوو دەقەکەو صەیدی، مەسنەوین و غەزەڵ. ڕێژەو شێعرەکاش فرەتەر مەسنەوییا و چندێ دانەیێ غەزەڵ کە جە هەر دوی فۆرمەنە، جە شێوازەو شێعرەو هۆرامی پێڕەویش کەردەن و نەریتوو باوو فۆرمە فارسییەکاش چا دوەنە ماران.

## مەسنەوی و لادای جە پەسنوو فۆڕمو فارسی:

یەك: دووپات بیەیۆ دوە نیم پارەو دێڕو ئەوەڵو بەیتەو ئەوەڵی و واژەو قافییەی(ڕەدیف) جە دێڕەو دوەمی–ڕەدیف و قافییەی یەکسان– چاوەلای ئامای قافییەی جۆراوجۆر، ئینە ئەدگاریێ ئەدەبین کە جە پڕۆسەو ڕەوتەو شێعرەو هۆرامییەنە، پێڕەو کریان، (زەنگ)و قافییەو فرەیێ جە چامەکا صەیدی پێسنەن:

دڵە یادێ کەرە، دڵە یادێ کەرە
فەسڵی جوانیت ئیسە یادێ کەرە

---

[٢١] – دیوان صەیدی، م.ا. کاردۆخی، ل ١٤١ تا ١٤٤

جه دەستی پیریت ئەمجار داد کەرە
هەم بکێشە ئاخ، هەم فریاد کەرە
مەنزڵ ویرانەن، خاس کەوتەن وازت
بگرەوە پەی حاڵ، جەستەی بیٚ نازت[٢٢]

دویٚ: مەسنەوی بە شیٚوەو ئاسایی و ریٚساو ئەدەبی فارسی، ئی جۆرە چاما جه دیوانوو صەیدی یەنە شمارەشا ئینا وارۆ:

بینایی دیدەم شای سۆسەن خاڵان
ئی دەستە بەستەی مەستی گوڵاڵان
بگێرە جه دەس ئی کەم تاڵەوە
بنیەش بەو گۆنای مشکین خاڵەوە
گوڵ پەی گوڵ خاسەن جەمین جامەنی
گوڵ بۆ، گوڵ قامەت، گوڵ ئەندامەنی
شاباشو تۆ بان گوڵاڵانی مەست
(صەیدی) خار خاسەن بگێرۆ وەدەست[٢٣]

یەریٚ: جۆرە مەسنەوییٚ کە قافییە جه تەمامو دیٚرەکانە، دووپات بیەنوە:

بینایی چەمان بەرگوزیدەکەم

[٢٢] - هەمان سەرچەمەی وەڵین، ل: ٨١
[٢٣] - دیوانو صەیدی، م.ا.کاردۆخی، ل: ٣٢

من هەر ئەو خولّام زەڕ خەریدەکەم
شەرتم ئەو شەرتەن هەتا زیندەکەم
دڵانی تەمای تۆ نە کەندەکەم
تۆ بە دەستی قەسد جە (بەڎ وازەکەم)
منت بێ بێ ناز کەرد، ساحێب نازەکەم
من (صەیدی) خولّام قەڎیم زاڎەکەم
وەی من درێخا سیا تاڵەکەم[٢٤]

## نیایرەی (غەزەڵ)ێ:

صەیدی غەزەڵش بە دوێ جۆرێ ئاوردەن:

یۆ: تەشکی باو، وەختێ گەرەکش بییەن بە شێوازوو فارسی و بە زوانو فارسی یا هۆرامی فارسی، غەزەڵ واچۆنە:

چە سازم با دلِ غمگین چە سازم
کە رنجیدە است یارِ دلنوازم
بە کویِ او مَجالِ رفتنم نیست
جە تورش کُنان لاو خویَش نمازم[٢٥]
...

چاوە لای دووپات بیەیۆ قافییەی یەکسان: وازم/سازم، نازم/گدازم، نمازم/بازم، درازم/مجازم

[٢٤] - هەمان سەرچەمەی وەڵین، ل: ٤٥
[٢٥] - دیوانو صەیدی، م.ا. کاردۆخی، ل: ٧٦

دوێ: غەزەڵێ بێ مەتلەع موسەڕڕەع(دوە دێڕو هەوەڵی بە قافییەو ڕەدیفی یەکسان):

پێسەو (مەجۆڵەی) ملوونە کۆوە

دە (لەیلێ لەیلێ) وەس! بێ وەفایی

تۆ هەر چەنی من (وادەی) مەدێنە

گێرۆ نە دەورم خەرقەی گەدایی

سا بدێیە (دیدەم) چی بێ تەما بوو

(ئاشك) چکۆ بۆ پەی بێ تەمایی

ببوو نە قەقنەس، سۆچوونە، مروو

نەکێشۆ کافر، دەردی جیایی

ببوو پەپوولە، پڕوزیەو وەنە

نە یاوۆ سۆچیۆ چی ڕۆشنایی

جارێ وە (لەیلێ!) تۆ بۆ دیۆنەم

با جە تۆ بۆنە، بۆی ئاشنایی

تۆ تەبیبم بە، من دەوا کەرە

ئینا لاتەوە پەی من دەوایی

چوون پەی کەس نیا مەعلووم، گوناهێ

پەی دیای (صنعی خوبی) خودایی[٢٦]

---

[٢٦] - هەمان سەرچەمەی وەڵین، ل: ٤٦ و ٤٧

## سەرچەمەکا:

١– دیوانوو صەیدی، محمد امین کاردۆخی

٢– حافز نامە، بهاالدین خرمشاهی، بخش اول

٣-دیوانوو حافزی، بە کۆششو د.خ.رەهبەر، انتشارات صفی علیشاه، ١٣٧٠، ل:١٤

۴-رباعیات خیام بە پەنج زوانێ، انتشارات شرکت تعاونی کارافرینان، ١٣٨٦، ل: ١٣٤

٥– گۆڤارووِ رامانی شمارە ١٢٨، وتارو عادڵ محەمەدپووری جە بارەو صەیدی

٦– گۆڤارووِ سروەی شمارە ٢٥٩/٢٥٨، وتاروو یەك سەیدی لە یەك دیواندا

٧– جام جهان بین، محمد علی اسلامی ندوشن، چاپ گلشن، ١٣٧٤

٨– موسیقی شعر، د.م. رەزا شفیعی کدکنی، انتشارات اگاه، چاپ دوەم، ١٣٦٨

# مەستوورە و
# بادانەوە بۆ لیریکای
# ئەریستۆکراتیانەی فارسی و
# بەراوردکارییێکی رەخنەڤانی

**هەڵوێستەییێك:**

سەرەتاکانی سەدەی ١٣ی کۆچی ( ١٧٨٩ ز )، ماوەیەك پاش تیاچـوونی کەریم خانی زەندی بە رەچەڵەك کورد و تێپەڕبوون لەو دۆخە لەرزۆکەی کە بە هۆی ئەو فەترە سیاسییەوە بەدیهاتبوو و سەقامگیر کردنی ئۆقرەیی و ئاسایش لە ئێرانی ئاڵۆسکاو و پچڕپچڕدا ، لە لایـەن ئاغـا محەمـەد خـانی قاجـارەوە و سـەرکەوتنی شۆڕشـی مـەزنی فەرەنسـە لـە ئورووپـادا و کارەساتگەلێکی تریش وەك سەرهەڵدانی (ناپلئۆن) و بزاڤی هەمەلایەنـەی شـەقامی ئـەو وڵاتـە و پـاش رسـکان و تەشـەنەی هـزری نـۆژەنی و پێشکەوتنخوازی و گەشەی پیشە و زانست لە ئورووپادا و هەموار کردنـی ریگا بۆ بیری ناسیۆنالیزم و هاتنە کایەی دەوڵەت- نەتەوە و تەشەنەی ئەم

دۆخە لـە سەراسەری جوگرافیای ئوروپادا و پاشان کاردانەوەی بۆ وڵاتانی تر وەك ئێران و .. هورووژمی ئەو شـەپۆلە هـزری و پیشـەیی و زانسـتییە، ئەگەرچی ئوروپای داگرتبوو ، کەچی بە داخەوە هێشتا نەیتوانیبوو رۆحـی خەمۆکی ئێرانییەکان - چ چین و توێـژەکانی خـەڵك و چ دەسـەڵاتداریێتی وەخت - لە خەوی چەندین ساڵە ، راچەنێ و بیانهەژێنێ. هەروا ئەو شـێوە گەندەڵکاریە سیاسیە و پۆپـۆلیزم و کوێلـەتی لـە رۆح و هـەناوی تـاك و کۆمەڵدا بەردەوام دەبـێ. بـەڵام کاردانـەوەی ناڕاسـتەوخۆ و نائەنقەسـتی شەڕەکانی دەوڵـەتی رووسییە و هاتووچووی سەربازێتی و تێهەڵکێشی ئـەم ئیشە سەربازیانە ، بوو بە ختووکەدەری عەباس میرزا - کوڕی فەتەلی شـا - وەك پاڵـنەر و هەڵخرێنەر لـەگەڵ وڵاتانی ئوروپادا پێوەنـدی سـەربازی و جەیشـی وەربگرێـت و داوای شـتوومەکی نـوێی تـەکنیکی و پێشـەیی و لەشکری لەو وڵاتانە بکـات. واتـە لـە پێکهاتـەی لەشـکری و سـوپاییدا مۆدیرنیزاسـیۆن بـەدی بـێنێ . دەسـپێکی ئـەم کـارە نۆژەنـە، سـەرەتا لـە ئازەربایجانەوە، بوو بە هـۆی نزیکایـەتی لەگـەڵ رووسـییە و عوسمانلیـدا و پاشان چـوونە نـاو دەروازەی ئوروپـاوە . هاوکـات لـە گـەڵ ئـەم بزاڤـە سەربازی و پیشـەییەدا، بزاڤـی هـزری و فەرهـەنگی و ئـەدەبیش دەسـت پێدەکا. چاپخانە درووست دەبێ و چەندەها کتێب و رۆژنامـە دەنووسـرێ یان وەردەگێڕدرێت و دێنە گۆڕەپانی ڤەشاندن . نوخبەگـەلێك وەك مـیرزا عیسای قایم مەقام و ئەبولقاسمی قایم مەقام و میرزا تەقی خانی فـەراهانی و ئەمیر کەبیر، دەبن بە پێشاهەنگی چاك سازی و ریفۆرمخوازی لە حـەوزەی سیاسەت و هزری و دیوانی و ئیداریدا ...

ئەم گۆرانکارییە ئەگەرچی زۆر بە ئارام و سەرلەخۆ و درێژخایەن و دژوار و پڕئاستەنگ دەبێ و گیان بەخت کردنی هەندێ لەم گەورەپیاوانەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام دەتوانێ شارێگە هەموار بکات بۆ شۆڕشی مەشرووتە و سەقامگیر کردنی ئۆخژنی ئازادی و بەرابەری و دەستەبەرکردنی هەندێ لە مافەمرۆییەکان لە ئێراندا.

**لیریکا، سۆزی سەرەکی شاعێرانی کورد**

شاعێری نەوەی ئێستای کورد، سنووری هەندێ لە خسڵەتە بڕیاردەرە پێشوەختییەکانی نەوەکانی ئەوسای بەزاندووە و هەر شتێکی بازنەدار و هەر خانەبەندیەکی پێش فەرزدار، کە تەواوکەر و بڕیاردەری فۆڕم یان فۆڕمگەلێکی دیاریکراو و واتا یان واتاگەلێکی داواکراو و خوازراو بێت، ڕەتدەکاتەوە . –من بۆخۆم تاڕادەیەك لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام – بەڵام لەوەدا کە کورد، هەر لە مێژە، بۆ وشیاری گەلەکەی و بۆ وروووژاندنی پرسەکان و نیازە سەرەکییەکانی رۆحی و تەنانەت چییەتی ناسنامەی فەرهەنگی لە جیاتی دەقی فەلسەفی و لۆژیکی هزری، تەنیا ژانری شێعری بەدەستەوە بووە ، تا یەك دوو دەهەی بەر لە ئێستایش لە جیاتی چیرۆکی مۆدێرن و وێنە کێشان و تەلارسازی و پەیکەرتراشی و باقی ژانرەکانیتر، هەر شێعرە و یەکەی داهێنان بووە بۆ درکاندنی واقیعە رۆحییەکانی و کەشفی نەستی ناخۆئاگای کۆیی و هەنگاونان بەرەو ئاگایی رۆحی و روونکردنەوەی کەلێنێك لە کەلێنەکانی فەلسەفەی مێژوویی . چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ بەشی هەرە زۆری جوانی ناسی ئەدەبی و شێعری کلاسیکمان ، لە چەمکی گشتی لیریکای «ئەریستۆکراتیانە بە رووکردی تیۆکراتیانەی سۆفیانە»دا گڵاڵەرێژکراوە کە وەك ئاوێنەی باڵا نوێن هەموو

هیوا و تامەزرۆ دڵخوازەکان لەودا پەنگی خواردۆتەوە و یاساغ کراوە .
لەسەر ئەم لۆژیکە هزری هونەرییە کە نەستی کۆیی کوردی پێچنراوە، دەبێ ڕێبازەفیکری و هونەریەکەیشمان بدۆزینەوە و پۆلێنبەندی بۆ بکەین.
بەرەی ئێستای شێعری هاوچەرخ لە بری دانەری دەسەڵاتخواز و بێ نووسەر، بۆ کەشفی ئاسۆی واتاکان و پێوەندی دوولایەنەی دیالێکتیکی دەق، دەروانێ و هیوا دڵخوازەکانی بە دیالۆگ لەگەڵ دەقی کراوە و دەقی قسەکەردا، دەبینێتەوە. ئەم رووکردەیش هی ئەم سەردەمەتە و هیچ لەبایەخی هەوڵەکان و پێوەرە ناسراوەکانی جوانیناسی و ئیستاتیکای ئەوسامان کەم ناکاتەوە و بە تێکڕایش رەفز ناکرێتەوە. ئاخر ئەگەریش لە دیدی بنەماخوازیدا لەم دیاردە بکۆڵینەوە نەتەنیا، فەرهەنگ بەڵکوو هەر دەقێك هەمیشە نووسراوە و لە ویژدانی ناخۆئاگای کۆدا پەنهان ماوەتەوە و کاری خوێنەر ئەوەیە بە خوێندنەوەی دەقەکە، رازە نهێن و بزۆزەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی ... کەشف بکات . بە پێی ئەم رووکردە و قبووڵی ئەم خاڵە ، شێعری هەر سەردەمێك رەنگاڵە و چێژی تایبەتی ئەو چرکەساتانەیە کە دەق لە دایك دەبێ ، بۆیە دەلوێ بۆ ناسینی پرنسیپە ئێستەتیکییەکانی مەستوورە، لەو فاکتە تایبەتیانەوە بدوێن کە شێعرەکانی ئەو شاعێرە لەو بارودۆخەدا رسکاوە و فراژوو بووە .
بە پێی ئەو پۆلێبەندییە کە یۆنانییەکان بۆ شێعری دەکەن : کە بریتییە لە چوار جۆر:
شێعری Epic ( حەماسی )، شێعری دراماتیك (نمایشی،Dramatic )، شێعری Etic ( ئەخلاقی و ئاکاری و مۆچیاریئامێز ) و شێعری Lyric (غەنایی).

لەسەر مێتودی زانستی ئەو رووکردە هونەرییە : ئێمەی کورد لە کلاسیکدا، بێبەش بووین لە شێعری، Epic-و دراماتیك(مەبەست مانای زانستیە). شێعری Etic و ئەخلاقی، بە پێی ناوەرۆك و ئەرکە ئەخلاقی و مۆراڵی و ئاکاری و بۆنەدارەکانی شاعێران ، لەم چەشنە شێعرە بێ بەش نین و هەندێ لە شێعرەکلاسیکەکانمان، زادەی بۆن و بەرامەی ئایینی و ئیتنیکین. بەڵام بەڕای من رووکردی زەینی و ئەبستراکتی گشتی زۆربەی شاعێرانی کورد لە شێعری لیریکادا ، بەو مانا ئەکتیڤ و بەرفراوان و رووبەرە کراوەوە کە هەیەتی، خڕبۆتەوە و گلاڵەرێژ کراوە . بەم چەشنەی خوارەوە :

١-لیریکای عیرفانی (تیۆکراتیانە) ــ شاعێرانی دیالێکتی بابان: نالی ، مەحوی و هەڤاڵەکانیان...

٢-لیریکای عاشقانە LoveLyric ـ قوتابخانەی گۆران : خانا ، بێسارانی ، مەولەوی و هاوبەندەکانیان...

٣-لیریکای تەغەزولی – حەماسی: ئەحمەدی خانی و ... لەشێعری هاوچەرخدا شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانیان.

٤-لیریکای کۆمەڵایەتی ـ نەتەوایەتی: حاجی قادری کۆیی ، قانیع و ... شاعێرانی سەر بە ئەم ئەدگارە شێعرییەو دیسانەوە شێرکۆ. سەرهەڵدانی چیرۆکی چرۆی چینی بورژوا و ناسیۆنالیزمی کوردی و ...

٥-لیریکای سرووشت، کۆی شاعیرانی کورد.

بەڵام یاگە و شۆنی مەستوورە لەم خانەبەندییەدا کوێیە و لە کام خانەدا دەبێ راڤەی بۆبکرێ؟

گوایێ شێعرە کوردییەکانی مەستوورە فەوتاوە و ئێستا لە بەردەستدا نییە ، ئەو هۆنراوانیشە چ هەورامی و چ سۆرانی کە هەن و لە چاپ دراون ، هەم لە چەندایەتی و هەم لە چۆنایەتیدا ، نە شیاوی راڤە و شرۆڤەی هونەرین و نە هەڵگری ئاستی جوانیناسی و بۆتیقای شێعرین و نەیش شیاوی تاوتۆی و رانانکارین لە هەمبەر بێسارانی و مەلەوی و نالیدا . تەنیا دەتوانین بڵێین هۆنراوەگەلێکی ساکار و ئاهەنگدار و سەروادارن کە لە حەوزەی لیریکای تاکی تیۆکراتیانەدا شوێنیان بۆ دیاری دەکرێ .
شێعرە فارسییەکانی مەستوورە تا رادەیەك لە بازنەی رەوتی بادانەوەی ئەدەبی سەردەمی قاجاردا شیاوی باس و خواس و شرۆڤەکاری ئەدەبی هەن کە دۆزی سەرەکی و رووکردی شێوازناسانەی ئەم وتارەیە: لە سێ ئاستی زمان و فیکر و ئەدەبدا .

**لادانی مەستوورە لە رەسەنایەتی لیریکای کوردی و بادانەوە بۆ ئەدەبی دەسەڵات**

لە سەردەمی سەفەویەدا، بە هۆی رووکردی ئایینی و تینوویێتی بەرینتر کردنی جوگرافیای دەسەڵاتی توتالیتاریزمی مەزەب و ئۆتوریتەی سیاسی و بەرامبەرکێ و دژبەری لەگەڵ نەیاری عوسمانلیدا، بەکگراوندی رسکانی شێعر و شاعێری رو لە کزی و لاوازی دەکات، بۆیە لەم سەردەمەی ئێراندا شاعێری داهێنەر و هەڵکەوتوومان نابێت کە بتوانێ لەگەڵ شاعێرانی رابردووی شێوازی خۆراسانی و عێراقیدا بەرامبەرکێ بکات . ئەگەریش بە دەگمەن هەبووبێ تەنیا لە بواری شین گێڕی و چەمەری و پیاهەڵدان و مەنقەبەدا بووە بۆ ئیمامانی شێعە و کارەساتی کەربەلا .

ئەم فەترە ئەدەبییە و ئەم بێدەرەتانییە شیعرییە ، وا دەکات کە ناوەندی شێعری دەرباری لە گەشەی جاران بکەوێ و ئەوانەیش چێژی و بەهرەی شاعێرانەیان دەبێ ڕێگای کۆچبەری وڵاتانی هێند و عوسمانی بگرنەبەر و شێعریش لە ئاسانەکەی ئەمیران و سانەکان و پاشاکان دەگوێزرێتەوە بۆ سەر شەقام و توێژەکانی کۆمەڵ . بەم چەشنە ، لە هەندەران بزاڤێکی ئەدەبی بە ناو شێوازی هێندی لە دایك دەبێ . ئەم شێوازە شێعرییە هەم لە فۆرم و هەم لە ناوەڕۆکدا، لە جیاتی گۆڕانکاری و نۆژەنی و فراژووبوون ، تووشی سستی و قەیران و چەواشەگەری زمانی دەبێ . شێعر لە واقیعەکانی ژیانی سۆسیایی و پراکتیکی کۆمەڵ دوور دەکەوێتەوە و دەکەوێتە نێو مەنجەڵاوی رووتی خەیاڵبەندی و مەزموون کاری دوور لە زەین. بە واتا لە شان و شکۆ و زمانی ئەشرافی جاران دەکەوێ. بۆیە گرۆی ئەنجومەنی ئەسفەهان لەم سەروبەندەدا ، لە هەمبەر ئەم رەوتە ئەدەبییە ئاڵۆسکاوەدا ، بەرهەڵستکاری دەکەن و ئاکامی دەبێتە هۆی لەدایك بوونی رەوتێکی تری ئەدەبی بە ناو »بادانەوەی ئەدەبی« .

ئەنجومەنی ئەدەبی «نشاط» کە پێکهاتبوو لە شاعێرانێك وەکوو نشاتی ئەسفەهانی و هاتف و موشتاق و شوعلە و لوتفەلی خانی ئازەربیگدلی و فەتەلی خانی سەبا و ... پێیان وابوو ، تەنیا مەنهەجی دەربازبوون لەم قەیرانە شێعرییە ، گەڕانەوەیە بۆ ئوسلووبی خۆراسانی سەدەی چوار و شێوازی عەراقی (سەدەی حەوت و هەشت).

لە قەسیدە و مەسنەویدا دەبی ناسری خەسرەو و فیردەوسی و ... لە غەزەلدا، سەعدی و مەولەوی و حافز، ببن بە سەرچەشنی ئەدەبی و

شێعروتنەوە تا دووبارە شکۆ و هەیبەتی ئەریستۆکراتیانەی زمانی شێعری فارسی زیندو و ئەحیا بکرێتەوە .

بێ گومان لەم دۆخە زەمەنییەدا، کە ئەردەڵانەکان لە کوردستاندا، دەبن بە گوێ رایەڵ و گوێ لەمشتی حکوومەتی قاجارییەکان و لە لایەن ئەوانەوە موهبەتی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕەوایی ناوچەییان پێ دەبەخشرێ، مەستوورەیش لەم دۆخە سیاسی و فەرهەنگی و ئەدەبییەدا ژیاوە و وێڕای دەسەڵاتی سیاسی بنەماڵەکەی، خاوەنی چێژی شاعیرانە و توانستی نووسەرانە و هونەری خۆشنووسانەیش، بووە . مەستوورە زادە و بەرهەم و پێکهاتەی ئاوا دۆخێکی سیاسی و کۆمایی بووە و لە ژێر کاردانەوەی سیاسەتی کۆنەپەرەستانە و تۆتالیتاریزمی فەرهەنگی و ئەدەبی ئەو دەمەی قاجاردا، زەمینە رەخساوە بۆ رسکانی مستەوفیگەری و خان سالاری و دەسەڵاتخوازی لە حەوزەی ئەدەب و شێعری دیوانیدا.

بۆیە : مەستوورە بە نەش و نەما لەم بەستێنەدا، لە رەسەنایەتی زمان و ئەدەبی زگماک هەڵەتە دەبێ و بە باشی ناتوانێ لە دەوڵەمەندی و چڕی نەغمە و توانستی توخمە زمانییەکانی قوتابخانەی باوی شێعری کوردی ئەو دەمە، بەهرەی باڵا وەربگرێ و شێعری بەرز و هونەری بئافرێنێ و لە خانەبەندی لیریکای کوردیدا جێگای خۆی بکاتەوە .

ئەگەرچی لەوکاتەدا، ئاسانەی مێرنشینی ئەردەڵان، دونگەی شاعێرانی سەر بە دیالێکتی هەورامی بووە و شەوانە، بارەگای خەسرەوخان دەبووە مەکۆی کۆڕی شێعر خوێندنەوە و دەمەتەقێی شاعێرانە، بەڵام ئەمە مەستوورەیە، لەم رەوتە خۆماڵیە لادەدا و تەنیا خۆی بە شێعری فەرمی و زاڵی دەسەڵات (فارسی) سەرقاڵ دەکات. ئەو هۆنراوە کوردیانە کە لە

شاعێر بە جێماوە- ئەگەر راست بێ هی ئەو بن- لـە چاو ئاستی هونەری و پێکهاتەی شێعرە فارسییەکاندا زور سست و لاوازن . باسی راڤەی ئـەدەبی و شرۆڤەکاری ئێستەتیکی هەڵناگرن . شـێعرەبڕگەییەکانی مەسـتوورە لــە هەمبەر دەقەکانی مەولـەویدا کە هاوچەرخی یەك بوون ، شیاوی رانانکاری و تـاوتوێی ئـەدەبی نـین . بـە قـەوڵی هێسـیۆد : »نـەیتوانیوە، وێنـەکان بـەرووکردی هونـەری لــە رووبـەری زمـانی کوردیـدا، وەك دەق بێنێتـە دواندن« . زۆر بە هاسانی لـە توخمە زمانییەکانی کوردی، چاوی نوقاندووە، بۆیە وتمان لـەچاو مەولـەویدا شیاوی هەڵسەنگاندن نین .

**بەراوردکاری ئەم دوو دەقەی خوارەوە:**

**مەستوورە و لاواندنەوەی خەسرەوخانی ناکام: لـە دیوانەکەدا، ٣٠ بەیتە.**

فەڵـەك نە جەورت زار و سەرگەردان
وەختەن چون دەیری بشوون وە هەردان
نەی زوڵـم سەنگین ، نەی بێ داد تۆ
هەرمواچوون داد هەر مکەروون رۆ
والی زی شەوکەت یۆسف لـەقام رۆ
ئەسکەندەر قودرەت ، حاتەم عەتام رۆ
هوژەبر بێ باك رووی مەیدانم رۆ
فەخر دوودەمان ئەردەڵانم رۆ
جووان نەوڕەس نمەکینم رۆ
مایەی دل وەشی دنیا و دینم رۆ
شەم شەبستان خەسرەوخانم رۆ

مایەی شادی و شەوق کوردستانم رۆ
زوبدەی والیان والاجاهم رۆ
فەخرولولاتم مێهرشاهم رۆ
جەمشید سانی فەرەیدوونم رۆ
ئیسەگیردام قەبردوونم رۆ
شای لاڵکەمەر هەم لاڵبەخشم رۆ
سانی تەهەمتەن ساحیب رەخشم رۆ
لاڵ بەخش خوەم فیدام لاڵ بەخشانت بام
فیدای بەزم عەیش مەی نۆشانت بام
خەسرەو ئامانەن فیدای نامت بام
دەستاخی مەزار قەید دامت بام
فیدای دوو دیدەی مەست مەخمورت
قوربان رەنجش لاشەی مەهجوورت
قوربان نالەی زار و زگارت
فیدای زەلیلی دەس ئازارت
خەسرەو خوەم فیدای نەوجوانیت بام
فیدای تاج و تەخت خەسرەووانیت بام ...
دیوان، ل ١٣٨

**مەولەوی و لاواندنەوەی عەنبەر خاتوون: لە دیوانەکەدا، ٢٧ بەیتە.**
دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیل کەیل
مەحرەم وە رازان خەڵۆەتخانەی لەیل

لانه حەڵقەی زوڵف عەنبەربۆی شەوڕەنگ
هامدەم جای تەنگ ئەڵحەدسەرای سەنگ
پەروانەی مەزار ئەو ئاوات واستەم
تەرجەمەی حاڵات پەشێوی جەستەم
عەرزکەر وە لەیلا وە سەد خەمەوە
چەم وە نمەوە ، دڵ وە تەمەوە
دێوانەکەت دیم بڵێسەش بەرز بێ
بەرزی بڵێسەش هەر سات سەدتەرز بێ
وە هەر تەرزێ لەیل ملاوەناوە
دڵەی سەنگ سەخت متاوەناوە
گا گۆیا مەویەرد ئیند مەویەردەوە
گا مەوات وەدەم ئێش و دەردەوە
ئای جە ئێش تەن جە گیان جیای من
ئای جە لوای تۆ و ئەو شۆن دیای من
سەختی ئێش دەرد بەدحاڵیم لایێ
وای بێ تو مەنزڵ گشت خاڵیم لایێ
وە هەر مەنزڵداو هەر راگوزەردا
هەر دەست حەسرەت مدا وە سەردا
چێشەن موینوون مەنزڵ بێ تۆ بۆ
بێ هۆشم خەو بۆ راس بۆ درۆ بۆ ... ل: **٢٢٥** دیوانی مەولەوی

**راڤەی شێعرەکان:**

١-شێعری هەر دوو شاعێر دە بڕگەیی خۆماڵییە.
٢-هەر دوو شاعێر هاوچەرخن ، مەستوورە شاعێرێکی ئەشرافی و دەسپەروەردەی بنەماڵەیەکی بەدەسەڵات و دیوان سالارییە و مەولەوی شاعێرێکی ئاسایی و رسکاوی فەرهەنگی بەخشەندەی خۆماڵی و شەقامی و حوجرەی ئایینی ئەوسا .
٣-مەستوورە پێکهاتەی شێعرەکەی زمانی کوردی نییە بەڵکوو وەرگرتە لە زمانی دەسەڵاتی ئەریستۆکراسی ناوەندیە کە ئەو و بنەماڵەکەی نوێنەرایەتی دەکەن . توخمە زمانییەکەی : واژە و دەستە واژەکان، چۆرەی حکوومەت و دەسەڵات و باڵادەستی توێژایەتی و ئەشرافێتیان لێوە دەتکێ: والی، زی شەوکەت، ئەسکەندەر، قودەرت، هوژەبر، خان، والاجا، جەمشید سانی، شاه، لاڵ کەمەر، لاڵ بەخش، تاج و تەخت و ...
لەم پێکهاتە زمانییەدا بە زمانی لیریکای تاکی، پانتای رۆحی خۆی دەلاوێنێتەوە و ژانی ئاوابوونی ژیانی هاوسەرەکەی ساڕێژ دەکات، نە رۆچوون بە نەستی کۆمایی نەتەوەکەیدا، بە زمانی رەمز و خوازە. بە یەك واتا دالی دەقەکەی مەستوورە یەك مەدلوول و واتای هەیە و بەس. پشت بەستنە بە زمانی ئوتوماتیکی و ساکار و رێسامەندی ئاسایی. بەڵام فاکتەزمانییەکانی مەولەوی، وەرگرتە لە زمانی راستەکی و پێوەری زەمەنی خۆیەتی و نوێنەرایەتی چییەتی نەتەوەیەك دەکات بە یاسای هونەری، نەك پاژێك لە کۆمەڵ و نە بەشێك لە دەسەڵات . پانتای رۆحی زمانەکەی رەمزی ویژدانی ناخۆئاگای کۆیی و شاعیرانەیە، ئیستاتیکای ئانتالۆژی نەتەوەیەك و هەڵگری ئەو پتانسیەلە زمانیەتە کە ساڵهای ساڵە لە زەینی کۆی نەتەوەکەیدا پەنهان و بزر ماوەتەوە و ئێستا لەو دەرفەتە

هەستیارەدا توانستەکانی دەخاتە روو . لەم دەقەدا مەولەوی بێ ئەوەی ناوی تاکی عەنبەرخاتوون بهێنێ و بە مۆنۆلۆگ لە گەڵ دڵەکەی( و موتیڤی لەیلێ و مەجنون) بارگە دەلالییەکانی فرەتر دەکات و دەبن بە مەدلوولەکانی تر و عەنبەر خاتوونەکانی تر، بۆ کوردەواری دەورووژێنێ .
لەم دەقەدا مەولەوی پشت بەرێساگوریزی زمان( هەنجارگوریزی ) دەبەستێ بە کەڵك وەرگرتن لە پرۆسە(فەرایەند)ی خوازە و کەسێتی بەخشین بە ئۆبژەکان-ئەگەرچی زێدەرۆیی و دەستکردییان لە دەقی شێعریدا رەوا و پێویست نییە- تان و پۆی فۆرماسیۆنی شێعرەکەی لە تەوەری هاونشینی زماندا، دەچنێتەوە .
لەیل، دڵە(چرین و مۆنۆلۆگ بە شێوەی کەسێتی بەخشی)، دڵ ، مەی، کەیل، خەڵۆەت خانەی لەیل(گۆڕ)، حەڵقەی زوڵف، پەروانە، مەزار، چەم، دیوانە، بڵێسە، ئای، مەنزڵ، راس و درۆ و ...
ئەم توخمانە هەمووی وەرگرتەی زمانی ئاسایی روژانەی شەقامن کە لە چنراوی مرواری شێعردا، بوون بە گەوهەری درەوشاوەی هونەری .

**بەراوردکاری مەستوورە و حافز**

سەرەتا ئەم دوو شێعرەی مەستوورە و حافز ئەخوێنینەوە پاشان بە پێودانگی لۆژیکی شێوازناسی بەراوردکارییان دەکەین :

غەزەڵەکەی مەستوورە : ل- ٢٤ دیوان – سدیق بۆرەکەیی – انتشارات امیر بهادر، ٧٧

بی تو از تن و از دل تاب
رفته ای بی وفا مرا دریاب
بهر تفریح جان زمهر ده
ساقیا جرعه ای ز باده ناب
زان که داروی درد ناسورم
نیست جز از کف تو جام شراب
بر سر کشته ات ز روی وفا
ای بت سنگدل دمی بشتاب
آه و افسوس کز غم جانان
سوی شیب آمدم به عهد شباب
بر رخم بسته شد در امید
«افتح یا مفتح الابواب»
هست «مستوره» چون زر قارون
شهره و نیست در جهانِ خراب

**غەزەڵەکەی حافز: ل ١٣ دیوان- تصحیح پژمان بەختیاری -انتشارات امیر کبیر- چاپ نهم ١٣٦٢**

می دمد صبح و کله بسته سحاب
الصبوح الصبوح یا اصحاب
می چکد ژاله بر رخ لاله
المدام المدام یا احباب
می وزد از چمن نسیم بهشت

هان بنوشید دم به دم می ناب
تخت زمرد زده ست گل به چمن
راح چون لعل آتشین دریاب
این چنین موسمی عجب باشد
که ببندند میکده به شتاب
در میخانه بسته اند دگر
«افتتح یا مفتح الابواب»
لب و دندانت را حقوق نمک
هست بر جان و سینه های کباب
بر رخ ساقی پری پیکر
همچون حافظ بنوش باده ناب

**راڤەی ئاستی ئەدەبی و زمان :**

**ئەوەی ئەبێتە هۆی ئەکتیوێتی ئەرکی شاعێر لە کۆمەڵگەدا شتێکە کە لە ئاستی زمانەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ بەردەنگ و سەرەنجام لەم پێوەندییە دوو لایەنەدا، دیاردەیەکی هونەری – زمانی بە ناو دەلالەتی واتا دەوروژێ . فۆرمخوازەکانی چێك و رووس ( موکرافسکی و هاوارنێك و ئێشکوڵوڤسکی ـ دوو ئەرك و هەڵوێست بۆ زمان دیاری دەکەن و رەوتی ئەم دوو کارکردە لە یەك جیا دەکەنەوە: کارکردی خودکاری زمان (Automatication) و بەرجەستەکاری ( Foregrounding ). فەرایەندی خودکاری زمان کاربردەکەی تەنیا بۆ رەوەندی واچەی ئاسایی ئاخێوەرانە. بەڵام کارکردی فۆرێگراندینگ رەوەندێکی نائاساییە بۆ ترازی شێعری و**

ڕێساگوریزی لە پێکهاتەی زمانی ئاسایی و تێکدانی فۆرم و قامووسی توخمەکان و نیشانەکان .

یەکێك لەو تەکنیکانەی کە ئەبێتە هۆی تێکدانی پێکهاتەی زمانی ئۆتوماتیك، و دوبارە بونیات نانەوەی ئێستاتیکی شێعر، مۆسیقایە، ئەویش بەو پێناسە و رووکردە هونەرییەوە کە فۆرمخوازەکان بۆ شێعری دەکەن . لێرەدا دۆزی باسەکە لەسەر شێعری کلاسیکە نە هاوچەرخ . مۆسیقای شێعر بە جۆرەکان و چەشنەکانییەوە و کارکردی هەرکام لە دۆخی بەرجەستەسازی توخمەکان و هەستانەوەی وشەدا بۆ بارگەی دەلالی شێعر ئەمانەن:

مۆسیقای دەرەکی ( کێش ) ، مۆسیقای پالەکی (سەروا و ... ) ، مۆسیقای دەروونی ومە عنەوی و ...

بەم پێودانگە:

الف : مۆسیقای دەرەکی ( کێش ) هەر دوو غەزەڵەکە لە سەر کێشی خەفیف ( فاعلاتن، مفاعلن، فعلن ) دانراون کە کێشێکی رووباری و مەند و ئارامە، بۆ دەربڕینی چەمکگەلی هەستیارانەی عەشق و عیرفان و ... ئەم کێشە لە سرووشتی واچەی ئاساییەوە زۆر نزیکە ، بە ئاسانی دەتوانرێ گێڕانەوە و گۆی پێ بکرێ . سوهراب سپێهری شێعری موسافر و فروغی فەرۆخزاد شێعری ( ایمان باوریم به اغاز فصل سرد ) یان لە سەر ئەم کێشە داناوە .

ب : مۆسیقای پاڵەکی ( کەناری ) هەردوو غەزەڵەکە یەکسانە و مەستوورە بە دواچوونی حافزدا چووە و لە زۆربەی بوارەکاندا لەم

غەزەڵەی حافزە پێڕەوی کردووە . شێعرەکە ڕەدیفی نییە ودەنگەبڕگەی سەروای » ا ب « توانیویە تا ڕادەیەك بۆشایی ڕەدیف پڕ بکاتەوە .

ج : مۆسیقای ناوەکی ( دەروونی ) : غەزەڵەکەی مەستوورە لە چاو غەزەڵەکەی حافز و بە کار هێنانی دەنگ تەوەری و سەجع و جیناسدا لاوازترە و کۆمپۆزیسیۆنی دەنگەکان و هارمۆنیای واتاکان لە بارگەی دەلالی مۆسیقای شێعرەکەدا، لە چاو ڕێژەی چڕی هێشوەدەنگەکانی حافزدا، سەرکەوتوو نییە . حافز لە هەر دێڕێکدا ویستبێتی بۆشایی مۆسیقایی لەگەڵ پەیامەکەیدا هاوتەریب بکات دەستی بۆ بزوێنە دەنگدارەکان و دووپاتکردنەوەی واژەکان بۆ بەرجەستە کردنی دەلالەتی مۆسیقایی بردووە و شێعرەکەی تەژی لە مۆسیقای ناوەکی کردووە . دەنگ تەوەری بزوێنی درێژی (ا) لەم دێڕەدا:

می چکد ژاله بر رخ لاله المدام المدام یا احباب

د : ڕێژەی واژە و دەستە واژەی عەرەبی لە هەردوو غەزەڵەکەدا بەرچاو دەکەوێ . تەنانەت دوو پات بوونەوە عەینی ڕستەی (افتتح یا مفتح الابواب) لە هەر دوو غەزەڵەکەدا:

سحاب ، الصبوح ، اصحاب ، المدام ، احباب ، راح و ... واژەی عەرەبی رووتن بەڵام غەزەڵەکەی مەستوورە لە چەندایەتی واژەی عەرەبیدا لە چاو غەزەڵەکەی حافز ڕێژەی خوارترە .

هـ: لیریکای حافز بەتێکڕا، تێهەڵکێشێکە لە چەمکی عاشقانە ( Love Lyric ) و عارفانە بە زمانێکی ڕێندانەو تارۆزئامێز و ئایرۆنی. پاڵەوان و ماشۆقەکەی حافز کەسێتی بەرز و ئوستوورییە . هەم ناسووتییە و هەمیش لاهووتی و ئاسمانی . پەیتا پەیتا لە چەمەنی خۆشی و ڕابواردندا، بە یادی

سیمای پەری پەیکەری ساقی مەی ناب دەنۆشیٚ، هەمیش تەئویلی رووکردی مەلەکووتی لیٚدەکریٚ. رووکردی مەستوورە هەمان روانگەی حافزە، بەڵام لاساییکەر و بەدواداچوون لە دەلالەتی فۆڕم و مانادا هەستی پیٚدەکریٚ . لەم غەزەلەدا، حافز زۆرتر ویٚنەیەك و تابلۆیەکی دەرەکی نواندووە بۆ رابواردن و خۆش بوون و شەقڵیٚك لە دنیای ناسووتی خەیامئاسا، کە تایبەتمەندی حافزە و تارۆزیٚك و تەنزیٚکی شاراوە و هیٚمائامیٚزە بۆ پشت هەڵکردن لە دیاردەکانی دنیای پڕ لە رووی و ڕیا کە حافز بیٚ پەروا لەم ریٚبازەدا، خەباتی نواندوە و خۆی لە هەمبەر هەموو داب و نەریتیٚکی رزیو و سواودا جیا کردوٚتەوە. کۆتایی شیٚعرەکەی مەستوورە باس لە هەستی تاکی و غوربەتی رۆحی خۆی لەم دنیا ناسووتەدا، دەکات . دەڵیٚ: مەستوورە وەك زیٚڕی قاروون ناسراوە و بەرچاوە، بەڵام، رۆحی نامۆی دەربەندی ئەم دنیا مادییە نییە . کەچی حافز لەکۆتاییدا بە یادی روخساری پەری پەیکەری ساقی مەی دەخواتەوە، و چش لە هەموو دیاردەی چرکەئاسای دنیای ئۆبژیٚکت (دەرەك) دەکات. ئەمەیە جیاوازی ئەو دوو بۆچوونە: دژکاری نیٚوان دوو ویٚستگەی هزری، یەکیان قووڵ و ئەویدی رووکار و بیٚ بنەما.

و: «یاکوبسن» بە پیٚڕەوی لە روانگەکانی «سوسور» لە بارەی ریٚسامەندی زمانەوە لە دوو تەوەری جیٚنشینی ( Paradigmatic Axis ) و هاونشینیدا (Syntagmatic Axis ) ، دوو پرۆسە لە رووبەری کارکردی زمانی شیٚعردا دەخاتە روو : جەمسەری ( قطب ) خوازە ، ئیستعارە (Metaphoric Pole) و جەمسەری مەجاز (Metonymic Pole) .

خوازە لە تەوەرەی جێ نشینیدا بە هەڵبژاردن (Selection) لە سەر بنەمای لێکچواندن (تشابە، Similarity) روو دەدات و هەڵوێستی مەجاز لە رووبەری هاونشینیدا بە عەمەڵی لێکدراندن ( ترکیب، Combination) لەسەر هاوسێتی (مجاورت، Contiguity) توخمەکان دێتە نواندن . بۆ وێنە لە رووبەری جێ نشینیدا ، دەتوانین بە هەڵبژاردن ، قامووسگەلی چۆم و رووبار و رۆخانە و دەرە و ... لە کوردیدا بە کار بەین . بەڵام لە هاونشینیدا ، کابردی مەند و ئارام و خرۆشان و ... بۆ پاڵ رووبار ... لەسەر بنەمای لێکدراوەییە .

بە پێی روانگەی یاکوبسن ، رێژەی رووکردی رێساگورێزی لە قوتابخانەی رۆمانتیزم و سێمبۆلیزمدا مەیلەو جەمسەری خوازەیە و لە قوتابخانەی رێئالیزمدا روو لە پرۆسەی مەجاز ـ ئەڵبەت ئەوە روون بکەمەوە ، پێناسەی یاکۆبسن بۆ ئیستعارە و مەجاز لە کوردی و فارسی و عەرەبیدا زۆر جیاوازە و پێکەوە هاوتەریب نییە . بە پێی رووکردی ئێمە ، خوازە چەشنێکە لە مەجاز لەسەر بونیاتی لێکچواندن ... ـ بەوا کە شێعری لیریك ـ عیرفانی فارسی و کوردی پێکهاتەی هونەری و ئیستەتیکی یان لەسەر هەست و ئەوین و خەیاڵبەندی و وێنەخوازیە ، و زۆر بە قوتابخانەی رۆمانتیزم و سمبۆلیزمەوە نزیکن ـ ئەڵبەت مەبەست رەوتەفیکری و ئەدەبی و هونەرییەکەی رۆژئاوا نیە ـ کەواتە ئەم دوو غەزەڵە و بەگشتی کۆی ئاسەواری لیریکامان لەسەر جەمسەری خوازە و خوازەگەری دانراوە لە تەوەری جێ نشینیدا، بۆیە هەناسەی قوتابخانەی رۆمانتیزمیشیان پێوە دیارە. رەنگە بۆ هەردوو شێعری کلاسیکی فارسی و کوردی چوون فۆرمە شێعرییەکانیش لەسەر غەزەڵ و قەسیدە دانراون و دێر لەم دوو قاوغەدا

بەرجەستە و سەرەکی و بەرچاوە. خاڵێکی نگەتیڤ بێتە بەرچاو: چوونکای شاعێر تەواو ئیهتیمامی بە دێر داوە، نە بە کۆپلە. کۆمپۆزیسیۆنی شێعر و ئاکامی لاوازی تەوەری ئەستوونی (عەموودی)و هاونشینی شێعر، یەکێکە لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی شێعری هاوچەرخ . بە گشتی لەغەزەڵ و قەسیدەی شێعری کوردی سۆرانی و فارسیدا، چەشنێك نوخبەگەرایی وێنە لە دێردا بۆ ئەکتیو کردنی شێعرەکەی و قەرەبووی تۆڕی ئەستوونی شێعرەکە ، دەبینرێ بۆیە دەلێین بنەما و جەوهەری جوانکاری شێعری کوردی بە گشتی لە سەر بونیادی ئەریستوکراتیا و ئەشرافیخوازی دانراوە. کەچی لیریکای هەورامی، بە هۆی بەکار بردنی مەسنەوی جیاوازە لەم رووکردە و ئیهتمامی تەواوی شاعێر بە تەوەری ئەستوونی و هاونشینی یە. ئەم دیاردە لە زمانی دەمگۆی جەماوەرە نزیکترە.

**رێژەی کارکردی هونەری جەمسەری خوازە و پێرسۆنیفیکەیشن, کەسێتی بەخشین، لەم دوو غەزەڵەدا :**

کلە بستن سحاب( کەسێتی بەخشین بە هەور و دەوار هەڵدانی لە ئاسمان)، رخ لالە ( روخساری لالە، لالە وەك مرۆڤێك کە روخساری هەیە) ، زدن تخت زمرد بە چمن گل( خوازە و کەسێتی بەخشین بە گوڵ وەك سوڵتانێك کە تەختی زومورودی هەبێ) ، ژالە ، حقوق نمك بر لب و دندان( پێوەبەستنی ماف بۆ لێو و دیان کە خسڵەتێکی مرۆیین) و ... رادەی وێستگەی خوازە و کایەی زمانی حافزە لەم غەزەلەدا.

پێشتر ئاماژە کرا کە زۆربەی تێکستەکانی مەستوورە ، هۆنراوەی عەرووزین نە ریتم و هارمۆنیای شێعر . تەنیا فاکت بۆ دوورخستنەوەیان لە زمانی ئاسایی و ئۆتوماتیکی، دیاردەی عەرووزە و کاربردی ڕێسائامێزی ( قاعدە افزایی ) کێش و سەروا و هەندێ ڕێسای مۆسیقایتر و گەیشتەن بە «تەوازۆن، کێشانە».

لەم غەزەڵەدا، ئەگەرچی لەو غەزەڵەی حافزە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، لاسایی کردووەتەوە بەڵام لەم رووکردەدا، هەڵگری پرۆسەی (جەمسەر) ئیستعارە (خوازە) نییە . بەڵام کۆپی مۆسیقای دەرەکی و پاڵەکی غەزەلەکەی حافزە. تەنیا وێنەی بەرچاو لەم غەزەلەدا، بۆ ڕێسا گوریزی لە لۆژیکی زمانی خودکاری (شیب، پیری و شباب، لاوی) دژکاری وێنە، و لێکچواندنە (شوبهاندنی خۆی بە زێڕی قاروون ) ...

**ئاستی هزری:**

ئەدۆنیس دەڵێ : **شێعر ئیستاتیکای بوونە**. بەڵام:

١- لە روانگەی هزرییەوە، شێعرەکانی مەستوورە کاردانەوەی ئیستاتیکای بوون و بۆن و بەرامەی سەردەمی خۆیان پێوە دیار نییە. مەستوورە لە مێژوودا دەکەوێتە نێوان دوو قۆناغی هەرە هەستیاری قوتابخانەی ئەردەڵان و بابانەکانەوە، کە ئەم دوو مێرنشینە هەم لە بواری ئەدەب و هەمیش لەبواری سیاسیدا لە تەنگ پێهەڵچنین و ململانێ و پاڵەپەستۆکی یەکتریدا بوون. کە ئەم دیاردە، لە سەروسیمای بەرهەمی ئەدەبی هەندێ لە شاعیرانی ئەو دەمەی سێ کوچکەی بابان، وەك نالی و سالمدا دیارە:

**کەڕ و فەڕ با کەم بکا، (والی) بە فەوجی (چێش کەروو)**

**پشت بەندی لەشکری وەندات و جافان هاتەوە**

والی مەبەست والی ئەردەڵانەو (چێش کـەروو)یـش مەبەسـت دیـالێکتی هەورامیە کە لـەو کاتـەدا زمـانی پێـوەری ئـەدەبی مێرنشـینی ئـەردەڵان و جوگرافیای تری کوردستانیش بووە. تەنانەت نـالی شـارەزووری، لەسـەر ئەم دژبەرییـە سیاسـییە و کاردانـەوە سـەلبیە، خەونامـە هەجویـەیکی بـۆ مەستوورە نووسیوە و وێڕای خاڵەسەلیی و نەرێنیـەکانی بـەزمانی گاڵتـە و لاقرتێ، دان پیانانە بە کاردانەوەی کەسێتی بەرزی ئەدەبی مەسـتوورە لـەو سەرووبەندەدا:

**مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ**

**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێك و عیتابێ** ... دیوانی نالی، ل: ٦٠٥

ئەم دان پێنانە لـە لایەن نالیەوە، فاکتێکە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە تـەنیا گوایێ مەستوورە بە شاعێر ناسراوە. مەسـتوورە ئـەدیب و مێژوونووسـیش بووە. شاعێریەکەیشی زۆرتر لــە بەسـتێنەی قوتابخانـەی فارسـیدا بـووە تـا وەکوو کوردی. لە بنەماڵەی دەسەڵاتدارانی گوێ لەمشتی قاجاریەدا بووە و لـەژێر سەیتەرەی قوتابخانەی گەڕانەوەی ئەدەبی ئەو دەمەی »نێشات« ی ئەسفەهانی و هەڤاڵانیدا. بۆیە فورم و ناوەڕۆکی شێعری ئـەم شـاعیرە لــەو هێڵەئەدەبیەدا ڕسکاوە.

٢- سوبژێکتی ئەو شاعێرە وەکـوو شـاعێرانی ئـەدگاری ئـەدەبی عێراقـی تەجەلی نگەر و بڕیاردەرە. هەموو ئارمانجە دڵخوازیەکانی خۆی لە سیمای مەعشوقی ئارمانی و ئوتوپیای سۆفیانە و تئۆکراتیانەی ئەو ڕێبازە شـێعریەدا دەبینێتــەوە. لــەم رووکــردە فیکریــە ئەریســتۆکراتی نێرینەســالارانەی مەستوورەدا، زمانی نەتەوەکەی کە دەبێ لە ناخوداگای زەینیـدا مابێتـەوە،

لە پێناو ئەو ئارمانجەسیاسی و سۆسیاییە زاڵەدا پووکاوەتەوە و نایێتە سەر شاشەی ڤەشان و نواندن و رسکاندن. تەنانەت بە پێی زاڵێتی قوتابخانەی گەڕانەوەی ئەدەبی فارسی، جگە هەندێ نۆستالۆژی تاکی و خێزانی، هیچ چەشنە دیاردەی سیاسی سەردەم و کێشە سۆسیاییەکانی کۆمەڵگەی رزیوی قاجار لە نوخبەگەرایی وێنە شێعرییەکانیدا نابینین. نە تەنیا مەستوورە، بەڵکوو لەرووکردی هیچ شاعێرێکی گەڕانەوەی ئەدەبیدا، ئەم دیاردە نابینرێ و خراوەتە بۆتەی فەرامۆشیەوە.

٣- شێعرەکانی مەستوورە، زادەی نۆستالۆژی دەروونی تاکی و دەربڕینی شین و لاواندنەوەیە بۆ خەسرەوخانی ناکامی هاوسەری. لە غەزەلەفارسیەکانیشدا، پاڵەوان و کاراکتێرەکەی، زۆر ئاساییە و زەمینی و... یە. چوون ئەزموونەکانی لە بەستێنەی لاساییکردنەوەدا رسکاون، نەیتوانیوە ئیدەئالێك وەك مەعشووقی حافز، بەرز و ئوستورەیی و ئاسمانی پەروەردەی بکات.

## سەرچاوەکان:

١- دیوانی مەستوورەی کوردستانی، سدیقی سەفیزادە، انتشاراتی امیربهادر، ١٣٧٧
٢- دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕێس
٣- دیوانی نالی، عەبدولکەریمی مودەڕێس و فاتحی مەلاکەریم
٤- لسان الغیب، حافزی شیرازی، پژمانی بەختیاری، انتشارات ئەمیرکەبیر، ١٣٦٢
٥- کلیات سبك شناسی، د. سیروس شمیسا، انتشارات فردوس، ١٣٧٢
٦- سبك شناسی شعر فارسی، د. س. شمیسا، انتشارات فردوس، ١٣٧٤
٧- ازصبا تا نیما، د یحیی ارین پور، ج. ١ ، انتشارات فراتکلین، تهران، ٢٥٣٥
٨- نقدادبی، د. عبدالحسین زرین کوب، ج. ٢ انتشارات امیرکبیر، ١٣٦١
٩- مجله فرهنگ و توسعه، ژ. ٣٧-٣٨ ، اسفند ماه ١٣٧٧
١٠-گۆڤاری سروه، ژ. ١٠٩-١١٠ ، گەلاوێژ- خەرمانانی ١٣٧٤

# هەرێمی
# ئەفڕاندن و خەیاڵ و
# چەند تێبینی یێك
# لەسەر نرخ ناسی هونەرەکەی مەولەوی

زمـان چ لــە ئاسـتی ئاسـایی ئاخـافتن دا و چ لــە دانوسـتاندنی دابـی هونەریدا، رۆلێکی کاریگەر بۆ مرۆڤ دەبینێ . زمـان لــە ئاخـافتنی ئاسـایی مرۆڤدا بۆ حاڵی کردن و بەرەو پـێش بردنـی نیـازە دەرەکییـەکانی ژیـانی دەوروبەر بەکار دەبرێ. بێ گومان ئاخێزگەی ئەم چەشـنە زمانـە، لەگـەڵ ئەو مەدلوولانە رووبـەڕوو دەبێتـەوە، کـە لــە ژیـانی ئاسـایی و ئافـاقی و سەرزارەکەی مرۆڤدا دەورووژێـن، و بـاس لــە چـەمکی ژیـان و جیهـانی دەورووپشت ئەکەن کە مرۆڤ رۆژانە بـۆ وێنـاکردنی ئـەم دیاردانـە خـۆی تەنگەتاو دەکات و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بەم هەڵسووکەوتە بە زمـانی خودکاری و ئاسایی و قامووسی دەردەبڕێ . بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە مرۆڤ و بە قووڵایی هەناو و ناخیدا رۆبچین، دەبینین تـەنیا لایـەنێکی ئەم بوونەوەرە ، بە زمانی قاڵ و سەرزاری و رووەکـی و رواڵـەتی لەگـەڵ دیاردەی ژیان و سروشت و مرۆڤەکانی‌تردا دەدوێ و هەڵوێست دەگرێ، لایەنێکی تری مرۆڤ کە لایەنی ویژدانی و هـەناوی و نـاوەکی و شـهوودی نەستی مرۆڤە، زمانی هەنجاری و قامووسـی و سـەرزاری و دەسـتە بـژێری

ناتوانیٚ ، لەم پانتاییــە بەرینــە بقۆزیٚتــەوە و تــەژی بــەم دۆخــە دەروونــی و حاڵەتە رۆحانی و ویژدانی‌یە بدویٚ و مانا و واتای تەجربەی و ئەبســتراکتی بخولقیٚنیٚ.

ئەگەرچی سروشتی مرۆڤ بە گشتی ، دەتوانیٚ ئاوا بەو دو شیٚوە زمانییە: ئاسایی و شهوودی ـ لەگەڵ دیتران و سروشتی دەوروبەر و چــەمکی ژیــان دیالۆگ بکات و لەگەڵ خۆی و دیاردە نهیٚنییەکان و حاڵەتە شــهوودی و لاشعوورییەکانی خۆی مونۆلۆگ بکات ، بەڵام بــە چــاوکردن لــە پــۆلیٚن بەندی مرۆڤ بە ئاسایی و هونەرمەند لەم رەوتەدا ، مرۆڤــی هونەرمەنــد بــە پیٚی ئەو چیٚژە تایبەتی و هەناوی و شــهوودییە کــە هەیــەتی ، زووتــر و بــە گورتر لەو دیاردە دەرەکی و ئافاقی و کەونییەکانی سروشت ، هەڵوێست دەگریٚ و مەتــەریٚز دەبەســتیٚ، بــۆ راو کردنــی چــرکە ســاتەکان و ســرتە نهیٚنییەکانی زەمەن و تەجروبە بزۆزەکانی تاکی خۆی کە لە دانووســتاندنی شــاعیٚرانەدا بــۆی هەڵدەکــەویٚ و بــە بیٚــژنگی زەیــن و هــزری هونــەری (کــەو)یــان دەکــات و دەیکــا بــە فەرایەنــدی زەیــن و مانــا راســتی و قامووسیەکانی زمان ئاوەژوو دەکات لە قاوغی شیٚعر و تەشکی هونــەردا ، دەریان دەخات و بەرجەستەیان دەکات .

لەحاڵەتی لەدایك بــوونی دەقــی شــیٚعر، ئــەو دەقــە لــە دەســەڵات و سەیتەرەی دانەر دەردەچیٚ خۆ بۆ خۆی کەسایەتی سەربەخۆ پەیدا دەکا و خودی دانەر دەبیٚ بە خویٚنەریٚك لە خویٚنەرانی ئەو دەقە . نە خودی دانــەر و نــە خویٚنــەری ئاشــنای دەق ، نــاتوانیٚ بــە زمــانی ئوتومــاتیکی، دەقەکــە بخویٚنیٚتەوە و تیٚگەیشتن و مەبەستەکانی خۆی لیٚی هەڵیٚنجیٚنیٚ بەڵکوو لــەم روخسارە ئەدەبییەدا ، زمان دەبیٚ بە کرداریٚکی (کنش) هیٚرمنــۆتیکی، کــە تیٚدەکۆشیٚ بۆ تیٚگەیشتن لــە دەقەکــە ، دیــالۆگ ( تأویــل ) بکــات . لــەم رۆهەڵچوونەدا ، زمان لــە جیهــانی دەقەکــە ، ئاســۆیەك دەخــوڵقیٚنی کــە

خوێنەر دەگاتە واتای دەقەکە و مەبەستێك لە مەبەستەکانی دەقەکە لێ هەڵدەگۆزێ . تازە ئەمە مەدلوولێکە و ڕەنگە چەندها مەدلوولی تریش بە دالەکە ئیرجاع بدرێتەوە. دەق کە بە جیهانێکی بەرین دەژمێررێ و پێکهاتەکەی بریتییە لە ئاسۆگەلێکی جۆراوجۆر و فرەچەشنی و پەردەق و پەڕ مەدلـلول. خوێنەر تەنیا لە ئاستی برشتی زمانەکەی خۆیدا ، ئاسۆ دەکاتەوە ، و تەنیا لە مانایەکی تێ دەگات و لەو دەریایەدا ، مەلە و چەمکی تایبەتی خۆی موتوربە دەکات .

«ویکتۆر ئێشکلۆفسکی V . Shklovsky» فۆرماڵیستی ڕووسی، دەقی شێعر بە«قیامەتی واژە و هەستانەوەی زمان» دادەنێ . لە زمانی ئاسایی و قامووسی و سەرزاری دا وشە ، تەنیا ڕۆڵی تیگەیشتن و تێگەیاندن دەبینێ و مەبەستە ئاساییەکانی ژیان ڕاگوێز دەکات بەڵام لە زمانی هونەریدا ، لە دۆزینەوە دەڕوا بۆ ( کەشف ) و لە حەز کردنەو دەڕوا بۆ »چێژبەخشی« لە هەستەوە دەڕوا بۆ ئاستی»شهوودیت« .

«قیامەتی واژە» بە وتەی «ئێشکلۆفسکی» لە زماندا، لە ئاساییەوە بۆ هونەری، لە وەستاندنەوە بۆ بزاوتویی و دینامیزم ، تەنها بە«ئاشنایی سڕینەوە و ڕێساگورێزی» لە ڕوخساری واژەوەدا دەچەسپێ و دێتە سەر ڕەوتی لۆژیکی هونەری و دەقی شێعری . لەم ڕەوتە هونەرییە و دابەزینیەدا وشە و زمان بە قەدرێك پیرۆز دەکرێ کە لە پاڵ خوادا دادەنرێ و تەنانەت بە خودی خوا دەشوبهێ و ئەم پیرۆزگەرایی و تەقدیسە بۆ وشە ، لە دەقە ئایینی و ئاسمانییەکاندا بەرەی ڕاڤە و تەئویل و تەفسیری بۆ کرایەوە و ئەمڕۆ بە زانستی «هێرمنۆتیك» نێو دیر دەکرێ و ڕەهەندەکانی تر ڕاڤە بۆ دەقەکان لەسەر ئەم چەشنە لۆژیکە دەکرێتەوە و تیۆرییە ئەدەبییەکانی سەردەمی پێی دەڕازێتەوە .

لــە تیــۆری ئەدەبیــدا ، بیرمەنــدانێك وەكــوو : «یاكۆبســێن» و «ئێشكلۆفسكی» و «رۆڵــان بــارت» و «ســارتر» و «هۆڵــدێرلین» و ... توانیان زمان لـە راگەیاندن(رێسانە)یـی کردنـەوە، راگـوێز بکـەن بـەرەو ئاسۆی هونەری و رۆڵی زمان بەرجەستە بکەن و دیاردە زمانییـەکان لـەو هەرێمەدا زەق بکەنەوە.

زمانی کوردی لـە نێو زمانە هێندوئێرانییەکاندا، لـە پێکهـات و بنـەما و واتادا، خاوەنی گەلێك دەسەڵاتی جەوهەری و هەمە لایەنەیە، ئەم هەوێنە جەوهەرییە کە هەیەتی پیت و بزوێن و مـورفێم و واژەکـانی کاتێـك کـە دەچنە نێو زنجیرەی پەیڤ و نویسارەوە ، جووڵـە و بـزاوتن و دینـامیزمێکی تایبەتی(نەغمە، کرکە) بە خۆیانەوە دەبینن. بە تایبەت لـە زمانی هونەریـدا، دەبنە هەرێمی هێرمنۆتیك و مەنشوورێکی چەن واتـایی و فـرە مـەدلوولی دەخولقێنن ئەویش لـە وڵاتی شێعرستان و دارسنەوبەری واژەدا .

## وشە و مێکانیزمی وێنە

ئەرکی سەرەکی شاعێر لـە هەمبەر ئەفراندنی شێعردا، یانێ هەوڵدان بۆ دەســتەوەدانی پرۆژەیــەکی نـۆژەن و دەرخســتنی هێمــا و شــەقڵی ژیــان و دەست هاوێشتن بە رەگ گەل و سەرچاوەگەلی موتیڤە هاوبەشەکانی ژیان و وێناکردنیان وەك نرخ و بەهای ئەدەبی–هونەری. لێرەدایە کە وشــە لــە پانتایی داهێناندا، نرخ و بەهای دەدۆزێتەوە و بە یەك واتا، هونــەری شــێعر لـە دایك دەبێ. جیـاوازی ئەفرانـدنی و داهێنـانی شـاعێری «ئەوسـا» و «ئێستا» هەرلـەم چەشنە روانین و دانوستاندنە ئەدەبیەدایـە بـەرەو مـوتیڤی ژیان و سروشــت و بــە واقیــع کردنــی فــەنتازیا و چرکەســاتە مۆنۆلۆگــە خورپەییەکان.

نیگای شـاعێری ئەوسـا ئوسـتووریزەکردنی واقیعـەکان بـووە، بـەڵام هەڵویستی شاعێری ئێسـتا رێئـالیزەکردنی چـەمکە ئوسـتوورەییەکان و دڵ سپاردن بە سروشت و کۆمەڵگا و سازش دانی واقیع و فـەنتازیا لـە سـەر رەوتی لۆژیکی داهێنان و مکانیزمی ناوەرۆکە. بەقـەولی شـاعێری فـارس: «ئیتر کاتی ئەوە بەسەرچووە کە مەستانە دانە سپیلکەکانی ئـافرەتی جـوان هەڵـلووشین، شاعێری ئێستا هەم جوانی دەگمـەن و سـێحراوی لـەو دانـە سپیلکانەدا، دەبینێ و هەمیش لـە لچی ناقڵۆکار، بەڵام خوازمەندا».

**وێنە بەگشتی بەسێ جۆر دابەش دەکرێ:**

١- وێنـەی تـاك ڕەهەنـد: وێنـەی تـاك هـەمان ، چەشـنی سـەرەتای سەرهەڵدانی وێنەیە و قۆناغی یەکەمی رەوتی خەیاڵی شـاعێرانەیە لـە کارگەی شێعردا:

ژیـان چ بێبـاك/ قاچـی ناوەتـە سـەر قـاچ و / لـە بانیـژەی مـاڵی قومرییەکانەوە / لـە پیاسەی نابەدڵی ئێمە دەڕوانێ /... دڵاوەر قەرەداغی

٢-وێنـەی لێکـدراو: کاتێکـە کـە تـوخمی خـەیاڵ لـە روخسـاری شێعرەکەدا دەچەسپێ و وێنەکە دوو رەهەنـد پـەیا دەکـا و واتایـەکی تری مەجازی (مێتافۆڕ) لـە دایك دەبێ کە توخمەکـە دیـالێکتیکی دوو لایەنە دەگرێتە خۆی:

ئەوە پەڕەسێلکەیە وا ئەفڕێ / یا خود قیژەی رەش و سپی دایکمە

ئەمە قسەی منالێکی هەڵەبجەیە کە نیو دەققە پێش ئەوەی رووی کوێر بێ

( شێرکۆ بێکەس )

٣-وێنەی کۆڕەهەند و بارست ( حەجم ) ـ ئەویش کاتێکە کە شاعێر وێڕای دوولایـەنی وێنـەی پێشـوو، لایـەنێکی تـر لـە هـەوێنی خـەیاڵ بـە وێنەکەوە موتوربە دەکات و لـە نێو دڵی هەمان وێنەدا ، وێنەیەکی تـر لـە

پێناو هەمان مەبەست و چەمکی شێعرەکەدا ، دەخولقێنێ کە دەبێتە کۆمەڵە وێنەیەك لە بارەی کارەساتێکەوە یان وێناکردنی تابلۆیەك لە رووبەری کۆمەڵگە:

گەردنی شێعریێ/ گەردنی دایکم/ گەردنی وڵات/ هەورم پێچایە یەکەمیان/ بووبە بە هەفتەی ئاوازبارین/ عومرم پێچایە دووەمیان/ بووبە مانگی ئەوین بارین/مێژووم پێچایە سێهەمیان/ بووبە ساڵی / خەمبارین و / زامبارین و / شەهید بارین.

ـ یان: ئازادییم ئەوەندە برسییە / لەتاو نان /ئامبازی مانگی ناو شێعرم بووە / فڕاندی و کەرتی کرد / لەوساوە شێعری من / شەوانە کە هەڵدێ / کەل بووە و نیوەیە/ ( شێرکۆ بێکەس ) شیعرستان ژمارە ١ – ١٩٩٩

لەم شێعرە فارسییەدا، کە وێنەیەکە بۆ وێناکردنی دنیای »پەڕمۆدێڕن« و دەسەڵاتی تەکنۆلۆژی و ژێردەستی مرۆڤ(سنجاقك) لە سایەی چەقۆ(تۆخمی زاڵ) و غەفڵەت چوون(بەخواب رفتن) و گەیشتن بە ئارەزووەکانی (دو باز جوان):

در سایە چاقو/ سنجاقك خواب رفتە است/ با رویای دو باز جوان/ در پرهایش/ شمس لنگرودی– جشن ناپیدا

## وشە و ئاشنایی سڕینەوە ( نامۆ کردنەوە )

کاتێك لە هەرێمی » ئاشنایی سڕینەوە « و » قیامەتی واژە « و رێساگورێزیدا، مامۆستا بێسارانی بە زمانێکی سانا بەڵام هونەری و تەجریدییەوە، بە کەرەسەی »حەماسەت« و ئێپیکەوە ، وێنە و تابلۆیەکی لیریك(غنایی) و رۆمانتیك دەخولقێنی کە نەیارەکە ، دو هێلالی قەوسی سیای یارەکەیە و ئەویتر دڵی بێسارانی ، کەوەك کەمانداریێ وەستاوە و سەرڕاست بە تیری موژە ، هەناوی شاعێر دەپێکێ و لە خوێندا دەیگۆزێ.

دەس دا ، نەدیدە شۆخی شەڕەنگێز
ساوا بە سەوهان، پەی داوای هوون ڕێز
دوو هیلال قەوس سیا، کەرد پەیوەست
فاقەی گیر و گاز شەستی سەرپەل بەست
پای چەپ وست وەپێش، ڕاست نەجا موحکەم
چەپ کەرد وە ستوون ڕاست ئاوەرد وەهەم
هەر ئەوسا زانام، دڵ جە دەرووندا
پەخشا و پەخش بی، ڕێزا بە هووندا

ڕەنگە لە ئاستی قابلییەتی زمانیدا و نرخاندنی دیاردە زمانییەکاندا، دیالێکتی گۆران (١) کەم وێنە بێ. ئەم دیاردە زمانیە بە توێژینەوە و تاوتوێ کردنی کەرەسە و ئامرازی زمانی گۆران و نرخاندنی روخساری هونەری و واتایی و فرە چەشنی لە ئەفراندنی شێعردا ، دیارتر و بەرچاوتر دەچەسپێ .

بە چاوی هونەری و چێژی شهوودی و ناوشیارییەوە بڕواننە ئەم تابلۆیە کە دیمەنێکە لە زستان و «مامۆستا مەولەوی» چۆن مانای قامووسی و رواڵەتی لە دیاردە سرووشتییەکان ئەستاندووە و بەرەو هەرێمی فرە چەشنی و روخساریی هونەری ڕاگوێزی کردون:

زوسانەن وەی ڕەنگ وە گەردوون یاوان
گێجیای لوول گێج کلێڵەی کاوان
بەنا باشی بورج بەرزە دیاران
سفید کاری کرد تاقچەی موغاران
چ شیرین زەڕگەر تۆف هەوای سەرد
گۆشوارە نەگوش نەونەمامان کەرد
پەی نیگای باڵای مەحبووب بێگەرد

یەخ ئاینە گرت، تەم چارشێو ئاورد ( دیوان ل ٢٩٨ )

لە دانووساندنی نامۆ کردن و ئاشنایی سڕینەوەدا ڕەنگە مامۆستا مەولەوی سەنگی تەواوی نابێ و لەم دابە هونەرییەدا گەیشتبێتە لووتکە ـ (٢)

**وشە و فرە مەدلوولی**

لە وڵاتی شێعردا ، وشە مانا سەرزاری و قامووسییە هەوەڵییەکەی خۆی لە دەست دەدات و وێڕای ئەم مانا ، ماناگەلێکیتر دەدا بە دەستەوە و وشە، شوناسە (٣) و ناسەیەکی تر پەیدا دەکات ئەگەر وانەبێ ، چەمکێك بە ناو ڕەخنەی فەنی لە بەستێنەی ڕەخنەی ئەدەبیدا سەر هەڵنادا و خوێنەریش ، لەو دەقە بە چاوی مردوو تماشای وشە دەکات نەك چاوێکی هونەری و هێرمنۆتیکی و فرە مەدلوولی ، جەوهەرەی شێعریش هەر لەم چەشنە روانینەدایە. وشەی »غونچە« و کایەی زمانی و چەسپاندنی فرە واتایی لەم قامووسەدا :

«غونچە دڵ» بوونم لە حەسرەت لێوی تۆیە «غونچە دەم»
«غونچە» کەی تۆ مەر شیفا دا «غونچە»کەم ئەی «غونچە»کەم
سینە چاکم وەك گوڵ و دڵ پڕ لە خوێنم «غونچە» وەش
بێ گوڵی روخسار و غونچەی لێوەکەت ، قوربانی بەم

دیوانی مەحوی ل ٢٣٨

یان چەشنی خوێندنەوەی مەولەوی لە وشەی » عەین « :

سەر وە بان «عەین»، «عەینم» خەم وەردەن
هوون چوون چەشمەیی «عەین» نە «عەین» سەرکەردەن
یەند دەرد ئاهم «عەین» کەردەن بێ نوور
وەختەن هەشت کەم بۆ نە پەنجەی مەشهوور

دیوانی مەولەوی ل ٣١٥

**وشه و دەلالەتی مۆسیقایی**

لە هەرێمی شیعردا، کاتێك دەتوانین بڵێین «وشە» لەم هەرێمەدا، ناسەی هونەری و ئاشنایی سڕینەوە بنەمای جوانی ناسی و دەروونشیکاری و بەرجەستەیی، بە خۆیەوە دەگرێ کە دەنگەکان و بڕگەکان و وشە دووپات کراوەکان لەگەڵ مەبەستی دەرەکی و ناوەکی شاعێر و واتاکەی تەبا بن و هارمونیایەکی روەکی و ناوەکی لە تەوەرەی هاونشینی و جێ نشینی دا ( هەمیش ئاسۆیی و ئەستوونی ـ افقی و عمودی ) بخوڵقێنن .

«نالی» لەم غەزەڵەدا، مۆسیقای دەرەکی (کێش)ی لەسەر (مفاعیلن) داناوە، باکگراوەندی پەیامەکەی، چەشنێك لاواندنەوە و دەربڕینی دەرد و کەسەر و گریان و هاوارە بۆ یارەکەی کە رووی کردوّتە قیبلەگای عەشق بە دوو پات کردنەوەی «بێ تۆ» لە سەروای شێعرەکەدا (موسیقای پاڵەکی) ویستوویەتی ئەم دەرد و ژانە بەرجەستە بکاتەوە و بە هاوردنی وشەی «تۆ» سوکنایی بدات بە رۆحە پڕ سۆزەکەی . نەرم نەرم لە گەڵ دڵدا مۆنۆلۆگ دەکات.

نە مردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ
دەروونم خاڵییە وەك نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ
بینابیم کوێرە ، هەڵنایێ بە رووی کەس
موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بێ تۆ ...
هەتا تۆم ئاشنا بووی ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ ...
لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی » نالی «
دوو جۆگە ، بەڵکوو دوو رووبارە بێ تۆ        دیوانی نالی: ل ٣٨٤

یـــان لـــــەم شـــێعرەی بێســـــارانییەدا ،بـــە هـــــاوردنی «ك م» دەنگی«کەوکردنی» خەرمانی خەم و کەسەر دەبیسین و دیاردەی «خـەم» زەقتر و بەرجەستەتر دەبینین :

بە کەم، کەم کەردم، بە کەم، کەم کەردم
کۆکۆ کۆی خەمان بە کەم، کەم کەردم
پەی پەی پەیاپەی هوونی دڵ، وەردم
مەن مەن مەنامەن داخ وە گڵ بەردم

یان چەن پات بوونەوەی ( ن ) لەم شێعرەی شێرکۆدا بـۆ بەرجەسـتی ناوەرۆك و بیرخستنەوەی «نان» :

مەلی وشەم / نە بە بێ نان / پێ ئەکەنێ / بۆ ئاسمان و/ نەبێ ئاسمـانیش گۆرانیی / ئەڵێ بۆ نان/ شیعرستان، ل ١١٩

یان لەم دێڕەدا، مەولـەوی بـە دووپـات کردنـەوەی «ه س» روانـینی مەخموورانەی یارەکەی بەرجەستە دەکات کە ئەنگوست دەنێ بە دەمیـەوە و بەو نیگای مەستانەوە ، «ه س»ی لێی دەکا و عاشـق ، ئەگـەریش، زۆر رۆحانی و پارسایش بێ ناتوانێ لە بەرامبەر ئەو نیگایەوە، خۆی لە دەسـت نەدات و تەسلیمی چاوی پڕ مەستی و مەخمووری ئەو نەبێ .

نەرگس وە مەس مەس مدیۆ، کێن ئەو کەس
گۆشەی چاك دڵ وەر نەدۆ جەدەس (دیوانی مەولەوی ل ٤٥)

شێعریشمان هەیە وشە و دەلالـەتی مۆسیقایی پێکەوە تەبا نین و رەنگە شێعرەکە تەوزیفی ناخی شاعێر نەکات.

**وشه و بەرجەستەیی سەروا**

«تئودۆر دۆ باندێیل» سەروا بە بزمارێك دەزانیٚ كە ورووژمی شەپۆلی خەیاڵی شاعێرانە مەند دەكاتەوە. «نیما» شێعری بیٚ سەروا بە مرۆڤی بیٚ ئێسك دەزانیٚ . «مایا كۆفێسكی» دەڵیٚ : سەروا «چەفت و بەستی» شێعرە.

موسیقی شعر– شفیعی كدكنی ل ٤٥

هەروا ، لە هەر ئەزموونی شێعریدا، چ لە ئاستی نەریتخوازی و كلاسیكدا، چ لە نوێخوازی و مودێرن و پۆست مودێرندا، فەلسەفەیەكی تایبەت بە خۆیەوە هەیە، مەگەر ئەوەی كە شاعێر، خاوەنی روانگەی هونەری و دیاردە ناسی و جوانی ناسی شاعێرانە نەبیٚ و بە زۆر خۆی كردبێتە شاعێر. ئەگینا وەك مۆسیقای پاڵەكی بۆ شێعر و هاورێتی پەیام و مۆسیقا پێویستە. ئەگەر لە بزاوتنی شێعردا شاعێر بە چەشنی خورپە و ئیلهام –نەداسەپاوە ئەنقەست – سەروا، دابەزێنێتە نێو تان و پۆی شێعر، دەبیٚ مەبەستێكی واتایی و ختووكەیی هەبێت ئەگینا وشە كە بایەخێكی نیە و خوێنەریش بە پێی چێژ، دەتوانیٚ وشەكە لابات و كەلێن و بۆشاییش بۆ هارمۆنیای شێعرەكە درووست نەكات و وشەیەكی تر دابنێت لە حاڵێكدا لە هەرێمی خەیاڵی شاعێرانی داهێنەردا، وشە بۆ سەروا كاركردی تایبەتی و فەننی هەیە و خوێنەر ناتوانیٚ بە چێژی تاكی وشەكە لابات چوونكای بۆشاییەكی جەوهەری زمانی لە زنجیرەی شێعرەكەدا پەیدا ئەبیٚ :

لەم شێعرەی فێردەوسی دا ، بزوێن(ئە) و پیتی م ( – م ) ی لە وشەی«رستم و نیرم و منم» دا هاوردووە و ( –م ) ی ئەم وشانە كە بە رواڵەت لە گورز دەچیٚ ، پەیتا پەیتا دەیهاویٚ و دەیكوتیٚ بە سەر نەیارەكەیدا :

بە گیتی چنان دان كە رستم منم
فروزندەی تخم نیرم منم

نگە دار ایران و توران منم

بە هەر جای پشت دلیران منم ( شاهنامە )

بێسارانی لەم دوو دێڕەدا : بە ( دەروون ) و ( گەردوون ) و ( نار و هاوار) کەسایەتی هونەری بەخشیوە و هەر چوار واژەکە، تەوەرەی پەیامی شێعرەکەن، بە هەڵکەوت و تەنیا بۆ ریزی هۆنینەوە و سەروابەندی نەیهێناون بەڵکوو دابەزاندنیان، باس لە فۆڕگراندێکی ( بەرجەستە نومایی) شێعرەکە ئەکەن :

ئیمشەو ئایرێ گڕ بەست «نە دەروون»

بڵێسەش یاوا وە سەقف «گەردوون»

جە گڕەی ئایر، جە بڵێسەی «نار»

سێتزام چوون بەرق ئاو کردم «هاوار»

لەم دێڕەی خوارەوە وشەی «سۆ» و «کۆ» لە سەر کارکردی هونەری زمان دابەزیون :

وەهار لەنجەشەن، رەژیا دیدەی «کۆ»

کەڵکەڵەی سۆزێ، دڵ وستەن وە «سۆ»

زەڕنەی ئاسۆ – رەوف مەحموودپوور

بەڵام لەم دێڕەدا، سەروای «هیتیار» تەنیا بۆ جووت بوون لەگەڵ «راویار»دا دابەزیوە، ئەگینا وشەکە زۆر ناقڵۆکار و ناتەبا دابەزیوە و هیچ پاساوێکی لۆژیکی مۆسیقایی بۆ ناکرێ :

نە دەشتی دڵدا، روێ بیم «راویار»

بی هام دەمی ڕا، ریش چەرمێ «هیتیار»

( زەڕنەی ئاسۆ ل (٥٩)

ئەم دێڕەی مەولەوییە، کە شاعێر بە دابێکی پڕ شکۆی هونەرییەوە بۆ دابەزاندنی سەروا لە «بەرز و تەرز» کەڵکی وەرگرتووە، کە بۆ کەسایەتی بەخشین و بەرجەستە کردنی، تەپ و دووی دووکەڵ هەناسە لە

دەلالـــەتی واژەی «بـــەرز» و بـــۆ دەلالـــەتی ڕێـــژەی زێـــدەبایی ناڵـــە و جۆراوجۆری دالی «تەرز» کەڵکی وەرگرتووە :

تەپ و دووی دووکەڵ هەناسەت «بەرز» بۆ
ناڵەت جە ناڵەم جە هەزار «تەرز» بۆ (٤)

بڵێی واژەگەلی «گـلاو و بـا و هـەتاو» لـەم شـێعرەی «شـێرکۆ»دا، هەڵکەوت دابەزین و یان لە گەڵ ئیلتیزامی دالەکە و واتاکەدا هـاتبێتن و ویستبێتی ڕێبردی سەلیی ئەو وشانە بۆ هۆکاری سەرنەکەوتنی بزووتنـەوەی «شێخ» بگەیەنێ : کە بەرجەستەیی ئـەم وشـانە، داهـاتێکن بـۆ کۆپلـەی دوایی شێعرەکە:

بابە ، بۆچی ئەسپەکەی «شێخ» / لە بناردا کەوت و «گلاو» / نەبوو بە «با و»/ بە برووسـکەو / سـەرنەکەوتە سـەر ترۆپکـی / پاشـە ڕۆژ و / شاخی هەتاو ؟ /... شیعرستان، ل: (١٢)

## وشە و هاوواتایی ( هێشوە وشە و نرخ ناسی بەیان )

هایدگر دەڵێ : «ڕەنگە جیاوازی نێوان زمانی ئاسایی و شـێعر ، ئـەوە بێ کە زمانی ڕۆژانـە، ئیـدیۆمی و سـەرزارەکییە، بـەڵام زمـانی شـاعێرانە شانەدار و تان و پۆ چنراوە».

ئەم بۆچوونەی هایدگرە ئەوە دەگەیەنێ کـە شـاعێر کەسـێکە توانـای چنینی زمانی هەبێ واتە کە وشە یان وشەگەلێکی واتادار و بزاوتوو کەڵك وەرگرێ کە هەم لە ڕوخساردا و هەم لە واتادا هاوچەشنی و فرە چەشـنی لـە بنەمای چنراودا بخوڵقێنن بە قەولی «شارل بالّی» کاری شـێواز ناسـیش وێناکردنی وشە هاو واتاییەکانە لـە هێلانەی کـاربردی زمانیـدا، واتـە ئایـا دەکرێ لەم بازنەدا جێ نشینیان بۆ بێنین و یان قوتاریـان بکـەین . یـان نـە ئەوەندە سرگ و بزێو و سڵۆکن کە ڕام کردنیان و خۆیی کردنیان بە هیچ

دابێك مەیسوور نیە بەڵکوو جـوغزی فەنتازیایـەکیان پێکهێنـاوە بـەو فـرە دەنگی و فرە مەدلوولیانەوە، توانیویانە واقیعەکان و دیاردە کەینوونییەکان بـە ئەندێشـە بکـەن و تێرمێـك لـە تێرمـەکانی هـەرێمی هونـەری و خەیاڵپەروەری بئافرێنن.

خەیام لەم چوارێنەی خوارەوە، وێڕای بەکار بردنی وشەی «گۆزە» و چەندپات کردنەوەی ئەم وشە و بایەخدانی بـە ئێرجـاعی دال و دەلالـەتی مۆسیقاکەی، تەنانەت لە زمانی گۆزەیش تێدەگات و دیالۆگی لـە گەڵـدا دەکات:

در کارگه کوزەگری رفتم دوش
دیدم دوهزار کوزه گویا و خموش
ناگاه یکی کوزه براورد خروش
کو کوزەگر و کوزه خر و کوزه فروش
این کوزه چو من عاشق زاری بوده است
در بند سر زلف نگاری بوده است
این دسته که بر گردن او می بینی
دستی است که بر گردن یاری بوده است ( رباعیات خیام )

لەم شێعرەدا :

بزانن چۆن نالی بە ئێرجـاعی دەنـگ ئامـاژەی وشـە، شـەپۆلی زەیـن دەورووژێنێ و بە خەیاڵێکی قـووڵی ڕۆمانسـیانەوە دارسـنەوبەری غـەزەڵ بەرز و تەلاری شێعری کوردی پڕشکۆ دەکات :

(هێشوە وشەی : زوڵف و خەم و تاب و دوود و سیە و عوود و خاڵ و دانە گەنم و سونبول و شەوبۆ و ... )

زوڵفت کە لەسەر ڕوو بە خەم و تابشە ئەمڕۆ
دوودی سیەهی عوودە لەسەر عاریزی پشکۆ

خاڵت چیه ؟ دانەی گەنمی جەننەتی رووتە
چاوت چیه ؟ فیتنەی حەرەمی قیبلـەیی ئەبرۆ
شەوبۆیی سەری سونبولی زوڵفت لـەسەری دام
ئێستەش سەرەکەم مەستە لـە بەر نەشئەیی شەوبۆ

دیوانی نالی ل (٣٨٦)

با ئەوە بزانین، کە شاعێری کلاسیك بە هۆی قەیدی کێش و سەرواوە لـە هەندێ شوێندا لـە پانتایی ئەفراندندا شەوقی بزاوتن و سەرکێشی زەیـنی کز دەبێ و ئەگەر ئـەم دیـاردە بەرهەڵـستکەرە لـەم بەسـتێنەدا نـەبوایێ، زۆرترغونچەی ئەندێشەکانی شاعێرانمان دەپشکووتن. بەڵام هەر ئەم دەقانە لـە حاڵیی حازردا بە پێی نرخناسی هونەری لـە چاو دەقە شـێعرەکانی تـری نەتەوەکان ، بە پێزترن و ئەبێ شانازی بە وانـەوە بکـەین. دیـارە ئـەوانیش تەجروبەی شێعری لاوازیان هەیە، ئەم دیاردە نابێ بە هۆکـاری» خەسـار و کەمتەرخەمی«و«سـەرنەکەوتنی»بـزانین (٥). بـە ڕای مـن ئەمانـە نەتـەنیا هەڵـەی زەق نادرێتە قەڵـەم ، بەڵـکوو پاساوێکی هونەری و نرخ ناسینیشیان بۆ هەڵـئەجێنرێ : ئەمە چەشنی بۆچوون و بێ چێژی و خوێندنەوەی ئێمەیە کە ناتوانێ ئەو جوانی ناسی و نرخ ناسیە زمانیە کە لـە چـنراوی شـێعردا هەیە فەهمی بکەین . شاعێر لـە پانتایی دنیای لاشعوور و ناوشیاریدا واژە و دەستە واژە و دەنگ و بڕگە و مۆرفێم دەست چـن دەکـات، بـێ گومـان شـاعیرێك وەکـوو مەولـەوی، لـەرووی دابـی هونـەری و دەسـەڵاتی شاعێرانەوە، دەقی شێعری خوڵقاندوە و بی فەلسەفە و رێبردی هونـەری و فەرایەنـدی زەیـنی، وشـەیەك ناخاتـە نـاو فۆڕماسـیۆنی شـێعرەوە. ئەمـە هەڵـەیەکی زەقە کە بڵێین شاعیر دەبێ بە جێی ئەم وشـە ئـەو وشـە بـوایێ جوانترە و ئەم رووکردە بە خەسار بدەینە قەڵـەم.

بڕوانن پەراوێزی ئەم وتارە : ژمارە ( ٢ – ٤ – ٥ )

یان ئەم پارچە شێعرە ، ئەو «هێشوە وشە کـاربردی» یانـە کـە شـارڵ باڵی ئاماژەیان پێدەکات کە چـۆن مەولـەوی توانیویـەتی لــە تـان و پـۆی چامەکەدا بیانچنێ و تەبایی رواڵەت و مانا بخوڵقێنێ :

هەوای زمستان خەمان بەتاڵەن
وەرو هەرد دەرد دەروون خاڵ خاڵەن
هاژەی تاف ساف شەتاوگەی شادی
سوب مەیۆ نەگۆش هۆش ئازادی
بۆی شنۆی شنیای تای چنوور شەوق
مدۆ نە دەماخ پڕ پەرداخ زەوق
کەیفم دا وەش دەستە وەستەی گوڵ
نەگۆشەی کڵاو، نە پای دەشت دڵ دیوان: ل ٥٣٤

وێڕای وێنەیەکی رۆمانسی و تەبایی لەگەڵ دیاردەی سروشت و نـاخی شاعێر لەم شێعرەدا، حوکمێك کە ئەم شیعرەی بەرجەستە کردووە تەبا و تەریب بوونی ئەو دەستە واژانەتە وەکوو :

هەرد دەرد دەروون ، خاڵ خاڵ ، تـاف سـاف ، شـەتاوگەی شـادی ، گۆش هۆش ، شـنۆی شـنیای ، دەمـاخ و پـەرداخ ، وەش وەش ، دەسـتە وەستە و ... کە کارکردێکی هونەریان بەم تابلۆ شێعرە بەخشیوە.

**پەراوێزەکان :**

١-مەبەستم لە شێوازی گۆران ئەوەیە:

خاوەنی قەواعیدێکی زمانی و دەستوورێکی سینتاکسییە ( چ لە ئاسـتی سەرف (گەرداندن) و چ لە باری نەحویدا ، وەك هەوێن بۆ زمانی کوردی.

خاوەنی مێژوویەکی کەلتووری و جوغرافیایی و تەنانەت سیاسی و ... لە سەردەمانێکدا.

خاوەنی سیستەم و نزامێکی فنۆتیکی ، فیلۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییە...
خاوەنی کارکردێکی کۆمەڵایەتیە واتە رادەیەکی زۆر لە مرۆڤ بەو زمانە دەئەخافێن.
هەڵگری هەندێ خاسیەتی شێوازناسی و پۆلێن بەندییان لە رەوتی مێژوودا.
کاتێك من باس لە سەر شێوە و شێواز و زمان و دیالێکتی گۆران دەکەم مەبەست روخساری زانستی زمان و واقیعی ئەو فاکتانەیە کە ئاماژەی خێراییم پێکرد، نەك رووبەری سیاسی زمانی یەکگرتووی کوردی و ...
رابێرت . ا . هاڵ لە کتێبی ـ زبان و زبان شناسی ـ دا ل( ٧ ) دەڵێ :
«ئینگلیسی و فەرانسە زمان بە ئەژماردێن ، یانێ خاوەنی دەزگایەك لە عاداتی گوتارین ، هەروەها کە ( اسکیمۆکان و هاتن تات )ەکان و .... هەرکام دەزگایەك لە عادەتگەلی گوتارین ... ئەم دو زمانە دەتوانن وەك زمانی فەرانسی و ئینگلیسی زمانێکی چاك بە ئەژمار بێن ئەگەرچی لەگەڵ ئەواندا جیاوازییان هەیە و ... پاشان دەلێ : « هەموو زمانەکان خاوەنی بایەخێکی یەکسانن، هەرکام لە ئاستی خۆیان ... » لە لاپەڕەی ٦٩ دا ئاماژە دەکات کە ئەمانە تەنیا پێوەری سەرەکین بۆ ناسینی زمان لە لایەن زمانەوانەوە :
سیستەمی دەنگەکان ( فۆنێتیکس ، Phonetices )، ڕێزمان Graammer و واتاناسی Semantices و روخساری زمان و ..... کە هەموو کوردێك دەزانێ ئەم تایبەتمەندییانە لە شێوازی گۆراندا، بە دی ئەکرێن بێ ئەوەی مەبەست ، خوا نەخواسە جیاوازی و یان ئاژاوەنانەوە و گەشەی ناوچەگەرایی بێ . بەڵام مەبەستی من ئەو فاکتانەیە کە لە شێوازی گۆراندا هەن و ئەمە نە تەنیا خەسار بۆ زمانی کوردی نییە ، بەڵکوو بە رای من بە کار بردنی ئەم چەشنە توێژینەوانە، بانگەشەیە بۆ

زمانی کوردی و ئەستووری پێوەندی نەتەوایەتی و پتەوی بینای شاکێلەی کەلتوویمان کە نەبڕاوەتر بێت. هەر لە هەمان سەرچاوەدا » رابێرت . ا . هالْ« دەڵێ: «سویس وڵاتێکە کە هاوشاریان و خەڵکەکەی وەك باقی خەڵکانی وڵاتانی تر ، لەوڵاتە بوومییەکەی خۆیان رێز ئەگرن و خۆشیان ئەوێ ، بەڵام بە چوار شێوازی جۆراوجۆر دەئەخافێن. ئەمە بەڵگەیەکە بە تەنیایی دەچەسپێنێ کە وێڕای نیشتمان پەروەری پارێزەری پێکهاتەی زمانەکەیانن». زمانی یەکگرتوویی کوردی بیرۆکەی هەموو کوردێکی دڵسۆز و ئەمەکناسە.

بڕواننە سروەی ٢٠٦ ، لاپەرە ٤٠-٣٨، هەڵویستی فەرشید شەریفی، لە هەمبەر وتاری خانەبەندییەك بۆ شێعری هورامی سروەی ژمارە: (٢٠١ )

٢- لە سروەی ژمارە ١٩٦ ی خەزەڵوەری ٨١ دا، وتارێکی بەنرخ بە ناونیشانی «خوێندنەوەی خەسارناسی لە شێعری مەولەویدا» لە لایەن کاك رەوف مەحموودپوورەوە لە چاپ درابوو. لەم وتارەدا ، بە دیدێکی ترەوە تیشك خرابوویە سەر هونەرەکەی مەولەوی کە لەجێی خۆیدا پڕبایەخە. بەڵام لە هەندێ شوێندا، هونەرەکەی مەولەوی بە خەسار وکەمتەرخەمی و هەڵەی زەق تاوانبار کراوە و گوایێ ئەمە لە شانی مەولەوی بە دوورە و پاساویشی بۆ نابێ . یەکێك لەو هەڵە زەقانە کە مەولەوی کردوویەتی ئەم دێڕەیە کە لە لاپەڕەی (١٤)ەی ئەو گۆڤارەدا، نووسەر ئاوا لێکیداوەتەوە:

نام نە سەر زوان شیرینش تاڵم

نام پەی خاترش گەردەن، خەیاڵم (ل ٢٩ )

نووسەر دەڵێ «گەردەن خەیاڵ» زۆر ناقلۆکارە . لە بازنەی (ناسیاوی سڕینەوە و نوێکاریش دا جێگای نابێتەوە . بە داخەوە مامۆستا مۆدەڕێسیش بە هەڵە، لێکیداوەتەوە و نازانم ئەو بۆچوونەی لە بەر تیشکی کام فاکت

و دیاردەدایە و ...جا بە باوەڕی من ئەبێ لە جێگای خەیاڵم کە تەنیا لە بەر ڕێك کەوتن لەگەڵ سەروای تاڵم دا هاتووە » زووخاڵم « دابەزێ و .... تاد «.

بە ڕای نووسەری ئەم دێڕانە، نەتەنیا ئەو وێنە ناقلۆکار نیە لە بواری ئاشنایی سڕینەوە دا مەولەوی سەنگی تەواوی ناوە. ئەمە چەشنی خوێندنەوەی نووسەرە کە شێعرەکەی ئاوا لێکردووە، بۆ چەسپاندنی ئەم مەبەستە چەند دێڕی پاش و پێش ئەو دێڕە بە تێکڕا دەنووسمەوە :

دڵ بێ ئارامەن دایم مدۆ چڵ
من هەر مواچوون پەی دڵ وەشی ی دڵ
من تاڵەم وە تام تاڵی تاڵ وەردە
گەرد بەدبەختیم وە روودا مەردە
نام نەسەر زوان شیرینش تاڵم
نام پەی خاترش گەردەن خەیاڵم
نەدارۆ تاقەت تەحریرم خامەش
مەپێچۆ تاقەت تەحریرم نامەش ل (٢ – ٢٨١ ) ی دیوان

–تاڵەم = تالیع ، بەختی من ، تام تاڵی = دیارە ماناکەی ، تاڵ وەردە = پێچ خواردن و گرێ خواردن و تاڵی خواردن

– » گەردەن خەیاڵ « بە پێچەوانەی کاك رەوف کە وا دەزانێ لێکدانەوەیەکی خوازەییە و گەردەن بۆ خەیاڵ . لێرەدا ئەبێ (گەردەن، خەیاڵم) بخوێنینەوە. دەڵێ : یان خەیاڵم بۆ خاتری ئەو گەردە ( گەرداوییە ) – خەیاڵ بە واتای » وێنە « ی شتێك ، چ زەینی بێ یان مادی – هاتووە . لە رەخنەی سەردەم دا «خەیاڵ» هەمان «ئیماژ» ە . بەڵام لە ئەدەبی کلاسیکدا«خەیاڵ» بە مانای «وێنە و سێبەر و نەخشی زەینی» هاتووە : حافز دەڵێ :

گفتم که بر (خیال)ت راه نظر ببندم
گفتا که شب رو است او ، از راه دیگر آید حافظ قزوینی ل ١٥٦
(خیال) نقش تو بر کارگاه دیده کشیدم
به صورت تو نگاری نه دیدم و نه شنیدم حافظ قزوینی ل ٢١٨

مەولەوی خەیاڵی به هەمان واتا لەم دێڕەدا هێناوه ، که زۆر به مەبەستەکه نزیکمان دەکاتەوه :

چوون چێهرەی (خەیاڵ) روخسارەکەی وێش
نەتۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ رێش
نمانا جەمین شای سۆسەن خاڵان
کەم کەم جەگۆشەی لای سیا ماڵان دیوان ل ٢٠٢

مانای ئەم چوار دێڕە ئاوا لێکدەدرێتەوه : شاعێر به شێوەی مونۆلۆگ و خۆدواندن لەگەڵ دڵەکەیدا ، دێته گۆ و دڵ خۆشی ئەداتەوه و دەڵێ: بزانه، (هەر له ئەزەلەوه ) بەختم به تام تاڵی هاتووه . گەردی بەدبەختی له روومدا نیشتووه ئەوەنده تاڵم ، ناوێری بمێ به سەر زمانی شیرینیەوه (که ناوم ببات) و تەنانەت خەیاڵیشم ناکات (وادەزانی سیمای من ئەوەنده ئاڵۆزه) به کردنی خەیاڵم، خاتری گەرد ئەیگرێ و (زویر دەبێ ) ... نەنامەم بۆ ئەنووسێ و نه یادم ئەکات ...

هاوردنی وێنەی «گەرد بەدبەختی» له دێڕی دووەمدا، بەڵگەیه بۆ چەسپاندنی ئەم بۆچوونه و رەفزی بۆچوونەکەی کاك رەوف .

ئەگەر به واتەی کاك رەوف «زوخاڵم» له جێی «خەیاڵم» دابێنین، چ واتایەکی جوانی ناسانه و ئیستاتیکانەی لێی هەڵەجێنرێ ؟ ئەم رەنگه باشترین دابی ئاشنایی سرینەوه بێ بۆ خەیاڵ .

بۆچوونەکەی مامۆستا مودەریس ئەگەرچی سانایه، بەڵام ئەم بۆچوونه هەمان لۆژیکی واتاکەیه.

٣-لە دەقە نووسراوە تیۆرەکاندا، وشەی «شوناس» زۆر بە کار دەبرێت. ئەم زاراوە رەنگە لە «رەهەندەوە» وەرگیرابێت و نووسەران و رەخنەگرانی ئێمەیش، بە کاری دەبەن و وەك ئیدیۆمێکی ئەدەبی تا رادەیەك چەسپاوە و جێکەوتووە. بەڕای من بنەمای ئەم وشە لە باری رێزمانییەوە ناتەواوە. ئەم وشە رەگە کرداری » شناختن و شناساندن « ی فارسییە و بە تەنیایی ماناکەی ناتەواوە . ئەبێ پاشگری ( ە - ) ی پێوە بلکێ تا ببێتە «شوناسە» تا واتای «هویت» بدات. تازە ئەگەر چاوگەی «شناسای» هەورامی مان قبووڵ بێت . ئەمە مەشرووعییەت ئەدات بە «شوناسە» ، نە شوناس . لە کوردی سۆرانی دا رەگی کردار لە «ناسین و ناساندن دا»، (ناس) ە نە (شوناس) ، ئەگەر لە چاوگەی کوردی سۆرانییەوە گیرابێ ، «ناس + ە » درووست ترە . کەوابوو لە هەر دوو بۆچووندا «شوناس» پاساوی نیە و «ناسە یان شوناسە» پێشنیاز دەکرێت .

٤-لەهەمان سەرچاوە سروەی ژمارە ١٩٦ دا ، وتاری خەسارناسی شێعری مەولەوی ل ١٥ ستوونی دووەم ، کاك رەوف مەحموودپوور ، ئاماژەی بە دێڕێکی تر لە مەولەوی کردووە کە گوایێ مەولەوی تووشی هەڵەی زەق بووە و وشەی «بەرز» ی لەو دێڕەی خوارەوەدا ، نابەجێ لە «سەروادا» داناوە و دەڵێ : «ئەگەر بەرز لەو شێعرەدا، بە مانای توندی نەفەس و گرفتی سیستەمی هەڵمژینی هەوا بێت کە بەرز وەها مانایەك نادات. بەڕای من ئەبێ لە جێگای بەرز، سەرد دابەزێ کە بە پێی دیاردەکانی شێعری کلاسیك و بە تایبەت- مەولەوی- بەجێگەترە».

کاك رەوف دیسان، نرخ ناسی هونەرەکەی مەولەوی بە خەسار گەیاندووە و خۆی تووشی هەڵەی زەقی تێنەگەیشتن و چەواشەکاری زمانی بووە .

لێرەدا نـە تـەنیا سـەروای «بـەرز» تـەنیا بـۆ ریزبەنـدی لای«تـەرز» نەهاتووە و هەڵکەوت نیە، بەڵکوو بۆ هـاوڕێتی و دەلالـەتی موسـیقایی و واتـایی چـنراوی فۆڕماسـیۆنی ئاسـۆیی شـێعرەکە دابـەزیوە . ئـەویش بـە لووتکەیی و زێدەرویی کردنی «تەپ و دووی دووکەڵ»ە هـەر وەهـا کـە «تەرز»ی بەو ریتمەوە هێناوە بـۆ چەشـنی بەخشـین بـە ناڵـە و دەلالـەتی رێژەی زێدەبایی ئەو مۆتیڤە . ئەگەر بـە وتـەی نووسـەر وشـەی «سـەرد» دابنێین ، ماناکە دەگۆڕێ و دژە واتا سـاز دەکـات و لـۆژیکی جەوهـەری شێعرەکە قووت دەدرێ . لە هەناسەی گڕینەوە ، تەپ و دووی دووکـەڵ ساز دەبێ نە لە سەردی هەناسەی بەستەڵۆکی . هیچ کات مەولەوی ئەوە ناڵێت.

٥-لە هەمان وتاردا کاك رەوف، لە هەندێ دێڕەکانی مەولـەویـدا بـە قەوڵی خۆی وتەنی ، هەڵەی دۆزیوەتەوە کـە لـە بازنـەی هێنـانی وشـەی هاومانادا، مەولەوی «تەنیا بۆ سوار بـوونی کـێش و ریتمـی شـێعری یـان کەمتەرخەمی، بووە و سەرکەوتوو نەبوە ..».

بۆ وێنە :

ئارەزوومەندیم جە حەد ویەردەن

«فراوان خەیلیێ» تاسەی تۆم کەردەن...

کـە گـوایێ «فـراوان» و «خـەیلیێ» هـەر یـەك مانـا ئـەدەن و کـۆ کردنەوەیان قسەیەکی بۆ کردن نیە .

بە بۆچوونی من نە تەنیا ئەم هێشووە وشە، هیچ چەشنە ناقلۆکـاری و ناسازگاری روخسـار و واتـا درووسـت ناکـات بـەڵکوو تـەنیا بەڵگـە و فاکتێکە بۆ چەسپاندنی رێـژەی زێـدەبایی مـۆتیڤی ئارەزوومەنـدی و تاسـە کردن و کاردانەوەی هەستی ناخـەکی. لـەباری رێزمانییـەوە ئاوەڵـواتـا بـە ئەژمار دێن. کە جەختێکی دووپاتکەرەوەیە بۆ زەقی پەیام و نـاوەرۆك، لـە

هەندێ بۆچووندا نووسەر لەم وتارەدا جێ نشینی بۆ خەسارەکان، داناوە. بەڵام لەم دێڕەدا نەیان گوتوە چ واژەیەك و توخمێکی زمانی دابنێین تا لە خەسارەوە پیێ بە نرخ و بەها !؟

ئەم تێبینیانە، بۆ ئەو وتارە بە هۆی بەرخوردی بابەتی و هێنانە بیری مۆتیڤەکان بووە کە لەم وتارەدا لەمەڕ مەولەوییەوە هاتوونەتە گۆڕێ، ئەگینا مەبەست نووسینی رەخنە لەو بارەوە نەبووە، هەندێ تێبینی تریشم هەبوو ، بە لام چوونکای لە ناواخنی دەقی وتارەکە و تاوتۆیی شێعرەکان و نموونەکان لە مەولەوی، بەرخوردی پێنەکراوە، باسم لەسەرنەکردوون. ئەگەر هەلم بۆرەخسا لەکاتێکی تردا باسیان لە سەر ئەکەم.

سەرچاوەکان :

١-موسیقی شیعر ، دکتر محمد رەزا شەفیعی کەدکەنی
٢-دیوانی بێسارانی ، کەیوومەرس نیك ڕەفتار
٣-دیوانی مەولەوی ، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
٤-دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیحی مەلا کەریم
٥-دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و...
٦-شیعرستان ، ژمارە ١ - ١٩٩٩
٧-شاهنامە فردوسی
٨-دیوانی حافز - ..... قەزوینی
٩-زەڕنەی ئاسۆ ، رەوف مەحموودپوور
١٠-سبك شناسی ساختاری ، دکتر محەمەد غیاسی
١١-رباعیات خیام
١٢-زبان و زبان شناسی ، رابێرت . ا . هال
١٣-سروەی ژمارە ١٩٦ ، وتاری رەوف مەحموودپوور
١٤-سروەی ژمارە ٢٠١ ، وتاری فەرشید شەریفی
١٥- دگرگونی نگاە، زبان و ساختار در شعر امروز- کازمی کەریمیان

# ئیماژکاری له دەقە لیریکیاکەی مەولەوی تاوەگۆزی

ئەمەك ناسی گەورە پیاوان و شاعێرانی مەزن و هەڵوێستەکانیان بە تێڕوانینێکی هەمە لایەنەو توێژینەوەی زانستی و دیاردەکانی هونەری لە لایەن لێکۆڵەرانەوە، سەرەڕای ناساندنی کاکڵەی بیری شاعێر و نووسەر بە هۆگران و ویستیارانی ئەدەبی راستەقینە، دەبێتە ئاکارێکی بەربڵاو کە کاری گەورە و فراوان بکاتە سەر شاعێر و نووسەری هاوچەرخ تا ئەدەبەکەیان بەرز بکەنەوە، فۆرم و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیان، لە روانگەی زانستییەوە بە پێوەری رەخنەی بەراورد و رانانکاری «نەقد تەتبیقی» لایەنە لاوازەکان و بابەتە بە هێزەکانی ئەو ئاسەوارە هەڵ بسەنگێنرێ، ئەنجا جل و بەرگی سیمای هونەری سەردەم بکاتە بەری بەرهەمەکەی.

شاعێرانی بلیمەت وەکوو: عەلی حەریری، فەقێ تەیران و مەلای جەزیری و بێسارانی و خانی و مەولەوی و نالی لە سەدەی دەیەم تا نۆزدەی زایینی، بەردی بناغەی «شێعری کلاسیکی کوردییان» دامەزراند، ئەگەرچی لە قۆناغێکدا، قەوارەی سیمای شێعری کوردی بەتەواو هەڵسووکەوتەکانیەوە، وەکوو ئاکارێکی زانیاری و رۆشنبیری و تاقیکردنەوەکانی ژیانی ئایینی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم نەتەوەیە بە رەوتی ئاسایی مێژوو، پێك هاتووە بەڵام لە قۆناغێکی تری مێژوویيدا

ئــەدەبی کــوردی، بــە هــۆی حاکمییــەتی ســانەکانی بــە دەســەڵات لــە کوردستاندا و چەوسانەوەی فەرهەنگی، ئەدەبی کوردی رەسەن لە رەوتــی ئاسایی و نورماڵی خۆی کەوت، بەڵام هــەوێنی کەلــەپوور بــە شــێوەیێکی گشتی لە درێــژایی مێــژوودا بــوو بــە یەکــەم سەرچــاوەی روونــاکبیری و مامۆســتای کاریگــەری ئــەدەبی ئــەم گەلــە، ئــەم ژانــرە ئامــاژە دەکــا بــۆ دیارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی (کەلتووری) ئەو جەماوەرە و قەوارەی ئەدەبی کوردی لە فۆلکلۆردا دەبینینەوە، بــە وتــەی ڤاسیلی نیکیتین:

«ئەدەبی کوردی لــە پلــەی یەکەمــدا فۆلکلــۆرە» لێــرەدا دەرفــەتی لێکۆڵینەوەی کەلەپوور لەم وتارەدا نیە و نایشگونجێ.

تا سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەو چــەند زانــا و شاعێرانە کە پێشتر ئاماژەم کرد، ئــەویش بــە هــۆی ئاشــنایەتی بــە ئــەدەبی عەرەب و فــارس و ئیلــهام وەرگــرتن لــە فــۆرم و قاڵبەئەدەبیــەکانی ئــەو شێوازانە، کە بەردی بنــەڕەتی شــێعری کلاســیکی کوردییــان دامەزرانــد، شاعێرانی ئەم خولەی دیالێکتی سۆران بــە پــەیڕەوی لــە کــێش و قافیــەی عــەرووزی عــەرەبی و فۆرمــەکانی ئــەو ئەدەبــە شــێعرەیان دەوتــەوە و کتێبخانەی ئەدەبی کوردییان رەنگین دەکــرد ، ئــەم ســەردەمە، جگــە لــە لاسایی کردنەوە لە ئەدەبی عەرەب هیچ جۆرە چــالاکییێکی نــوێ خوازانــە (لە رواڵەتدا: واتە فورم و کــێش لــە شــێعردا) رەچــاو نــەدەکرا، لێــرەدا مەبەست داڕشتنی شێعر لەسەر کێشی خۆماڵی و گەڕانــەوە بــۆ مایــەکانی ئەدەبی رەسەنی کوردیە، ئەگینا خسڵەتەکانی شــێعری کلاسیزم: وەکــوو لاسایی کردنەوە، عەقڵانییــەت، فەلســەفە، جوانکــاری، ناســك خــەیاڵی، عەشق و وەفا، مەردایەتی و پیاهەڵدان لە ڕێبازی شێعری ئــەم ســەردەمەدا نکوولی نــاکرێ، بــەڵام لــە ســەدەی نۆزدەهــەم دا ( ١٨٨٢ - ١٨٠٦ )

مەولەوی تاوەگۆزی شاعێری ناسك خەیاڵ و بلیمەتی شێعری لیریکا (غنایی) لە سەر شێوازی قوتابخانەی بێسارانی بەزاراوەی هورامی بە هەستە بە سۆز و بەتینەکەی کارێکی وای کردە سەر شێعری کوردی کە خولێکی نوێ لە ڕێبازی شێعری کوردی کرایەوە کە بە هۆی چەند خاڵێکی تایبەتی، مەولەوی بە شاعێرێکی خاوەن ڕێباز و ئەدگاری ئەدەبی ئەو سەردەمە دەژمێردرێ، داهێنانی شێعری بەرزی ڕۆمانسی و هەست بزوێن لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی خەیاڵ و ئیماژ بە چەشنی سرووشتی و نۆرماڵ نەداسەپاندن و لاساییکردنەوە کە کار بکاتە سەر شاعێرانی پاش خۆی و تەنانەت هاوچەرخ ، شێوە و وێنەکانی تر ڕەنگ بداتەوە و دیار و بەرچاو بێ .

پێوەندی مەولەوی بە دیمەنە ڕازاوەکانی سرووشتی هورامان، موناسەبەی ژیانی ئەم جەماوەرە لەگەڵ سروشتدا، بەرزترین تابلۆی هونەری شێعری لە خەیاڵە ناسکەکەی مەولەوی دەخولْقێ، پێوەندی هەستی بەتینی مەولەوی بەرامبەر بە سروشت و ئاکاری تەکنیکی هونەری لە لووتکەدا، بیداری و زانیاری مەولەوی و دابینکردنی ئەرکی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەنوێنێ.

ڕەنگدانەوەی ئاکاری فەرهەنگی و داب و نەریتی کوردەواری لە هونەرە بەرزەکەیدا بە زبانێکی سەمبولیك و ئیماژیك :

زۆسانەن وەی ڕەنگ و گەردوون یاوان
گێجیای لوول گێج کلێڵەی کاوان
چ شیرین زەڕگەر توف هەوای سەرد
گۆشوارە، نەگۆش نەونەمامان کەرد
پەی نیگای باڵای مەحبووب بێ گەرد
یەخ پانیە گرت، تەم چارشێو ئاوەرد

بەکار هێنانی وشەی زەڕگەر و تۆف و سەرما و گوارەی سەهۆڵ لە گوێجکەی نەونەمامی بووکەوە لە ئاستی وێچواندن «تشبیه» ئیستعارە(خوازە) و ئیستاتیك ( جوانی ناسی ) و باقی وێنەکانی تری خەیاڵ و خەیاڵبەندی هونەرییەوە سەر لە ئاسمانی ئەوین و هونەر دەکوتیّ، سیمای کولتووری کوردەواری و داب و نەریتی ئەو گەلە بە تابلۆی خەیاڵ دەنەخشێنیّ. »لە فەرهەنگی کوردەواریدا باوە، کاتی گواستنەوەی بووك تارا دەدریّ بەسەریا و ئاوێنەییێك دەخرێتە پێشیەوە و چارشێوێك ئەدریّ بە سەریدا».

مەولەوی، شاعیرێك عارف و زانا بووە، دیاردەکانی فەلسەفی و عیرفانی و خواناسی لە شێعرەکانی دا رەنگی داوەتەوە، هەوێنی سوکر و جەزبەی مەعنەوی و قورئان و حەدیسی نەبەوی ، هۆی جوانکاری و تەکنیکی شێعرەکانی ئەم شاعێرە مەزنەن، جوانکاری «دەرج» لەم دێڕدا :

ستارەی رجات هەر دەم مارۆسۆ
دەماخ شاد وە بۆی «ولاتیأسوا»

کە «ولا تیأسوا» بەشێك لە ئایەی قورئانە.

وتنەوەی شێعر لەسەر کێشی خۆماڵی «دە بڕگەیی» رەسەنی شێعری کوردی و مایەکانی مێژینەی ئەدەبی کوردی . بە پێچەوانەی ئەفاعیلی عەرووزی عەرەبی ، کێشی شێعرەکانی مەولەوی وەکوو خەیاڵە ناسکەکەی، زادەی بۆن و بەرامەی دیمەنە رازاوەکانی سروشتی هورامانن، دڵڕفێنن و هەست بزوێن:

چەم پەی فەرش پات موژەن چون خارەن
بەڵام چێش کەروو چارش ناچارەن
چوون شەماڵەی نوور گڕ گرانمە
پەی پاس ماران، زەنگ زڕانمە

لێـك چــوونی فـۆرم و نـاوەرۆك لــە ئاســتی وشـەی رازاوە و خـۆش پەیکەر:

خامەی سەراوێز نەچای سیایی
مەرێزو ئەسرین شەکوای جیایی

وەسف و پیاهەڵـدان و شـیوەن بـۆ کـۆس کـەوتوان ، ئەمـەك ناسـی مەولـەوی و پێوەندی هەرەبەرزی بەرامبـەر بـە مـرۆڤ دۆسـتی و دەربـڕینی هەستی بەسۆز و هاودەردی لەگەڵ مرۆڤەکانی دەور و پشتی دا : (شـینێك بۆ تیاچوونی کوڕەکەی):

پزیسکەی چەخماخ کافی کارمەن
چ وەخت و وادەی ئی گوفتارمەن
دڵەی کۆس کەفتەم هەم تەم کەردەوە
پەردەی سەبووریش تەمام دڕدەوە
پەردەی سەبووریم دڕیا رۆڵە ڕۆ
ریشەی جەرگەکەم بڕیا رۆڵە ڕۆ

مەولـەوی وەکوو هـەر شـاعێرێکی راسـتەقینە، شـێعرەکانی بەرهـەمی چێژی زاتی، تاقیکردنەوەی قەریحەی خۆیەتی. بە هۆی زانیاری هەمەلایەنـە ، بە کاتێکی تایبەتی وەنە بەستراوە. بۆ سەردەمێکی دیـاری کـراو شـێعری نـەگوتووە، ئـەرکی مێـژوویی و بـۆن و بەرامـەی ئـەدەبی سـەردەمیان پاراستووە، بە پێی وزەی هونەری و دەسەڵاتی شـاعێرییەوە، بـە بـێ بـیری پێشەکی بەکتووپڕی(بالبداهە) هەرکات ویستوویەتی شێعری وتۆتەوە:

کاتێـك لــە سـنە لەبــەردەمی باڵەخانــەی ئەعیانێکـدا تێدەپـەڕێ لــە پەنجەرەکەوە ژنێك کە شاعێر بووە مەولـەوی دەبینێ و ئەڵێ:

هەرکاتێك زانا چەم دا وە هەمدا
باڵەخانەی چەم دا وە رووی چەمدا

مەولەوی وڵامی ئەداتەوە:
خاست فەرماوان ئەربابەکەی خەم
ساکن نەگۆشەی باڵەخانەی چەم

مەولەوی شاباڵی خەیاڵی بەرەو رابوردووی دوور هەڵ فڕیوە، ئەفسانەکانی رابوردووی بە تاقیکردنەوەی حاڵ ویچواندووە .

سەفات خەجاڵەت دان و جام جەم
دیدەی بەد مەر عەکس ویش بدیۆ وەچەم
دیدەی بەد رەوش نادیاری بۆ
جەکۆ مەوینوت تالیت کاری بۆ ؟

واتە: پاکی و بێ گەردی رووی تۆ (یار) ئاوێنەی جەمشیدی خەجاڵەت کردووە کە هەموو شتێکی تیا بەدی ئەکرا . ئیتر چاوی پیس کە سەیری تۆ بکا، مەگەر هەر رووی لەناو چاوتا ببینێتەوە ، کە واتە خوا تووشی دەردێکی بکا کەس سەری لێ دەرنەچێ ، چۆن ئەتوانێ بتبینێ تا کارت لێ بکا ؟

سەنعەت و جوانکاری خەیاڵ لە رواڵەت شێعرەکانی مەولەوی هۆیێکی هەرەبەرزی گەیاندنی هەست و عاتیفە بە خوێنەر، جناس (لێکچوونی رواڵەتی وشە ، بەڵام دژایەتی ناوەڕۆك ) بە شێوە جۆراوجۆرەکانییەوە :

جەو سەر دەشتەوە گوڵاو رێزان کەرد
سارا بۆی عەنبەر، سارا هەرزان کەرد

وشەی «سارا»ی بە دوو مانای جیاوازەوە «جناسی تەواویان» پێك هێناوە .

خەیلێوەن خەریك زاکەی زەحمەتم
بەڵکوو وەڕا بۆ بەرشۆ مەینەتم

فەڵەك پەی بەختم مەگەس مەکیانۆ
وە ڕاکەی رەحمەت هەمدیس مەڕیانۆ
دوو وشەی»رەحمەت و زەحمەت« تەنیا لەنوختەدا جیاوازن(جناسی خەت).

# خوێندنەوەی هونەری دەقێکی لیریکی مەولەوی

لە دەروونشیکاری وێنە زەینییەکان و پڕۆسەی داهێنان و پراکتیکی شاعیرانەدا سەلمێندراوە، کە شاعیر سەرەتا لە رۆگەی زەینییەتی شاعیرانەوە، کەرەسە خاو و دەرەکییەکانی شیعر، وەرگرتە لە هەل و مەرجە داسەپاوەکانی گلێرگە و دنیای ئۆبژێکت، وەردەگرێ و ئەنجا دەیانخاتە ئەستۆی مکانیزمی خەلاق(زەنینی ناخۆئاگا)وە. ئەم رەوتە زەینییە و ئەم مێکانیزمە خەلاقە بێ ئەوەی دەسکاری ئەو کەرەسەخاوانە بکات، لە مەودا زەمەنییەکی دیاری نەکراو و کتووپڕیدا، پێوەندییە بزۆز و پەنهانەکانی نێوانیان لە گەڵ دۆخ و ئەتمۆسفێری چەندی -چۆنی رەوتەکەدا، چەمك- پێکهاتەی دەقەکە، دێتە رۆگەی هەبوون و دیسان دەدرێتەوە بە شاعێر و بە واتا دەق(شێعر) لە دایك دەبێ.

لەم پڕۆسە زەنییەدا، ناوەڕۆك و هەوێنی بەرهەمی هەر شاعێرێك، بریتی دەبێت لەو مەوادە خاو و فیزیایی و دەرەکیانە کە شاعێر ئەیانداتە مێکانیزمی خەلاق و دەبێتە هەڵوێست و پەیلوای شاعێر و هەر ئەمەیشە شاعێران لە پەیلوا و بۆچووندا لە یەکتر جیا دەکاتەوە و هەر یەك دەبنە خاوەن سیاق و شێواز و دیدگای تایبەتی.

دەرەوەستی شێعریش لـە ناواخنی خودی دەقەکەدایە، نەك پەیوەست بە کەسێتی تاکی دانەر. ئەگەر دەرەوەستییێك بۆ شاعێر و دانەر قایـل بـین، تـا ئەوکاتەیە کە شێعر مەوادە خاوەکان دەخاتە ئەستۆی مێکـانیزمی خـەلاق. پـاش مشــت و مـاڵی زەیـنی و بەرسـف و بەرپرسـیارێتی ناخۆئاگـا و لــە دایکبوونی دەق، ئەنجا خوێنەر(بەردەنگ) دەبێتـە دەرەوەسـت(متعهـد) لــە هەمبەر وەرگـرتنی پـەیامی دەق و تۆخمـەزمانی و راگەیانـدراوەکان. ئەمـە خوێنــەر یــان سـوپەر خوێنــەرە کــە بەرپرسـیارێتی دەکـات و هەســت بــە دەرەوەستی هونـەری-ئـەدەبی-واتـایی دەکـات. لـەکۆتایی ئـەم پڕۆسـە زەینییەدایە کـە شـاعێریش دەبێتـە یـەکێکتر لـە بەردەنگـەکانی دەقەکـە. بۆچوونە و پەیلوا جیاوازەکان لە هەمبەر راڤەکاری دەقـەکانی مەولـەوی بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەم ئەدگارە هونەرییە.

ئەوەی شـارەزای ئـەدگار و ئوسـلوبی شیـعرەکانی مەولـەوی بـێ، دەزانێ کە زۆربەی شێعرەکانی ئەم شاعێرە لە سەر تەجروبەی ئەم پڕۆسـە زەینی و ناخۆئاگایە«سوور ریالیزم»* و سەفەرە زەینیەکان بونیـات نـراون. بە ختووکە بزوێنـەری خورپـە و چـرکە سـاتی زەیـن و بزاڤـی ئەفرانـدنی شاعێرانە بە شێوەی «مونولوگ» پەیوەست لــە سـەر رێچـکە و رۆگـەی چڕی تۆخمی نەغمە(تایبەتمەندی زوانی شێعری هۆرامی)، ئـەو پـەڕی دەقـی لـیریکای لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیـدا خولقانـدوە. بـۆ ئـەوەی ئاشـنای شێوازی تاکی و تەجروبەی هونەری ئەم شـاعێرە بـین و کەسـایەتی باڵـای شێعری ئەم شاعێرە لە ناواخنی دەقەکەیدا پێناسە بکەین، گەشتێك ئەکـەین بە نێو باخچەی خەیاڵی ئـەم شـاعێرەدا و غـەزەڵێك لــە دیوانەکـەی، بـێ ئـەوەی دسـت چـنی بکـەین، بـە زمـانی هونـەری و شـێوازی نوێگـەری دەخوێنینەوە، لە دوو بواری ئاسۆیی(افقـی) و ئەسـتوونی(عمـودی)یـەوە،

پڕنسیپە هونەریەکانی دەقەکە دەر دەخەین، سـەرەتا خوێندنـەوەی ئاسـایی شێعرەکە:

قەڵای ویرم سەیل هووناو بەردە بێ
بورج ئاگاییم وێران کەردە بێ
کێشکچی خەیاڵ خەم فام سەندە بێ
دووکانچەی بەدەن بێکەس مەندە بێ
فرسەت زانابێ تەریدەی قاتڵ
یەك سەر بەردەبێ کاڵای گیان و دڵ
خەبەر بیم هۆشم ئاما وە بەردا
ئەم لا گیان، ئەو لا دڵ، دام وەسەردا
لادێ ئێش سەخت ساتێ وەی رۆ وەی
واتم چار نیەن مەر بشوون وەپەی
دیم ناڵچەکەی داخ دڵەی پڕ جە هوون
شەقڵش ها نە ڕووی گەرد رای دەروون
تا وە مەکۆگەی ئاسانەکەی ئەو
دەوان تەر جە هەرس وەسەد قەترە و دەو
لاڵام و ناڵام حاشات موشکۆڵەن
گیان فیدای تۆ بۆ یە بەڵگەی دڵەن
سیوای تۆ ئازیز نەی زەمانەدا
کێن گۆزەر کەرۆ بەی وێرانەدا
نە نیم نگایێ، نەکەرد تەماشا
چێدیش وێنەی ماڵ یاران کەرد حاشا

خورپەی شاعێر لـەم سـاتە زەینیـەدا، تەجروبەیـەکی سـایکۆلۆژیانەی رۆحانیە لـە دنیای ناخۆئاگایی و ژانـی شـاعێرانەدا، وەك رێڕەوێـك، رێـی دەکەوێ و سەفەرێك ناوەکی و هەناوی ئەنجام دەدات.

لەم سەفەرە هونەرییەدا:

«لافاو و زریانی دڵ و هەڵپەی شاعیرانە دێ و قەڵای ویرو خەیاڵی شاعیر ویران دەکا و شاڵاوی خەمی عەشق و ناوشیاری، ئەقڵ و فام و ئاوەز (دنیای خوئاگا) لە ئێشکچی لەشی دەستێنێ دووکانچەی بەدەن بێ کەس دەمێنێ – جووڵەی زەین بەرەو بەشی ناخۆئاگایی و درووژاندنی هەرێمی خەیاڵی شاعیرانە – و پانتایی دنیای ئوبژێکت وشیاری دەڕووخێنێ.

هەڵمەتی بێ دەست و بردی ئەوین و ئیلهام و خورپە، کاڵای گیان و دڵ کە سەرمایەی هەستیەتی، بە تاڵانی دەبا.

شاعیر بە لەدەست دانی گیان و دڵ گەیشتن بە ئەو پەڕی ناخوئاگایی دێتە و دونیای وشیاری و دنیای خوئاگاو هەست بە تاڵانکاری دەکا و بە هەر دوودەس دەماڵێ بە سەریداو هاوار دەکا و بەڵام سوودی نییە و بڕیار دەدات کە لە دوویان کەوێ و بزانێ کاڵای گیان و دڵ بۆ کوێ براون. ورد دەبێتەوە، هێما و شەقەڵ و جێ پێی سوارەی شاڵاوگەر لە پانتایی دەروونیدا دیارە. شوێنەواری پێگەی تا مەکۆگەی تاقە سواری هەڵمەتبەر، دەردەکات. دەبینێ دەرکەی ئاسانەی ئازیزەکەیەتی. بە زمانی هەنسك و گریانەوە، زار و خوڕدۆڕاو دەپاڕێتەوە و دەڵێ دەزانم کاڵای گیان و دڵ لای تۆیە. جگە لە تۆ لەم زەمانەدا، کەسی تر بوێری ناکات و بە خۆیا ناپەرمێ کە گۆزەر بکاتە گۆڕەپانی هەناوی من و ئاوا سەرمایەیێك بە تاڵان ببا. بەڵام خۆشەویستەکەی نە تەنیا بە نیم نیگایەکیش ئاوڕێ لێ ناداتەوە، بەڵکوو حاشا و نکولی لەم تاڵانکاریە دەکات و خوی لێی قوتار دەکات، هەروەها کە لە ماڵ و سەرمایەی دیتران حاشای کردوە».

ئەمە بیرۆکەی دەلالی دەقەکەی مەولەوییە. هەروەك دەزانین هەر دەقە شیعرێك لە دوو پاژ و بابەت پێك دێ، یەکەم شکڵی رواڵەتی و

سەرخانی دەقەکە، وەك: کێش و سەرواو و مۆسیقای لەفزی و تەبایی نێوان وشە و مورفێم ودەنگە زوانییەکان، لە نێو زنجیرەی دێرەکان و تۆڕی واژە و دەستەواژە و چڕی نەغمەکان، واتە هارمونیای واچەکان.

دووهەم: شکڵی زەینی واتە ژێرخانی دەقەکە، جووڵەو حەرەکەت و بزواندن چلۆنایەتی وێنە خەیاڵیەکان و یەکگرتنەوەی واتا و پەیام لە ئەفراندنی شێعردا، کورپەی شێعر لەم دانووستاندنەدا نێوان زەین و ئەزموونە سروشتیەکان و تاکیەکاندا، لە دایك دەبێ. ئەم بەشە ئەگەرچی تەنیا مەدلوولێکی شێعرەکەیە، بەڵام چەندایەتی بزاڤی شێعر و شێوازی شاعێر بۆ ئێمە دیاری دەکات و دەینرخێنێ. هەروەك دەزانین بزواندنی خەیاڵ ورووژاندنی زەین لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی یەکگرتنەوەی وێنەکان، ئەنجا شاعێر دەگاتە لووتکەی ژان گرتن و شێعرەکە دێتە رێچکەی هەبوون. ئەبێ بڵێم هەوێن و کاکڵەی ئەو بزاڤەخەیاڵیە، ئەندێشەی شاعێرانەیە کە خۆی لە خۆیدا دەبێتە ناوەرۆکی راستەقینەی شێعر.

خاڵێکی گرنگ کە ئەبێ لە تەجروبەی شاعێرانەدا، ئاماژەی پێ بکەین، تەجروبەی تا کی شاعێرە بەرامبەر بە سرووشت و ئەوین و ئەزموونەکانی ژیان و... کە زمانی تایبەتی و شێوازی تاکی و دۆخی هونەری خۆی دەری دەبرێ و دەیخوڵقێنێ. تەجروبەی شاعێری راستەقینە، لە نەفسی خۆیدا دەبێتە نوێنەری تەجروبەگشتیەکانی ئینسانی بێ دەسەپاندن و لاساییکردنەوە لە دەقی هونەرەکەیدا، وێنە هاوبەش و هاومەبەستەکانی مرۆڤایەتی و جیهانی دەخوڵقێنێ و هاودەردی خۆی رادەگەێنێ.

مەولەوی لە بارگەی دەلالی ئەم شێعرەدا، باس لە چەمکی ئەوین و تەجروبەی تاکی خۆی، وەرگرتە لە دوخ و فەزای دەرەکی، دەکات کە بێ شك ئەنجامەکەی تەجروبەیەکی هەمەکی وگشتیانەیە . کەس نیە کە لە

گۆرەپانی ژیاندا بە جۆرێك عاشق نەبێت، واتە مەولەوی، لەم تەجروبە تاکیەدا و دانووستاندن لە گەڵ دنیای دەورووبەر کە بێ گومان مەولەویش بەر لە هەموو شتێك مرۆڤە و عەشقیش دیاردەکی ئینسانییە، گوێزراوەتەوە بۆ تەجروبەیەکی گشتیو توانیویەتی وێنەیەکی گشتی کە مەبەستێکی گشتییە، بخولقێنێ و خۆی بهاوێتە نێو ئامێزی تەجروبەیەکی ئینسانیەوە. جێ پەنجەی خۆی لەم ئەفراندنەدا بنەخشێنێ، ئەم روکردە رەنگە فاکتێك بێ بۆ جیاکردنەوەی لە شاعێر و ناشاعێر.

لە پێکهاتەو ئێستراکچێری شێعرەکەدا، بە پێچەوانەی شێعری فارسی و عەرەبی (بە تایبەت لە فورمی قەسیدەدا)، کە تەنیا بایەخ بە تەوەرەی ئاسۆیی (محور افقی) دراوە و وزەی هونەری شاعێر تەنیا سەرفی ئەم تەوەرە کراوە. لەم چەشنە شێعرانەدا تەوەری ئەستوونی (محور عمودی) واتە پێوەندی چمکی و ناوەرۆکی و پرۆژەی گشتی شێعرەکە لە سەرەتاوە تا دوایی رچاو نەکراوە بەڵکوو بە کەسایەتی بەخشین بە دێر (مصرع) و پاراستنی ناوەرۆکی سەربەخۆ بۆ ئەم بەشەی لە شێعر، ناوەرۆك و چەمکی شێعرەکە پچڕ پچڕ دەبێ. ئەمە نەریتێکی تاکی شاعێرانە نیە، بەڵکوو شێوازێکی گشتیە کە لە شێعری کلاسیکی فارسی و عەرەبیدا رەچاو دەکرێ. ئەڵبەت دەگمەن، پێچەوانەی ئەم حاڵەتیشە لەم دوو زمانەدا بەر چاو دەکەوێ.

بەڵام مەولەوی وێڕای پشت بەستن بە توانای شاعێرانە، و پیشاندانی پلەی بەرزی هونەری لە خولقاندنی وێنە خەیاڵییەکان لە زنجیرەی دێڕەکاندا (تەوەری ئاسۆیی)، تانووپۆ و فۆڕماسیۆنی شێعرەکەی لە سەرەتاوە تا دوایی بە وردی داچنیوە، خوێنەر هەست بە دابڕان لە زنجیرەی ناوەرۆك ناکات. بەڵکوو هەست بە پلانی چیرۆکێکی زەینی شکڵ دەکات و بە دڵێکی رازیەوە چێژ و لەزەتی لێ دەبینی.

وێنە گەلێك کە لە زنجیرەی ئاسۆیی (افقی) شێعرەکەدا بەرچاو دەکەون ئەمانەن: **قەڵای ویر، وێنەی وێچواندن، ویر بە قەڵا بە هۆی بەرزیەوە شوبهاوە، یان سەیل هووناو، بورج ئاگایی، کێشك چی خەیاڵ دووکانچەی بەدەن، تەریدەی قاتڵ، کاڵای گیان دڵ، ناڵچەکەی داخ و...**
سفەتێکی تایبەت بە شێوازی تاکی مەولەوی، وێنە خەیاڵیەکانی لەم شێعرەدا بەرچاو دەکەوێ، کەڵك وەرگرتن لە وێنەی وێچواندنە وێچواندن تابلۆیەکی خەیاڵیە کە بە مایەکانی سروشت و نورمی زمانەوە زۆر نزیکە. ئەم ئەدگارەجیاوازە هۆی جیاکەرەوەی مەولەویە لەگەڵ ئەو شاعێرانەی کە لە وێنەگەلی پێچراوە کەڵك وەردەگرن. هەر چەند شاعێر بتوانێ لە بنەماجەوهەریەکانی سروشت بۆ خولقاندنی وێنە و تابلۆی شێعری کەڵك وەربگرێ، ئەوا دەقی شێعرەکەی لە ڕەوت و جووڵە و بزاوتن لە تانووپۆی دەقی شێعرەکەیدا تەژی دەبێ. هەروەها کە بزاوتن و جووڵە لە شێعرەکەی مەولەویدا شەپۆل دەدا. بێ گومان یەکێك لە هۆ سەرەکیەکانی نەمری هونەری مەولەوی لە ڕەوڕەوەی مێژوودا ئەم سفەتەیە کە خستمانە بەرچاو، ئیتر ئەو پێوەندییە نەبڕاوە کە مەولەوی لەگەڵ سروشتی رازاوەی هەوراماندا بوویەتی، بە وزەی باڵای هونەری و توانای بەرزی شاعێرانە، دارسنەوبەری شێعری بۆ باخچەی قوتابخانەی ئەدەبی کوردی خولقاندوە.

سەرچاوەکان:
١- دیوانی مەولەوی
٢- صور خیال در شعر فارسی - دکتر شفیعی کدکنی.
٣- دگرگونی نگاه، زبان و ساختار در شعر امروز، کازم کەریمیان

*مەبەست لە بە کارهێنانی «سوورئالیزم» لەم دەقەدا، واتای قامووسی وشـەکەیە نەك رەوتە فیکری و ئەدەبی و مەکتەبیەکەی «ئاندرە برەتۆن» لە ئورووپا.

# سەرپەنجەی دەسبازی
# دوو لیریکای
# گەورەی کورد

شارل بالی charles bally (١٩٦٤-١٨٦٥) بناغە دارِێژی شێوازی نوێی ئەدەبی بۆ راڤەو پێناسەی دەق ئاوێزان و دەستەچین کردنی چەمکە هاوبەشەکانی ئاسەواری داهێنەران، پرۆژەیەکی زمانەوانی پێك هێنا. ئەنجامی پرۆژەکەی بالی بوو بە روانگەیەکی هونەری و سامانێکی زانستی بەناوی موتیف Motif.

موتیف یان کومیتەی فیکری یان یەکەی فکری لە پانتایی هونەری شێعردا، بەو وێنە هاوبەشانە، دەوترێ کە شاعێر، لەکاتی ئەفراندن و داهێناندا، بێ ئەوەی ئەنقەست کاری لەسەر بکات، بە شێوەیەکی ختووکە و خورپە و وروژاندن، بە کاریان دێنێ. چەمکی دەق ئاوێزان (تێکالاٌبوون) لە دونیای هونەردا، کارێکی تەباو و ئاساییە. شاعێر ناخودئاگا بە شێوەی (تەوارۆد) جەختی لەسەر دەکا، بێ ئەوەی مەبەستی رەچاوکردن و لاسایی کردنەوەی بێت. سووژە گەلێك وەکوو: عەشق، نیشتمان، بێ وەفایی و جەفا کاری یار و ئاسۆی رۆژ و ئەفسوونی بەهار و ژیان و مەرگ و چاو و ئەبرۆ و زۆلف و بالا و دەیان و سەدان چەمکی شێعری تری دەخولقێنێ.

کاری شێوازناس لەم حاڵەتەدا، بەراورد کردن و توێژینەوە پێناسەی ئەم وێنە هاوبەشانەیە.

یەکێك لە میراتبەرانی وشەی رەسەنی کوردی و رێبازی بێسارانی، شاعێری ناسك خەیاڵ مەولەوی تاوە گۆزییە. ئەم کەڵە شاعێرە وێڕای وزەی باڵای هونەری و زمان پاراوی و رەوانبێژی، بێ ئەوەی ویستبێتی دابی هونەری بێسارانی لاسایی، یان تەجروبەی ئیستاتیکی و وێنە خەیاڵییەکانی ئەو دووپات بکاتەوە، توانیویەتی جەوهەری هەوێنەهزری وئیستاتیکی و وێنە خەیاڵییەکانی ئەو لە قۆزاخەدا بقۆسێتەوە و لە پانتایی زەیندا هەڵیان خلێنێ، ئەنجا بەچاوێکی ورد و سۆزێکی بە تینەوە، خۆی بهاوێتە ئامێزی گەرمی بێسارانی و بە نەشئەی بۆنی خۆشەویستی و ئەوینداری و ئەمەکناسی، لە هۆش بچێ و ئاشنای بەستەی فەردی ئەو شاعێرە بێ:

نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا
چەنی بەستەی فەرد بێساران ماوا
بێسارانیەن نە تۆی فەرد من
خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساکن

بەم چەشنە، مەولەوی وێڕای پاراستنی دابی هونەری و رەسەنایەتی زمان و کێش و مۆسیقا لە پرۆژەی شێعری کلاسیکدا، دیانی بە دەسەڵاتی هونەری ئیستاتیکی بێسارانی ناوە کە پتر لە یەك و نیم سەدە بەر لە ئەو ژیاوە. ئەمە خاڵێکی سەرەکییە بۆ ئەدەبەکەمان کە رێبازی هونەری و هێڵی شێعری خۆمان بناسین. کەسێتی بێسارانی و رێبازە مەزنەکەی نەخرێتە بۆتەی فەرامۆشیەوە و گێژەڵووکەی زەمەن، ناوی نەسڕێتەوە. بە ڕای نووسەر دانپێنانی مەولەوی بە کەسایەتی بێسارانی، بەڵگەنامەی رێزنانە لە بایەخ و رێزمەندی و کەرامەتی ئەم لیریکا گەورەیە.

جا ئێستا به چاوێکی وردەوە. دیوانەکەی هەردوو شاعێر دەپشکنین و سەرنج ئەدەینە کارگەی خـەیاڵ و تـەعبیرات و واژە و دەسـتەواژەی ئـەو دوو ئاشق و ماشقه. ژوانگەی بیرو خەیاڵیان ئەدۆزینەوەو ئەنجا سەرپەنجەی دەسبازی لـه گۆنـای سـووری هەڵبەسـتەکاندا ئەناسـینەوە و بـەم پێـوەرە کەسایەتی شێعری و پلە بەرزی وێنەکاری ئەوان، دەنوێنین:

**خـەزان و پیری**: لـه ئەزموونی شێعردا، شاعێری راسـتەقینه بـه هـۆی سـفەتێکەوە و ئـەدگارێکی هونـەری و داهێنانـەدا، نـاو دەردەکـات. رووبارەکەی رێ دەکەوێ. کاتێك به خۆیا دێتـەوەو رادەچـڵەکێ وێنـەی خۆی لـه دووتۆی شەپۆلـەکاندا دەبینێتەوە، گوایێ هەر خۆی بێ؟!

لێرمۆنتـۆف شـاعێری رووسـی و خاقـانی شـاعێری فـارس، وەك هونەرمەنـدێك وێنـەکێش ئاسـۆی رۆژیـان لـە تـابلۆی چـامەکانیاندا، نەخشاندوە و ئەم دوو شاعێرە بەناوی شاعێری نەخشـاندنی ئاسـۆی رۆژ، ناویان دەرکـردووە، یـان: خـۆ بـە زل زانـین و تـاریف بـە باڵـاو قامـەتی شاعێرانەی خۆی لە لایەن موتەنەبی شـاعێری عەرەبـەوە کـە بـێ گومـان هەوێنی زۆربەی شێعرەکانی بەیانی موفاخەرە و لـووت بـەرزی و شـانازی کردن بەخۆ و لە خۆ رازی بوونە تا رادەیەك جگە لە خۆی کەسێ تـر بـە شاعێر نازانێ و هەموو بە رێزەخواری خوانی هونەری خۆی دەزانێ.

فەلسەفەی شێعری بێسـارانی وێنـەی خەزانـە، وابـزانم یەکـەم خـاڵی سەرەکی بۆ ئەو شاعێرە نەخشاندنی بە نرخ ترین تـابلۆی شـێعر و تەختـە نیگاری هونەرییە لـەم تێڕوانینەدا.

١-تەجروبـەی وەرزی پـایز و سـیس بـوونی دیمـەنی سروشـت و داپۆشاندنی تەبەق تەبەق هەوری رەش لـە ئاسماندا و رێژنەی فرمێسـك لـە چاوانی سورمەیی ئاسمان و کەوتنە خوارەی گەڵای زافـەرانڕەنگ، لەسـەر

فەرشی عەرزدا. شاعێر لە ناخی ئەم دیمەنانەدا خۆی دەبینێتەوە و ئەمجا بەڵێن نامەی خۆی دەنوێنێ و ئاوا

فەلسەفەی ژیانی سروشت دەنەخشێنێ:
پایز ئاماوە، پایز ئاماوە
ئەودی نەو پایز جە نۆ ئاماوە
قافڵەی سوەیل زیا جە یەمەن
کەرد وە سێوەنگ تەمامی چەمەن
تەبەق تەبەق هەور سیای دوودی چەم
نم دا سەرزەمین بە سێڵاوی خەم
پەل پەل مەریزۆ، مەگنۆ نە ڕووی سەنگ
بە ئەمری خالق بێ دەوا و بێ دەنگ
بیان بوینان، دەردەداری دەرد
خەزانی زایف، زافەرانی زەرد
وەشڵەی بە خەزان پەی وێش مەبۆ زەرد
ئەو جا وادەی وێش من جەتاوی دەرد
منیچ چون ئەوان دەروون سفتەنان
بە بادی غەزەب سەدجار کەفتە نان
جە ئەزرەت ڕێزان، بەرگان، نە دەروون
ئەو ڕێزیای خاکەن، من خەڵتانی هوون
ئەمجا شاعێر، نوستالۆژی و پیا هەڵدانی خۆی دەست پێ دەکا و ئاوا خۆی دەلاوێنێتەوە:
پیری جێم سەندی، پیری جێم سەندی
تاب و تەوانا و تاقەت جێم سەندی

جەوانیم لوا تۆ وە جاش مەندی
بەردی بنچینەی بیساتم کەندی
بینایی دیدەی پڕنووری دووربین
وە تەم، مەوینۆ فەرش جەرووی زەمین
گۆنای گوڵ ئەنار گوڵ سیمای گوڵ ڕەنگ
بێ ڕەونەقەت کەرد وێنەی سیاسەنگ
قەتارەی دەندان سافی سەدەف وار
کەلکۆرت کەردەن، چوون کۆنە دیوار
سکەی وەش ڕەونەق سیای سەوادکار
سفید کەرد، تاتا چون بەرفی کۆسار

مەولەوی، بە پێی هەستە ناسکەکەی و زمانە لیریك ئامێزەکەی بە بۆ چوونێکی زانایانە و فەلسەفیەوە ئەو موتیفە شێعرە دەقۆسێتەوە، بە هەندێ وردەکاری و ئەزموونی تاکییەوە کە لە ڕانانکاری مۆتێفەکەدا هەمان قۆزاخەی ڕوانگەی بێسارانی دەگرێتەوە.

دەڵێ:

وادەی سفیدی شکۆفەی پیرین
شکۆفەی باخچەی پیری دڵگیرین
شکۆفەی باخچەی پیری سفیدەن
سەرمایەی میوەی عیرفان هەر ئێدەن
نە باخچەی سونبول تارمووی تاردا
سپی شکۆفە ی، پیریم دیاردا
ئاخر ڕۆی وەهار نەوجوانیمەن
ئەوەڵ ڕۆی پایز زندگانیمەن
خەدەنگ باڵام چەمان کەمان وەرد

راست وه نیشانەی فەنا رووئاوەرد
کەم کەم پیری خەم وەقامەت مدۆ
دەم دەم وەعادەی ڕۆی، قیامەت مدۆ

٢- بەشێکی تر لە شێعرەکانی بێسارانی لەسەر تەجروبەی عیرفان و جۆیای وەسڵ و حەقێقەتدۆزی بنیان نراون. لەم تابلۆیەدا بەناوی تافی دیوەزناو بە تەعبیرێکی عیرفانی و وەحدەت وجودی، روو ئەکاتە تافی دێوەزناو و پرسیاری لێ دەکات کە: بۆ ئاوا ئارام و قەراری لێ بڕاوە؟ وەك سەرسام، بێ خورد و خاو، هەمیشە خەریکی نەغمەپەردازیە، کۆکۆ مرواری دەپژێنێ و شیوەن دەکات و وێڵ وێڵ مل ئەنێ بە پێڵەوە؟ تاف، بە زمانی پڕۆسەی تەمسیل و خوازەوە وڵامی دەداتەوە کە: عاشقە و ڕێبواری ڕێگای راسییەو جۆیای وەسڵێ مورادەکەیەتی:

تافی دێوەزناو، تافی دێوەزناو
تافی شەیدای عەشق، تافی دێوەزناو
پەرێشان، عاشق، دەوەندەن بەتاو
بێ سەبر و ئارام، بێ خورد و بێ خاو
مودام بە سەد رەنگ، نەغمە پەردازەن
مرواری خەڵتان پەی نسار سازەن
بە سۆزی سەدای سازی تەرانە
مشانۆ کۆ کۆ مرواری دانە
پەرسام ئەر هەی تاف، دێوەزناو مەکان
جەشێوەی دێوان، گێرتەنت نیشان
دائیمەن سەرسام، عاشق شێوەنی
جە عیشقی کێ یەن پەی تەور لێوەنی ؟
واتش ئەی ئەبلە، کەم فامی سەرشێت

گۆش دەر پەنەم، تا بواچوون پێت
جەشەوق ئانەن منش كەرد پەیدا
هەرجە ئەشقی ویش شێتم كەرد شەیدا

هەركەس ئاشقەن پێسە جەستەش بۆ
پێسە جۆیای وەسڵ ئاوات وەستەش بۆ

ئاسۆی خەیاڵی مەولەوی لەم ژوانگەیەدا، ڕێزە بلوورێك دەكاتە تەمسیل، بە زمانی حاڵەوە لێی دێتەوە دەنگ، باسی دۆزینەوەی ڕاستی و ئوتوپیای و لەخۆبایی بوونی بۆ دەكات. كە چۆن ژێر چەكۆشی وەستایانی سلووكدا، تواوەتەوە، تا گەیشتوەتە پلەیەكی بەرز و عالەمێكی ئایدیالیتری بینیوە:

یاران گشت كەیف وەش، سەفا فراوان
یەك یەك وە ئەعلامەقامان یاوان
گرد سەر شار مەی، لەقانماوە
هەر من بەستەی خاك چەم ئەو دماوە
جەو فكرەدا بیم، یەك هامدەرد وێم
ڕێزە بلووریٚ قەدیمش دا پێم
ئاماوە جواو ڕێزەی قەدیمساڵ
بە زوبان حاڵ فەسیح تر جەقاڵ
وات: من سەنگیٚ بیم كەفتەی هەواران
بیٚ قەدر و قیمەت نارەوای شاران
گرتم نەگەردەن بیٚ باك و شادان
بەڵای پیك سەخت، كوورەی ئوستادان

**دیمەنی زۆلـف**: وەك وێنەیەكی سەرەكی چ لـە جەمسەری مێتـافۆڕ و هێماگـەلی هونەریـدا و چ بـە واتـای قامووسـی و واچـەی واژەكـە، لــە جێژوانی خەیالکارێ بێسارانی و مەولـەویـدا، بـە وێچـواندن و خـوازە و درکە و مەجاز و ... رەنگی داوەتەوە:

١-شـو بهانـدنی بـەرەزا بـە زولـف: پێویسـتە بلـێم: لـە هونـەری رێتۆریك(رەوانبێژی و بەلاغەدا) مەبەستی سـەرەكی (مشـبە بـە)ە، چـۆنكا كۆڵـەكەی چواندنە.

كاتێك ڕوومەتی یار بە گوڵ دەشوبهێ، مەبەسـت نـەرمی و ناسـكی و ڕەنگی جوانی گوڵـەكەیە كە مشبەبە ە.

بێسارانی و مەولـەوی بە پێچەوانە، بـەڕەزایان بـە زۆڵـف (مشـبە بـە) چواندوە، ئەو پەڕی وردەكاری خەیاڵیان نرخاندووە.

بێسارانی :

بەڕەزایێ هەن جە سای کەمەردا
پەخش و پەڕ کەردەن وە سەراندەردا
چوون زولفی یاران سافی سەراوێز
مەگێلوێ نە دەور تۆفانی سوب خێز

مەولـەوی دووپاتی دەكاتەوە:

بەڕەزا بەو چین توغرای تاتاوە
شەماڵ مەشانۆش یانێ : وەی لاوە
تای بەڕەزای شەنگ نەسای موغاران
شێوەن چوون زۆڵف تەعزیەداران

**٢-سلسلەی زەنجیر : خوازە بۆ بسك**

بیسارانی:

ئەر لـەبی لاڵت بدەو بە كشمیر

ئەر بدەو بە هێند سلسلەی زەنجیر
مەولەوی :
دڵ دوو زنجیرەی زۆڵف نیگارەن
وە سەیر سەوزە سەحراش چەکارەن
سلسلەی زەنجیر زوڵف نازاران
زەنگڵە بەستەوە جە دانەی واران

**٣-تابلۆی کوشتنی یار بە تای زۆڵف:**

بێسارانی:
تایێ زۆڵف وێت بۆزەم نەگەردەن
تاواچان وەمەرگ موفاجا مەردەن
مەولەوی:
نەسیب هەرکەس موبتەلای یارەن
زولانەی زەنجیر قەتڵ سێدارەن

**زولانەی زەنجیر:**
ئەڵقەی گیر کراو لە ئەڵقەی ترە. مەبەست شوبهاندن بە زوڵفی یارە کەیە:

**تابلۆی گوڵ**: لە شێعرەکانی بێسارانی و مەولەویدا، وەك سووژەیەکی هونەری، دەورێکی باڵا دەبینێ، دەست بۆ سروشت و رەخساندنی تابلۆی شێعر، بە هۆی دەوڵەمەندی دیمەنەرازاوەکانی ناوچەی هەورامان، هەستی بە تینی ئەو دوو شاعێرە هاتۆتە جۆش، بە نواندنی دەستکردە خەیاڵیەکان، ئەو پەڕی هونەری ناسك خەیاڵی و دەسەڵاتی شاعێرانەیان لە فۆڕمی شێعردا خولقاندوە.

**وەنەوشە:**

بێسارانی:
وەنەوشێوە هەن جە وەڵ وەهاران
بەر مەیۆ نەپای چەتری چناران

باد، بۆش ماوەرۆ وە سەرزەمین دا
بۆ مازۆ وە بان بۆی موشکی چین دا
شیوەی وەنەوشە، هاو بە خاڵەوە
بەو گۆنای گوڵرەنگ بوومی لاڵەوە
مەولەوی:
شمشاد و نەرگس وەنەوشەی چەمەن
سەیرشان ئازار بینایی چەمەن
ئاد مارۆ بە ویر تەرزەکەی باڵات
ئەو دیدە ی مەستت، ئێد خاڵ ئاڵات
**نەرگس:**
بێسارانی:
نەرگسێ مەبۆ ساق سەوز و چەم زەرد
شەو بە شەونم کەیل، پەل سپی بێ گەرد
شەوان بە شەونم خاڵ مدۆ جەڵا
جامێ زەرِ پیۆەن چوون حوقەی تەڵا
شیوەی ئەو نەرگس بەو شەوبەندەوە
بەو شای شکۆفان شا پەسەندەوە
مەولەوی:
نەرگس وە مەس مەس مدیۆ، کێن ئەو کەس
گۆشەی چاك دڵ وەر نەدۆ جەدەس
**ناڵەی نەوای نەی و دەروونی شاعیر:**
بێسارانی:
ساقی ناڵەی نەی، ساقی ناڵەی نەی
ناڵەم زگارەن، وێنەی ناڵەی نەی

موترێب بکێشە ناڵەی نەوای نەی
کەیکاووس کۆ شی؟ دارا کەی بیٚ کەی؟
با وەس بناڵوو دڵ بە جەفای زام
با سەرنەگوون بۆ سووراحی نە جام
مەولەوی:
شێعر وێم تەنخوای سەمتوور سازیٚ
لێدەر سا نەی چی! هەر تاریش گازیٚ
چنگ پێکو نە جەرگ نەغمەی سازەکەت
بەرارۆ تۆ تۆ مێقرازگازەکەت

**تیری خەیاڵ:**

تیری خەیاڵ جەرگی شاعێری بڕیوە، هەر ئەوەندە نەمردووە بەڵام وێڵ وێڵ وەکوو سەرسامی، بێزار لەژیان و تەنیا هەناسەیەك لە گیانی ماوە. واتە ئەڵیٚ: ئەمە هەمووی هۆی خەیاڵی دووری تۆیە کە وەك تیر دەچەقێتە هەناوم و بڕسم لیٚ ئەبریٚ.

بێسارانی:
وێنەی سەرسامان، نەزان هەواڵان
زەدەی زامی سەخت، تیری خەیاڵان
وێل وێڵ مەگێڵوٚ بێزاری جە ژیان
خەمی فەراوان کەم مەندەن جە گیان؟
یانیٚ های دووریت نەکەردەن کاریٚ
وەرنە مەرگڵکۆم بوینان جاریٚ
مەولەوی:

تابلۆی خەیاڵ بە ئێشکچی لەش دا ئەنیٚ کە خەم دێت و عەقڵ و فامی لێدەسێنیٚ و دووکانچەی ئازای بیٚ کەس دەکات، هەرئەو خەیاڵە کە

هەوێنەکەی خەمە، وەك دیمەنەکەی بێسارانی، سەرمایەی هەستی بە تاڵان ئەبا و بێ هۆشی دەکات و بڕسی لێدەسێنێ:

ئێشکچی خەیاڵ خەم، فام سەندەبێ
دووکانچەی بەدەن بێ کەس مەندە بێ
فرسەت زانا بێ، تەریدەی قاتڵ
یەکسەر بەردەبێ، کاڵای گیان و دڵ

دووبارە بێسارانی دەڵێ:

خەیاڵ چوون نەشتەر، دڵ مکاونۆ
دڵ جە دیدەم سەیل زوخ متاونۆ

مەزموونی وێنەی خەیاڵ لەم شێعرەی مەولەوییەدا، گەیشتووەتەلووتکە:

قەڵای ویرم، سەیل هووناو بەردەبێ
بورج ئاگاهیم، وێران کەردەبێ

**هەناسە و تەم و خەزێنەی خەم:**

بێسارانی:

تاکەی هەناسم چوون سیاتەم بۆ
تاکەی کونجی دڵ خەزێنەی خەم بۆ

مەولەوی:

هەرچەنی ناکاو دەماخم تەم بی
سیا هەور دوود نە کەڵلەم جەم بی
بەرق و برووسکە تەم داش وەهەم دا
پلووسکەی سێڵاو ئاما وەچەم دا

**وێنەی گوڵ خونچەی دەهان:**

کەمەبەست دەم بچووکی یارەکەیە:

بێسارانی:

ئەر سیی زەنەخ گوڵ خونچەی دەهان
بدەوش بەیەکسەر تەمامی جەهان
مەولەوی:
خونچە دەهانێ، تووتی زوبانێ
ساحیب زەمانێ، شەکەر ئەفشانێ
**وێنەی جام جەمین:**
بێسارانی دەڵێ:
جام جەمینم گەرد ئاڵوود بیەن
بازار سەودام وە بێسوود شیەن
مەولەوی:
وێش نمەوینۆ ئازیزخەمینت
دیارەن لێڵەن جام جەمینت
**موتیفی باڵاو قامەت لە تابلۆی خەیاڵی دوو شاعێردا:**
**شوبهاندنی باڵا بە عەرعەر:**
بێسارانی:
ئارۆ دیم وەچەم نازوك ئەندامێ
ساوای تەن تەڕاو، تووڵە نەمامێ
عەرعەر باڵایێ، شای جەمین جامێ
زوڵفان چوون کەمەند خەیاتەی خەمێ
مەولەوی:
نەواتم عەرعەر سەهەند پەروەردە
باخەوانان، داخ وە تۆی گڵ بەردە
خود نمایی، لای باڵا نەمامان
وێت لادەر ئامان، پەرێ تۆ نامان

شۆبهاندنی قامەت بە کەمان:
بێسارانی:
پەی دین جەستەی، زوڵفی پڕخەم
قامەت چوون کەمان، سەرنیام وەهەم
مەولەوی:
دیدەم و دیدەت شای شیرین چەمان
فیراقت قامەت کەردەن وەکەمان
خەیاڵان شەو، هیجرانان ڕۆ
قامەت خەم کەردەن چوون چەمیلەی چۆ
**باڵا و ئەلف وار:**
بێسارانی:
باڵاو ئەلف وار، دەوەندەی دەوان
چەفتت کەردەوە چوون چەفتەی کەمان
مەولەوی :
تا جە (داخی) تاق جفت خەمانان
راس باڵا چوون چۆی چەوگان چەمانان
**تابلۆیەکتر شوبهاندنی موژە بە ئەڵماس و ناواك و خار یان دیمەنی داماڵینی گەردی پێڵاو بە موژە:**
بێسارانی ئەڵێ:
چراخم تیژتەر چراخم تیژتەر
چەن موژە داری جە ئەڵماس تیژتەر
مەولەوی وەڵامی ئەداتەوە:
موژانش جەتێخ ئەڵماس تیژتەرەن
زامەتش جەزام ئەفعی فیشتەرەن
**وێنەی داماڵینی گەردی پێڵاو بە موژە:**

بێسارانی:

ئیسە پەی دووری قیبلەم منالۆو
گەردی پاو پاڵاش وە موژە ماڵوو
من پەی موژەی خار یەخەیلێ وەختەن
بە جاڕووکاری، نە ڕای تۆم جەختەن

مەولەوی ئاوا دێتەوە وەڵام:

جیاتی موژەی سفتەی باڵاکەت
چێش بۆ وە جاڕووی گەرد پاڵاکەت
چەم پەی فەرش پات موژەش چوون خارەن
بەڵام چێش کەروو چارش ناچارەن

**تابلۆی دیدە یان بینایی:**

وەك خوازە بۆ کەسێتی بەخشی بە هۆی مولایەمەتی پەڕوباڵەوە لەم شیعرەی بێسارانیدا:

دیدەم بینایی تێش نمەمانۆ
پەڕوباڵ نە دەور زوڵمات مەشانۆ

مەولەوی:

خەیلێوەن بینایی جە دیدەم ڕەمان
بەڵ سوڵحشا بۆ بینایی و چەمان

**موتیفی دەردو خەم و ئازار:**

یەکێك لە مەزموونەهاومەبەستەکانی بێسارانی و مەولەویە:

**شوبهاندین خەم بە کۆی دەماوەند:**

بێسارانی دەڵێ:

ئارۆ خەمانم چوون دەماوەند بێ
دیدەی قیبلەی وێم بەندی شەوبەند بێ

مەولەوی دووپاتی دەکاتەوە:
دڵ جە دەماوەند گرەو بەردەبێ
دیدە، دانەی روب، رێوەند وەردە بێ
**لونگی خەم:**
بێسارانی:
تا بەکەی جەستەم لونگی خەم پۆشۆ
تاکەی چوون کوورەی ئایر بجۆشۆ
مەولەوی:
مدیۆ وە فیرقەی زەلیلان خێڵ
دیار نییەن مەعدووم لونگ خەم وە پێڵ
**سوپای خەم:**
بێسارانی:
سوپای خەم وەی تەور زۆر گرتەن وەنەم
هەرساتێ مەرگێ مرمانۆ پەنەم
مەولەوی:
شای شادیم مەڕیا، سوپای جەم جەم بێ
بەیداخ دەماخ شێوەی ماتەم بێ
**جامی خەم:**
بێسارانی:
تاکەی بنوشوو، تاکەی بنوشوو
یارەب جامی خەم تاکەی بنوشوو
مەولەوی:
جامی خەم وەردەی مەرگ ناکامان
زام ناسوور کەفتەی، دەروون پڕ زامان

**بای شەماڵ**: شاعێر تەنیا مەحرەم و رازدار و هەواڵبەری خۆی بۆلای یارەکەی شەماڵ دەزانێ، راسپێری دەکاو بەدەوان بچێتە لای مورادەکەی: کە چاو لە هیمەتەکەی نەنووقێنێ و لە خۆشەویستیەکەی کەم نەکاتەوە، گلەیشی لێ نەکات کە لە داخی رەقیبانی بەدگۆ، جەورو جەفای چەرخی بێ بونیاد، رووی لە چۆڵ و هەردان کردووە:

شەماڵ مداران، شەماڵ مداران
شەماڵ بێ مرووەت، چۆنت مداران؟
بشۆ وە زامن وەلای گشت یاران
واچە پەرێمان هیمەت بداران
هەردەم بکەران دۆعای خێرمان
کوتا نەکەران دڵ جەمیرمان
جەدەستی رەقیب، بەدانی بەدگەست
جەی زەیدۆ زامەن، دەستووریمان وەست
جە جەورو جەفای چەرخی بێ بونیاد
رووما‌ن کەرد بەچۆڵ هەرچێ باداباد
مەولەوی هەرلەم موتیفە شێعرەدا دەڵێ:
های شەماڵ چەند جار را تەی کەردەنی
چەند تەشریف وەلای یاران بەردەنی
دەی سا شۆ بویەر نەو سوب سەحەردا
چوون دووی هەناسەم وە ئاویەردا
بەڵام من جەستەم خەیلێ بەدحاڵەن
لاڵ بوون، مالوومەن، ئەو نە وەباڵەن
دەخیلم شەماڵ وەی گشت دەردەوە
شۆ وە خزمەتش وەی دووی سەردەوە

واچە کەفارەت بەژن و باڵات بۆ
نەسیب رەقیب خاڵ ئاڵات بۆ
ئایر سەندە بیٚ جەگردین لاوە
پووشەکەی جەستەش وە ئارباباوە

سەرچاوە:

١- سبك شناسی شعر- دكتر سيروس شميسا
٢- دیوانی مەولەوی
٣-دیوانی بیٚسارانی- کۆکردنەوەی حەکیم مەلا ساڵح

# تێ بینێك لە سەر پارچە لیریکاییێکی بڵاونەکراوەی مەولەوی

**دیاری ژیار**

ئەدەبی تۆمار کراوی گەلەکەمان، لە هەمبەر ئەدەبی تۆمار نەکراو کە هێشتا لە سووچی بەیازە کۆنەکان و سنگی ئەو مرۆڤانەی کە یا دنیایان بە جێ هێشت و خستیانە ژێر گڵەوە، یان زیندوون و پێناسەی زانستی و تۆژکاری و پشکنینیان لەسەر نەکراوە، تەژی و بەرامبەر نیە.

بەختەوەرانە سووچێك لە حەوتە نامەی «ئاویەر» لە لایەن «ژیار»ەوە بەو کارە مەزنەوە تەرخان کراوە و حەوتەنامەکەی پێ ڕازاوەتەوە.

دیارە «ژیار» لە سەر ئەرکی ژیار و ڕۆشنبیری کوردی، دڵسۆزانە و لێکۆڵەرانە، ئاقار و دەڤەر و شوێنی کوردەواری گەڕابێ و بەیازەکانی پشکنی بێ و بەرهەمە کۆنەو بڵاو نەکراوەکانی شاعێرانی گەورەی کۆ کردوٚتەوە، کارێکی مەزنەو لێرەدا دەستخۆشانەی پێ دەڵێین.

لە پێش ژمارە ی حەوتە نامەی «هەشتەمی ئاویەر» هۆنراوەیەك بە ناو مەولەویەوە لە چاپ دراوە، لێرەدا تێبینێکم لە سەر ئەو شێعرە هەیە کە دڕدونگم لەوەی هی ئەو شاعێرە بێ؟ بۆ پاساودانەوە و توێژینەوە و حوکم لێدانی شێعرێك لە شاعێرێك دوو پێوەر وبەڵگە بۆ تۆژینەر پێویستە:

یەکەم: نازناوی شاعێر کە (٥٠ لە سەد) بە مەبەست نزیکمان دەکاتەوە و پەنجای تر کە دەستەبەر ناکرێت، ئەوەیە کە بڕێك شێعرەکانیان بۆ نرخاندن بە ناوی شاعێرانی گەورەوە تۆمار دەکەن، یان نازناوی ئەو شاعێرانە هەڵدەبژێرن.

لەم حاڵەتەدا، پەنا دەبەینە خاڵی دووەم:

تۆژینەوەی زانستی لە سەر توخمە زمانیەکان و تەرکیبات و وێنەکاری و ناوەڕۆکی شێعرەکە وکەرەسەی هونەری شاعێرەکە و تاوتوێ کردنیان لەسەر ئەرکی شێوازناسی و بابەتە هونەری/ئەدەبیەکان، چەمکێك بە ناو «ئەدەبی بەراوردی و رانانکاری، تطبیقی» دێتە ئەنجام.

دیارە نازناوی مەولەوی «مەعدوومی» لەم پارچە شێعرەدا نەهاتوە. کە ناچار پەنا دەبەینە هونەری هەڵسەنگاندن و رانانکاری بە سونگەی ئەوەوە کە «ژیار» سەرچاوەی هۆنراوەکەی نەنووسیوە کە ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی تریشەوە بە خوێندنەوەی هۆنراوەکە کەسێك شارەزای شێعری مەولەوی بێ، دەزانێ کە ئەم هۆنراوە، هیچی لە هەناسەی مەولەوی ناچێ، ئەم پارچە هەڵبەستە، لە پلەی یەکەمدا هۆنراوەیە نە شێعر، کەچی مەولەوی شاعێری راستەکی بووەو هۆنینەوە، کەرەسەی هونەرەکەی بووە، هونەری ئەم هەڵبەستە بە شوێنی ئەوە بووە کە قافیەکان ریز بکات باوەکوو چەمەکی شێعرەکەیشی ئاڵۆسکاو بێ. کەچی مەولەوی «مۆسیقای پاڵەکی» قافیەی وەك کەرەسەیەك ئاسایی سروشتی هەڵبژاردوە بۆ تان و پۆی «فۆرم و ناوەڕۆك» دەقەکەی.

ئێستا بۆ نموونە دوو دێڕ لە شێعرەکەی «ژمارە هەشتی ئاویەر» لاپەڕەی دوایی، ئەخەینە بەرچاو لە روانگەی بەراوردکاریەوە، تاوتوێ دەکەین:

تاقی خانەقای دڵ پڕ وەل وەلەن
تاسی کەلـلەی پۆس، پڕ نە هەهەلەن

الف) پرۆسەی کێشی لنگەی یەکەم قورسە، ئاستەنگ دەخوێنرێتەوە، دیارە بۆ وێنە لە تەواوی دیوانی مەولەویدا، نموونەیەك نادۆزیتەوە کە ریتمی هەڵەی تیابێ.

ب) «تاقی خانەقای دڵ» وێنەیەکی لاوازە، لە دیوانەکەی مەولەویدا تەنانەت یەك جار ئەم وێنە نەهاتووە، لە «:مەنزوومەی زەینی و هونەری تایبەتی مەولەویدا» جێ و شوێنی نیە، بەڵام: (ئاسانە، ئاسانەی دڵ) هاتووە و چەندها جار دووپات کراوەتەوە.

ج) لە زوانی هۆرامیدا «وەلوەلە» مان بە واتای دەنگ و هەراو هووریا هەیە. «ول ول» یش بە واتای: «کون کون»ە.

لەو پارچە شێعرەدا، وەلوەلە هاتووە کە چەمکی ئەو واژە لەگەڵ وێنەی «تاقی خانەقای دڵ» یەك ناگرێتەوە. ناوەرۆکی شێعرەکە سەخیف و گەندەڵ دەبێ، کە وابوو ئەگەر هی مەولەوی بوایێ، «ول ول »ی ئەهێنا بە مانای کون کون کە سفەتێکە رێك و پێك بۆ دڵ «لێکچواو = مشبەبە» کە بە تاقی خانەقاکە «لێك چوێنراو = مشبەبە »ە هێنانەوەی «وەلوەلە و هەهەلە» لە یەك ناوەرۆکدا بێ مەبەستە.

مەولەوی «وەل وەلەی» بە کار هێناوە بە مانای «دەنگ و زایەڵە» بۆ مەبەستی خۆی لە ملوانکەی شێعردا:

یا «وەلوەلەی» دەف شا دەروێش جۆشێ
یا جۆش سەمتوور موتریب خرۆشێ

دێڕی سێهەم:

عەکسی تەجەلای مەشعەلی ڕووی دۆس
شەوق مەدۆ چوون شەم نە فانۆسی پۆس

لەم شێعرەدا وێنەی «فانۆسی پوس» لە دیوانەکەی مەولەویدا قەت نەهاتووە، جگە لەوە، دەستەواژەیەکی زەبەلاح و ناقڵۆکارو بێ دەماخ و بێ چەمکە، زۆریش لە چێژ و هونەری باڵای مەولەوی دوورە.

ئەگەر بڵێین، لێکدراوێکی «لێکچواندن»ە چە پێوەندێکی هاوبەش لە نێوان: پۆس «لێکچواو» و فانۆسی «لێك چوێنراو»دا دەگرێتە خۆی، لە لایەکی تریشەوە چەمەکی دێڕەکە زۆر ئاڵۆزە: «عەکسی تەجەلای مەشعەلی رووی دۆس» وەك شەم شەوق ئەداتە سەر «فانۆسی پۆس» ئەمە کام شەمە ئەوەندە رووناك مەندە کە شەوق بداتە سەر «فانۆس»!!؟ ئەگەرچی مەبەستی شاعێر، تەجەلی یاری ئەزەلی و ئەبەدی لە عالەمی کەوندایە، و مەبەستێکی وەحدەت وجوودی لە عیرفاندایە. وەك مەولەوی فارس دەڵێ:

جملە معشوق است و عاشق پردەای
زندە معشوق است و عاشق مردەای

لە ئەنجام دا ئەڵێین: ئەم شێعرە هەناسەی مەولەوی نیە. وێنەگەلێك وەکوو: «تاقی خانەقای دڵ»، «فانۆسی پۆس»، و... لە هۆنینەوە و ئەفراندێتی هونەری مەولەویدا نموونەیان نیە. مەولەوی شاعێرێکی خاوەن ئەدگار و شێوازە، زمانی تایبەتی و وێنەکاری سەربەخۆی هەیە، لە داهێنانی تەرکیبات و تەعبیرات و وێنەکاریدا دەستی باڵای هەیە:

بە سۆنگەی نواندنی تایبەتمەندیەکانی زمانی مەولەوی، ئاماژە دەکەمە سەر ئەو کەرەسە هونەرییانە کە لە دیوانەکەیدا بەرفراوان کەڵکی لێوەرگرتوون و دووپاتی کردونەتەوە.

«دووکانچەی شادی – شای شادی – پای شادی – شەوتاوگەی شادی – مەزرەعەی شادی».

لافاو مەینەت – لافاو هووناو – سەرمەشق مەینەت – خێڵ خانەی مەینەت – سەرقافڵەی مەینەت – وێشوومەی مەینەت – کلێڵەی خەفەت، بووڵەکەی سفتەم – بووڵ دەرد – سیاهەوردوود – دوودەی هەناسە – دوودەی دەروون – پلووسکەی سێڵاو – پلووسکەی چەم – کوورەی دەروون – هەردی دەروون – دیك دەروون – کوورەی ئایر – کۆتەرەی جەرگ – پوشەکەی جەستەم – خاشاك هەستی و ...« تا بزانین «ژیار» بەڵگەی چاتری بەدەستەوە بێ.

# شێعری هاوچەرخی هۆرامان و ڕوونکردنەوەیێك

لە مێژە تامەزرۆی ئەوە بووم، لە لایەن ڕاڤەکاران و لێکۆڵەرانی کوردەوە – خۆیشم بەداخەوە بە هۆی نەبوونی دەرفەت تا ئێستا بۆم نەڕەخساوە – ئاوڕێك لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی شێعری هاوچەرخی هورامی پاش قوتابخانە گەورە و بزاڤمەندەکەی «مەولەوی» بدرێتەوە و بەم چەشنە، دەراوێکی تر لە ئەدەبی نەتەوەیی – لە هورامان کە بنەما و هەوێنی ئەدەبی ڕەسەنی کوردییە – بکرێتەوە و ناسنامەی فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆمان لە نێو ئەدەبی ئاریەکاندا، ڕوونتر بکەینەوە.

بەداخەوە، تا ئێستا بە ڕای من–لانیکەم لە لای خۆمەوە– توێژینەوەی لەسەرنەکراوە:

ئەگەریش بۆ بە هێزکردنی زوانی یەکگرتووی کوردی بوایێ دەبوا بە پارێزلە هەرچەشنە پاساودانەوەیەك بۆ بە پیتکردنی زنجیرەی زمانی ڕەسمی کوردی لە لایەن بیرمەندان و خامە بەدەستەکانی هورامییەوە چالاکی ئەدەبی بکردرابا و چییەتی زوان و شیعری هورامی ساغ و پێناسە بکرایایێ. لەوا کە نابێ بەستێنی دیالێکتەکانیتر بەربڵاو بکرێ و نەکا زوانی یۆگرتەمان زەرەر بکات، ئەمە لە نەفسدا ڕەفتارێکی سیاسیە، لە لایەنێکی ترەوە –لە ڕوانگەی زانستی زمانەوانیە– ئەمە نابێتە هۆی بێ هێزی زمانی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو لە درێژەی زەمەن و هەمیش لە

پرۆسەی داهاتوودا، دەبێتە هۆی قەڵەوی و بەستێنەی بەربڵاوی جوگرافیای زمانی یەکگرتووی کوردی.

بە روانینی ئەوخاڵەی سەرەوە، بەرامبەریشی تا ئێستا کەمتر شاعێرانی سەردەممان بە گشتی خۆیان بە قەرەی وتنەوەی شێعری هۆرامی یان راڤەکاری ئەدەبی داوە و ئەگەریش هەبووبێ زۆر بەربڵاو تەواوکەر و خاوەن شێواز و ئەدگاری و هونەریانە نەبووە. بەڵکوو بەچەشنی ئەزموونگەرێتی و تاقیکاری و بۆ دۆزی خۆنواندن بووە. چوونکا شاعێری خاوەن شێوازە دەبێ بە خولقاندنی بەرهەمی زۆر و بە نرخی رێڕەومەند، لەسەر زواندا کاردانەوەی هەبێت لە رادەی ئەفڕاندن و داهێناندا، وەك دەقێکی زیندوو و پڕ وزە لە زەمەنی داهاتوو، بمێنیتەوە و ببێتە قاقوولە نانی دەسی رەخنەوان، تا توێژکاری لە سەر بکات.

خۆشبەختانە، ئەو ئاواتەی منە، تا رادەیەك لە «سیروانی ژمارەی ٤٠ی، ی٤ رەشەمەدا» هاتەدی. کاك «فەرزاد میرئەحمەدی» بۆ ئەوەڵێن کەڕەت، بووە رچەشکێن و بابەتێکی لە ژێرناوی «شێعری هاوچەرخی هەورامان» بڵاو کردەوە. ئەم بابەتە بە راستی منی هەژاند و بزەی رەزامەندی و خۆشی نیشتە سەر لێوامەوە. زۆر حەزم لە سەر دێڕەکە کرد و بە پەلە دەقەکەم خوێندەوە، وێڕای سپاس بۆ کاك فەرزاد و کردنەوەی دەراوێکی ئاوا خۆی لە خۆیدا کارێکی شایان و بەرچاو و جێگای پێزانینە.

بەڵام حەزم کرد، بۆ ئەوەی باسەکە بە پێزتر و بە گوڕتر و زانستیتر پەرەی بدرێ، لەسەر باسەکانمان بێ گرێ و گۆڵ و رووڕاست، باس بکەین و بەچەشنی ئەمڕۆیی و ئێستاییانە رەوتی رەخنەمان پەرە پێ بدەین. خوا نەخواسە لە ئاڵ و گۆڕی ئەم باسانەدا، چەمکی نادروست و

نائەخلاقی لیَ نەهەڵێجێنری. بەڵکوو بە ئامرازێك و ئاکارێکی بزانین بۆ پێگەیشتن و گەشەی رەهەندەکانی ئەدەبی سەردەمی کوردی.

بۆیە لەسەر ئەم بۆ چوونە و رێبردە ئەدەبیە، چەن تێبنینم لەسەر وتارەکەی کاك فەرزاد هەیەو چاوەروانی رێنوێنییەکانی نووسەریش هەین:

١- وتارەکەم چەند جاران خوێندەوە، وێرای بە دەست دانی برێك زانیاری ناتەواو، چەمکێك زۆر زەق کرابوویەوە، ئەویش کۆتایی وتارەکە بوو: «ئەم شێعرە نموونەی سەرکەوتووی شێعری هاوچەرخی هورامانە» – گومان لەوەدانییە کە شێعرەکە خاوەنی هەندێ تایبەتمەندی هونەری و دیاردەی جوانیناسییە... لێرەدا مەبەست شیکاری شێعرەکە نیە – بەڵام نموونەیەکی سەرکەوتوو و شاعێرێکی سەرکەوتوو لە ئەدەبی خاوەن مێژینە و دەوڵەمەندی نەتەوەیەك ئەبیَ لانیکەم بۆ دیتران بە بەڵگەی لۆژیکی و ئیستاتیکی و تەکنیکی ئەمرۆژیانە بچەسپیَ، نە فەقەت بە بەرجەستە کردنی بابەتێکی سەردێرِی بە پێی هەستی تاکی و نازانستی.

٢- بە هۆی «زەق کردنەوەی پێناسەی شاعێر» بیَ پاڵپشتی زانستی و شێوەی لێکۆڵینەوەیی و زەیینەتی پێشوو، سەرەتای بابەتەکە – شێعری هاوچەرخی هورامان – کە بە هەوڵ نیگا بۆ خوێنەر و بەردەنگ «قەبە» و زەبەلاح و بەرچاوگر دەنوێنیَ و چاوەڕوانی فرەخوازی باسەکەی لێوە دەکریَ. بەڵام بەخوێندنەوەی وتارەکە، بە هۆی «خێرایی و بەسەرداچوونی» بابەتەکە، و بە کارهێنانی چەن وشە و زاراوەی ئەدەبی و دووپات کردنەوەیان خوێنەر نوقم دەبیَ و ئاوێکی سارد دەکریَ بەسەریا و جگ لە نان بە قەرزدان شتێکی دەزگیر نابیَ.

٣- دەقێکی ئەدەبی و زانستی، ئەبیَ بەڵگەدار و ناسنامەدار بیَ. بۆ هەروتەیەك و چەسپاندنی چەمکێك ئەبیَ بەڵگە و سەرچاوە بهێنێتەوە.

نووسەر لە سەرەتای نووسینەکەیدا، ئاوڕی لە مێژووی سەرهەڵدانی شێعری گۆرانی داوەتەوە تا ئەگاتە پچڕانی زنجیرەی ئوسلووبی ئەدەبی «مەولەوی» بەم لاوە، بێ ئەوەی کە ئاماژەی بەسەرچاوەیەك کردبێ. بێ ئەوەی بزانێ رەوتی شێعری «هۆرامی» پاش «مەولەوی» بەردەوام بووە، ئەو زەمەنەی قرتاندوە – هەرچەند لاوازیش بووبێ، بەڵام شێعری هۆرامی، هەر بووە و نەفەوتاوە – وابوایێ، ئێستا ئەو شاعێرانیشە کە شێعری رۆژی هۆرامی دەڵێن نەمابوون، بە رای من ئەمە جگە لە ناشارەزایی بەسەر مێژووی ئەدەبی کلاسیك و سەردەمدا، شتێکیکە ناگەیەنێ.

٤– شێعرەکەی کاك رەوف لە بواری «جوانی ناسی و تەکنیکی شاعێرانە» ەوە هەڵگری، هەندێك تایبەتمەندییە، بەڵام نووسەر زۆر بە سانایی و خێرایی – تەنانەت هەڵەیش – ئاوڕی لەو دەقە شێعرە داوەتەوە. کە ئەمە لەگەڵ دیاردەکانی رەخنەی زانستی و شیکاری نوێی ئەدەبی، ناخوێنێ. دەبی دەقی شێعر وەکوو هەر دەقێکی تر لە دوولایەنی فورم و ناوەڕۆك چ لە لایەنی زمان، شێوەی بەیان و لەحن و مووسیقای ناوەکی و دەرەکی پاڵەکەیەوە، چ لە روانگەی واتا و مانا ناسییەوە بە تەسەل و ورد بوونەوە باسی لەسەر بکرێ. هێما شاردراوەکان و واتا بزۆزەکان لە نێو دڵی وشەکاندا، هەڵبهێنجێنرێ و سیمایان دیار بکرێ.

بۆ وێنە: نووسەر «تابلۆی خەزا نوو قەڵەمی، خەزانی قەڵەمێ» بە وێنەی «هەست ئامێزی» داناوە، کە چی ئاسمان و زەوی چەندەدوورن ئەمیش وەها. ئەم لێکدراوە «تەرکیب»، «لێکچواندن» ە و قەڵەم «لێکچووە» بەخەزانی «لێکچواو»، کاتێکە قەڵەم بەرەوی نیەو بەهاری نەماوە و شەمزین و سیس بوون سەری لێداوە. ئەمە بە پێچەوانەی وتەی نووسەرە، کە گوتوویە ئەم شێعرە تەشبیهی تیا نییە، بڕوانن ئەم دێڕە

**شێعرەی سوهراب سپێهریە:** «حرف هایم مثل یک تکه چمن روشن بود».
«**حرف**» هەستی بیستنە و «**چمن و رۆشنی**»یش هەستی دیتن كە شاعێر ئەم دوو هەستەی تێكئاڵاوە و مەزموونێكی هونەری خوڵقاندوە.

**٥- نووسەر لە بەشێك لە نووسەنەكەیدا: دەڵێ :**«شێعرەكە بە رەوایەت -گێڕانەوە- دەست پێ ناكات. سەرەتای شێعرەكە بە حاڵەتەوە، دێتە بەرچاو». بە رای من نووسەر لە رەوایەت «گێڕانەوە» و حاڵەت، تێنەگەییوە. لەحن (ton) هەمان گێڕانەوەیە. حاڵەتیش چەشنێك و جۆرێك لە گێڕانەوەیە. ئیتر لەحن جیددی بێ یان لیریكا و غنایی یان حەماسی یان تارۆز و... ئەمە دەگەرێتەوە بۆ لەحنی گێڕانەوە و شێوەی حاڵەت. بە قەولی: تی . اس. الیوت، لە هەر گێڕانەوەیێكدا سێ دەنگ هەست دەكرێ:« ١- دەنگی خودی شاعێر، شاعێر جگە لە خۆی كەس نادوێنێ. ٢- دەنگێك كە شاعێر لەگەڵ خوێنەردا ئەدوێ. ٣- دەنگێك كە شاعێر دەكۆشێ كەسێتێكی درامی نومایشی بخوڵقێنێ».

كەواتە لەم شێعرەدا، (راوی) سێهەم كەسی نادیارە و دانای (كل)ە، كەلەپشتی دۆخی تەجروبە زەینیەكەیدا پەنهان و بەڵام بزۆز. شێوەی گێڕانەوەكەیشی، هەمان حاڵەتەكەیە نە شتێكی جیاواز.

**٦- نووسەر لەم شێعرەدا، دێڕی «جە خەزانوو قەڵەمینە»، (و)** بەراناو (زەمیر) دا دەنێ. لە حاڵێكدا، (و) لەزاری هورامیدا، و لەم وێنە شێعرییەدا، ئامرازی بەرنیایی (كەسرەی ئیزافەیە)ە. خەزانوو قەڵەمی - خەزانی قەڵەم - خزان قلم.

**٧- پێچراوەیی (تعقید) لە برێك لە رەستەكاندا، هەڵدەقوڵێ.** نازانم خوێنەران، رایان لە بارەی ئەم وتەوە چی بێت: «جە/خە ئەم پێچراوە (!!؟) وەك رەواڵەت، ئاستی رواڵەت لە ئاستێكی بوعدداردا (!!؟) بۆ

موخاتەب دێننە ئاراوە چوونکوو دەوری زەمیری (و) – !!؟ – زاراوەی هورامیدا جۆرێك ئیزافەکاری (!!؟) نانەخشێنێ».

٨– لەم وتارەدا، ئەوەندە زمانی کوردی داماو و لاواز و بێ دەرەتان دراوەتە قەڵەم، کە نووسەر پەیتا پەیتا – ئاگایانە یان نائاگایانە – دەست بە داوێنی وشەو زاراوە و لێکدراوەی فارسی و عەرەبی و بیانی بووە. وەك: ساختار، فەراهەم، زەمیر، ئووسلووب، تەسویر، حس ئامێزی، تەشخیس، ئەبزار کەلامی، فەزا، مەفهووم، دال، مەدلوول، ئەتمۆسفۆر و رەوایەت و...

٩– هەڵەگەلی رێنووسی و شێوەی خوێندنەوەیی وشەی هورامی: گۆرەمێت بە جێی »گۆرەمیت»و...

١٠– باسەکە زۆر ئاو هەڵدەگرێ. ئەگەر پێویست بوو، لە کاتێك و مەودایەکی تردا، بەتەسەل باس لە ئەم چەشنە و توێژینەوە ئەکەم، تاوەکوو، رەخنەکەمان و بۆچوونەکەمانمان و وتارەکانمان بێ سەر و بن نەبن.

# پێسه ناڵەو شێعریٚ

گەرەکما چێگەنه سەرو ڕەوتەو شێعرەو هۆرامی باس کەروو و ئاماژەییٚ کەروو به رەوتەو مێژوویی شێعرەو هۆرامی هەر جه سەرەتاوه تا ئیسه، ئەگەر کریوٚ به شێوەییٚ موختەسەر. ئایا ئارۆ دەقێوه شێعری پێسه دیکۆمێنتیٚ، پێسه دەقێوه نقیساری جه رەوتەو شێعرەو هۆرامانینه یاگێش هەنه یان نا، ئینجا بلوو سەروو باسه ئەسڵیەکەو شیتەڵکاری دەقه شێعرەو «کارەوان»ی جه دەفتەروو «زەڕنەوئاسۆ»ی بەشکەم یاگیٚ رەزامەندیتا بۆ هەر جۆره پەیلوایێشتا بۆ سەروو چەمی.
دیارا ئەگەر ئێمه شێعرەو هۆرامانی به شێوەییٚ شێواز شناسانه و مێژوویی و عیلمانی تاقی کەرمیٚ ئەشۆ واچمیٚ: شێعره و وەڵ ئیسلامی و دماو ئیسلامی. شێعرەو وەڵ ئیسلامی: چی قۆناغەنه راستەوخۆ که ئاماژه کریابۆ به شێعرەو کوردی(هۆرامی) پێسه دێکۆمێنتی ئێمه نیاما، ئا دەقیٚ و ئا دیکۆمێنتیٚ که هەنیٚ جه ئەدەبیاتو وەڵ ئیسلامینه تێکەڵێنیٚ چەنی فەرهەنگ وتەمەدون وشارستانیەت و ئاوەختیه که نەتەوەو کوردی بەشیٚ بیەن چا شارستانێتیه، واته: شارستانیەتوو مادەکا، که ئێمه جه دەقەکانه پێسه دەقوو (گاتاکا) که ئەوەڵین چرۆ شێعرەو هۆرامی جه گاتاکاوه دەس

پەنەکریۆ. دماتەر (درەختی ئاسووریك) و (ئەیاتکاری زەریران)ما جە دەورەو (ئەشك)ەکانە هەن، چوون خسڵەتێوە مۆسیقایی ئینا چا دەقانە کە ئیسەیچ جە شێعرەو ئارۆ هۆرامانینە کەڵکش چەنە ورگێرمێ، ئادێچ خسڵەتێوە زوانین کە من نامێم نیان «کرکە، نەغمە، Intensite».

ئی نەغمەیچە برێ دەنگێ جە زوانەنە گێرۆ وێ، کە ئی دەنگێ ئێنێ جە جەوهەرەو زوانی هۆرامینە هەر ئینە بیەن هۆکار و ئانەی کە هۆرامی جە نەزەرەو دەنگ شناسی(فۆنۆلۆژی)یەوە زوانێ فرە دەوڵەمەند بۆ. هەر ئینە بیەن هۆکارو ئانەی کە شێعرەما تا نەونیۆوە ئا جەوهەرێ کە ئێنێ جە ناخەشەنە پێناسە و کەشف مەکریا. شایەد یۆ چا هۆکارا کە ئێمە دەقی نڤیساریما نەبیەن جە هۆرامانەنە هەر ئی مەسەلێ بیێ بۆ. خۆ زوان چا وەختەنە کەرەسێوە پێسە نۆتی موسیقایی نەبیەن کە بارا ئا نۆتا تۆمار کەرا تا بەڵکوو ئا دەنگێ کە جە ویەردەنە بێنێ و ئیسەیچ کەڵکشا وەنە گیریۆ جە زەخیرەی زوانینە. بە نەزەرەو من هەر ئینە بیەن هۆ ئانەی کە ئێمە مەتن(دەق)ما کەم بۆ، فرەتەر ئەدەبی هۆرامی و شێعرەو هۆرامی و زوانی هۆرامی جە ئەدەبی دەمگۆ(شەفاهی)نە پەنگش واردەنۆ، بە داخەوە هەڵای نامان سەروو رێچکەو ئەدەبی نڤیساری و کێتابەتی. بەڵام دماو ئیسلامی دەقێما هەن جە دەهەو ئەوەڵو هێجری یەنە بە نامێ »هورمزگان«ی کە تاومێ واچمێ ئەوەڵین دەقی(نڤیسار)جە شێعرەو هۆرامینە جە هورمزگانۆ، دەس پەنە کەرۆ، تەنانەت بە تێکڕا پەی ئەدەبی نڤیساری کوردی. هەر ئی دەقە بە پێچەوانەو ئانەی کە برێ سەرش نەیارێنێ، دژایەتی کەرا چەنی ئی بەحسی بەڵام هەم جە باری شێوازناسی و ساختاریەنە هەم جە باری زوانەوانیەنە، ئا پرەنسیپێ، ئا خسڵەتێ کە هەنێ جە زواننە ئەشۆم باش

پەی شێعرەو پەنجەی(هێجایی) ما، ئـی دەقـە هـەنێش" ئینـە یـاگێ وێشـەنە شانازییێوا پەی مێژوو ئـەدەبو کـوردی. ئـیتر پێویسـت بـە نکـولی بیـەیش مەکەرۆ.

دماو هورمزگانی ئێمە مەیمێ سەروو(چوارینە)کاو باباتاهێری، کـە ماچـاش پەنە(ئورامن)، کـە(ئـورامن)یـچ بـە تەفسـیرو (ملـك الشـعرا)ی بـەهاری نەوعێوە شێعرە بێنێ کە جە پەهلـەوینە بیەن و دماو ئیسلامی ئیدامەش پەنـە دریان، هەر ئی نەریتە بۆ بە بنچـینە پـەی بابـا تـاهێری کـە ئیدامـە دەروو شێعرەو هورمزگـانی، یـا واچـمێ شـێعرەو پەهلـەوی سـەر بـە رێچـکەو مۆسیقایی نەغمەی، دماتەریچ سەیدی هۆرامی ئیدامەش دان پەنە، تەنانـەت وەڵتەر جە سەیدی، دەقەکاو (یارسانی)ما هـەنێ. دمـاو(یارسـانی)، (شـێخ سەفیەدین)ی ئەردەبیلی ما هەن، کە دەقە شـێعرییەکاش دەقـاودەق چـەنی زوانی هۆرامی واناوە،چا حەوزە جوگرافیاییەنە کە زوانـی هـۆرامی حـاکم بیەن، ئێمە جە قاڵبو دەسەڵاتینە دەسەڵاتدارێتی(سەفەوییە)ینە وینمێشۆ کـە جە ئازەربایجانی (رۆنیشتە) و (رۆ ورئاما) نە ئاسەوارش هەن.

دما بە دماو ئینەی مەیمێ سەروو ئەدگاری هونەری بێسارانی. بێسارانی جە مەنەیۆ رەوتوو (کرکە)ی روڵێ هەرە گەورەش بیەن. مەولـەوی کەسـێوەن کە وێش بە مەدیوونو بێسارانی زانۆ، – بە هۆنراوەکـاش ماچـۆ: بەسـتەی فەرد، نەوات وێرانەی دڵ کەرۆ ئاوا/ چەنی بەستەی فەرد بێساران مـاوا– ئەگەرچی مەولـەوی جە لـیریکـاو هۆرامینـە، لـووتکـەی هونـەرین، خـواو واژەی و ئاردەیرە و رەوان واتەین. دماتەرشاعێرێ تەرێ سەرشا وردان کە گرد واتەیۆ رێچکەو بێسارانی و مەولـەوی بێنێ. شێعرەو ئارۆ هۆرامانی کە هێشتا ئینا سەرەتانە و نە تاوانش پێسە شـێعرەو ئەوسـای یاگـە پـاش بـۆ و

نیازش بە مانیایی فرەین چی ڕانە، بەڵام ئا دەقیٚ ئینیٚ دەسرٍەسەنە، ماچا کـە جەوهەرەو مۆسیقای شیٚعرەو ئارۆی چەنی هیٚزی هەر یـۆن. شـیٚعرەو ئـارۆ هۆرامانی ئیدامەدەرو ئا رەوتیٚنە کە جە ویەردەنە بیەن، ئی پرەنسیپە یۆگرتە ئینا جە زوانەنە. ئی زوانیچە تۆ مەتاوی واچـی، کـە ٥٠ یـا ١٠٠ سـاڵیٚ چیٚوەڵتەر، پـەرەش پەنـە دریـان. زوانـیٚن کـە حـەی و زیننـەن، ئـەکتیوو دینامیك. نزیکەو ٣٠٠٠ ساڵیٚ سابیٚقەی تاریخیش هـەن، ئەچـیٚگەنە ئیٚمـە یۆگیٚرمیٚوە چی خاڵینە کـە شـیٚعرەو ئـارۆ ئیٚمـە گـریٚ دریـۆ بـە ویـەردەو ئیٚمەوە، ئەڵبەت مەتاومیٚ واچمیٚ شاعیٚرەکا ئارۆی پیٚسە شاعیٚرەکا ئەوسای شیٚعریٚ واچـاوە، نـە جـە فۆرٍمەنـە نـە جـە ناوەرٍۆکەنـە. بـەڵام ئامیـانوو جوانکاری زوانەکەی یۆن، ئینە رەنگا خەسڵەتیٚ تایبـەتی بـۆ جـە شـیٚعرەو هۆرامیەنە، هەر ئینە بۆ بە هۆکـاریٚوە جیاکـەرەوەو شـیٚعرەو هـۆرامی جـە شیٚعرەو نەتەوەکاتەری و تەنانەت دیالیٚکتەکاتەری کوردی. هەندیٚ خـاڵیٚ هەنیٚ کە شاعیٚرو ئارۆ ئیٚمـە ئەشـۆ سـەردەمیانە فیکـر کـەرۆوە، درووسـا وەڵتەر ئیٚمە بیٚسارانی و مەولـەوی و خانا و ... بیٚنیٚ و یاگیٚ شانازینیٚ جـە ئەدەبی کوردینە، بەلاٚم ئادیٚ پەی بەراوردکەردەی نیازوو ئارٍۆیە شیٚعریٚشـا واتینیٚ، ئەگەرچی بیەی میٚژووییشا پیٚویستا جە ئـەدەبوو ئەوسـایمانە، بـەڵام مـەتاوا نیـازە سـەردەمیەکا ئارۆیمـا دابـین کـەرا، گیٚرتـەی جەوهەرییـە هونەرییەکاشا پیٚویٚستا بەڵام پیٚویست نیا شاعیٚرو ئارۆی پیسـە ئادیشـا هـەم جە فۆرٍمەنە هەم جە ناوەرٍۆکەنە، شیٚعرە بارۆنە. ئانە نیازوو ئاوەختیە بیـەن ئارۆ شاعیٚر هەست بە نیازیٚتەر کەرۆ. ئینە ورکـەو گردیمانـە. وەشـبەختانە ئارام ئارام ئی مەسەلیٚ ئەلعان پەرەش پەنە دریۆ. ئیٚمە دەقیٚ فریٚما بیٚنیٚ جـە گۆڤارە ئەدەبیەکانە، جـە دەفتـەرە شـیٚعریەکانە، چـاپ و پـەخش کـریٚنیٚ.

ئەگەرچی هەم جە کەمیەتنە و هەم جە کەیفیەتنــە، یــاگێ ســەرەنجینێ، پــاو شێعرەو ئارۆ سۆرانیرە، بەرواورد مەکریا، بــەڵام هــەر پــی قڵڵــەتۆ، ئەشــۆ یاگێ وەشحاڵی بۆ ئا دەقا ونیاوە بــە شــێوەیێ هێرمنۆتیکیانــە باسشــا ســەر کریۆ، هەم دەقەکە تەتڵە کریۆ و هەم شاعێرەکەیچ تەشویق کریۆ. چیگەنە من گەرەکما ئاماژە کەرو بە دەقێ شێعری بێ ئینەیە کــە ئاماژەکــەروو بــە شاعێرەکەیش، چــوون دەق وێــش قســێ کــەرۆ، دەق وەختــێ ئامــا بــەر، پێوەندیش بە شاعێرەکەیۆ نیا، مەرگوو موئەلێفی یاوان وەرۆ، شاعێر وێــش بۆ بە وانەروو دەقەکەی، وانەریش بە وانایۆ دەقەکەی نیشۆ یاگێ دانــەری و جە موئەلێف بیــەی چــێژ ورگێــرۆ. پــی بۆنــەوە مــن گــەرەکما شــێعرو «کارەوان»ی جــە دەفتــەروو «زەڕنــەو ئاســۆ»ینــەو، وانــووە. جــە رادەو تەوانینە هەوڵ مدەو وانایۆکەیم ئارۆیانە، پێشکەش کەروو. ئا پرەنسیپی کە ئەشۆ شێعرەو ئارۆی بۆشا ورشا مدەو بزانوو «کارەوان»یچ ئی پرەنسیپێشە هەنێ؟ ئەڵبەت گەرەکم نیا بڕیار بدەو، واچوو ئینێ چــیوهایێنێ، موتڵــەق و رەها، نا، ئەشۆم نەگۆڕ با! پێسە نیا من مەبەسم، وانایۆ واقێعــو دەقەکــەین، ئننا، هەر دەقێ جە ئاردەنەیرە، هەندێ خەسڵەتێش هــەنێ کــە تایبــەت بــە وێشەنێ، ئەویتەر نیاش. شێعرێنە کە من ئاماژەش پەنە کەروو کــە تــاوٚ ئــی تایبەتمەندیە بۆ پەی شێعرەو ئارۆ ئێمە کە دەقێقــەن چــەنی تایبەتمەنــدی کــە پەی شێعرەو ئارۆ سۆرانی، فارسی، شێعرەو ئارو میلەتەکاتــەری نریانــەرە، بەراورد کریۆ.

چی دەقەنە چیوێ کە گرنگا، مەسەلێ وشیاری شاعێرێنە، چەشــنوو دیــای شاعێرو ئارۆی پەی جیهانی و ئینسانی و پێوەندییەکا ئی دوەیە، کە دیــایێن پــەی نــۆعێ ئارمانگــەرایی و دیــای ئاگاهانــە پــەی مەســەلێ ورکــەو

میلەتەکەیش کە وستەنش وەرو پێشخوانوو هونەرەکەیش بە عێنوانوو کاروانیۆوە کە ئارام ئارام حەرەکەت کەرۆ، جوولەو حەرەکەت ئەگەرچی سەرو وێن بەڵام هەر ئیدامەش هەن و مەبڕیۆوە. جە ئاسۆ دیای ئی دەقیەنە، شاعێر تاوانش جە بازنەو شێعرەو چاوەڵی تێیەڕ کەرۆ و بە ئامادەی کەردەی و حزوورو هەندێ کەرەسەی تازەو پەیلوای ئارۆیانە، وێش وانۆوە، کە ئینە نیازوو هەرە پێویستوو شێعرەو ئارۆیمانە. ئەدەبی پۆست مودێرنیزم ماچۆ (دال) نیشۆ یاگێ (دال)ی تەری، چیوێ بە نامێ (مەدلوول)ی نەبڕیاوەما نیا، ئینە (دالا) کە مێ یاگێ دالێ تەری نیشۆرە. چی شێعرێنە ئی مەسەلێ قۆمێنە، ڕەوتەو بەردەوامی زنجیرە نیشانەییەکا چی دەقەنە ئانەیە بە ئێمە سەلەمنۆ، (دال)و (کارەوان)ی نە پێسە نامێ پەی شێعرەکێ، بەڵکوو جە ناخوو دەقەکەینە، پەیتا پەیتا دالەکێ سەر ورمدا و با بە بزاڤ پەی جە ئەدا بیەی ڕێچکەو (کارەوان)ەکا.

(فرەکێشی)" چی شێعرێنە کە من وانووشۆ، تۆ مەتاوی کێشێ تایبەتیش پەی بنیەیرە، نە کێشی عەرووزی نە کێشی پەنجەیی" بەڵکوو جیاتی کێشی، تاومێ واچمێ (ریتم) سەرو فرە دەنگی کە ئینا (کومپۆزیسۆن) و تان وپۆ شێعرەکێنە. ئی شێعرێ (ریتم)ش هەن. وەزن چەنی ریتمی فەرقش هەن. ریتم پێسەنە ئاوێ کە هۆرقوڵێو و تێپەڕە بۆ، حەرەکەت و سەرەیان پەیا کەرۆ، شۆنەو یۆیرە. ئینە خەسڵەتوو ئی کارەوانینە کە مەمدرۆ، هەر ملۆ و زەمانیچش پەی نیا، تاوی هەر بەردەوام واچیشۆ.

چیوە دژبەرەکێ(پارادۆکس) کە دژو یۆینێ، جە (ریتم)و ئی شێعرێنە تەباییشا گێرتەن. وێڕاو ئانەی مەکریۆشا پێوە، یۆشا گێرتەن، چیگرێدای تەناقوزاتیەنە، بەرهەمێ بە نامێ(کارەوان)ی جە ئەدا بۆ کە من وەنتەیۆ

شێعرەكێنە ئاماژە كەروو بە گرە دژبەرەكا.
(تەسویر گوریزی)، ئا تەسویریٚ كە هەنیٚ جە شێعرەو چاوەڵینە، شێعریٚ كلاسیكیەنە، جە (فۆرماسیۆن)و ئی شێعرێنە لاسایی نەكریٚنیۆە. تەسویر نە بە شێوەی یەك لانەو تاك، نە جە كۆپلەو شێعرێنە. بەڵكوو تەسویر ئینا جە ساختاروو شێعرەكێنە، جە ریتم و شێعرەكێنە، جە ستراكچێرو شێعرەكێێنە.
(فرەتەوەری)ی زوانی، مەولەوی حورمەتش هەن، بێسارانی بە حورمەتۆ" بەڵام ئی دەستە واژیٚ كە ئینیٚ دلی ئی دەقینە، دەستەواژێنیٚ كە سابیٚقەشا نیا، تا ئیسە ئێمە نەبێنێما دلیٚ ئا دەقانە، دەقەكا چاوەڵیما ئینیٚ دلیٚ (تاك تەوەری)ینە، شاعێر كەسێوا كە كەشفو زوانی كەرۆ، مەواچوو مەولەوی و بێسارانی زوان ئەفرێنەری نەبیٚنیٚ، بەڵام بە پاو فەزاو وەرتەسكو ئا وەختییە، رێژەو زوانەكەیچشا وەرتەسكا، سەرە ڕاو و ئی هەلومەرجیە، هەر گەورەتەرین خزمەتشا بە زوانی هۆرامی كەردەن. زوانی هۆرامی دەوڵەمەنا ئەو پەڕوو دوڵەمەنی، ئینە موبالێغە نیا، ئینەی ماچوو، كە تەجرۆبەم هەن سەروو ئی مەسەلیٚ، تەحقیٚقیٚوە كە كەردەنم سەروو ئی زوانیە پی ئاكامە یاوانا كە بە راسی تەنیا شاعێرا كە تاوٚ ئیمكاناتی زوانی كەشف كەرۆ، كەرۆش دایرەالمعارفیٚ زوانی پەی ئا میلەتییە. وەشبەختانە، زوانی كوردی بە تێكڕا و هۆرامی بە تایبەت، پێكهاتەشا زادەو دەسوو دەسەڵاتچیا نەبیەن، و نەبیەن چێرپاو مامەڵەی دەسەڵاتی ئوتوریتەی زوانینە، هەر پی بۆنەوە، جە ئاردەیرەو شێعرێنە، شاعێرما دەس و باڵ باز و رەهان. شاعێرما تاوانش بەرخوردی ناموتەعاریٚف كەرۆ چەنی زوانی، كەڵك ورگێرۆ جە واژەگەلیٚ كە نیەنیٚ دلیٚ بازنەو ئەدەبی پاوانكریاینە، ئیزنش هەن بلۆ دلیٚ فەزای ئێرۆس ئامێزی پاوانكریای، هەر پی بۆنەوە

شاعێری هۆرامی دەسەڵاتی ویراژدای زوانیش فرە بیەن و ئیسەیچ هەنش. بەڵگەی توکمە، چامە لیریکایەکا بێسارانی و مەولەوی و سەیدی و ... ی دەقە چی دێنگەیچەوە هەر بە پێزا، ئەگەرچی تا رادەێی ئێبهام و پێچیای مانای چەنەن، مانایێ نەهایی مەوینمێ، هەر ئینە بەڵگەن پەی فەرا مانایی ی دەقییە، فەزایێ سەیال و فرەزوانی چی دەقنە خولقیان، کە هەردەم وانەر، را کەرۆەو بلۆ دلێ فەزایێ تەری. کە من دمایی ئاماژە کەروو پا واچە و دەسە واچا کە تازێنێ و شاعێری ئاردێنێرە.

(کوپلە بەندی)" ئی شێعرێ کوپلەبەندییێ(فاسڵە گوزاری) تایبەتیش هەن، چی شێعرێنە بێ ئانەی پڕچێبا جە ئەنتری بە شێویێ ساختاری و ئەندامی(ئورگانیزم) پەیوەندیشا هەن پێوە و جە عەین وحاڵی جیاوازێنێ، ئی فاسڵە گوزاریە ئارۆ نموونێوە تایبەتمەندیانەو سەردەمیانەو شێعرەو هاوچەرخینە.

تارۆز و تەنز(ئایرۆنی)" شاعێرو ئارۆی ئەشۆ بەزوانی تەنز قسێ کەرۆ، (حافز)ی شیرازی، فرەگۆرەن جە تەنزەنە، رەنگا یۆ چا تایبەتمەندیا کە (حافز)شا گەورە کەردەن دلێ ئەدەبیاتو جیهانینە تەنز و تارۆزی شاعێرانە بۆ، (وێنە)ێ وەش ئاردەنەرە رەنگە چن مەعنێی بدۆ، بەڵام هەرۆڵێی هەن جە شێعرەو ئێمەنە، کە بە راو من خەسارێ گەورەن جە ئەدەبی کلاسیکو ئێمەنە، کە بە سانایی پەڕ مەبۆوە، ئادیچ نەبیەی ئامیانوو (ئایرۆن)ی جە شێعرەو تەنانەت شاعێرە گۆرەکامانە. موتیفە شیعرییەکا چاوەڵیما فرەتەر ئینێ دەورروبەرو وەسفو تەبیعەتی و بابەتە مۆراڵی و ئەخلاقی و سۆفیانەکانە، ئیتر چەمشا نەبیەن وردەکاری ژیان و رۆژانەو جەماوەری و دمارۆ کێشە فیکری و کۆمەڵایەتیەکا گلێرگەیۆ، کە ئینە گنۆ سەروو

شـــانەو شـــاعێرەکا ئـــارۆی. وەشـــبەختانە ئـــی دەقـــە شـــێعرییە پـــەیامی ورچڵاکیارەی مدۆ دەسوو وانەریوە کە ئادیچ وشیاری مدۆ بـە ئـاخێوەری کە گۆشش زایەڵەو کارەوانەکەی بۆ دایم خافڵ نەبۆ. چێگەنە ئا قسیێ کـە واتەنشا تەنیا قـەڵاو وشـیاری کـوردی شـێعرا راسـا و خـاس پـەی ئێمـە سەلـەمیۆ. بە تایبەت پەی زوانی هۆرامی. بە راسی شـاعێر جـە نیـایرە ئـی بەکگراوندییە سەرکەوتە مدریۆ قەڵەم.

نەرم

پێسە قژاو «شەمیێ» و

بێدەنگ

پێسە ناڵەو شێعریێ.

ئی دەقە چێگەنە تەنیا خاڵە بـە قووەتـەکاش مەواچـوو خـاڵێ لاوازێچـش هەنیێ: واژەنماو (پێسە)ەی چن جاریێ چی دەقەنـە دووپـات بیـەنۆ، وێـڕاو ئانەی جە ئەدەبوو ئاوانگارد و ئارۆینە، ئاوردەی (ئەدات تەشبیە)، (پێسـە) دیاردێوە، سەلـەفی و دەرد نەواردەی دریـان قەڵـەم یـاگێوەش جـە دەقـوو مۆدێڕنو ئارۆینە نیا.

بدیەیدیێ پەی (لـەحن)و مۆسیقاو شێعرەکیێ چەنی (تێم، Tem) و (بەیان) و پەیامو شێعرەکی چەنی کێش و قەوسش فاڕیۆ. کارەوان بـە توخمـو (نـەرم) ی، دەسش پەنە کەردەن و کارەوانیچ نەرم حەرەکەت کەرۆ ئینە دەلالـەتی مۆسیقایین، ئی کۆمەڵە دەنگا چی نیمە کوپلەنە بەکار برێنیێ گـرد دەنگـی کورت و ئارامشا هەن:

چراوکەو رۆحی

میزانکەروو سەرساو بێشکیێ.

گلکەوانەو وەشەویسی
نیشتەن سەروو پەنجەو ئێگەی.
چەنی پا ورگێرتەی کاروانچیەکا دەلالـەتی مۆسیقایی شێعرەکێ دەنگ بەرز کەرۆوە، ئەوەڵ (نەرم) دماوە:
(با) ختوولـە
بیێ ورە بۆ
«دەربەن دزڵـی» ور نە چلاکیۆ
شێعرە بووسۆ.
سیاوچەمانە
چەترەو سەروو وەرنگازوو کوڵما
زەڵمی
چەنی ریتم و لـوای کارەوانی دەنگ بەرز کەرۆوە، بـە بـزوێنی درێـژ و (ă ،ا) کە نیشانەو کێشای دەنگییا جە واچەو (با)ینە دەس پەنەکەرۆ.
دووبارە ریتم مێرە وار بە پاو دەلالـەتی مۆسـیقایی شـێعرەکێ و ئاهـەنگ و لـوای کارەوانی و یاونای پەیام بە وانەری بە هەستیارییەوە:
«شەڵماش»
چرۆ دەسەملانی
«عەنبەرخانە»
تاقڵەو دڵێش گوڵ(گوڵـە) دۆشەکەن،
بە راو من چێگەنە بـە یـاگێ (گـوڵ)دۆشـەکەی، (گوڵـە)دۆشـەکە، جـە ریتمەنە دروس تەرا.
بەرەبەرە، هەنگام بە هەنگام، هێماو شێعرەکێ بە شێوەی سەمبۆلیك وێشا

نیشانه مدا: عەنبەرخانە ،شەڵماش، کە بە یاد ئاوردەی پەنتای جوغرافیای وڵاتی و کەسایەتیەکا و گرێ دایشا پێوەرە.
تاقڵەو دڵیش گوڵ دۆشەکەن
هۆرپڕای: وەرم!!
گیان کارەوان
ئارام،ئارام
(بەرجەستەکاری) و ئاوردەی (قافیەی تەرجیعی) کە دماو کووپلەکا، (گیان کارەوان، ئارام ئارام) دووپات بیەنۆ، جۆرێ تەکیە(Accept) کەردەین سەروو پەیام و شێعرەکێ کە جە روانگەو ساختارو زیباشناختیەوە یانێ (تەداعی) ئا پەیامیەو ئا دەلالەتە مەعناییە کە بۆ بە (فۆرێگراندینگ) یا بەرجەستەکاری هونەری پەی شێعرەکێ.
چۆپی گرێ
هەلە،هەلە
دامان سمکۆڵ
«کەرگە کرێ» و «خاتوو زینە» و «ماڵی ئاوا»
واتما چیوە دژبەرێ(پارادۆکس) کە چن واژێ و تەسویرێ دژ بە یۆی پێوە گرێ مدۆ" جۆرێ پەیامی تەبا و زانیاری مدۆ بە وانەری، یەرێ توخمێ: (کەرگە کرێ) هێماو ژیانبەخشی و جە ئەدا بیەی،(خاتوو زینە) هێماو دلۆڤانی و (ماڵی ئاوا) هێماو شادی و ئایندەی(تز)، چەنی ئی توخمە دژبەرا (گرەو چۆپی و سمکۆڵانەو دامانەو وڵاتی)کە دزێوی و نالەباری مارۆ(ێنتی تز)، پێوە گرێ درێنێ، تا (سن تز)ێ بە نامێ:
(چەمبرکانەو عەمرێ تەری) پەی ئاینەدە و ئاسۆ وڵاتی و تەوەلودی

دووبارە، خولقیۆ.
هەرکەس تەوەلود دووبارەش نیەن
ئەڵبەت سعادەت ستارەش نیەن (مەولەوی)
(ماڵی ئاوا) ـ نموونە پەی فرە تەسویری: هەم نامیۆ ئاوائیوەنە ، هەم بە نەزەرەو من (ئیهام)ەن پەی شاباشی و زەماوەنیۆ: (ماڵی ئاوا !) کە چەنی (چۆپی و هەڵهەڵەی(کە ئادیچ ئیهاما) و خاتوو زینەو چەمبرکانەی) یۆ گێراوە. چێگەنە توخم و (تەکیە Accept) کە توخمیۆ زوانی هۆرامین روڵ وینۆ، کە بە پاو وەنتەیۆ مانا فاڕیۆ.
جام
جەنگەڵیۆ شەڵتە بەردەن
پەیک پەیک
نم نم
دووبارە شاعێرتووڕە بۆ و دەنگ بەرز کەرۆوە و مێوە هاوار" بە داخەوە دەنگەکیۆ بە نویستەی جە زوانی هۆرامینە، نیشان مەدریا تا رادەو هەستو شاعێری و پلەو دینامیکیەتو دەنگەکا نیشانە دریا. ئینە هەر جە ناخوو سەرزارینە مەناوە.
سەردەمێوەن
گەورە کناچیۆ ئی کویسانی
بالاًش رامان
رێکوو مەسی گوڵ(گوڵە) ریواوی
گەورە کناچیۆ ئی کویسانی
دڵش رەشتەن

به تاماوەو واراناوی
گەورە كناچێ ئی كویسانی
تەڕش پۆشتەن
چەنی چڵێ وەرەتاوی.

(زەنگ) و (قافییـەی كتـووپڕی) – نـە وەڵـوەختی و سـەلەڤ – یـۆ جـە وردەكارییە شێعرییەكان، كە بێ ئینەیە دەستكردێ جە كارەنە بۆ" كتـووپڕ و بە خورپە پڕۆنە دلێ پڕۆسەو ئاردەیرەی مێكانیزمو خەلاقو شاعێری. ئـی وردە هەرمانە هونەرێی پێوەندیش بە شێعرێ ئەوساو ئیسەیۆ نیا، دیـاردەێی خورپە بەخشی هونەرین. پێسە ئامای ئی یەرە واچـا(ریـواوی، وارانـاوی و وەرەتاوی یا رەشتەن و پۆشتەن) چا كوپلە شـێعرێ سـەریەنە. هـەر پاسـە واتم شاعێری واقێعی نیا دەربەند و قافیەینە. بەڵام خۆڕسك دیاردەێی نۆژەن و ئیستەتیكی مژمێریۆ. مەولەوی رۆمـی كـە شـاعێرێ مـەزنی كلاسـیكی بیـەن، ٨٠٠ ـ ٩٠٠ سـاڵێ چـێوەڵتەر ژیـان، نەبیـەن چـەنی قافیـەی سەپیایرە، چەنی ئانەیە كە بەشێ هەرە فرەو مۆسیقاو شـێعرەكاش مۆسـیقاو (زەنگ)و قافیەی پاڵەكی بیەن" بەلاّم جە پڕۆسەكەنە چەنی قافییـەی مـانیۆ و تورەیی وێـش دەر بـڕۆ و ئینـا چـا باوەڕنـە كـە قافیـە وەرە بەسـا پـەی دەلالـەتی مانایی:

(قافیه) و مغلطه را گو همه سیلاب ببر
پوست بود، پوست بود، درخور مغز شعرا
خوش نشین ای (قافیه) اندیش من
(قافیه) دولت تویی در پیش من

خاڵێ لاواز كە ئینا جە دلێ پڕۆسەو ئی دەقینـە، زوانەكـە زوانـێ فرەتـەر

فەخیم و قورس و ئامێرانەن. بە پێچەوانەو شێعرەو ئاوانگاردو ئـارۆی کـە ئاشنایی سرِیەیۆ کەرۆ چەنی زوانی، فرەتەر جە لـەحنە گوتارییـە ئاسـاییەکا کەڵك ورگێرا و خاڵیٚ پۆزەتیگا پەی شێعرەو نۆژەنـوو ئـارۆی، ئـی دەقـە نامان ئاشنایی سرِیەیۆ کەرۆ جە زوانی وتاری خەڵکینە، نموونـە: شـاعێرێوە سۆرانی واتەنش:

پێغەمر کا/

چی شاعێری جیهان هەیە/

هەموو بفرِن/

چی شیعرۆڵەی جوانیش هەیە/

هەموو ... /

کە چێگەنە (...) کلیمێوە رەکیکەو دزێوە هەنە کە سەر زارەکـی زوانـی گوتاری خەڵکین. ئینە جۆریٚ رووکەردیٚ ئارۆیانەن کە من دلی ئی دەقینە چێوی چامنە مەوینوو.

چرکەو شەرموو هەورە گرمەی

خاڵەو زنجوو

چۆرە چۆرِوو عەشقوو

«کەڵویٚ»

«بێوران» و «دەرەوکیە»

هەناسێوەو

هەنگامێوە،

چاگەیچ وەرزیٚ و

مەتەرێزیٚ و

ئاوه وەرەو عەشقوو گوارا.
گیان کارەوان
ئارام،ئارام.
...
چا سەر یالاّ
سەروو شانەو حەسرەتێوه
نەسیم: بۆسار
پا هەرداوه
تەپلێ: ژارکۆ گومەو گیانی
تۆفان
لەنجەو وەڵگه رێزوو
ساراو رۆحی،
جەسته
ژڵێوەو قەلاّو وەرمی.
گیان کارەوان
ئارام ئارام.

(وشیاری شاعێری) که وەڵتەر ئاماژەم داپەنه، ئەچی کۆپلانه، هەست پەنه کریۆ، به چێژی هونەری (تەنز و تارۆز)ی ئەوەڵ تاریخو نەتەوەکەیش، ویەردەکەیش، ورمدۆ: پاشان کەسانێ که زوڵمشا کەرد به نامێ مەدەنیەت و مۆدێرنیەتیوه" بەلاّم درۆشا کەردە چەنی کوردی، پەیمان نامەو سیقه نامەشا گرێبەست" بەلاّم دمایی درۆشا کەردە و پاشا داچەنه و ورگێڵێوه:

«سێڤەر» (پەیمان نامەو سێڤەری)
سێڤەر چرکێ و شاباشێوە
تاراو عەمری دژیای
«بازیان» (دەربەنو بازیانی کـە مەشـهوورەن جـە تـاریخوو سـەردەموو کوردینە)
«ئاتا» (ئاتاتۆرکی خاین بە میللـەتی، هێماو درۆزنی و بێ وەفایی بە کوردی)
بوەو لـێڵی ئاوێ
«شاملو» ( هێماو رۆشنبیری نائەمەك بە کوردی کە ناماوە جواو)
دەنگێو بێ وەفایی
ویژدان رەتەو چراوەنەوشەی
پابەرزاوە
دەموو عەشقوو بیستوونیوە.
گیان کارەوان
ئارام ئارام
دووبارە شاعێرتوورە بۆ و دەنگ بەرز کەرۆوە:
چی مەحشەرنە
دنێ تفی، (دنێ تفی) چێگەنە بەنەزەرەو من ئەشـیام(دنـێ تفـی) دووپـات کریاییێوە، هەم پەی ریتمی وهەم پەی یاونای دەلالـەتی واتایی بە وانەری.
سەرگەردانەو سلاٌمێنە
گۆرەمیتوو ئەشقوو کناچا
وەرەی تەژنە

وشکەتاوەو چەماو کوڕا یانە هامسای
وشتراوەو کەمتیارا.
ئی نسارە، (مەحشەر، وشکە تاو، نسار و.. . هێماو دزێوی و نالەباری)
شەوبۆش دیلوو قینەو تیشکێن
کورە زۆکەش
تامووو وارای کێلێ دزیێ
چێگەیچ،
ئاها... چی سەرە ڕانە
وەرمە واران
نەمامێوە دەسەنیان.
نەرم
پێسە قژا شەمێ و
بێ دەنگ
پێسە تاسێ «خانی»
ئارام، ئارام.
زەنگ
دڵۆپەی وشك نە کەردە.
ئینە زڕەو زایەڵەو کارەوانین مدای مدۆ وەنەو ئینە چرپەو کارەوانچیان هەر پاسە ئارام ئارام بێ وچان ملای ملا. یۆ چا خاڵە پۆزەتیڤا ئی شێعرێنە، کە جیای قۆمیای مەدلوولەکا ئینە دالەکێنێ کە مەیا سەرو ڕێچکەو بیەی و با بە هۆ جووڵە و بزاوتەی کارەوانی و دینامیکێتی دەقەکەی.

ئا (واچه و دەسه واچـه تـازەکیٚ) کـه چـی شـیٚعریٚنه، تـۆڕەو ئیٚسـتعاره و میٚتافۆڕیشا پیٚکئاردەن و بیٚنیٚ هۆکارو ئەکتیڤیٚتی دەقەکەی ئینیٚنیٚ:
پەنجەو ئیٚگەی- بیٚ وره بیەی ختوولـەی- وتەی شیٚعریٚ- گوڵـه دۆشـەکه بیەی تاقڵەو دڵی- چەمبرکانەو عەمری تەری- چڵیٚ وەرەتاوی- چـرکەو شەرمو هەوره گرمەی- ئاوه وەرەو عەشقوو گوارا- وشتراوەوکەمتیارا- ژارکۆ گومەو گیانی- دژیاو تـاراو عـومری- گورەمیـت بیـەی عەشـقوو کناچـا- وشـکه تـاوەو چـەما- وەرمـه واران- زەنـگ دڵۆپـەی وشـك نەکەرده- تاسیٚ خانی و ...

ئی وتاره لـه روەو نەواریٚنه جه لاو ریٚزدار خانم (شنۆ رەحیمی) یەوه ئامانـەره وار، کـه زەحمەتیٚ بیٚ ویٚنـەش چـی رانـه کیٚشـته بـیٚ چـیٚگەنه پـڕ بـه دڵ، سپاسـوو ئـا شـاعیٚره وەشەویسیٚ کەرۆ. ئینه باسیٚ بیٚ که جه کـوڕەو ئەنجومـەنو ئـەدەبی پاوەینـه (ورکـه)، بەروارو ٢٤ و رەشەمەی ٨٥ ی، سـەرو رەوتـەو شـیٚعرەو ئـارۆ هۆرامـانی ئاراسـته کریابیٚ. که به تۆزیٚ دەسکاری و ویراستارییەره ئاما روەو دەقی نڤیساری.

سەرچەمە: کتیٚبوو، زەڕنەو ئاسۆی، رەوف مەحموودپوور، ٢٠٠٢

# ناری،
# عەرووزی عەرەبی و
# لیریکای سۆفیانە

مامۆستا ناری یەکێك لە میراتبەرانی قوتابخانەی شێعری کلاسیکی سەر بە سێ کوچکەی بابانە و ریزکردنی پاشبەند و عەرووز و دەستەواژەی عەرەبی. لە ئاستی مێژووییەوە، دەگەرێتەوە بۆ پاش بلاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا. وەك باقی بابەتە ئەدەبیەکانی تر بە پێی رۆلی سیاسی ئەدەبی عەرەب، کێشی رەسەنی کوردی کەوتە ژێر لێشاوی تەشەنەی عەرووزی عەرەبیەوە.

بەشێکی هەرە زۆری هەلبەستی کوردی- قوتابخانەی بێسارانی و مەولەوی- هەرلە کۆنەوە بەو شێوە رەسەنە ئەدەبیە هۆنراوەتەوە: بەلام نالی شارەزووری و قوتابخانەکەی بە دوو هۆی سەرەکی تەسلیمی ئەو نەریتەداسەپاوە بیانیە بوون. یەکەم: باری ئایینی و زمانی قورئان و یاسای رێزمانی عەرەبی و دەستوورەکانی تری ئەدەبی وەك: کێش و قافیە و رێتۆریك(ڕوون بێژی و ڕەوان بێژی) کەلك وەرگرتن لە ڕۆخساری واژە عەرەبیەکان و... بۆ بە پێزکردنی زمانی شێعر بە پێی ڕەوتی مێژوویی و کاریگەی زمانی عەرەبی لەو چاخە ئەدەبیەدا.

دووەم: مامەڵــەی سیاســی و دژکــاری و ملـملانــێ لـەگــەڵ ئیمــارەتی ئەردەڵان، بە قەولی سالم (فەوجی چێش کەروو) واتــە قوتابخانــەی ئــەدەبی هورمزگان: بێسارانی و مەولەوی سەر بە ئەدگار و دیالێکتی هۆرامی:

**کەڕ و فەڕ باکەم بکا، والی بە فەوجی (چێش کەروو)**
**پشت بەندی لەشکری وەندات و جافان هاتەوە**

ئــەگینا لیمــان ڕوونــە، کــە زمــانی کــوردی یەکێکــە لـەلقــەکانی سەربنەماڵەی هێندو ئەورووپی و هیندو ئێرانی. شێعری زمانی ئەوێستایش لەسەر کێشی بڕگە (هجا) و کێشانەی نەغمە دانراوە ئەم هەوێنە ڕەســەنە، لـە بەشی شێعری هۆرامیدا تا ئــەم کاتــە خــۆی پاراســتوە و پــاك و خــاوێن ماوەتەوە. کۆنترین بەڵگە پارچــە شــێعرێکی دەبڕگــەیی هۆرامییــە بــە نــاو هورمزگان، سەردەمی هاتنی ئیسلامە کــە لــە کوردســتانی عەراقدالـەســەر پێستەیەکدا دۆزراوەتەوە کە لەم کتێبەدا دەقەکە هاتووە و باسی لــە ســەر کراوە.

ئەم ئەدگارە، واتە: شێعری بڕگــەیی (هجــایی) لــە گۆڕەپــانی ئــەدەبی کوردیدا، لـە لایەن بێسارانی و خانا و مەولەوی و... پاراســتراوە و بزاقــی شێعری ڕەسەن لــەو بەستێنەدا گەشــەی کــردوە. لــە ئــەدەبی کوردیــدا، دەراوێکیتر هەر بە هۆی کاریگەری ئە ڕێبازەوە، لە ژیانی شێعری کوردیدا و بــە روخســارێکی تــازەتر، لــە ســەر ڕێچــکەی شــێوازی بێســارانی و مەولەوی هاتەکایەوە، ئەویش گەڕانەوەی بزاڤی شێعری کــوردی ســۆرانی لە لایەن پێشەوای نوێخواز (عبداللە گوران)ە، بۆ سەرچاوەی مێژینەمەندی (ئاڤێستا) و با پیرمان (ئاری) و (کێشی پەنجە) و یاسای ڕەسەن بوو.

گۆران لەم بارەوە دەڵێ:

«شــــیعرەتازەکان، بــــەوەزنی پەنجــــە هەڵبەســــتراون. هەرچــــەن شیعردۆستەکانی کۆن، بە خوێندنەوەی ڕانــەهاتوون بــەڵام لەبــەر ئــەوەی

وەزنی تایبەتی نەتەوەییمانـە، لەگـەڵ خەسایسـی زمانەکـەمان چـاتر ڕێـك ئەکەوێ. بە پێویستم زانی لـە ماوەی تەقـەلای ئـەدەبی خۆمـا، ڕۆژبـەڕۆژ بەرەو لایەنی بە کارهێنانی ئەم وەزنە بچم. تا لـەم چـەند سـاڵەی دواییـدا، وەزنی عەرووزم بە تەواوی بەرەڵا کرد مەگەر پێویستێکی هاندەری تایبەتی ڕوویدا.»

مامۆستا کاکەی فەلـلاح لەبارەی کێشی پەنجەوە ئەنووسێ:

«مەسەلـەی بە کار هێنانی کێشی پەنجە و خۆ ڕزگار کـردن لـەدەسـت عەرووز، لـە ڕووی گۆڕینی مۆسیقا و سەربەستی شێعر و دەربڕینی هەسـت و خواستەکانی شاعێرەوە، بایەخێکی بنەڕەتی هەیە. ئەمە خۆی لــە خۆیـدا شۆڕشێکی گەورەی مۆسیقا بۆ کێشی شـێعری کـوردی بـوو. دەریاکـانی عەرووز بتەوێ و نەتەوێ جۆرە وشکی و گرمـە و ناڵـەیـەکی ئـەوتۆی بـە دەمەوەیە کە لـەکاتی بیستندا شتێکی نـوێ و نەبیسـتراو و لــەناکاوت پـێ نابەخشێ. مەگەر ئەوانەی پەسەندی بکەن کە خۆیان بەرهـەمێکی زۆریـان لـەسەر ئەوتان و پۆیە چنیوە، یان گوێچـکەی چـێژیان تـەواو ئاشـنای ئـەو ئاوازە و کێشانە بووە... ئەمە جگە لـەوەش بەتاقی کردنـەو، دەرکـەوتووە کە لـەگەڵ پێزی زمانەکەماندا خۆشە، کێشی خۆماڵی فۆلـکلۆریە...».

بـا ئـەوەش ڕوون بکەینـەوە، کـە ڕەچـاوکردنی عـەرووز لــە لایـەن شاعێرانی سۆرانەوە و نابێتـە هـۆی بـێ بایـەخی هەڵبەسـتی کـوردی لــەو قۆناغەدا بەشێك لە گەنجینەی هـەرە زۆری شـێعری کلاسـیکی کوردیمـان لـەو بەستێنەدا خۆی دەبینێتەوە.

نـالی (١٧٩٧-١٨٥٥) پێشـەوای گـەورەی ئـەم ڕێبـازە، سـالم (١٨٠٠-١٨٦٦) و مـەحوی (١٨٣٠-١٩٠٤) و کـوردی (١٨٠٩-١٨٤٩) لەسەردەمی باباندا و پاشان نـاری مـەریوانی (١٨٧٤- ١٩٤٤)

ئەركی هەرەقورسی خۆیان بەرامبەر بە بەرزكردنەوەو گەشەی شێعری كوردی عەرووزی بە ئەنجام گەیاند.

ناری لە دیوانەكەیدا دوازدە كێشی عەرووزی (سالم و ناسالم)ی بە كار هێناوە:

١- فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن (فاعلات) - رەمەڵی هەشتی مەحزووف - ژمارەی بەكارهێنانی ئەم كێشە ٢٩ غەزەڵە.

٢- فاعلاتن فاعلاتن فاعلن (فاعلات) - رەمەڵی شەشی مەحزووف. دە غەزەڵ بەم جۆرە كێشە هەڵبەستراوە.

٣- چوار جار مفاعلین - هەزەجی هەشتی تەواو - ژمارەی غەزەڵەكان بیستە.

٤- مفاعیلن مفاعیلن فعولن - هەزەجی شەشی مەحزووف - چواردە غەزەڵ لە هەڵبەستەكانی ناری بەم ئاهەنگە كێشراوە.

٥- مفعول مفاعیل مفاعیل فعولن - هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەكفووفی مەحزووف. ١٦ هەڵبەست بەم كێشە وتراوەتەوە.

٦- مفعول فاعلات مفاعیل فاعلن - مونسەرەحی هەشتیی مەكفوفی مەكشووف - ژمارە كەڵك وەرگرتن لەم كێشە یەك جار كەڵكی لێ هەڵگیراوە.

٧- مفتعلن فاعلن مفتعلن فاعلن - مونسەرەحی هەشتی مەتوی مەكشووف. ژمارەی كەڵك وەرگرتن لەم كێشە دوو هەڵبەستە.

٨- مفعول مفاعیلن مفعول مفاعیلن - هەزەجی هەشتی ئەخرەب دووجار لە دیوانەكەیدا كێشراوە.

٩- فعولن فعولن فعولن فعول - موتەقارەبی هەشتی مەحزووف - یەك غەزەڵ بەم كێشە هۆنراوەتەوە.

١٠- مفعول فاعلاتن مفعول فاعلاتن - موزارەعی هەشتی ئەخرەب - لەسەر تێهەڵکێشی غەزەلێکی حافزە.

١١- فعلات فاعلاتن فعلات فاعلاتن - رەمەڵی هەشتی مەشکوول - لەسەر تێ هەڵکێشی غەزەلێکی حافزە - یەك جار بەکار هاتووە.

١٢- مستفعلن چوار جار رەجەزی هەشتی تەواو - تەنها یەك غەزەلی فارسی بەم چەشنەکێشە هەڵبەستراوە.

**وردەکارێك لە ناری**

جۆراجۆری کێشی عەرووزی لە دیوانەکەی نارییدا، پیشاندەری دەستی باڵاو دەسەڵاتی هونەرمەندانەی ئەو شاعێرە مەزنەیە. ئەزموونە هونەرییەکانی بە چێژوسۆزێکی شاعێرانەوە لە بازنەی ئەفاعیلی عەرووزیدا هۆنیوەتەوە و گەلێك وردەکاری هونەرمەندانەی نواندوە. بۆ نموونە:

گواستنەوەی کێشێك بۆ کێشێکی تر لە یەك غەزەڵدا. ئەم کارە، نە تەنیا بە ئاسانکاری(مسامحە)ی شاعێرانە ناژمێردرێ بەڵکوو لە روانگەی هونەرییەوە پشوودانی بەهرەی شاعێرانەیە یان بە قەولی ئەدەبی سەردەم قەتع و وەسڵی هونەری شیعر. کە ناری بە گوێرەی پەیام و مەبەست جۆرە ئاهەنگی شێعرەکەی دەگۆڕێ.

بۆ وێنە، لە لاپەڕەی ٥٠-٥١ دیوانەکەی - چوار دێڕی هەوەڵی پێنج خشتەکی لەسەر کێشی (مفعول، مفاعیل، مفاعیل، فعولن) دانراوە.

شێعرم وەکوو مەی، باعیسی ئەنواعی نیشاتە
سەرمایەیی شوور و تەرەب و عەیش و حەیاتە
تووتی دڵەکەم مونتەزێری قەند و نەباتە
بۆ نوقڵی دڵی عاجز بێ سەبرو سوباتە

پاش دەربـڕینی سـکاڵا، هانـای نـزم و خـاو دەکاتـەوە بـە حاڵـەتێکی پرسیارەوە، ریتمی شێعرەکەی بۆ سەر (فاعلاتن فاعلاتن فـاعلاتن فـاعلات) ئەگوێزێتەوە.

(– بادەنۆش و قەند فرۆش و سورمە پۆشم بۆ نەهات؟)

**نواندنی چەند (ئاڵۆزی وەزنی) لە دیوانەکەی ناریدا:**

بێ گومان تایبەتمەندییەکانی زمـانی کـوردی لـەگـەڵ بازنـەی تەسـکی ئەفاعیلی عەرووزیدا، یەك ناگرێتەوە، کە شاعێر ناچار بووە بـەدەرەتانێکی تەسکەوە سۆزە دەروونیەکەی لـەو قاڵبەدا بگونجێنێ، ئەگەرچی خوازیـاری ئەو هەل و مەرجە داسەپاویش نەبووە.

ئامراز و کەرەسەی زمانەوانی کوردی، بە هـۆی بـەرفراوانی و چـڕی کرکە و دەنگەکان، لـە زەنجیرەی شێعردا، شـەپۆلی مۆسـیقایی بـێ گـرێ دروست دەکا، کە ئەگەر وشەی کوردی بخرێتە نێو بازنەوە، دەرەتانی لـێ ئەچنرێت و شاعێر پـەڕ و بـاڵی ئەبەسـترێت نـاتوانێ سەربەسـتانە، مـەلی خەیاڵی پەڕەوازە بکا. ئەگەریش لە مێژە ئـەم دیـاردە لــە بابـەتی شـێعری کلاسیکی عەرووزیـدا خـۆی نوانـدوە، بووەتـە هـۆی ئـاڵۆزی وشـکی و بەستنەوەی هەڵبەستی کوردی.

بۆ وێنە: وشەگەلێك وەکوو: جوان، گیان، زوڵف و... لە فۆلکلـۆر و ئاخاوتن و کێشی رەسەندا، یەك بڕگە دروست ئەکەن.

گۆران دەڵێ:

لـە گەرووی شمشاڵ لـە تەلی کەمان
گەلێك هەڵساوە ئاوازەی (جوان جوان)

یان مامۆستا بێسارانی دەڵێ:

دەخیل بینایی هەروەخت من مەردم

(گیان) فیدای بەژن و باڵای تۆ کەردم

وشەی جوان و گیان لەم دوو دێڕەدا، یەك بڕگەیە. بەڵام لەم دێڕەی ژێرەوەدا، مامۆستای ناری بە ناچارییەوە وشەی (جوان)ی خستوەتە نێو بازنەی تەسکی (مفاعیلن)ەوە، تان و پۆی نەغمە وئاهەنگی ئاسایی چڕی وشەکەی پچراندوە و شەپۆلە مۆسیقاییەکەی لێك کردوّتەوە پووکاوەتەوە و دابڕی کردووە و بەدوو بڕگەوە:

(ج – وان ji-wan)

ئەی تازە (جوان) پیر بی، ئەو شێوە مەشێوێنە

بنیادی هەموو دنیا، یەك دەفعە لە بن بێنە

(مفعول مفاعیلن – مفعول مفاعیلن) (ل٩١)

لە شوێنێکیتردا، مامۆستا ناری لەم یاسا عەرووزیە لای داوە. وشەی (گیان، giyan) کە لە دێڕی پێشوودا دابڕی کرد بە دوو بڕگە، ئێستا لەم دێڕەی خوارەوەدا کە شەش پیتی عەرووزی (g-I-y-a-a-n) و بە پێی یاسای دابڕکردنی عەرووز، دووبڕگەی کورت (gi) و درێژ (yan) دەژمێردرێ، بەیەك بڕگە (لەسەر ئوسلووبی کێشی بڕگە)– کە ئاساییە بۆ زمانی کوردی– خراوەتە نێو قاڵبی (فاعلاتن) کە ئەمە دژ بە یاسای عەرووزە،کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

– گیان بە ئیستیقباڵی بۆ سەر لێوەکەم هات و نەهات

– گیان بە ئیستیق / بالی بو سەر / لی وە کەم ها / ت و نەهات

فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلات

– بوو بە شیوەن / شا د مانی / رۆ حی من رۆ / ژی مە مات

فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلاتن / فاعلات

وشەی (دۆی di-we) لە یاسای عەرووزدا، دو بڕگەی کورت (di-we) دو پیت: بێ دەنگ + بزوێنی کورت) و درێژ (we) سێ پیت: بێ دەنگ + بزوێنی لێکدراو = (دیفتۆنگ diphthong) ئەژمێررێ. لە

حاڵێکدا مامۆستاناری لە جیاتی بڕگەیەکی درێژی سێ پیتی داناوە، بە پێچەوانەی یاسای عەرووزی.

– بە ئیما (دۆی) شەویٚ باڵا نەمامیٚ

بە ئی ما دویٚ / شە ویٚ با ڵا / نە ما میٚ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعی

نە وی دی دوو / شە ما مەی زەر / دی دامیٚ

مفاعیلن مفاعیلن مفاعی

بزوێنی کورتی خستنە سەر (اضافە) کەسرەی عەرەبی و فارسی لە زمانی کوردی دا، بزوێنێکی درێژە، لە کێشاندندا دوو بەرابەر بزوێنی کورتی فارسی و عەرەبیە، زانستی عەرووز لەسەر ئاخاوتن (ملفوظ) بنیات نراوە. کە چی لە زۆربەی هەڵبەستەکانی مامۆستا ناری دا، بزوێنی خستنەسەری (ی) کورت بە کار هاتووە. بە پێچەوانەی ئاخاوتنەکەی، مەگەر (ئیختیاری شاعیرانە) ی بۆ دابتاشین کە ئەویش لە بنەمای هەڵبەستی کوردیدا دروست نیە.

ئەی ئەمن قوربانی خاکی خانەقات

ئەی ئە من قور / با (نی) خا کی / خا نە قات

فاعلاتن فاعلاتن فاعلات

قوت بی کا مل / مور شی دی شی / رین سە فا ت

فاعلاتن فاعلاتن فاعلات

ئەنجام – بۆمان دەرکەوت کە ئوسلووبی کێشی عەرەبی و فارسی لەسەر کێشی چەندی (کمی) بنیات نراون. پیتی عەرووزی عەرەبی دوو جۆرە: بزوێن (مصوت) – بێ دەنگ (صامت). بزوێنی درێژ (مصوت بلند) لە کێشاندندا دوو بەرابەری بزوێنی کورتە.

بزوێنی کورت و درێژ لە زمانی فارسی و عەرەبیدا لە دروست کردنی بڕگەی کورت و درێژ زۆر ئاسانە. کەچی شەپۆلەدەنگی زمانی کوردی،

زۆر دەوڵەمەندترە. بزوێن چەند جۆرە : کورت، زۆر کورت – درێژ – لێکدراو (دیفتۆنگ) بێدەنگەکانیش (صوامت) ژمارەیان زۆرتر و جۆراوجۆرترە: (ل، ڵ، ر، ڕ، د، دّ، ف، ڤ، و، وو...).

بەم چەشنە، شەپۆلە نەغمەی وشە لە کوردیدا، چڕترە، بڕگەی کورت و درێژ بە ئاسانی لێکجۆی ناکرێتەوە، وەك جوان، گیان، پیر، لای، وەخت و... بۆیەکانی کێشی پەنجە بۆ هەوێنی زمانی کوردی بە پێزترە.

ئەم تایبەتمەندییە لە زمانی کوریدا بوّتە هۆی ئەوە کە لە نێو شاعێرانی عەروزبێژماندا دژکاری نێوان یاسای عەرووز و هەوێنی هەڵبەستی کوردیدا بە دی بێ و شاعێریش دەبێتە تەختەی سەرئاو.

ژێدەروسەرچاوە:

١– هەورامانی محەمەد ئەمین – مێژووی رێبازی زمانی کوردی – ل ٢١٥
٢– گۆران عبداللە – بەهەشت و یادگار
٣– کاکەی فەلاح حەمە حەمە ئەمین – کاروانی شێعری نوێی کوردی
٤–کاکەی فەلاح – دیوانی ناری

# خوێندنەوەی داروکۆڵی شیٚعر

به بۆنەی رۆژی مامۆستاوه مـانگی گوڵـانی سـاڵی ٨٢ ی روجیـاری کۆڕێکی شیٚعر خوێندنەوه لـه لایەن هەندیٚ شاعیٚر و ئەدەب دۆسـتەوه لـه شاری مەریوان پیٚك هیٚنـرا ، ئـەم دەقـه شـیٚعرییەی خـانومی کولسـوومی عوسمانپووریان دامیٚ که به ئەدگاری هونەری بیخوێنمەوه. ئەو نووسراوەی که دەیخوێننەوه پیٚکهاتەی بیر و بۆچوونی ئەو کۆڕەته به تـۆزیٚ دەسـکاری رێزمانی و چاك سازی وتەکه لـه ئاخافتنەوه بـۆ دەقـی نڤیسـار. جـاریٚ بـا دەقەکه بنووسمەوه و ئەنجا دۆزه سەرەکییەکانی فۆرم و ناوەرۆکی شیٚعرەکه ئەخەمه به تیشـکی نیگـای خۆمـەوه، لـەم خوێندنـەوەدا تـەنها دەقەکـه، کەوچـك و پیـٚوەری راڤەکـه بـووه نـه کەسـایەتی تـاکی دانەرەکـەی. خوێندنەوەی شیٚعرێکیش به قەولی «ئیسـپیتزێر» وەك پەیکـەرێك سـەیری دەکریٚ پشکاندنی بەشەکانی ئەم پەیکەره و دەرخستنی کارکرد و هـەوێنی ئەو شانەو پیٚوەندییه رێزمـانی و فـەنی و واتاییـەکانیان وەك ئۆرگـانیزمێکی تەواو لـه خزمەتی ئەو پەیکەرەدا، ئەمیشه دەگەرێتـەوه بـۆ رادەی زانیـاری راڤەگەر لەسـەر تـۆڕی زەیـنی و تەشـکی شـیٚوەکه و دارڕژانـدنی بنـەما و بونیادی دەقەکه که چەنده سەییال و دینامیك بیـٚت یـان چـەنده دوگـم و بەستەلۆکی .

ئەم بۆچوونانە زادەی چێژ و هەستیاری ڕەخنەگرە و ڕەنگە لە هەندێ لایەن و کونجەوە لەگەڵ دۆز و مەبەستی دانەرەکە کۆك و هاوسەنگ نەبێ یان بە پێچەوانەی بۆچوونی ڕاڤەگەری تر بێ، ئەبێ هەر وایش بێ ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ماهییەتی شێعر و باری هێرمنۆتیکی و سەیالیەت و بزاوتوویی فرە چەشنی و فرە واتایی دەقەکە، بەو مەرجە بە شێوەیەکی هونەری ئیجرائییەتی شێعری لەسەر کرابێ ، ئەمە لە ناخدا دەبێ بە کسپە و پزیسکی ئاور لە دۆخی ڕواڵەت و وشە و هەوەس و ناڵە دەردەچێ کە هەناوی شاعێر دەسووتێنێ. یەکپارچە دەبێ بە خرۆش هاوار وچرکە بۆ ڕاڤەی ڕاڤەگەر و جگە لە واتای تاکی دەقەکە بە هیچ ناوێك و داوێك نابەسترێتەوە.

نادری نادرپوور وتەنی:

شعری است در دلم<br>
شعری که لفظ نیست،<br>
هوس نیست،<br>
ناله نیست،<br>
شعری که آتش است.<br>
شعری که می گدازد و می سوزدم مدام.<br>
شعری که کینه است و خروش است و انتقام<br>
شعری که بستگی نپذیرد به هیچ نام / ...

دەقەکە:

ئەمە دار و کۆڵی شێعرە و<br>
وشە ، «تان» ە و<br>
وشە ، «پۆ» یە<br>
وشە ، «هیلمە»ە و

وشە «مرخەك» ،
لـە دار کۆڵـی ئەم شێعرەم
هەڵـمواسن .
ئەمە ئەگریجە
ئەمە رەنگ
ئەمە شەرم و
ئەمە تەمەن
پەنجەی ئاسنی کەڵکیتی سەدەکان و ...
زرم زرم
زرم زرم
کڵاو فەرەنگ
ماسی دەرهەم
یەك: دار و گوڵ
دوو نەخشەی خاتوو خورشید
سێ ێ ێ:
جۆگەلـە شەرابەکەی قورئان
روو بە دەربارەکەی هولاکوخان ئەڕوات
پێڵاوەکانتان دەربێنن
ئەمە تورنجە
پاشەکەوتی جوانیمە بەدەسکەرێحانی
گۆرانیەکی تازە
پەنجەکانم بلاوێنن
ئەمە دار و کۆڵـی شێعرە و ...
لـە کولـە سووچێکی ئایەندە

ئازاری جمگەکان چاوەڕێم ئەکەن
لە دار و کوڵی ئەم شێعرەم
هەڵم ئەواسن .

پۆڵ ریکۆر لە رەوتی راڤەی دەق دا، سێ قۆناغی زەنجیری بە ناو «کەوانی هێرمنۆتیکی» دەخاتە بەرچاو راڤەگەر.

ئەوەڵ: روونکردنەوە ( تەبیین ) ی بنەما ( ساختار ) ی دەق بە چەشنێکی روون تر ، بریتییە لە بەیان کردنی رەهەندی گوتار و کاکڵەی واتایی واژەکان و رستەکانی دەقەکە.

دووەم: تێگەیشتن (فەهم) لەم قۆناغەدا راڤەگەر لەگەڵ «واتا» ـ واتای تایبەت ـ رووبەڕوو دەبێتەوە، واتایەك کە مەبەستی دانەرەکەیە . لەم روانگەدا نابێ واتا ( معنا ) لەگەڵ چەمك ( مەفهووم ) تێکەڵ بکرێت. چەمك (مەفهووم) ، تێگەیشتنێ کە دەق بۆ خوێنەرێکی تایبەتی دای دەنێ . لێرەدا مەبەست چەمکی شێوەکەیە.

سێهەم: زەوت کردن (تەساحوب) ی دەق، کاتێکە روو دەدات کە خوێنەر لە دۆزی دانەرەکە تێبگات و بتوانێ چەمکی دەقەکە بەرەو بەرژەوەندی ژیانی خۆی وەری چەرخێنێ . ببینن ئەم سێ رەهەندە لە خوێندنەوەی دەقێکدا بە شێوەی زەنجیری و دینامیك بە یەکەوە بەستراون، چێژوەرگرتن لە دەقێك کاتێك روو دەدات کە ئەم قۆناغە بە سانایی بۆ خوێنەر و راڤەگەر بە شوێن یەکدا تێپەڕن.

هەر لەسەر ئەم چەشنە راڤەگەرییەی «ریکۆر» باس لەسەر ئەم دەقە شێعریە دەکەم ، هەڵێنجاندنی چەمك یان چەمك گەلی تر لەم دەخەمە ئەستۆی خوێنەرانی هەستیاری شێعر .

سەرجەمی دەقەکە پێکهاتووە لە سێ کۆپلە شێعر کە وەك پەیکەرێك دێتە بەرچاو . پەیکەرێك کە ئەگەر لە دیدی کلاسیکەوە بۆی بڕۆین

دەتوانین بڵێین پرۆسەی خوازەیەکە (ئیستعارە) بۆ توانەوەی فەرهەنگی نەتەوەیەك کە خاوەنی مێژوویەکی درێژخایەن و تەمەنێکی دێرینە و پرواتایە . دەقەکە ناسنامەی بەرزەمنی دانەرە ، کەسایەتی منی شاعێر، کە کەسایەتییەکی تاکی و پاوانخواز نییە ، بەڵکوو بەڵێندەری ئەو بەرزەمنەتە کە نوێنەر و هێما و نەمادی فەرهەنگی نەتەوە و میللەتێکی خاوەن ژیار و مەدەنییەت کە پەنجەی ئاسنینی کەڵکیتی سەدان و رەوتی زەمەن نەیتوانیوە وشەکان کە هێمایەکن بۆ تان و پۆی هەستی ئەو پەیکەرە، ببەزێنێ و لێکیان پچرێنی . شمەکی فەرهەنگی و ناسنامە نەتەوایەتی و دیاردەکانی ، پاشەکەوتی جوانی بەرزەمنە و پێویستی بە گۆرانکارییەك تازە و بزاوتە هەیە ، کە پەنجە ماندووەکانی بلاوێنێ . دانەری بەرزەمن، ناهومێدانە نارِوانێتە ئایەندە و پاشە رۆژ ، بەڵکوو بەو هەموو ئازارەوە چاو لە ئاسۆی دوارۆژ و کردنەوەی پەنجەرەی رووناکی دەکوتێ .

ئەم تورنجە / پاشەکەوتی جوانیمە / بە دەسکە رێحانی گۆرانییەك تازە / پەنجەکانم بلاوێنن / ئەم دارو کوڵی شێعرە و ... / لە کوڵە سووچێکی ئایەندە ئازاری جمگەکان چاوەرێم ئەکەن ...

لێرەدا زەمەن بۆ دەقەکە، زەمەنێکی دیاریکراو و قۆرخکراو نییە، بەڵکوو شاعێر باوەرِی بە سەرۆ رۆیی مێژوویی ( فرا روی تاریخ ) هەیە، زەمەن بۆ تەمەنی نەتەوایەتییە کە دیاری نەکراو و بێ کۆتاییە ـ پەنجەی ئاسنی کەڵکیتی سەدەکان و ... ـ پوویا و بزاوتوو و بەردەوام و ئەکتیڤ، لە هەمان کاتدا دایکبوونی دیاردە فەرهەنگییەکان و کۆڵنەدان و ... بەڵام توخمی زاڵ لەم دەقەدا ئێمە بە دوو چەمکی رووبەروو دەبینەوە، تەشکی دەقەکە ( مەتن ) کە بە رواڵەت شاعێرێك کە لە تان و پۆی رۆحی و ناخی و هەناوی شێعرەکەی چنیوە و پەیکەری فەرهەنگی نەتەوەیەك ـ وێنەی ئافرەتێك ئەگریجەدار و رەنگ و شەرمن و تەمەن دار، کە وێنەیەکە

بۆ دۆخی بزاوتوویی و رۆحێكی لـەتیفی فەرهـەنگی ئـەم نەتـەوە ـ فـەرا مەتنێكە كە خوێنەر لێرەدا لـەگەڵ دۆزی شـاعێر تێكـەڵی دەبـێ و دەگاتـە ئەو چەمكە تابەتییەكە دڵخوازی خوێنەرە و سەرەنجام لـەم دەقـەدا تـوخمی زاڵ ( عونسوری غالّب ) پەنجـە ئاسـنینە كـە لـە رەورەوەی مێـژوودا بـە شـاڵاوی سـەركوت كـردن ناسـنامەی ئێمـەی خسـتووەتە مەترسـییەوە. لێرەدایە كە خوێنەر دەقەكە دەكاتە هی خۆی و هەمان چەمك كە ریكـۆر بە ناو زەوتكردن ( تصاحب ) ناوی دەبرد .

وێناندنی «دار و كوڵی شێعر» و شوبهاندنی وشەكان بـە تـان و پـۆ و هیلمە و مرخەك و دیمەنی كەسایەتی بەخشـین بـە كـەڵكیتی سـەدەكان و چاوەڕێ كردن بۆ ئازاری جگەكان ، نیشانەگەلێكی زمانین كە لە پانتـایی زمانی ئاساییدا تێپەڕ بوون و دۆخێكی پەڕزمانی ( فرا زبانی ) یان بە خـۆوە گرتووە . ئەم چەند تابلۆ و چەند دیمەنە شێعرییە ، بەڵگەگەلێكی فـەنی و تەكنیكین تا رادەیەك بۆ دەسەڵاتی هونەری شاعێر و زاڵبوون بە سەر زمانی ئاسایی و ئەفراندنی وێنەی تاك رەهەند و چەند رەهەند .

بە چەشنێك لەم دەقـەدا لـە هەنـدێ هێمـا و نـەماد، دانـەر كـەڵكی وەرگرتووە كە تا رادەیەك شێعرەكە هێما ئامێز دێتە بەرچـاو بـەڵام نـە بـە پێچراوەیی و نوقم بوون لە ناو تۆڕی هێما خوازیدا .

كەرەسەو ئامێرەكانی قاڵی چنین، هیلمە و مرخەك و دار و كۆڵ و ... و نەقشە نەریتی و دێرینەكان لە هونەری قاڵی چـنین دا، ماسـی دەرهـەم و كلّاو فەرەنگ و تورەنج و ... كە بۆ خۆیان باس لە چێژبەخشی و هونـەر پەروەری و مێژینەمەنـدی نەتەوەیـەك خـاوەن ژیـار و ئـاوەز و فەرهـەنگ دەكەن .

جگە لـەوەی لە هەندێ وێنـەدا، دەردەكـەوێ كـە دانـەری دەقەكـە ئافرەتە و رۆحی ناسك و خاوێنی خۆی تێكەڵ بە پەیكـەرەی پـڕ روونـاهی

فەرهەنگی نەتەوەکەی کردووە، خاتوو خورشید هێمایەك بۆ هونەرمەندێتی و هەستیاری و خاوێنێتی ئافرەتی کورد ، کە وێڕای پیشاندانی باری هونەری و شاعێر بوونی ئافرەتی کورد، دایك و بەخێو کەری بەرزە پیاوانێك وەك قانیع و ...

سەرچاوە:
١-دگرگونی نگاە، زبان، و ساختار در شعر امروز، کازمی کەریمیان
٢- ئەزموونەکانی شێعری کوردی، عەبدولقەهاری شێخ

کۆتایی

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.